# باخی کوشتن

لێکۆڵینەوە

دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی

زنجیرەی ڕۆشنبیری

*

**خاوەنی ئیمتیاز: شەوکەت شێخ یەزدین**

**سەرنووسیار: بەدران ئەحمەد حەبیب**

* * *

ناوونیشان: دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، شەقامی گوڵان، هەولێر

# باخی کوشتن

لێکۆڵینەوە

هیلال ئیبراهیم

ناوی کتێب: باخی کوشتن – لێکۆڵینەوە
نووسینی: هیلال ئیبراهیم
بڵاوکراوەی ئاراس– ژمارە: ٩٩٠
هەڵەگری: تریسکە ئەحمەد
دەرهێنانی هونەریی ناوەوە: ئاراس ئەکرەم
بەرگ: ئارام
چاپی یەکەم، هەولێر – ٢٠١٠
لە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی کتێبخانە گشتییەکان لە هەولێر ژمارە ٢٦٦ی
ساڵی ٢٠١٠ی دراوەتێ

## پێڕست


پێشەکی ........ 7

بەشی یەکەم

گوتاری کوردی و قۆناغەکانی بیرکردنەوە لە ئەنفال ........ 9

باسی یەکەم: ئەنفال پێش ڕاپەرین ........ 11

-شوێن و کات، پرۆسەکانی لەناوبردن ........ 17

یەکەم: گرنگی شوێن ........ 17

دووەم: بەهاکانی کات ........ 20

– هەستکردن بەکارەسات و هەستکردن بەبوون ........ 25

باسی دووەم: ئەنفال دوای ڕاپەرین ........ 30

یەکەم: ململانێی قوربانی و جەلاد ........ 33

دووەم: ئەنفال وەک ناو ئەنفال وەک ڕووداو ........ 36

باسی سێیەم: دوا قۆناغەکانی بیرکردنەوە لە ئەنفال ........ 40

بەشی دووەم

ئەنفال و بەرپرسیارێتی نێودەوڵەتی ........ 51

باسی یەکەم: تیۆری گشتی تاوانی جینۆساید ........ 55

یەکەم: پێشینەی مێژووی تاوانی کۆمەڵکوژی (جینۆساید) ........ 55

دووەم: چەمکی جینۆساید و کۆڵەکەکانی ........ 60

باسی دووەم: کۆمەڵکوژی و هەوڵی ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان ........ 68

یەکەم: هەوڵی نێودەوڵەتی لە سایەی کۆمەڵەی نەتەوەکان (عصبە الامم) ........ 69

-بارودۆخی کورد لەسەردەمی جەنگ و کۆمەڵەی نەتەوەکاندا ........ 71

دووەم: هەوڵی نێودەوڵەتی لە سایەی نەتەوە یەکگرتووەکان (الامم المتحده) ........ 92

باسی سێیەم: ئەنفال، چەمک و قۆناغەکانی ئەنجامدانی ........ 102

– قۆناغەکانی ئەنفال ..... 107
– کـوردە بەشـداربوەکـان و ڕێگرییـەکـان ..... 112
– کۆمەڵکوژی کورد، بێدەنگی دنیا ..... 117
باسی چوارەم: بارودۆخی عێراق و ڕۆڵی نەتەوە یەککگرتووەکان ..... 124
باسی پێنجەم: نەتەوە یەکگرتووەکان و کێشەی کورد ..... 135
– ئەنفال و نەتەوە یەککگرتووەکان ..... 142
– هەوڵەکانی کورد و ڕێگەچارەکان ..... 151
– ئەنفال و لۆبیکردن ..... 152
– بەکارهێنانی بڕیاری دادگەی عێراقی ..... 154
– بڕیاری دادگەی وڵاتان و کارەساتی ئەنفال ..... 156
– گۆڕە بەکۆمەڵەکان شاهیدێکی تری ئەنفال ..... 159
– بەکارهێنانی دان پێدانانی ڕێکخراوە جیهانییەکان ..... 161
پاشکۆکان ..... 171


هەواڵنامەی کتێب

# پێشەکی

ئەم کتێبە لە دوو بەش پێکهاتووە، بەشی یەکەم لە "گوتاری کوردی و قۆناغەکانی بیرکردنەوە لە ئەنفال"، لەم بەشەدا هەوڵ دراوە ئەوە ڕوون بکرێتەوە کە کورد چۆن لە قۆناغە جیاوازەکان سەیری ئەم ڕووداوەی کردووە و چۆن بیری لێ کردووەتەوە، هەروەها ئەوەش خراوەتە ڕوو کە ئێستا چۆن بیری لێ دەکاتەوە. لە بەشی دووەمیشدا باس لە "ئەنفال و بەرپرسیارێتیی نێودەوڵەتی" کراوە. لەو بەشەدا لایەن و کێشەکانی کورد بە نەتەوە یەکگرتووەکان ڕوون کراوەتەوە. ئەو بڕیارانەش کە تایبەتە بە کێشەکە شی کراوەتەوە، لەم بەشەدا ئەو لایەنە خراوەتە ڕوو کە ڕێکخراوەکە بەرپرسیار دەکات لە بەرامبەر ئەو کارەساتانە؛ ئەمە جگە لەوەی ویستراوە دید و تێڕوانینی دەوڵەتان و گەلانی دنیا بخەینە ڕوو تا بزانین دەوڵەتان و گەلانی دنیا چۆن سەیری ئەم کارەساتە دەکەن و تا چەند هەست بەو دۆخە ترسناکەی کورد دەکەن کە تێیدا ژیاوە و ئێستاش تێیدا دەژی و هەڕەشەکانی سەر ئەم نەتەوە بۆ لەناوبردن بەردەوامە.

هەر لەو پێناوەدا ماوەیەکی زۆر سەرقاڵی خوێندنەوە و لێ وردبوونەوەی ئەو وتار، لێکۆڵینەوە و باسانە بووین کە بەزمانی جیاجیا و لە شوێنی جیاجیاوە لەبارەی ئەنفالەوە دەنووسران، قسەی شاهیدحاڵەکان کە لە بەردەستماندان حیکایەتی گەورە و گرینگ لەبارەی ڕووداوەکەوە دەگێڕنەوە، ئەو شاهیدیانە دەخەینە دەرەوەی سیاقی نووسینی نووسەران و کەسانی ئەکادیمی و لێکۆڵیارە ناوخۆیی و بیانییەکانەوە. ئەو شاهیدیانە بەهای یەکلاکەرەوەیان هەیە بەتایبەت لە بواری یاسایی و ئەخلاقیدا. لێکۆڵەروانیش شتی گرینگیان لێوە فێر دەبن، ئێستا پێویستە بیر لەو باسانە بکەینەوە کە لەبارەی ئەنفالەوە

نووسراون، له ڕاستیدا ئەو کارانە کە تا ئێستا لەسەر ئەنفال نووسراون ویستراوە، ئەو دۆخە و کێشەی مرۆڤی پێ بخرێتە ڕوو دەخەینە سێ خانەوە یان ئەو نووسەر و لێکۆڵیارانە کارەساتەکەیان بە سێ شێواز خوێندووەتەوە و بیریان لێ کردووەتەوە و لەبارەیەوە دواون.

یەکەم: بەشێکیان ئەنفال یان ئەو کارەسات و دۆخەی مرۆڤی کوردیان لە ڕێگەی کۆمەڵێک یاسای نێودەوڵەتی خوێندووەتەوە و بنەمای کارەکانیان لە ڕێگەی ساغکردنەوەی چەند چەمک و یاسایەک کە داڕێژراون دارشتووە، ئەوان لەو ڕێگەیەوە ویستوویانە ئەنفال وەک جینۆساید و لەناوبردن بناسێنن.

دووەم: بەشێکی تریان ئەنفالیان لە ڕێگەی بەعسەوە خوێندووەتەوە، ئەو نووسەرانە پێیان وایە کە تاکە ڕێگە بۆ خوێندنەوە و ناساندنی ئەنفال، ناسینی بەعسیزمە، واتە تا بەعس نەناسین ناتوانین ئەنفال بناسین و بخوێنینەوە. ئەو جۆرە بینینە لە هەمان ئەو تێڕوانینەوە هاتووەتە دەرەوە کە پێی وایە ئیسلام و عەرەب هەموو مەسەلەکەن ئەوە ئەوانن ئەم کارەساتەیان بۆ کورد دروست کردووە، ئەو جۆرە خوێندنەوانە تا ئاستێکی باڵا نزم بین و سەتحین و هیچ بیرکردنەوە و بەرەنجامێکی قووڵیان بۆ کورد و ڕووداوەکان نەخستووەتە ڕوو.

سێیەم: بەشێکی تریان کێشەی ئەنفالیان وەک کێشە و کارەساتێکی سیاسی، کۆمەڵایەتی زانیوە و خوێندوویانەتەوە ئەم ڕووداوەشیان وەک کەرەستەیەک و دیاردەیەکی سیاسیی بەرباس، هەر لەو ڕێگەیەشەوە کارەساتەکەیان کوشتووە. لە ڕاستیدا وردبوونەوەی ئەو تێڕوانینانە بۆ خوێندنەوە و ناسینی ئەنفال گرینگە هەرچەندە ئەنفال پێش ئەوەی بەدوای شەرعیەتی ڕێکخراوەیی و ئایدیۆلۆجی یان سۆسۆلۆجی بگەڕێت، خۆی هەڵگری شەرعیەتێکی وجوودییە. چونکە ئەنفال لە ناو خۆیدا هەڵگری حەقیقەتی ڕووداوێکی گرینگە بەسەر بوونی کورددا.

بەشی یەکەم

# گوتاری کوردی و قۆناغەکانی بیرکردنەوە لە ئەنفال

هەواڵنامەی کتێب

هەواڵنامەی کتێب

باسی یەکەم

# ئەنفال پێش ڕاپەڕین

هەروەک ئەوەی بیر لە شتێک بکەیتەوە لە دوورەوە بگاتە لات، شتێک کە لە تارمایی بچێت، بەچاو بیبینی، تەم و توالێیەکانی هەست پێ بکەیت، زۆرجاریش لە ترسا وا بیر بکەیتەوە هەر ئێستا ئەو تارماییيە لەناوت دەبا، زۆرجار لێکۆڵیارەکان، نووسەران و تەنانەت خەڵکی ئاسایش وا بیریان لە ئەنفال دەکردەوە. لە سەرەتای ڕوودانی ئەنفالدا ئەم هەستە دیارتر بینراوە. لە سەرەتادا هەستکردنەکە کێشەیەک بوو لە نێوان باوەڕبوون و باوەڕنەبوون بەسڕینەوە و لەناوبردنی یەکجارەکی، هەر لەبەر ئەوە، تەنیا کەسوکاری قوربانییەکان بیریان لە کارەساتەکە دەکردەوە. لای ئەوان بەهاکانی کارەساتەکە و نەهامەتییەکانی سڕینەوە و لەناوبردنیان لە هەموو شتێک گەورەتر بوو، قسەی شاهیدحاڵەکان لە بەردەستماندان حیکایەتی گەورە و گرینگ لەبارەی ڕووداوەکەوە دەگێڕنەوە، ئەو شاهیدیانە بەهای یەکلاکەرەوەیان هەیە بەتایبەت لە بواری یاسایی و ئەخلاقیدا. هەرچی قوربانییەکانیش ئەوا ئەوانەی لەناو بران خەڵکی سادە، پاک و بێگەرد بوون، خەڵکی ئەو گوندانە بوون کە تەنیا دەیانزانی، ماست، لۆکە و حەیران چییە؟

لێرەدا دەمەوێت سەرنجتان بۆ مەسەلەیەکی گرینگ لە کارەساتەکە ڕابکێشم، ئەویش مەسەلەی کەشوهەوای بەڕێوەچوون و ئەنجامدانی تاوانەکەیە؛ لای زۆربەی شاهیدحاڵەکان ئەنفال وەک هەڵگیرساندنی قیامەت سەیر دەکرێت، تا ئێستاش ڕزگاربووەکان و شاهیدحاڵەکان کاتێک باس لە کارەساتەکە دەکەن، چیرۆکەکانیان دەگێڕنەوە کارەساتەکە وەک هەڵگیرساندنی دەگێڕنەوە و دەیخەنە ڕوو، لەو وتووێژانەی کە لەگەڵیان ئەنجام

دراوە. ڕزگاربووەکان و شاهیدحاڵەکان ئەوە دووپات دەکەنەوە "تەنیا خوا دەیزانی چیمان لێ دەکەن و بۆ کوێمان دەبەن" ئەگەر لە قسەی شاهیدحاڵەکان ورد بینەوە، ئەو کەشوهەوایەمان بۆ دەردەکەوێت کە چۆن چۆنی کارەساتەکە ڕووی داوە، بارودۆخەکە (واتە ئەو دۆخەی کە بۆ ڕووداوەکە دروست کراوە و تێگەیشتن لێی) بەشێکی گرینگی کارەساتەکە پێک دەهێنن. ئەوان بەبێ باسکردن لە دەسەڵاتی خوا ناتوانن باس لەو کارەساتە بکەن، لێرەوە کارەساتەکە بەتەنیا لە ناوەکەیدا کە ناوێکی دینییە تەواو نابێت، بگرە لە کاتی بەڕێوەچوونی پرۆسەکەدا ویستراوە جەوەکەش بکرێت بە جەوێکی دینی، هەروەک چۆن لە ئیسلامدا باس لە هەڵگیرساندنی قیامەت دەکرێت کە ئەمە جەوێکی دینییە کۆتاییی هەموو شتێکە و کەس کەس ناناسێت و هەموو کەس دوعا بۆ ڕزگاربوونی خۆی دەکات. ئاوەهاش لە پرۆسەی ئەنفال کە جگە لەوەی ناوەکە لە ئیسلامەوە وەرگیراوە پێویست بووە جەوێکی دینیشی بۆ بڕەخسێنرێت. ئەم کەشوهەوایەش بەڕوونی لە قسەی شاهیدحاڵەکانەوە بۆمان ئاشکرا دەبێت. هەر لەبەر ئەوە ئەم مەبەستانە "بەکارهێنانی ناوێکی دینی و دروستکردنی جەوێکی دینی" گرێ دراون بە ئامانجێکی سیاسییەوە، لەو پرۆسەدا سوود وەرگرتن و بەکارهێنانی دین بۆ لەناوبردنی کەسانی دیندار دەبینین. ئەوەی لە کارەساتی ئەنفال ڕووی داوە بەدرێژاییی مێژوو ئیسلامی ئەم جۆرە بڕوبیانووە بۆ لەناوبردنی بە کۆمەڵ وێنەی نابینین. کەشێکی دینی و ناوێکی دینی بۆ لەناوبردنی کۆمەڵە هاووڵاتییەکی سادەی موسڵمان. ئەگەر سەیری ئەو ڕەوشە بکەین دەبینین، ئەو وێنەیەی دەسەڵات وەک دەسەڵاتێکی ئاسایی کە حوکمی دنیا بکات نابینرێت، بگرە لە زەینی شاهیدحاڵەکان و ڕزگاربوواندا وا وێنای ئەو دەسەڵاتە کراوە کە دەتوانێ بێتە هەموو شوێنێ، چاوی لەسەر هەموو کون و کەلەبەرێک بێت، دەسەڵاتی بەسەر هەوا، ئەستێرەکان و ئاسمانیش هەبێت. لەبەر ئەوە وێناکردنی بەعس لە ناو بیرکردنەوەی ڕزگاربووەکان و شاهیدحاڵەکان زۆر گرینگە تا کارەساتەکانی و قۆناغەکانی ببینین. نەک

لەبەر ئەوە بەتەنیا بەعسزیزم بەس بووە بۆ ئەوەی سەراپای ژیانی خەڵکی تێک بدات و شوێنەواری کارەساتەکانی و ئەخلاقەکەی نەگۆڕێت، بگرە لەبەر ئەوە بەعس لە چاو ئەو دۆخەی کوردی ڕووبەڕووە وەک تیشک، تیژ و خێرا هات و ڕۆی، وەک تیر کۆمەڵگەی کوردی بڕی و دیار نەما. یەکێک لە بەرجەستەبووی ئەو خەیاڵە شاراوە ئەگەر لە بیرکردنەوەی دامەزرێنەرانیەوە سەیری بکەین تێ دەگەین کە دەیویست بەبیانووی جیاوازی نەتەوەیەوە خەڵکی بکوژێت و دواتر خۆشی. ئەم تێڕوانینەش لە وتارەکانی میشیل عەفلەق بەڕوونی دەیبینین(١). دواتر ئەو هەستە لای سەدام حوسێن گەیشتە لووتکە. ئەو لە زۆر وتاری خۆیدا ئەوەی دووپات دەکردەوە "من لە دوای خۆم خۆڵەمێشتان بۆ بەجێ دەهێڵم، عێراقێکتان بۆ جێ دەهێڵم، تەنیا خۆڵەمێش و سووتووی تێدا مابێت" هەروەها لە هەشتاکانیشدا ئاگەداری کوردی کردبوو کە ئەگەر دانیشتنی لەگەڵدا ساز نەکەن، ڕێک نەون لەگەڵی ئەوا چی لە دەست بێت دەیکا، کوردستان دەکات بەخۆڵ، دەست بۆ دەستی هەموو دەوڵەتێک درێژ دەکات، تەنانەت نەیارەکانیشی بۆ ئەوەی سەرکەوتوو بێت، لە کوشتن و لەناوبردنی کورددا.

پێش ڕاپەڕین مەترسییەکانی ئەنفال بەردەوام بوون. لەگەڵ ئەو هەموو کارەسات و مەترسییانەدا کە ڕووبەڕووی ئەو هاووڵاتییانە بووبووەوە، کەچی هاووڵاتییانی زۆر ناوچەی کوردستان بیریان لە کارەساتەکە نەدەکردەوە و کەسوکار و ڕزگاربووەکانی هەراسان دەکرد. لەو کاتەدا ئەخلاقێک نەبوو کە کورد پێکەوە گرێ بداتەوە، گیانی ناوچەگەری و خێڵگەری تەواوی کاریگەرییەکانی کارەساتەکەی داگیر کردبوو، لە ئاستی گشتیدا ئەو هەستەی بەرامبەر بە ئەنفال و هەڵەبجە لە دوای ڕووداوەکە ڕوو دەدات، ڕۆڵێکی گرینگی هەیە لە فەرامۆشکردنی.

ئەوەی هەست بینیمان و خوێندوومانەتەوە پێش ڕاپەڕین تەنیا خانەوادە و

---

(١) بۆ زانیاریی زیاتر بڕوانە: في سبيل البعث، ميشيل عفلق، دار الحرية للطباعة – بغداد ١٩٨٥.

کەسوکاری قوربانییەکان هەستیان پێ دەکرد و بیریان لە کارەساتەکە کردووەتەوە، بۆ ئەم ڕاستییانەش بەڵگەی زۆرمان لە بەردەستن، هەموومان دەمانبینی بارزانییەکان دوای پرۆسەکانی لەناوبردنیان چۆن دەژیان، چۆن بە گەڕەک و شەقامەکانی ئەم کوردستانە بۆ ژیان دەسووڕانەوە. ژنە بارزانییەکان دوای ئەنفال چییان پێ کرا و کورد چۆن ڕێزی دەگرتن؟ هەروەها کەسوکار و ڕزگاربووانی گەرمیانیش وەها بوون، لەو کاتەدا گوتار و ئەخلاقی کوردی لە ژێر سێبەری بێباکی و بێ منەتیدا دەژیا. نەدەتوانرا ڕووداوەکان وەک ئەوەی کە ڕوو دەدەن تەماشا بکرێن و بیریان لێ بکرێتەوە. زۆرێک لەو ڕۆشنبیرانەی لە بواری ئەنفالدا کاریان کردووە ڕۆشنبیران و نووسەرانی شارەکانی کوردستان تاوانبار دەکەن کە لە سەرەتای تاوانەکەدا، ئەوان بێدەنگ بوون و دوای پرۆسەکەش بە جیدییەوە کاریان بۆ نەکردووە (لە سەرەتای پرۆسەی ئەنفال، ڕۆشنبیران و ئەدیبەکان ئەوەی بیریان لێ نەکردەوە ئەنفال و کاریگەرییەکانی بوو، پێش ڕاپەڕین تەنیا کەسوکاری قوربانییەکان و ڕۆشنبیرانی گەرمیان بوون کاریان بۆ کارەساتەکە دەکرد و بیریان لەوە دەکردەوە چارەنووسی ونبووەکان بزانن، زۆربەی ئەو کەسانەی کە بۆ ئەنفال کاریان دەکرد کەمترین ڕۆشنبیر و ڕووناکبیری شارەکانی تر بوون، زۆربەی ئەو ڕۆشنبیر و نووسەرانەی کە کاریان لەسەر ئەنفال کردووە خەڵکی گەرمیانن، ئەو کارانەش کە ئەو کاتە کران کاری سادە بوون و زۆربەیان هەوڵی شەخسی بوون، ئەوان دەڵێن کارکردن بۆ ئەنفال لەلایەن گەرمیانییەکانەوە بەم شێوەیە درێژەی کێشا). بۆ کارەساتی هەڵەبجەش هەمان فەرامۆشی دەبینین خەڵکێک ئەوەیان بەچاوی خۆیان بینیوە پاش چەند ڕۆژێک دوای کارەساتەکە گەورەترین ئاهەنگ گێڕدرا، هەروەک ئەوەی شتێ ڕووی نەدابێت، ئەوان ئەوەیان بینی کە نە لەسەر شەقام و کۆڵانەکان نە لە نێو ماڵەکانیان ژیانیان نەمابوو، بەعس بەدوای ئەو خێزان و ماڵانەدا دەگەڕا کە لە هەڵەبجە هەڵهاتبوون و ڕوویان کردبووە شارە کوردییەکان، کوردەکانیش بەدیار کارەساتەکانیاوە هەڵدەپەڕین و ئاهەنگیان دەگێڕا. لەگەڵ ئەم هەستەدا

کـەسـانێکیش هەن کـە دەیانەوێ کـارەسـاتەکـان وەک خـۆی ببـینن. چەند شـاعـیرێک لـەو کاتەدا شـیـعریان وتووە و ویسـتـوویانە بیر لـە کارەسـاتـەکە بکەنەوە و هەسـتـی خـۆیان دەربڕن. ئەم هـەسـتـەش لە ڕێگەی گـرێدانەوەی بەهای خود بەبەهای خاک و میللەتەوە بووە لەو کاتەدا وا بیر لەو کارەساتانە دەکرایەوە کە کورد پێویستە قوربانییەکان وەک خۆیان وێنا بکات و بیریان لێ بکاتەوە نەک بیەوێت سـوود و قازانجیان لێ بکات و کورسـی و دەسەڵاتیان پێ بەدەست بێنێ. دڵشـاد مـەریوانی (١٩٤٧–١٩٨٩) لە شـیـعـرێکیـدا کـە لە ١٩٨٨/٤/٢٦دا نووسیویەتی. بەها و بوونی خۆی گرێ دەداتەوە بە کارەساتی هەڵەبجـەوە، هەروەها ئەوەش بەڕوونی دەخـاتە ڕوو کـە پێـویسـتـە هەڵەبجـە و کارەساتەکانی کورد، بە باشی گرێ بدەینەوە بەخۆمانەوە نەوەک بیانگۆڕینەوە بە کورسی، پارە و سەفەرکردنەوە؛ ئەو دەڵێ:

نرخی من.... نرخی میللەتە
نەسەیارە، نەکورسی، نەکۆشکە، نە ئۆتۆمۆبێل
نەدەعوەتە
نەناردنە ئەوروپایە
نەبەخشینی پلە و پایە
نەمەدح و فو پیاکردنە، نەدۆلارە
نە لە ئێستگە باسکردنە، نەهەڵدانە وەک کۆلارە
نرخی من... نرخی میللەتە

***

نرخی من.... نرخی میللەتە
نرخی خاک و نەتەوەیە
نرخی ئەم گەلە چەوساوە کلۆڵەیە
من ئەم خاکە جێ ناهێڵم
وەک تیا ژیام

وەهاش سەربەرز تیای دەمرم
نرخی من... نرخی میللەتە

***

دڵشاد مەریوانی لە سەرەتای ڕووداوەکەوە ئەو مەترسییە دەخاتە ڕوو کە نەهامەتی و کارەساتەکانی کورد بەکار دەهێنرێت بۆ بەدەستهێنانی دەستکەوت، ئەم هەستەی شاعیر ئەگەر لەلایەکەوە گرێدراو بێت بەو حاڵەتانەوە کە ئەو کاتە بینیویەتی ئەوا لایەنێکی دوورتری بینیوە، ئەویش بینینی چارەنووس و داهاتووی ئەو کارەساتانەیە. ئەو پێشبینیی ئەوە دەکات کە لە داهاتوودا کارەساتەکان دەبنە شوێنی بەدەستهێنانی دەستکەوتی مادی و خۆشگوزەرانی. لەو شیعرەدا بە ڕووی ئەوە بەیان دەکات کە ئەو کارەساتە بەکار دەهێنرێت بۆ پاراستنی دەسەڵات. دڵشاد مەریوانی خاڵێکی گرینگی تر لە ڕێگەی ئەو شیعرەوە دەخاتە ڕوو ئەویش مەسەلەی بەستنەوەی بەهای کارەساتەکانە بەبەها و ماناکانی خاکەوە. وەک گوتمان ئەمەش لە ڕێگەی گرێدانەوەی بەهای خۆی بەبەهای خاک و میللەتەوە. ئەمەش سەرەتایەکی تازە بووە بۆ گرێدانەوەی خاک و کارەساتەکان بەیەکترەوە. ئەو دەڵێت:

ببوورن لێم کە نیشانم
قوڵپی خوێنی گەرووی منداڵێکی کوردە
لە هەڵەبجە
کە بە گەردوونی وتە گەوجە
وا من گوناهبارم تەنیا...
بەڵام چی بکا هەلاڵە و بەیبوون و وێنجە؟![٢]

هەر لەو کاتەدا گەلێک شاعیر باس لە کارەساتەکان دەکەن و هەستی خۆیان بۆ ئەو نەهامەتی و کارەساتانە دەردەبڕن کە لە ئەنفال و هەڵەبجەدا ڕووبەڕوویان بووەتەوە.

---

(٢) بڕوانە: دڵشاد مەریوانی، پەلکەزێڕینەش نامۆ مەکەن، چاپی یەکەم، سلێمانی ١٩٩٨، لاپەڕە ٣٩٢.

## شـوێن، کات پرۆسـەکانی لەناوبردن

نەک بۆ پرۆسـەکانی لەناوبردن، بگرە لە زۆر مـەسـەلەی پێـوەست بەمـرۆڤەوە (کات – شـوێن) دوو مەسـەلەی هەسـتیارن. لە کۆنەوە تا ئێستا ئەم دوو بوارە (کـات – شـوێن) جێگەی بایەخی فـەیلەسـووف، ئەدیب و پێغەمبـەرانیش بووە. ئێـمـە لێرەدا بـەوردی ناگـەڕێینەوە سـەر باس و خـواسـتی ئـەم دوو بوارە یان پشکنینی جـەوهـەری ئەم دوو ڕەگـەزە تـایبـەت بە بوون و جـەوهـەری مـرۆڤ و دەوروبەر و دنیـا. بگرە تەنیـا ئـامـاژەیەکی کـورتی ئـەو دوو دۆخـە دەخـەینە بەرباس کـە پێوەسـتـە بەباسـەکـەمانەوە، چونکە ئێمـە نـاتوانین قسـە لەسـەر ئەنفال بکەین و بیری لێ بکەینەوە بێ ئەوەی ئاماژە بەهـەندێ لایەنی گرینگ و ڕیشـەی ئەو کارەساتە نەدەین لەوانە:

یەکەم: "شوێن"ی کۆمەڵکوژییەکان.

دووەم: "کات"ی کۆمەڵکوژییەکان.

### یەکەم: شوێنی کۆمەڵکوژییەکان

ئەگـەر سـەیری کـارەسـاتەکـانی کـورد بکەین دەبینین هـۆکـارەکـانی ئەو کارەساتانە بەتەنیا گرێ نەدراوە بە تەوژم و بزووتنەوە سیاسییەکانییەوە، بگرە ویسـتـراوە وێرانکارییـەکـان بگاتـە قـووڵاییی کـولـتـوورەوە هـەر لەبـەر ئەوە ئەو کـارەسـاتانە گرێدراویشن بە وێرانکارییـەکی قـووڵی ڕۆحی و ئەخـلاقییـەوە. ئەو شـوێنانەی کە کرابوونە ئامـانجی تێکدان و وێرانکاریی گوندەکان بوون. ئەگـەر سـەیری مێژووی پرۆسەکانی سڕینەوە و لەناوبردنی کورد بکەین ئەو ڕاستییـە دەبینین کە گوندنشـینەکان و شوێنەکەیان قوربانیی یەکەم بوون. گوندەکان لە ڕیزی یەکـەمی ئامـانجـەکـانی سـڕینـەوە و لەناوبردنن. ئـەمـەش گـرێ دراوە بە باسـێکی عـەقـڵـیی ڕووتەوە، هـەر بەو بۆنەوە پێـویسـتــە بەجـیـدی بیـر لە ئامانجەکانی وێرانکردنی گوندەکان بکەینەوە. ئەگەر سەیری کۆی پرۆسـەکانی لەناوبردنی کـورد بکـەین دەبینین بەتـەنیـا بیـانوویەکی سـیـاسی نییـە بۆ وێرانکردنی شـوێنەکـان و لەناوبردنی خـەڵکەکـەی، بگرە هـەوڵێکە بۆ ڕەگ و

ڕیشـەدەرکێشـانی ئەو بیرکردنەوەی کە کـورد هـەیەتی. یەکێک لە بنیـاتەکانی بیـرکـردنەوەی مـرۆڤی کـورد بەسـتـراوە بە (شـوێن)ەوە. ئەو بنیـاتـەش لە بیرکردنەوەی مرۆڤی کورد بەها و مانای تایبەتی هەیە. بۆ وێنە ئەگەر سـەیری "گوندەکان وەک شـوێن" بکەین ئەوا کورد زۆرتر گرێ دراوە بەو بەهایانەوە کە گوندەکـان بۆیان دروست کردووە هـەر لە بیناسازییەوە بگرە تا دروستکردنی جلوبەرگ و ئـەخلاقی مـێـوانداریەتی. هەروەها گوندەکـان بوونەتـە هۆی ئەوەی کورد گرێ بدەنەوە بەسروشتەوە. لەبەر ئەوە پێویستە باس لـە بەهاکانی گوند وەک شـوێن لای کـورد بخـەینە ڕوو تا مـەترسـیی ئەو وێرانکارییـەمـان بۆ دەرکـەوێت کـە بەتەنیـا ئامـانجـەکـە مـرۆڤ نیـیـە، بگرە یەکـێک لە ئامـانجـە گـرینگەکـان (شـوێن)ـە. شـوێن وەک خـوڵقـێنەری کـولتـووره هـەر لـەبەر ئەوە دەسنیشـانکردنی ئەو شوێنەش لە پێناو سڕینەوە و وێرانکردنـی ڕەگ و ڕیشەی کـولتـوورییـە. هـەرچـەندە ڕەنگە زۆر کـەس ئەو حـاڵەتە یان ئەو هەسـتـەی کـە گوندەکان بۆ کورد دروستـی دەکات بەشێکی تری پێوەستە بـە (نۆستالۆجیاوە. واتە ئیشـتیـاقی گەڕانەوە بۆ نیشـتمـان و دەردی غەریبی)[٣] هـەر لەبەر ئەوە ئەو بیرکردنەوە کە گوندەکان دروستـی دەکەن گرێ دراوە بە هەستێکی ڕۆحییەوە. ئەم خۆگرێدانەوەش بە گوندەوە لە ناو کـورددا بەدرێژاییی ئەدەبی کلاسـیکیی کوردی دەبینین، بەڵام سـەرنجڕاکێشـترین ئەو وابەسـتـەبوونە بە شـوێنەوە لای مـەحوییـە. لای مـەحـوی جـۆرە هاوسـەنگییـەکی لە ڕادەبـەدەر دەبینین لە نێوان ئەو شـتـانەی لە دەرەوە و لە نـاوەوەیدا هـەن. وێنـەکـانی دەرەوە هـەمـوو کـات بەشـێکن لەو شتـانەی کە لە ناخـیدا هـەن. ئەم هاوسـەنگییـە بۆ خـۆگـرێدانەوە بـەدەرەوە شـوێن بـۆی دروست کـردووە. لـەبـەر ئەوە هـەر ئـەم هـێـزی هاوسـەنگییـەیە کە ئەو حـاڵەتە ڕۆحییـە لە شـیعـرەکانیدا بەرجـەستـە دەکات. دواتر عـەشـقی ئەو بۆ سـروشت و دنیـای مـوتەناهـی دروست دەبێت. دەتوانم ئەوە بڵـێم کـە ئەگـەر گـوندەکـان نـەبن مـرۆڤ ناتوانێت سـروشت وەک خـۆی

---

(٣) زرتشت نیچه کیست؟ هایدگر، ترجمه محمد سعید حنایی کاشانی، انتشارات هرمس، چاپ معراج، تهران، ١٣٧٨ص ١٧.

ببینێت. گوندەکان بوونە ڕێگەیەک بۆ ئەوەی سروشت وەک خۆی بینین، ئەگەر گوندەکان نەبوونایە ئێمە بەو شێوەیەی کە لە ئەدەبدا دەیبینین هەستمان بەجوانی و گرینگی و گەورەیی سروشت نەدەکرد. گوندەکان بوونە دەرگەیەک، ڕووناکییەک بۆ ئەوەی سروشتیان تێدا دەرک پێ بکەین. سروشت بە وێنە ڕاستەقینەکەی خۆی، بەو شێوەیەی کە مەولەوی دەیبینێ. مەولەوی لە گوندەکانەوە سروشتە ڕاستەقینەکە دەبینێ، ئەم بینینەش وای لێ دەکات ببێتە مێوانی ئەوێ، کاتێکیش دەبێتە مێوانی جوانی و ئاوی سازگار و هەوای پاکی زەڵم،(*) ئیتر خۆی وەک مێوانی سەر زەوی دەزانێت.

مەولەوی لە ڕێگەی زەڵمەوە باس لە عەشقی خۆی بۆ سروشت دەکات، بەڵام ئەوەی سەرنج ڕاکێشە ئەم عەشقەی ڕاستەوخۆ لە ڕێگەی خۆیەوە بۆ سروشت بەیان ناکات، بگرە لە ڕێگەی خستنە ڕووی عەشقی زەڵمەوە بۆ سروشت عەشقی خۆی بۆ سروشت دەخاتە ڕوو (ئەو وا هەست دەکات تاڤگەی زەڵم دڵدارێکی ڕاستەقینەیە لەبەر دەردی عەشق لە ژیانی خۆی هەراسان بووە و خۆی دەدات بەو تاش و بەردەدا و پەرش و بڵاو دەبێتەوە و دەبێت بە تۆز).(٤) لێرەوە ئەو گیان دەکات بەبەری زەڵمدا بۆ ئەوەی تەعبیری پێ بکات، دواتریش گیانی بەبەری نەسیم و شنەبا دەکات هەروەک تاڤگەی زەڵم. ئەم تەعبیرکردنە بۆ ئەوەیە مرۆڤ وەک سرووشت و سرووش وەک مرۆڤ وێنا بکات. ئەمەش بەشێوەیەکی ڕوون لەو بەیتانەدا دیارە کە (هەستی مرۆڤانەی داوە بەشەماڵ و تەنانەت زۆرجار بەرزی کردووەتەوە بۆ ئاسۆیەکی باڵاتر لە مرۆڤ کە نەک هەر خاوەنی تێگەیشتن و هەست و سۆزن بگرە کاری وایشی پێ دەکرێت کە بەهیچ مرۆڤێک ئەنجام نادرێت)،(٥) مەولەوی یەکێکە لەو شاعیرە دەگمەنانەی

---

(*) ناوچەی زەڵم یان زۆرجار بەناوی زەڵم دەیناسینەوە دەکەوێتە نزیک شارۆچکەی خورماڵی هەورامان.

(٤) مەولەوی و سرووشت، عەلی عومەر قەرەداغی، چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد، بەغدا، ١٩٧٨ لاپەڕە ١٣.

(٥) مەولەوی و سروشت، هەمان سەرچاوەی پێشوو، لاپەڕە ٢٩.

کـە لە ڕێگەی سـروشـتـەوە مـرۆڤ دەکـاتە مـێـوانی زەوی. هەر لەبەر ئەوە مێوانداریەتیی سروشت بەشێکی گەورەی کارەکانیەتی. لێرەدا گەڕانەوەی سـروشت بـۆ گـوندەکـان مـەبەست لەوە نییـە کـە شـارەکـان بەشـێک نین لە سـروشت، بگرە مـەبەست ئەوەیە هێشـتـا گـوندەکـان لەلایـەن مـرۆڤـەوە ڕاو ناکرێت و لەناو نابرێن، مرۆڤ هێشتا لەوێ خەریکی ئاوەدانکردنەوەی زەوی و خۆیەتی.

مـارتن هایدگـەر لە وتارێکدا بـەناوی (بۆچی پێم خـۆشـە لە لادێ بژیم؟)(٦) ئەم وابەستەبوونە بە گوندەوە دەخاتە ڕوو، ئەو پاش ماوەیەک زۆر لە کارکردن وەک مـامـۆسـتـا دەگـەڕێتـەوە بۆ گـوندەکـەی و لەوێ ژیان بەسـەر دەبات، لەو ماوەیەدا بە وردی سەرنجی شتەکان دەدات، هایدگەر لە وتارەکەدا عەشق و خۆشەویستیی خۆی لە ڕێگەی عەشقی پیاوێک بۆ باخەکەی بەیان دەکات، پیرەپیاوێک چۆن هەموو ژیانی بەخشیوەتە باخەکەی. ئەم وابەستەبوونە لای ئەو، هەمان وابەستەبوونی مرۆڤە بەسروشتەوە لای مەولەوی. هایدگەر بیرکردنەوەی مرۆڤ دەگەڕێنێتەوە بۆ سرووشتی گوندەکان، پێی وایە هیواکان لەوێن، لەو شوێنەدان کە دەزانرێت چۆن سروشت بەخێو بکرێت، نەک لە شـارەکـان کـە ڕاوی سـروشت دەکـرێت. هەر لەبەر ئەوە بیـرکـردنەوە لە وێرانکردنی گوندەکانی کوردستان واتە لە ڕەگ و ڕیشەدەرکێشانەی ئەو هێزە مەعنەوییە کە ڕەگەکانی لە دڵی ئەم زەوییەدان. وێرانکردنی گوندەکان بۆ لەبن دەرهێنانی ئەو ڕۆحەیە کە وای کردووە ئێمە جارێکی تر هەم ئینتمامان بۆ ئەم خاکە نەبێ، هەم حەز بەوە نەکەین ڕۆژێ لە ڕۆژان ئاوەدانی ببینین.

**دووەم: کاتی کۆمەڵکوژییەکان**

بەسەر شار و دەشت و دەردا
وەک ڕەهێڵە
لە یەک تاوا

(٦) لماذا نحب البقاء في الريف، مارتن هايدغر.

مردنی نیو دەقیقەیی
پۆل پۆل مرۆڤی کورد باری
بەچەند چرکەیەک چی دەکرێ
چی گیاندارە دەبێ بمرێ
بەدیار زەقەی چاوی هەرچی
بنکە و دەزگای ئینسان هەیە
هەرچی کەوا ئەنجوومەن و
دەستەی نێودەوڵەتان هەیە
بەبەرچاوی چی ئاین و
چی فەلسەفە و ویژدان هەیە
چی ئینجیل و قورئان هەیە
مەسیحی و موسڵمان هەیە
جاران "نالی"
بۆ "حەبیبە" و
بۆ "خاک و خۆڵ" شیعری دەوت
یان "مەولەوی"
بۆ مەرگی "عەنبەر خاتوون"ی
بەخوڕ فرمێسکی شیعری ڕشت
خۆ "کەمالی"
بۆ "ئەحمەد موختار"ی شاعیر
دڵۆپە ئەشکێ بوو درشت
دوێنێ "گۆران"
بۆ "هیوا"ی جگەرگۆشەی و
"ساوای بێ دایک" چیی نەگوت
بەڵام شاعیری کورد ئەمڕۆ

دەبێ پرسەی شیعری گەرم
نەوەک بۆ تاقە ئینسانێ
بۆ گەلاڕێزانی مرۆڤ
مرۆڤی کورد
بەم بەهارە
بۆ وەرزی خەزانێ دانێ
بۆ وەرزی خەزانێ دانێ)(٧)

کاکەی فەلاح

هەموومان ئەوەمان بینی، بەڵام سەرنجی ئەوەمان نەدا و بیرمان لەوە نەدەکردەوە کە بۆچی لە وەرزی بەهاردا بە کۆمەڵ دەکوژراین، بەڕاستی ئێستا پێویستە بیر لەوە بکەینەوە و لە خۆمان بپرسین بۆچی زۆربەی کۆمەڵکوژییەکانی کورد لە وەرزی بەهاردا ئەنجام دەدران؟

دیاریکردنی ئەم وەرزەش بەتەنیا ئەنفال و هەڵەبجە ناگرێتەوە، بگرە ئەگەر سەیری پرۆسەکانی لەناوبردنی کورد لە ماوەی سەدەی بیست و کۆنتریش بکەین تێ دەگەین لەو وەرزەدا ڕووبەڕووی کوشتن و لەناوبردن بووەتەوە، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ دۆخێکی تایبەتی کورد لەو وەرزەدا تێیدا دەژی. لە ناو کورددا هەموو هێز و گوڕ و تینێک بەبەهار دەست پێ دەکات. ئەگەر ئەم حاڵەتە لەلایەکەوە پێوەندیی بەهاتنی سەری ساڵی کوردییەوە بێت، ئەوا لەلایەکی ترەوە وەرزی بەهار کاتی دەست پێکردنەوەی چالاکییە فیزیکی و مەعنەوییەکانیەتی، هەر لەبەر ئەوە دیاریکردنی ئەو وەرزە بۆ لەناوبردن بەهای تایبەتی هەیە. ئەم چالاکییە فیزیکی و مەعنەوییەی کورد لە بەهاردا نەک بەتەنیا لە زەوی کێڵان و گەشتوگوزاردا خۆی دەبینێتەوە، بگرە هەستێکی تایبەتیشی پێ دەبەخشێت بۆ تەماشاکردنی دەوروبەر و دنیا و سروشتەکەی. مەولەوی دەربارەی بەهار دەڵێت:

(٧) کاکەی فەلاح، هەمان سەرچاوەی پێشوو، لاپەڕە ٣٥٩.

(وەهارەن، ســەیرەن، ســەوزەی دیاران[٨]
نم کەوت نـەدیدەش چون شـەو بێداران[*]
پـەی دڵەی مـــانیـــای دەروون مـــەلالان
ســایە بەســتــەوە خــەیمەی گــوڵاڵان[**]
بۆی یـەخــەی ســـەحــەر پـەی دەمـــاخ دڵ
مـانۆ وەنـەسـیم جـێب جـەمین گـوڵ[***])

سەرنجڕاکێشترین شت کە لە وەرزی بەهاردا هـەستم پێ کردبێ و وا بکات من گرێ بداتەوە بە خـاک و سـروشـتـەوە (بۆنـی بەهـار)ە لەو پارچە شـیـعـرەدا، مـەولەوی جگە لە خـۆبەسـتنەوە بەتەمـاشـاکـردنی سـروشت لە ڕێگەی بەهـارەوە بـاس لە بـۆنی بـەهـار دەکـات. ئەو، بـۆنی بـەهـار بەبـۆنی سـنگ و بـەرۆکی یـار دەچوێنێ.

بۆنـی بەهـار گـوێت لێ دەبێت، دەپیچـەژی و زیـندووت دەکـاتەوە. هـەروەهـا بەهـۆی ئـەو بۆنەوە دەتوانـی هـەست بەبـوونی سـروشـت و جـوانـی و گـەوهـەری

(٨) بۆ زانـیـاریـی زیاتر بڕوانـە: دیوانی مـەولەوی، مـەلا عـەبدولکـەریمی مـودەڕیس، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، چاپی یەکەم: سلێمانی ٢٠٠٦ لاپەڕە ٤٤٨.
مامۆستا مەلا عەبدولکەریم مودەڕیس بەم شێوەیە شەرحی ئەم شیعرە دەکات. ئەو دەنووسێت مـەولەوی ئەم پارچە شیعرەی لە سەرچاوەی زەڵم وتووە کاتێک لە بەهار لەگەڵ هەندێ دۆست و برادەریدا چووە بۆ ئەوێ بۆ سەیران.
(*) واتە بەهار وەختی تەماشـایە، سەوزە گیـای دەشت و کێوەکان ئاونگ نیشتووتە ســەرچاویان وەک پیـاوانی خــوا کـە شــەو ناخــەون و بیـر لـە خــوا دەکـەنەوە و فرمێسک لە چاویاندا دەدرەوشێتەوە.
(**) مانیا: ماندوو. واتـە خێوەتـی گوڵاڵەکان سێبـەریان کردووە بۆ دڵـی مـاندووی دڵ پڕ لە خەفەتەکان.
(***) مانو: دەشوبهێت. جیب: سنگ و بەرۆک. واتە بۆنی بەرەبەیان لە هـەوای سنگ و بەرۆکی نازداران دەچێت لە خۆشکردنی دەماخی دڵدا.



هەواڵنامەی کتێب

کوردستان بکەیت. "بۆننامە"ی شێرکۆ بێکەس هەرچەندە گێڕانەوە و دروستکردنەوەی هەڵەبجەیە بەرەو نەمری. ئەو لەو قەسیدەدا وا دەکات هەڵەبجەمان هەردەم لەبیر بێت، بەڵام دەرکەوتنی بۆننامە پێش ئەوەی وابەستە بێت و گرێدراو بێت بەبۆنی چەکەکانی کوشتن، پێم وایە دەرکەوتنی بۆننامە گرێ دراوە بەبۆنی بەهارەوە. واتە ئەوە بەهارە وا دەکات بۆننامە بنووسرێت نەک بۆنی سێوەکان و چەکەکانی مردن لە هەڵەبجەدا. ئەم هەستە ناوەکییە لە ناو شیعری کوردیدا پانتاییەکی فراوانی داگیر کردووە بەشێکی زۆری شاعیرانی کورد نەیانتوانیوە خۆیان لە سیحر و جوانیی ئەو وەرزەی کوردستان دوور بگرن، زۆربەی شاعیرە کوردەکان لە قۆناغە جیاوازەکانی ئەدەبی کوردیدا، شیعریان بۆ عەشق و خۆشەویستی و جوانیی وەرزی بەهار نووسیوە، زۆربەیان کوردستانیان بە بەهەشت وەسف کردووە ئەمەش لەبەر ئەوە ئەو شاعیرانە لە ناو وەرزی بەهاردا بە بۆن، ڕەنگ و جوانیی بەهارەوە کوردستانیان وەک بەهەشت بینیوە و وێنای کردووە. واتە ئەو وەسفکردنەی کوردستان بەبەهەشت لە ناو وەرزی بەهاردا هاتووەتە دەرەوە واتە ئەگەر لە ناو بەهاردا نەبوایە ئەو شاعیرانە نەیاندەتوانی وەسفی کورستان وەک بەهەشت وێنا بکەن، وەک وتمان زۆر شاعیر وەسفی خۆشیی بەهاری کردووە، تەنانەت سروشت و جوانیی خۆشیی بەهەشتیان لە ناو بەهاردا وێنا کردووە وەک گوتمان مەولەوی دیارترین شاعیرە کە بەقووڵی ئەم وێناکردنەی لە شیعرەکانیدا بەرجەستە کردووە، دواتر گۆران بەشێوەیەکی سادەتر ئەم حاڵەتەی خستووەتە ڕوو.

یەکەمیان: بۆ ئەوەی ئەو وەرزە کە وەرزی گەڕان و سەیرانە لە کوردەکان تێک بدرێت و نەهێڵرێت خۆشی ببین و بەردەوام بیر لە کارەساتەکانیان بکەنەوە. کە ئەمەشیان دیوێکی تەواو تراجیدییە و لە دوای ڕاپەڕینەوە کەمتر بیر لەم کارەساتە بەم شێوەیە کراوەتەوە.

دووەم: ئەگەر ئەوە نەکرا؛ ئەوا دیوێکی تەواو خراپتر بێتە ئاراوە و ئەم وەرزە ببێتە هۆی فەرامۆشکردنی نەهامەتییەکان. ئەوەی ئێمە دەیبینین و

سەرنجی دەدەین کورد لەم وەرزەدا کارەساتەکانیان بیر چووەتەوە و، بەهۆی سەفرە و سەیران و گەڕان، ئەو کارەساتانە لە بیر دەکەن بگرە ئێستا جۆرە هەستێکی تێکەڵوپێکەڵ هەیە لە یەک کاتدا شایی و شیوەن بۆ کارەساتەکانمان دەبینین. بەشێکیان دەگرین و بەشەکەی تریان پێ دەکەنن. ئێمە ناڵێین هەموو هەست و بیرکردنەوەمان ببێتە ئەو کارەساتانە، بگرە پێویستە هەستکردن بەو کارەساتانە و بیرکردنەوە لێی ببێتە بەشێک لە ماناداران بە بەهاکانی بوون و مانەوەمان، چونکە بەدرێژاییی سەدەی بیست کورد هەستی بەبێ کەسی و هەڕەشەکانی لەناوبردن کردووە و هاواری کردووە، بەڵام نەخۆمان گوێمان لە خۆمان گرتووە و نەبێگانەکانیش گوێیان لێ گرتووین.

## هەستکردن بەکارەسات و هەستکردن بەبوون

پێش ڕوودانی کارەساتی ئەنفال، کورد هەستی بە ڕوودانی شتێ کردووە و بەردەوام بیری لەوە کردووەتەوە کە شتێک ڕوو دەدات. ئەو دۆخە مرۆڤی کورد لەگەڵیدا ژیاوە و قسەی لەبارەوە کردووە، ئەم حاڵەتە بۆ هەستکردن بەڕوودانی ڕووداوێک لە ئەدەبی سەرەتاکانی سەدەی بیست دەیبینین، بەدرێژاییی ئەدەبی سەدەی بیست ئەم دۆخە تێیدا زاڵە و کورد هەستی بەڕوودانی ڕووداوێک کردووە. واتە کورد لە بەردەم کارەساتدا وەستاوە و خۆی ئامادە کردووە؛ لێرەشدا بیرکردنەوە پێش ڕووداو کەوتووە ئەوەمان نابێت لەبیر بچێت کە لە ماوەی سەدەی بیست و دوای پارچە پارچەبوونی کوردستان هۆکاری سیاسی یان ئایدیۆلۆجی لە ئارادا بوون، بەڵام ڕوودانی کێشەکە لای تاکی کورد هاتووەتە بوون کەواتە ئەنفال لە ناو زەینداهەبووە کە ڕوو بدا، بەڵام شێواز و چۆنیەتیی کردەوەکە نەزانراوە هەر لەبەر ئەوە ڕووداوەکە پێش بەعسیزمە؛ بەعس تەنیا ئامێرێکی سیاسییە بۆ جێبەجێکردن هەر بۆ نموونە ئەو ڕۆژەی کە هەڵەبجە کیمیاباران کرا خەڵکەکە دەیانزانی دەکوژرێن، بەڵام ئەوان لە جێی خۆیان نەجووڵان. لە هەڵەبجە بووین هەواڵ

بڵاو بووەوە کە هەڵەبجە کیمیاباران دەکرێت هەموو کەسێک دەیزانی کە ئەم ڕووداوە ڕوو دەدات کەچی خۆشیان ئامادە دەکرد بۆی. خەڵکەکە لە ململانێدا بوون لەگەڵ ڕوودان و ڕوونەدانی کێشەیەک لەگەڵ بوونیان "ئێستا با ئەو پرسیارە بخەینە ڕوو بۆچی لە کاتی ڕوودانی ئەنفال هەموو دنیا بێدەنگ بوو لە کاتێکدا لە میدیاکانی دنیادا ئەو هەواڵە بڵاو بووەوە کە لە کوردستان کۆتای دنیایە و کوردەکان لە نیشتمانەکەیان لەناو دەبرێن. ئەم بێدەنگییە بەرامبەر کێشەی لەناوبردنی کورد دۆخێکی ناوەکییە پێوەندیی بەو بیرکردنەوەی دنیاوە هەیە بەرامبەر کورد. ئەگەر ئێمە ئەمە بە باوەڕەوە وەرگرین کەواتە بەعس تەنیا ئامێرێکە بۆ جێبەجێکردنی ئەو خەیاڵەی کە لە ناو بیرکردنەوەی (ئەوانی تردا) بۆی دروست دەبێت. ئەرستۆ لە کتێبی "مەنتیقی ئەرستۆ" باس لە دژەکان دەکات، ئەو پێی وایە مرۆڤ نابێت بیر لە دژەکان بکاتەوە بگرە پێویستە ئەو سەرچاوانە ببینێ کە دژەکانی لێ هاتووەتە دەرەوە. بۆ کارەساتەکانی کوردیش ئەم بیرکردنەوە ڕێگە ڕۆشن دەکاتەوە. ئێستا ئەگەر کورد تەنیا سەیری دژەکە بکات ئەوا بەعس بە خاوەنی بیرۆکەی لەناوبردن و سڕینەوە و بێدەنگیی دەوڵەتان و دنیاش بەرامبەر بەکارەساتەکان هەر لەو چوارچێوە دەبینێ و پێی وایە هەر هەمووی هەوڵ و بیرکردنەوەی بەعسە، بەڵام ئەگەر بیرمان لە سەرچاوەکانی بیرۆکەکە و هۆکارەکانی ڕوودانی ڕووداوەکان کردەوە بە قووڵی لەو مەسەلە بیر بکەینەوە مەسەلەکە تەنیا بیرکردنەوەی (ئەوانی تر)ە لە بەرامبەر بوونی کورد. لێرەوە مرۆڤی کورد تا ئێستا باس لە ئەنفال وەک دژێک دەکات کە لە بەرامبەری ڕووی داوە بەبێ ئەوەی سەرچاوەی ئەو دژانە بزانێ کە تێیدا ئەو ڕووداوەی لێوە هاتووەتە دەرێ، سەرچاوەکانی کێن و لە کوێوە بیرکردنەوەی لەناوبردنی هاتووەتە دەرەوە. واتە کورد نەیتوانیوە سەرچاوەکانی ئەنفال ببینێ، بگرە تەنیا ئەنفال وەک ڕووداوێک کە کردەوەی بەعسە سەیری کردووە و باسی لێوە کردووە وەک وتمان ئەو سەرچاوە ناوەکییە هێشتا ونە و کورد ناتوانێ پەی پێ ببات و بیری لێ بکاتەوە. تەنانەت ناگەڕێت، پرسیاریش ناکات بۆ لە کاتی ڕوودانی

هەڵەبجە و ئەنفالدا دنیا کەوتووەتە سەنگەرێکەوە و کوردیش بەتەنیا لە سەنگەرێکی تردا. هەر لەبەر ئەوە پێویستە باس لەوە بکەین کە پێش ئەوەی دنیا بەرامبەر کێشەیەکی گەورە کە بەسەر کورددا دێت بێدەنگ بێت. شاعیران هەستیان بەو بێکەسییە کردووە و لەبارەیانەوە شیعریان گوتووە ئەوەتا مەحوی باسی بێکەسیی کردووە ئەگەرچی بێکەسیی مەحوی بێکەسییەکی وجوودییە، بەڵام ئاماژەیەکی ڕوونی بێکەسیی کوردیشە لەسەر ئاستی دنیا.

مەحوی سەرەتای دیوانەکەی بەم شیعرە دەست پێ دەکات دەڵێ:

لەم بەحری فیتنە بەڵکی نەجاتت بدا خودا
داوێنی باخودا بگرە، بەردە ناخودا
بێکەس منم، کەسێ لە زبانم بگا نییە
هەمدەم خودا نەناسن و دەم پڕ لە یاخودا(٩)

هەروەها ئەحمەد موختار جافیش باسی لە بێکەسیی کورد کردووە و ڕاشکاوانە ئەو بێکەسییەی بەیان کردووە، شاعیر دەڵێت:

دەسا تێکۆشن ئەی قەومی نەجیب و بێکەس و مەزڵووم
بە گورجی قەتحی کەن ئەو ڕێگە دوورەی وا لەبەرتانە

شێرکۆ بێکەس، بێکەسیی کورد و بێکەسیی خوا وەک یەک وێنا دەکات. ئەم وێناکردنەی بێکەس بۆ کورد بەتەنیا وێناکردنێکی سیاسی یان واقیعیی ڕۆژ نەبووە کە کورد بێکەسە و هیچ دەوڵەت و نەتەوە و میللەتێک لەگەڵیدا نییە، بگرە ئەم وێناکردنە هەستکردنێکی ناوەکیشە کە بەشوێن سەرچاوەکانی غەریبیی مرۆڤی کورد دەگەڕێ هەستکردنە بەوەی کورد تەنیا خۆیەتی و بێکەس لە دنیادا دەژی. ئەگەرچی ئەم سێ جۆرە لە بێکەسی مانا و

(٩) دیوانی مەحوی، لێکدانەوە و کۆکردنەوەی مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس و محەمەدی مەلا کەریم، چاپی یەکەم، ئینتشاراتی کوردستان ١٣٨١.

مەبەستی جیاجیایان هەیە، بەڵام ئەم هەستکردنە بە بێکەسیی مرۆڤی کورد ڕێگەی بێکەسییەکی واقیعیشمان بۆ ڕووناک دەکاتەوە کە مرۆڤی کورد بەردەوام هەستی بە بێکەسیی خۆی کردووە کە دنیا بەتەنگییەوە نایەت و ئەگەریش ڕووبەڕووی قڕکردن و لەناوبردنی یەکجارەکیش بێتەوە دنیا گوێی لێ کەڕ دەکات، ئەگەر سەیری کارەکانی شێرکۆ بێکەس بکەین ناتوانین جیایان بکەینەوە لە کارەساتەکان، ئەو وێنەی جارێکی تر لەدایک نابێت چونکە ئەو کارەساتەکانی لە خۆیدا و لە شیعرەکانیدا بەرجەستە کردووە. دوای ئەنفال و هەڵەبجە کارێکی نییە دوور بێت لە بەرجەستەکردنەوەی بوون و کارەساتەکانی کورد. تەنانەت بێکەسیی کورد و مێژوو پێکەوە گرێ دەداتەوە بە جۆرێک ناتوانرێت باس لە هیچ چرکە ساتێکی مێژووی کورد بکرێت بەبێ باسکردن و هەستکردن بەبێکەسییەکەی. لەگەڵ ئەوەشدا زۆربەی لێکۆڵەرەوان و کەسانی سیاسی و ئەکادیمیی نێو زانکۆکانی خۆرئاوا و وڵاتانی عەرەبی و ئەوانەی کە قسەیان لەبارەی ئەم کێشەوە کردووە پێیان وایە نەدەبوو ئەو کاتە دنیا لە بەرامبەر کارەساتەکانی کورد بێدەنگ بێت، بەڵام ئەوان ئەوەیان لەبیر چووە کە بیر لە شوێنی هاتنە دەرەوەی ئەو بێدەنگییە بکەن هەروەک ئێمە چۆن تەنیا بیر لە ئەنفال دەکەینەوە و سەرچاوەکانی ڕوودانی ئەنفال نابینین، ئەوانیش تەنیا بیر لە بێدەنگیی دەوڵەتان دەکەنەوە و سەرچاوەکانی ئەو بێدەنگییە نابینن ئەو کانگایە نادۆزنەوە کە ئەو بێدەنگییەی لێ هاتووەتە دەرەوە و قسە لە سەرچاوەکانی ئەو بێدەنگییە بکەن. لە ڕاستیدا سەرچاوەکانی ئەو بێدەنگییە کە خۆرئاوا بەرامبەر بە چەوسانەوە و لەناوبردنی کورد هەیبووە دۆخی ناوەکییە و پێوەندیی بیرکردنەوەی مرۆڤی خۆرئاواوەیە کە پێویستی بەوە بووە ئەوە ڕوو بدا، ئەو بێدەنگییە گرێ کوێرەی دەرخستنی هەست نەکردنە بەبوونی کورد لەلایەن دنیاوە، تا ئەو کاتەش نەک هەر ئەو وڵاتانەی کورد بەسەریاندا دابەش کراوە باوەڕیان بەوە نییە شتێک هەبێت بەناوی کوردەوە، بگرە دنیاش هەر بەو شێوەیە بووە شتێک نەبووە بەناوی کوردەوە تا شتێکیش هەبێت بەناوی لەناوبردنی ڕەگەزیەوە. بەکورتی

کـاتێک ئێـمـه هـەبین ئەو کـاتە لەبەر هـەبوونمان وەک نەتـەوەیەک لەســەر ئەم زەوییە بیرمان لێ دەکرێتەوە، ئەو کاتە گەلان پێیان خۆشە لەگەڵمان بژین یان پێیـان باشە پەراوێزمـان بخەن و لەناومـان بەرن. ئەگەر مێژوو بخـوێنینەوە تێ دەگـەین ئەو کـارەسـاتانە بەدرێژاییی سـەدەکانـی ڕابردوو ڕوویان داوە دوای هەستکردن بە بوونمان دەستیان پێ کردووە. واتە بوونمان وەک نەتەوە بووەتە کێشە نەک بەدەستهێنانی کیانێکی سیاسی کێشە بێت. هەر بۆیەش پێویستە بوونمان هەست پێ بکەین و بیری لێ بکەینەوە ئەوجا بیر لە کارەساتەکانمان بکەینەوە، چونکە ســەرچاوەی کـارەسـاتەکـانمان دەســتکەوت و قــازانجی سیـاسی نیـیە، بگرە هەبوونمانە لە دنیـادا و وای کردووە ڕووبەڕووی مـەرگ ببینەوە. هـەر لەبەر ئەوە کـێـشـەی هـەبوونی کـوردیش پێـوەندیی نیـیـە بەبیرکردنەوەی ئەنفـال، بگرە پێویسـتە کورد هەبێت بۆ ئەوەی بیر لە ئەنفال بکاتەوە کە ڕووداوێکە ڕووی داوە و پێویستە لەگەڵیدا بژی پێویستە لە ناو ئەنفالدا بیر لە ڕوودانی کارەساتی تر بکاتەوە.

کەوانامەی کتێب

باسی دووەم

# بیرکردنەوە لە ئەنفال دوای ڕاپەڕین

لە هەر کوێیەک خۆت بتەوێ
ئەتوانی سێ ڕەنگ تێکەڵ کەی
بەیەکەوە و لە ناو یەکدا و لە ناو دۆڵدا
تێکیان هەڵدەی:
"شەوی مەرگ و
لمی سەحرا و
زریکەی کۆچ.."
بەیەکەوە تا بەیانی بیانشێلی
ئەنجام ڕەنگێک دروست ئەبێ، ڕەنگێکی نوێ
پێی ئەڵێن: ڕەنگی"ئەنفالی"![(١٠)]

شێرکۆ بێکەس

لە دوای پرۆسەکەوە، گەورەترین کارەسات ئەوە بووە خەڵکی کوردستان ئەنفال ناناسن و بیری لێ ناکەنەوە، بگرە تا چەند ساڵێکیش دوای ڕاپەڕین تەنیا گەرمیانییەکان بیریان لێ دەکردەوە و لەگەڵ ئازارەکانیدا دەژیان. ئەو کاتە بەهۆی تازە ڕزگاربوونی کوردستان خەڵک کەمتر بیری لە کارەساتەکانی دەکردەوە، کەسوکاری قوربانییەکانیان بەبەردەوامی لە هەواڵی کەسە

(١٠) ڕەنگدان، شێرکۆ بێکەس، ناوەندی چاپ و ڕاگەیاندنی خاک، چاپی یەکەم، سلێمانی ٢٠٠١ لاپەڕە ٤٣.



هەوالنامەی کتێب

نزیکەکـانیـان دەگـەڕان، شـاهیـدحـاڵەکـان و ڕزگـاربـووانی پرۆسـەکـەش چیرۆکەکانیان دەگێڕایەوە و باسی ئەو نەهامەتی و نەگبەتییەیان دەکرد کە ڕووبەڕوویان بووبووە، بەڵام تەنیا خۆیان ئەم ئازار و نەگبەتییانەیان هەست پێ دەکرد، وەک گوتمان شاهیدی شاهیدحاڵەکان[11] بێ خەوشن تا لە قووڵاییی ئەو کارەساتە تێ بگەین، بەڵام ئەوەی بینیمان پاش چەند ساڵێکی کەم کە هێشتا کەسوکاری قوربانییان چارەنووسی خۆشەویستترین کەسە نزیکەکانیان نەدەزانی کەسوکاری قوربانییەکان پێش ئەوەی بیر لە مردنیان بکەنەوە بیریان لای ئەوان بوو، بەڵام هەروەک ئەوەی کەس لەناو نەچووبێت دەست کرا بەشەڕی خوێناویی ناوخۆ. ئەو ڕووداوە بووە هۆی ئەوەی هەموو کارەساتەکان ون ببن و دەنگ و ڕەنگ و باسیان ون بێت. لە سەردەمی شەڕی ناوخۆدا هیچ شتێک بەها و مانای خۆی نەما. تەنانەت کارەساتەکان بۆ شەڕی ناوخۆ تەرخان کرا. لە بری ئەوەی گوندەکان ئاوەدان بکەنەوە و ئەو ناوچە زۆرەملێیانەی بەعس بۆ پاشماوەکانی ئەنفال دروستی کردبوون کە وەک کەمپی سەربازی سەیر دەکرا دابخەن، دەست کرایەوە بە وێرانکردنەوەی گوندەکان و کۆچ پێکردنەوەیان کە بەهۆی ڕاپەڕینی بەهاری ١٩٩١ ئاوەدان کرابوونەوە و خەڵکەکە ڕوویان کردبووە گوندەکانیان ناچار کران ڕوو بکەنە ئۆردوگاکان و شارەکان، هەروەها زۆربەی توانا مەعنەوییەکانیش هەر لە هەوڵی ئەدەبی و ڕاگەیاندن بیگرە تا هەوڵی سیاسی بۆ ئەو جەنگە تەرخان کرا، ئەدەبیاتی شەڕی ناوخۆ ئەدەبیاتی قۆناغێکی نوێ بوو، هەرچەندە لە شاخیش ئەم ڕەوتە هاتبووە ئاراوە، بەڵام بەو شێوەی کە ئاسەوارەکانی بینرا لە ناو خەڵک و شارەکان گڕ و تینەکە گەرم نەبوو، لە سەردەمی شەڕی

(١١) بۆ خوێندنەوەی قسەی شایەتحاڵەکان لە چەند شوێنێکەوە کار کراوە و هەوڵ دراوە ئەو شێوە کوشتن و برە بپارێزرێت کە ئەم کارەش گرینگیی مێژووییی هەیە، لە سەرچاوەکانیش لەوانە:

ڕەشەبای ژەهر و ئەنفال، عەبدوڵا مەحموود، هەروەها شایەتحاڵەکانی ئەنفال عارف قوربانی و کارەکانی مێژووی کارەساتەکانی عێراق.

ناوەخـۆدا هێـز و تواناکـان بۆ بینین و بیـرکـردنەوە لە کـارەسـاتەکـان بۆ ئەو شەڕە تەرخان کرا، ئەم ڕەوتە وای کرد کە کورد بەتەواوی ئەنفال لەبیر بکات، لەبەر ئەوە پێـویسـتـە بەقـووڵی بیـر لەم جـەنگە بکەینەوە. ئەم شـەڕە وەک تۆڵەکـردنەوەی کورد لە خۆی دەبینم، ئەم بابەتە هەر لەبەر ئەوە پێویسـتـە بە هەستیارییەوە مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت، چونکە بەدرێژاییی مێژوو لەلای هیچ گـەل و میللـەتێک نەبووە دوای کـارەسـاتێکی گـەورە بیـر لە لەناوبردنی خـۆی بکاتەوە بەپێچـەوانەوە زۆرێک لەو میللەت و نەتەوە و کۆمەڵە خەڵکەی کە لەنێو براون بیـریـان لەوە کـردووەتەوە بوونـی خـۆیان بسـەلمێـنن. لە مـاوەی سـەدەی بیـسـتـیـشـدا ئەم حـاڵەتە بەڕوونی هەست پێ دەکـەین. چەند نەتـەوەیەک ڕووبەڕووی لەناوبردن بوونـەوە لەوانە ئەرمـەنەکان، جوولەکـەکان ئەگـەر سـەیر بکەین دەبینین جوولەکەکان دوای ئەو کارەساتە دەیانەوێ تۆڵە لە دنیا بکەنەوە کـە چۆن چۆنی بەشـێـوەیەکی دڕاندانە لەنێـو براون. واتە بـوونی خـۆیـان لە ڕێگەی تـۆڵەسـەندنەوە بسـەلمێنن. ئەوەی دەیبیـنین تا ئێـسـتـاش تۆڵەکـردنەوە بەشـێکی دیاری ژیانی سـیـاسـیی ئەوان پێک دەهێنێ. گـەلی یابان دوای بەکـارهێنانی چەکی ئەتۆمـی لە دژیان کـە وەک دەسـتکەوتێکی گـرینگی سـەردەمی مۆدێرنە و تەکنیک سەیر دەکرێت دوای ئەوە بەردەوام دەیانەوێ لە ڕێگەی تەکنیک و دەسـتکەوتەکـانی مـۆدێرنەوە بوونی خـۆیان بسـەلمێنن، بەردەوامـیش دەیانەوێ لـەو ڕێگەیەوە جگە لـە بوونیـان تۆڵە بکەنـەوە، ئەوەی لە دوای کۆمـەڵکوژیی کـورد لە مـاوەی سـەدەی بیست دەیبـینین کە لە ئەنـفال و هەڵەبجـەدا ئەو کۆمـەڵکوژییە بەتەواوی بەرجەسـتە بـوو گەیشـتە لووتکە. کورد نەک هەر نەیتـوانی بوونـی خۆی بسـەلمێنێ، بگرە جارێکی تر خـۆی کردەوە بە قـوربانی. لە جیـاتی ئەوەی بوونی خـۆیان بسـەلمێنن کە دەتوانن خـۆیان بەڕێوە ببەن دەستیان کرد بە تۆڵەکردنەوە لە خۆیان. ئەم حاڵە نیشانەی بێهوودەیی و سـەر لێشـێـواویی مرۆڤی کـوردی لەو قـۆناغـەدا نیـشـان دا. ئەوان نەک هەر لەسـەر چارەنووسی گـرینگیی ژیانیـان ڕێک نەکـەوتن، بگرە لەسـەر هەمـوو ئاسـتی زۆر سـادەی ژیانی ڕۆژانـەشـیـان ڕێک ناکـەون، ئەوەی لەو مـاوەدا

پێویست بوو بیری لێ بکرێتەوە کارەساتەکان و نەهامەتیی ژیانی کورد بوو، کەچی هەڵەبجە جارێکی تر کرایەوە بە قوربانی، چونکە شارەکە لە جیاتی بیرکردنەوە لە ئاوەدانی ڕووبەڕووی شەڕێکی توندی ناوخۆ بووبووە و ڕۆژانە خەڵکی لە ناویدا دەکوژران، کردبوویان بەسەنگەری مەرگ. لەو قۆناغەدا بزووتنەوە سیاسییەکان و ڕۆشنبیران و ناوەندە جیاوازەکانی کۆمەڵگەیان بەسەر خۆیاندا دابەش کردبوو. ئەوەی بیریان لێ نەکردەوە مێژوو و کارەساتەکانی بوو. هەر لەبەر ئەوە دەتوانین وەک پەرچەکردارێکی قووڵی مێژوو سەیری بکەین، ئەم پەرچەکردارە پێش ئەوەی دەستکردی بێگانە بێت بوغزێکی ناوەخۆیی بوو. ئەم دۆخە ماوەیەکی درێژی کێشا . ڕۆژ دوای ڕۆژ بێ ئومێدی پەرەی دەسەند .

## ململانێی قوربانی و جەلاد

قوربانی و جەلاد، زوڵم لێکراو و زاڵم ئەم جۆرە پۆلێنکردنە بۆ خوێندنەوەی کورد، ئەدەبیات و نووسینی دوای ڕاپەرینی داگیر کرد بەشێکی زۆری نووسین و لێکۆڵینەوە ئەدەبی و فیکرییەکان بۆ جەلاد و قوربانی تەرخان کران زۆربەی نووسەران و شاعیران و چیرۆکنووسەکان ئەم بابەتەیان کردە کەرەستەیەکی گرینگی ئەدەبەکەیان و نووسینەکانیان. ئەم هەستکردنە بەتایبەت دوای هەڵەبجە و ئەنفال مرۆڤی کوردی بەرەو شوێنێکی سەیر ڕاپێچ کرد ئەو هەستکردنە سادەترین ئاسەوارەکانی ئەوە بوو کە کورد داوا لە خەڵکانی تر بکات کە رزگاری بکات. ئێمە سەبارەت بە روانینمان بۆ قوربانی و جەلاد زاڵم و مەزڵووم و خوێندنەوەی گوتاری کوردی بەو دوو ئاراستەدا دەیان بابەتی هەمەچەشنەمان چ لە بواری ئەدەبی یان بوارگەلی تری فیکری و سیاسی لە بەردەستە، ئەو هەستکردنە بە قوربانی وای کرد کە کورد داوا لە خەڵکی بکات کە بەزەییی پێدا بێتەوە، بەڕوونی ئەو حاڵەتەمان دەبینی کە داوا دەکرا با دەوڵەتان و رێکخراوەکان و حکوومەتەکانی دنیا بەزەییان بەو گەلەدا بێتەوە، چونکە قوربانییە. لەگەڵ ئەمەشدا ڕەنگە گەلێک کەس مەسەلەی

قـوربانی بەدەیـان شـێـوە لـێک بدەنەوە و قـسـەی لەبارەوە بکەن ئێـمـە بـەهەڵە بزانن لەوەدا کە یەک جۆر نەخشـمـان لەبارەی قـوربانییـەوە خسـتـووەتە ڕوو، بەڵام ئێمە لێرەدا وشەی قوربانیمان لە دەرکەوتەکانیەوە وەرگرتووە، واتە لەو دەرکەوتـە ناوەکـیـانەوە وەرگـرتووە کە کـورد و گـوتارەکـەی لە هەژدە سـاڵی رابردوودا پێـوەی گیرۆدە بووە و پێیـەوە دەتلێتەوە، ئێسـتا بە هـەمان گوتاری جارانەوە دەیەوێت ڕووبەڕووی دۆست و دوژمنەکانی بێتـەوە و داوای مافەکانی لەو ڕێگەیەوە بکات ئەوەی کە دەیبیـنین بەسـەر کوردا هـاتووە و دێت، ئەوەیە کە ئەو هەسـتکردنە بەقوربانـی کە ئەوی تێدا دەبینـین سەرگەردانییە. ئەرسـتۆ لە کتـێبی (منـطق ارسطو) باس لە جوامـێری و دادپەروەری دەکـات ئەو پێی وایە کە جوامـێری و دادپەروەری لە ناوەخـۆیاندا وەک یـەکن، ئەو پێی وایە کە ئەگەر کـەسێک بەشـوێن دادپەروەرییەوە بێت و شـەڕی دادپەروەری بکات، ئەوە ئەو کـەسـە جوامـێرە کـەسێکیش ئەگـەر نەبەردی و جوامێریی تێدا بێت شـەڕ دەکات لەسـەر دادپەروەری و عـەدالەت(١٢) تا ڕاپەرینیـش کورد نەبەرد و دلێر بوو شەڕی دادپەروەری و یەکسانیی دەکرد، لە ماوەی هەشتا ساڵی رابردوودا لە زۆر شـوێنیش تا ئێسـتا کورد بەشـوێن دادپـەروەرییـەوەیە و ئامـادەیە لەناو بچێت لەو پێناوەدا. لە دیدی ئەرسـتۆوە ئەوەمان بۆ ڕوون دەبێتەوە کەسێک کە جـوامـێـرانە بەشـوێن عـەدالـەت و دادپەروەرییـەوە بێت هـەرگـیـز هـەست بەوە ناکـات کـە قـوربانیـیـە هـەرگـیز نایەوێت خـەڵک بەزەییی پێدا بێتـەوە بۆ ئەوەی ببێت. ئەوەی دوای ئەو هـەمـوو نـەهامـەتییـانە کە بەسـەر پاشـمـاوەی ئەنفـال و هـەڵەبـجـەدا هـاتووە ئەوە دەردەخـات کـە کـورد نـەبەرد بووە و نەبەردە، چـونکە کـەمترین داواکـارییـان لە دەسـەڵات هـەبووە. ئیـتـر پۆلێنکردنی دنیـای ئێـمـە بۆ دوو دنیـا کـە یـەکێکیـان قـوربانـی و ئەوی تریان جـەلاد یەکێکیـان زاڵم و ئەوی تریان مـەزڵووم هـەڵەیە، بگرە کـورد لەناو بـەرەیەکدا بـووە بۆ دەرکـەوتنی وەک میللـەتێک کە شـەڕی بۆ دادپەروەری کردووە، لەبەر ئەوە پێویسـتـیی کورد بۆ

(١٢) بۆ زانیـاریـی زیاتر بڕوانە: منطق ارسطو، ارسطوطاليس، ترجمـة: عـبدالرحـمن البدوي، وكالة مطبوعات كويت و دارقلم لبنان، طبعة الاولى ١٩٨٠.

دەرکـەوتنی وەک مـیللەتێک دۆخـێکە خـۆی هـەڵی بژاردووە، نەک بـۆی دیاری بکەن و بۆی هـەڵبـژێرن، کـاتێکیش کـە دۆخـێک خـۆی هەڵی بژێرێت ئـەوەی کـە ڕوو دەدات ئەو ناکـاتە قـوربانـی، چونکە قـوربانی دروسـتکردنی دۆخـێکە کـە "ئەوی تر" دروستی دەکات و تۆ هیچ ڕۆڵێکت لە دروستکردنیدا نییە ئەوەش کە ڕوو دەدات دەبێت قـبووڵی بکەیت، بەڵام کورد خۆی ئەو دۆخـەی دیاری کردووە کە لە شەڕدا بێت بۆ بەدەسـتـهێنانی مـافەکانی و لەو پێناوەشـدا هـەرچی روو بدات بـەلایەوە ئاسـاییی بووە، بۆیـە فـیـداکـاری و خـۆبەخـتـکردن لە پێناو دادپەروەریی کورد خـۆی هەڵی بژارد کـاتێک کـورد بیـری لەوە کـردەوە جـەنگی مـافـەکـانی و عـەدالەت بکـات بێ بەرچاوڕوونی بەتـەنیـا و بێکەس دەسـتـی پێ کرد، لەبەر ئەوە جەنگی کورد بۆ بەدەستهێنانی مافەکانی ئەو ناکاتە قوربانی، بەپێـچـەوانەی کـوردەوە ئـەگـەر سـەیری ئەرمـەنـەکـان بکەیـن ئەوا دەبیـنیـن ئەرمـەنەکـان قـوربانـین، چونکە ئەوان ئەو دۆخـەی بۆیان دروست بوو دەوڵەتی عـوسـمانی بۆی دروست کـردن هـەر لە نـاو ئەو دۆخـەدا لەنێـوبران، بەڵام کـورد خۆی شـەڕی کرد لە پێناو مـافەکانیدا، هـەر لەبەر ئـەوە دۆخـەکە خـۆی هـەڵی بژاردووە و چارەنووسـەکەشی بەلایەوە گرینگ نییـە بەرەو کـوێی دەبات. هـەر ئـەمـــەش بـەهـاکـــان و جـــوامـــێـــرییـــەکـی گـــەورەی داوە بـە بـزووتـنـەوە ڕزگـاریـخـوازەکـانی. ئەو ڕۆحـەی جـەنگین کـە لە ناو کورددا لـە دوای سـەدەی بیـست دروست بووە ڕۆحی جـەنگاوەری ڕاسـتـەقـینەیـە، بەڵام ئەم ڕۆحـــە پێـوەندیی نیـیــە بە بـزووتنەوە سـیـاسـیـیـەکـەوە بگرە پێـوەندیی بەو ئیختیارکردنـەوەیە. واتە کورد خۆی دەیەوێ ئەو دۆخە هەڵبژێرێت باوەڕی بەوە هـەیە کـە مـردن باشـترە لـە ژیان لە کۆیلایەتیـدا. بەڵام ئەم ڕۆحی جـەنگینە لە دوای ڕاپەڕینـەوە بەهاکـانی خـۆی ون دەکـات، ئـەگـەر تەمـاشـا بکەین کـورد کەوتووەتە ئەو دۆخەوە کە ناتوانێ خۆی ببینێ و دەرک بە کێشەکان بکات.

## ئەنفال وەک ناو.. ئەنفال وەک ڕووداو

یەکێک لەو هەوڵە بەردەوامە کە پێویستە بنرێت ئەوەیە کە بیر لە ئەنفال وەک ڕووداو بکرێتەوە، نەک وەک ناو چونکە زۆر جار بیرکردنەوە لە پرۆسەی ئەنفال کە ناوەکەی لە کوێوە سەرچاوەی گرتووە مەبەستەکانی پرۆسەکەی لە بیر بردووینەتەوە. هەر ئەمەشە وای کردووە تا دەرەوە دان نەنێت بەوەی کە ئەنفال جینۆسایدە و کارەساتێکی مرۆیی گەورەیە بەسەر کورددا هاتووە ئیتر هەست بە گەورەیی تاوانەکە نەکرێت واتە وڵاتان و ڕێکخراوەکان وا بکەن کە ئەنفال کارەساتێکی گەورەیە، نەک خۆمان پێی بگەین و بیری لێ بکەینەوە و لەگەڵیدا بژین. لەبەر ئەوە تا ئەنفال نەبێت بەکێشە لە ناوماندا و بیری لێ نەکەینەوە بەردەوام ڕووبەڕووی مەترسیی ناوەکی و ڕووداوی ترسناکی کۆمەڵایەتی و سیاسی دەبێتەوە و ناتوانێ بینا بکات. تا ئێستا ئەوەی لەبارەی چەمکی ئەنفالەوە نووسراوە و وتراوە تەنیا مەبەست لێی تاوانبارکردنی لایەنێکی کێشەکە بووە بە جۆرێک کە بیرکردنەوە لە هاتنە ئارای وشەکە کە لە کوێوە سەرچاوەی گرتووە هەروەها بەعسیزم پرۆسەکەی لە بیر بردووەتەوە کە ئەنفال چییە و بۆ ڕوو دەدات؟ ئەرستۆ لە کتێبی "مەنتیقی ئەرستۆ" باس لە چۆنیەتیی دروستکردنی پرسیار دەکات لەو کاتەدا بۆ ئاسانکردنی چۆنیەتیی دروستکردنی پرسیار مەسەلەی دژەکان دەخاتە ڕوو واتە دوو شتی دژ بەیەک ئەو لەوێدا باسی ئەوە دەکات کە مرۆڤ پێویست ناکات بیر لە دژەکانی خۆیان بکاتەوە بگرە پێویستە بیر لە شوێنی دژەکان بکاتەوە "پێویستە بیر لەو شوێنە بکەینەوە کە دژەکانی لێوە هاتووەتە دەر نەک بیرکردنەوە لە دژەکان خۆیان" کەواتە لێرەوە ئەرستۆ ئەوە دەخاتە ڕوو کە مرۆڤ پێویستە بیر لەو شتە دژانە نەکاتەوە کە هاتوونەتە ئاراوە بگرە بە شوێن سەرچاوە و ئەو شوێنەدا بڕوات کە ئەو دژانەی لێ هاتووەتە دەر، مەسەلەی ڕوودانی ئەنفال مەسەلەیەکی ناوەکییە و پێوەندیی بە دژایەتیبوونی کوردەوە هەیە نەک مەسەلەیەکی سیاسیی ڕووت بێت و پێوەست بێت بە دۆخێکی ڕووتی سیاسی و کێشەیەکی ناوچەیەک بووبێتە هۆی خوڵقاندنی ئەو

ڕووداوە. ئەگەر ئێمە وا بیرمان کردەوە، کەواتە شوێنی هاتنە دەرەوەی نیەتەکانی لەناوبردن و جەنگەکانمان لێ ون دەبێت. هەر ئەم بیرکردنەوەشە وای کردووە کە لە ئەنفالدا هەرگیز بیر لە سەرچاوەکانی پەیدابوونی دژەکان بکەینەوە، کە بابەتێکی ناوەکییە، وەک گوتمان بیر لە دژەکان خۆیان بکەینەوە. بۆ دروستبوونی ئەو حاڵەتەش پێویستە باس لە ململانێ و ڕەگەزەکانی بکەین، مانا و چەمکی ململانێ لە زۆر رووەوە باسی لێوە کراوە و باسی لێوە دەکرێت، جا چ لە ڕووی سیاسی یان کۆمەڵایەتی یان ئابووری و گەلێک بواری تر هەر نووسەر و لێکۆڵەرەوەیەک بە جۆرێک ئەم چەمکەی بەکار بردووە و بەکاری دەبات. ململانێ لێرە بۆ لێکۆڵینەوە لە دیاردە و گۆڕانێکی سیاسی یان ئابووری یان کۆمەڵایەتی نەخراوەتە ڕوو، بگرە ئێمە ململانێمان وەک دۆخێکی زاتی بەکار بردووە و بەکاری دەبەین. مەبەست لە ململانێ لەگەڵ مرۆڤ خۆی واتە مرۆڤ چۆن و لە چ کاتێکدا دەکەوێتە ململانێ لەگەڵ خۆی مەبەستیش لە کەوتنە ململانێی مرۆڤ چ بایەخێکی هەیە و چۆنیش ڕێگەکانی داهاتوومان بۆ رۆشن دەکاتەوە و وامان لێ دەکات رابردوو لە یاد نەکەین. ڕووداوەکان وەک خۆیان سەیر بکەین. لێرەدا هەوڵ دەدەین ئەو حاڵەتە دەستنیشان بکەین کە مرۆڤ دەکەوێتە ململانێ بۆ بینی خۆی و دەوروبەر و دنیا، ئەو کێشانەی کە روویانداوە و روودەدەن یان مرۆڤ بکەوێتە ئەو دۆخە ناوەکییەوە کە بکەوێتە ململانێ بۆ ئەوەی بیر لە دەرکەوتنی کێشەیەک بکاتەوە کە تێیدا مافی بوون و ژیانی دەکەوێتە مەترسیەوە.

ئەگەر مرۆڤ بکەوێتە ململانێ ئەوە لەو کاتەدا بۆ شتێک دەژی کە شایەنی ئەوەیە کە بۆی بژی و بیری لێ بکاتەوە کەواتە دۆخێکی ناوەکی کە مرۆڤ تێیدا بکەوێتە ململانێ لەگەڵ خۆی بۆ مەسەلەیەک ئەو شتە کە شایەنی ئەوەیە کە ببێت. لێرەدا ئەگەر ململانێ بەم شێوەیە لێی بڕوانین ئەوا ئەو چەمکە لەو خوێندنەوە قوتار دەکات کە تەنیا چەمکێکی ئاسایی بێت بۆ خوێندنەوەی دیاردە و گۆڕانکارییەکانی رۆژ، کەواتە لێرەدا مەبەست لە ململانێ سەفەری مرۆڤە بۆ ناوەوەی خۆی، دروستبوونی دۆخێکە بۆ بیرکردنەوە لە شتێک کە

دەبێــتــە بـابـەتێـکی گــرینـگ لای. زۆرجــار ملمــلانێ لـە ڕێگەی ڕووداوێـک یان کـێـشـــەیـەکی گـرینـگەوە دێتــە بـوون. ئەنفـال بۆ مــرۆڤی کــورد کـە لەگــەڵیـدا بکەوێتــەوە ملـمــلانێ لەگــەڵ خــۆی تـەواو گــرینـگە، چونکە دوای ئـەو هـەمــوو کـارەساتە شـتێک گرێی دەداتەوە بەخۆیەوە، وەک ئەو خۆگرێدانەوەیە کە لای شـێرکۆ بێکەس دەیبینین بۆ خۆبەستنەوە بەکارەسـاتەکان و بوونی کوردەوە، بەڵام بەداخـەوە کورد وەک نەتەوە تا ئێستا نەکەوتووەتە ملمـلانێ لەگەڵ خـۆی بۆ بـیـرکــردنـەوە لە ئەنـفــال کــە کـارەســاتێکی گــەورەیە بـەســەریدا هــاتووە و پێویستە لەگەڵیدا بژی و بیری لێ بکاتەوە و وای لێ بکات کە بەدوای بوون و ژیانیـیـەوە بێت. تەنانـەت وای لێ نەکردووە کە تـەمـاشـای داهـاتووی بکات کە دەشێ لەو ڕووداو و گۆڕانکارییانە دێنە پێشـەوە جارێکی تر و بەشێوەیەکی تر بەسـەریدا بێتـەوە. ئەوەی لەم قۆناغـەدا لە گوتاری کوردی بـەتایبـەت گوتاری سـیـاسـی دەیـبـیـنـین، کــورد زۆر بێ خــەمــە و وا هــەست دەکات کــە ئەنفـال دوا کارەساتە کە ڕووبەڕووی بووەتەوە و ئیتر کارەساتی هاوشێوەی ئەنفال لە ژێر ناو و نـاونیــشــان، شــێــوەیەکی تر بـەســەریدا ڕوو نادات. لایـەنێکی خــراپی بیرنەکردنەوە لە ئەنفال وا دەکات کە کورد بە تەنگ بوون و ژیانییەوە نەبێت و هـەرگیزیش سـەیری داهـاتووی خۆی نەکات کە بەرەو کوێ دەڕوات؟ یان هـەوڵی ئەوە بدات ئەم واقیعە کـە بۆ کورد دروست بووە وای لێ کردووە کە ئەو ڕووداو و کـارەســات و تەنــانـەت ئەو مـێژووەی هـەیـەتی قــابیلی تێڕوانین و بـیـرکـردنـەوە نەبێت و بە سووک و کەم سەیری بکات. تەنانەت وای لێ هاتووە ئەو کارەسات و ڕووداوانـەی کـە بەسـەریدا هـاتووە فـەرامـۆش بکات، خـەریکی دروسـتکردنی مێژوویەکی تر بێت کە بەتەواوی جیاواز لەو مێژووەی کە هـەیەتی.

ئەگــەر کــەمـێک ورد بینـەوە ئەوە هـەست پێ دەکــەین بـیـرنـەکــردنـەوە لە کـارەسـاتـەکان وای لێ کردووە بەو شـێـوە بژی کـە خــەریکی بیـرکــردنـەوە لە دیاردە و گۆڕانکارییـەکانی ڕۆژ بێت و هـەموو هێزی بیـرکردنەوە و تواناکانی بخـاتە سـەر ڕۆژ هـەر خـەریکی شـتی بازاڕی و بێ مـانا بێت و دەسـتبـەرداری بیـرکردنەوە لە داهـاتووی و ڕابردووشی ببێت. ئەم تێڕوانینـە لە زۆربەی کـایە

ئەدەب و هونەری و ڕۆشنبیرییەکان بە ڕوونی هەستی پێ دەکرێت. ئەگەر سەرنج بدەین ئێستا هەموو بینین و بیرکردنەوەی کورد لەسەر ئەو شتانەیە کە ئەو ڕۆژە ڕوو دەدەن هونەرمەند و نووسەران و ئەدیبانیش کارەکانی خۆیان چڕ کردووەتەوە لەو شێوە بیرکردنەوەیە بۆ نموونە ئەمڕۆ چی دێتە کایەوە نووسەران و ڕۆشنبیران و هونەرمەندان باسی ئەوە دەکەن و شت لەسەر ئەوە دەنووسن و شیعر بۆ ئەوە دەڵێن و ڕەنگەکان بۆ ئەو شتە بەخەسار دەبەن ئیتر ئەوان باکیان بەوە نییە ڕەنگە ئەو مەسەلەی ئەوان بیری لێ دەکەنەوە بەهای ئەوەی نەبێت کە هەموو ئاراستەی بیرکردنەوەی گەلێک بۆ ئەو شوێنە بێت، هێز و گڕ و تینەکان ڕوو لە یەک شوێن بن، هەموو کەسێک تەنیا یەک شوێن ببینێ و چاوی لە شوێنەکانی تر کوێر بکات. بەئاشکرا دەبێت ئەوە بڵێین کە کورد ئەنفالی لە زاتی کردووەتە دەرێ و کارەساتەکە لە ڕۆح و بیرکردنەوەی نەماوە، چونکە ئەوەی کە دەیبینین ئەنفال کورد ناخاتە ناو ململانێوە لەگەڵ خۆیدا و نەشبووەتە مەسەلەیەکی گرینگ کە کورد هەروەک چۆن هەست بەبوونی بکا ئاواش هەست بەبوونی ڕووداوێک بکات کە بەسەریدا هاتووە و بیری لێ بکاتەوە لەگەڵیدا بژی و تووشی سەرسامی و بیرکردنەوەی بکا. لەبەر ئەوە ئەوەی گرینگە بخرێتە ڕوو ئەوەیە کە بیرکردنەوە لە ئەنفال لە سەرەتاوە بخرێتەوە بەر ڕەخنە و لێ وردبوونەوە.

باسی سێیەم

## ئەنفال و دوا قۆناغەکانی بیرکردنەوە

ئەنفال... ئەنفال
ئەگەر ئەم ئاوە کوژراوە
یەک بەیەکمان نەیخۆینەوە
لە خۆشەویستی سەرچاوە و
لە خۆشەویستی ئاو ناگەین.
ئەنفال.. ئەنفال
ئەگەر ئەم ڕەنگە کوژراوە نەپۆشین و
ئەگەر ئەم هەوا خنکاوە هەڵنەمژین
کەسمان ناژین!.

شێرکۆ بێکەس (گۆڕستانی چراکان)[١٣]

هەرچی بیرکردنەوە لە ئەنفال پاش کەوتنی بەعس ئەوە بوو کە چاوەڕوانی گەڕانەوەی ونبووەکان کۆتاییی هات. هەموومان گۆڕە بە کۆمەڵەکانمان بینی بوونە بەڵگەی لەناوچوونی ئەو خەڵکە بێ سەروشوێنکراوە. ئەوەی سەرنجراکێشە لەم قۆناغەدا ئەوەیە کە ئەنفال و هەڵەبجە و کارەساتەکانی تری کورد کە وەک بابەت و ماکێکی سیاسی مامەڵەی لەگەڵدا کردووە بەیەکجاری خۆی نواند. تا وای لێ هات کارەساتەکان لە جەوهەر و

(١٣) گۆڕستانی چراکان، ڕۆمانە شیعر، شێرکۆ بێکەس، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم: سلێمانی ٢٠٠٤، لاپەڕە ٧١.

بەهاکانیان دامالرێن. کارەساتەکان بوونە بەهانەیەک بۆ بەدەستهێنانی دەستکەوت. ئەنفال دوای کەوتنی بەعس شتێکی لێ نەمایەوە جگە لەوەی بووە چەترێک بۆ بەدەستهێنانی دەستکەوتی سیاسی. لە ڕاستیدا ئەمەش جەهلێکی تری ناوەندە جیاوازەکان دەخاتە ڕوو گوتاری سیاسیی کوردیش ئەم شێوە بینین و بیرکردنەوەیە پەرە پێدا. ئەگەر قوربانییەکان بوونە پردی پەڕینەوە بۆ بەدەستهێنانی دەستکەوتی سیاسی، دۆخێکی لەو شێوەیە بووە بەشێکی سەرەکی لە ژیانی سیاسی و قسەی سەرکردەکانی کورد، ئیتر لە جیاتی ئەوەی بیر لە بەها مەعنەوییەکانی ئەو کارەساتە بکەینەوە، قەرەبووی مادیش بووە پاداشتی سەرەکیی کەسوکاری قوربانییەکان. لێرەوە ئەو حاڵەتە ترسناکە هاتە پێشێ کە دەیبینین. کارەساتەکان سەرچاوەکانی دەستکەوتن. بەپێچەوانەی ئەو خواستەوە دەبوو ئەنفال پردی پەڕینەوەی خەڵکی بووایە بۆ ئەوەی خۆیان بسەلمێنن. ئەو خەڵکە بوونیان بسەلمێنن کە لەسەر ئەم زەوییە لەدایک دەبن و گەورە دەبن و دەمرن. کەچی زیندووەکان بوونە مێوانی قوربانییەکان. ئەوانیان خستە پێش خۆیان کردیاننە کارت و چەکی بەدەستهێنانی دەستکەوت. لەبەر ئەوە دوای ساڵی کەوتنی بەعس بارودۆخەکان پێچەوانە دەبنەوە، هەرچەندە کورد لە دوای هەڵەبجە و ئەنفال لە بەرامبەر ئەو قوربانییانەی کە لێی کەوتووە هەوڵی تۆڵەکردنەوەی نەداوە و نەیویستوە شەڕی لەناوبردنی ئەوانی تر بکاتەوە، وەک ئەوەی جوولەکەکان لە دوای کارەساتی هۆلۆکۆست بەرامبەر دنیای دەکەنەوە، جوولەکان لە دوای پرۆسەیەکی درێژخایەن بۆ هەوڵی لەناوبردنیان ئەوە بوو لە هۆلۆکۆست پرۆسەکە بەتەواوی هاتە دی، بەڵام وەک کاردانەوە و تۆڵەکردنەوە جوولەکەکان بڕیاری دامەزراندنی شوێنێکی جوگرافی و دروستکردنی قەوارەیەکی سیاسییان دا لە پێشتدا ئەم شوێن و قەوارەیە بۆ خۆپاراستن و ڕێگرتن لە دووبارەنەبوونەوەی هەوڵەکانی لەناوبردنیان، بەڵام کوردەکان دوای ئەنفال و هەڵەبجە بە ئارامی ویستیان لەگەڵ ئەوانی تردا بژین بەڵام لە بری ئەوە پێشێلکارییان بەرامبەر بە خۆیان کرد، شەڕی ناوخۆیان هەڵگیرساند و

خـۆیان کـوشت، هەوڵی سـڕینەوە و لەنـاوبردنی یەکـیـان دا وەک تۆڵەکـردنەوە لەوانـی تر. تۆڵەکـردنەوەی کـورد لە خـۆی وای لێ هات کـە زەرەر و زیانێکی گـەورەی لە ژیانـی سـیـاسـی و کـۆمـەڵایەتیی گـەورەی لێ کـەوتـەوە، تەنانەت ئەو پێگە بچووکەش هەیە بەدەستی کورد و تۆڵەکردنەوە لە خۆی خەریکە دەکەوێتە مـەترسـیـیـەوە تا کـار گـەیشـتـە ئـەوەی ڕێکخـراوەکـانیش بەبـەردەوامی باسی کوشتن و بڕین و پێشـێلکردنی مافـەکانی مرۆڤ بکەن، میدڵ ئـێست ووچ وەک بەشـێک لە ڕێکخـراوی هیـومـان رایتس ووچ لە سـاڵی ١٩٩٢ سـەبارەت بە پێشـێلکارییـەکانی مـافی مـرۆڤی کورد ڕووی کـردە عێـراق لە سـەرەتادا وەک چاودێریکردنی مـافی مـرۆڤ کـاری کرد، بەڵام دواتر جـینۆسـایدی کوردی لە پرۆسـەی ئـەنفـالدا سـەلماند، هەر هەمـان ڕێکخـراو لە ڕاپۆرتێکی خۆیدا دوای زیاتر لە دوازدە سـاڵ ئەوەی خـسـتـە ڕوو دەسـەڵاتی کـوردی خـەریکی چەوسـاندنـەوە و گـرتن و پێـشـێلکردنی مـافـەکـانی مـرۆڤـە. کـارەکـانی ئەو ڕێکخـراوە سـەبارەت بە پێشـێلکارییـەکانی ڕژێمی بەعس و جـینۆسـایدکردنی کـورد دنیـای گرتەوە، هـەروەها کـە کـوردیش دەسـتی کـرد بە پێـشـێلکردن و چەوسانەوە ئـەو ڕێکخـراوە ئەوەی گەیاندە دنیا(١٣). لەم خۆکوژییەشدا یەکێک لە گوتارەکانی لە کۆی قۆناغەکان گوتاری پاڕانەوە بووە، پاڕانەوە پانتاییەکی گـرینگی ژیانی سـیـاسـی و ئـەدەبی کـورد لە دوای ڕاپەڕینـەوە پێک دەهێنێ. ئەوەی تا ئێسـتـاش لە ناوەندە سـیـاسـی و ئیـعلامـیـیـەکان دەیبینین ئەوەیە کـە کـورد بەردەوام دەپاڕێتـەوە بۆ ئەوەی بکوژرێت تا هـەست بەبوونی بکرێت، لە ئێستـادا مـادام شتێکی تێدا نییـە بۆی بژی لەبەر ئەوە ئارەزووی ئەوە دەکات بچـەوسێنرێتـەوە و بکوژرێت، ئـەم هەسـتە وا دەکات ڕێگەی ڕاستـەقینەمـان لێ ون ببێ. کورد لە دوا قـۆناغەکانی بیرکردنەوەیدایە بۆ کارەسـاتەکانی چونکە داوا لەوانی تر دەکات هـەست بەبوونی چەوسـاندنەوە و مـەزڵوومیەتی بکەن ئەم جۆرە تێڕوانینەی ئێمە کە لێرەدا لەو بارەوە دەیخـەینـە ڕوو بەئاسانی لە پازدە سـاڵی ڕابردوودا لە هـەر چوار پارچەکەی کوردسـتـان هـەسـتی پێ دەکـەین لە

(١٣) بۆ زانیاریی زیاتر بڕوانە سایتی ڕێکخراوەکە: www.hrw.org

قسەی سیاسی و زۆرێک لە کاربەدەستان و تەنانەت هەندێ رۆشنبیریش ئەوە دەبیستن کە کورد لە بەرامبەر دنیادا داوای بەزەیی هاتنەوە دەکات و دەپاڕێتەوە، هەر ئەمەش وامان لێ دەکات ئەم قۆناغە وەک دوا قۆناغەکانی بیرکردنەوەی ئەنفال تەماشای کارەساتەکان بکەین. ئەوان لە بەردەم کەسایەتیی سیاسی و رێکخراوە نێودەوڵەتی و ئیقلیمییەکان داوای ئەوە دەکەن کە لەبەر ئەوە لەناوبراون هەست بەبوونیان بکەن و پشتگیریی لێ بکەن، لە کاتێکدا لە جیاتی ئەوەی پێویست بوو بکەونە حاڵەتێکی عەقڵییەوە کە سازش لەسەر بوونیان نەکەن ئەو کارەساتانەش بەگەورە بزانن کە بەسەریاندا هاتوون، بەڵام تەنگژەی دروستنەبوونی دۆخێک بۆ کورد بۆ ئەوە کە داواکاری عەقڵی بۆ دنیا نەبێت و ئەنفال بەگرینگ نەزانێت پێوەندیی بەجەوهەری مرۆڤی کوردەوە هەیە بۆ بیرکردنەوە لە ئەنفال، واتە ئەم جۆرە بیرکردنەوە بۆ ئەنفال ڕەگ و ڕیشەی قووڵتری بەخۆیەوە گرێ داوە، ئەویش دوورکەوتنەوەیەتی لەو دۆخە ناوەکییەی دەیپارێزێت. ئەم دۆخەش بەوە دێتە دی کە کورد ئەنفال لە ناو خۆیدا هەبێ ئینجا داوا لە خەڵکی تر بکات با ئەنفالی لە ناودا بێ، پێویستە کورد بۆ ئەنفال بژی و بیری لێ بکاتەوە ئینجا داوا لە خەڵکی بکات بیر لە ئەنفال بکەنەوە و بۆی بژین. کورد، ئەنفال بەکارەساتێکی مرۆیی گەورە بزانێ کە بەسەریدا هاتووە و دنیا لەوە دڵنیا بکاتەوە کە لە یادی ناکات، ئینجا داوا لە دنیا بکات ئەنفال بەکارەساتێکی گەورە بزانن و لە یادی نەکەن.

ئەنفال لە ئێستادا کورد ناخاتە ناو ململانێوە لەگەڵ خۆیدا، ئەو کارەساتە بیری لێ ناکاتەوە و فەرامۆشی کردووە ئیتر بوون لە نەبوون نزیک دەبێتەوە و هەروەک ئەوەی کە هیچ ڕووی نەدابێ ئەنفالی لە بیر کردووە و لە ناوەخۆیدا کردوویەتییە دەرەوە، بۆ خۆڕزگارکردنیش لەم دوورکەوتنەوە و تەریکبوونە داوا لە خەڵکی تر دەکات کە هەست بەبوونی ئەو کێشەیە بکات، واتە بۆ دوورکەوتنەوە لە بەرپرسیاریەتیی ئەخلاقی و رۆحی بەرامبەر ئەو کارەساتە داواکە دەخاتە بەردەم ئەوانی تر، هەر ئەم بیرکردنەوەشە کارەساتەکە ناکاتە

خوانێک بۆ ئەوەی هەموومان لە دەوری کۆ بینەوە. قۆناغی ئێستا یەکێکە لە هەستیارترین قۆناغەکانی بیرکردنەوەی کوردڕوانییەکانی بۆ کارەساتەکان، چونکە بەرپرسیاریەتیی کارەساتەکانی لە ملی خۆی کردووەتەوە و بەرپرسیاریەتیی یەکەمی خستووەتە سەر ئەوانی تر، ئەوانەی ئێمەیان لەناو دەبرد هەر ئەوانن هەوڵیش دەدەن بۆ لەناوبردن و بچووککردنەوەی مێژوو، ژیانی دێرینمان، شێوەی ڕوانینمان بۆ دەوروبەر و دنیا. ئەوان بەلایانەوە ئاساییە بەرپرسیاریەتیی قڕکردن بخەنە سەر خۆیان، بەڵام ئاستەمە قەرەبووی ئەخلاقی بکەنەوە، ئەم داواکارییە (بۆ ئەوەی ئێمە هەبین با ئەوان هەست بەبوونمان بکەن) مێژووەکەی زۆر دێرینە، مێژووی ئەم بیرکردنەوە بەدرێژاییی ژیانی سیاسی و ئەدەبیی ئێمەیە، لە کوێدا پێوەندیی ئێمە بەوانی تر دەست پێ دەکات هەر لەوێشەوە ئەو داواکارییە ئامادەیە، ئەم داواکارییە (ئەوان هەست بە کارەساتەکانمان بکەن بۆ ئەوەی هەبین) سەرەتاکانی دەرکەوتنی سازشکاری کوردە لە بەرامبەر ئەوانی تر هەر ئەمەشە دوو خاڵ لە یەکتر جیا دەکاتەوە:

١- هەستکردنی ئەوانی تر بەبوونمان وەک نەتەوە.

٢- هەستکردن بەبوونمان وەک کیانێکی سیاسی.

ئەو دوو جۆرە لە داواکاری لە جەوهەردا دوو مانای جیاوازیان هەیە، ئەو هەستەی یەکەمیان کە هەستکردن بەبوونمان گرێ دراوە بە دۆخێکەوە کە پێوەندیی بەخۆمانەوە هەیە ئەگەر خۆمان هەست بەبوون و مانەوەمان نەکەین کەس ئەم هەستەمان ناداتێ، ئەم داواکارییەش کە عەقڵییە درێژ بووەتەوە بەدرێژاییی ئەدەبی کلاسیک لای مەلای جزیری و ئەحمەدی خانی و مەحوی. ئەم هەستکردنە بەبوون بەتەواوی بەرجەستە بووە، لە گەلێک شوێندا ئەم هەستکردنە بەڕوونی بەیان کراوە. هەتا ئێستاش ئەو هەوڵانەی لە ئارادان ئەو کوشت و بڕ و وێرانکارییە بۆ هێنانە دی ئەو داواکارییەیە هەست بەبوونمان بکەین و هەست بەبوونمان بکرێت، بەڵام گوتاری ئەم قۆناغە ئەوەیە کە داوا دەکەین هەست بەبوونمان بکرێت لە ڕێگەی دەستکەوتنی کیانێکی

سیاسییەوە، واتە کیانێکی سیاسیمان هەبێت بۆ ئەوەی بوونمان هەبێت، نەک بوونمان هەبێت بۆ ئەوەی خۆمان ژیانی سیاسی و ئەخلاقیی سیاسی و سیستمی سیاسی دیاری بکەین. ئێستا ئەوەی بووەتە هۆی لەناوبردنمان ئەوە نییە کیانی سیاسیمان نەبووە، بگرە ئەوەی بووەتە هۆی لەناوبردنمان کوردبوونمانە. ئەگەر ئێمە وا بیر بکەینەوە کە بەرگری لە کوردبوون وەک نەتەوە بکەین ئەوا هەرگیز ڕێی تێ نەدەچوو بیر لە خۆکوشتن و خۆ ڕیسواکردن بکەینەوە، بگرە لەبەر ئەوە بیر لە کیانی سیاسی دەکەینەوە بۆ ئەوەی خۆمانی لە پاڵدا بپارێزین و جێ بکەینەوە کەواتە هەموو ڕۆژێک دەشێ چاوەڕێی جەنگێکی تازە بین لە دژی خۆمان. ئێستا پێویستە بیر لە خۆمان بکەینەوە بۆ ئەوەی ببین ئەوجا بیر لەوە بکەینەوە ئەو ژیانە بەچ شێوازێک و چۆن چۆنی بگوزەرێنین. هەروەها ئەو پرسیارە لە خۆمان بکەین ئێمە کێین و دەمانەوێ چۆن بژین؟.

هەروەک گوتمان گوتاری ئێستای کوردی دەستکەوتنی کیانی سیاسییە، قەوارەی سیاسییە، دەستکەوتی سیاسییە و کارەساتەکانیش بۆ ئەم خەونە بەکار دەهێنێ. هەر لەبەر ئەو خەونەشە کورد داوا دەکات کە بوونی لای میللەتان و دەوڵەتان دەربکەوێ. واتە کورد بوونی نییە ئەگەر ئەنفال نەبێت، ئێمە داوا لە دەوڵەتان و ڕێکخراوە نێودەوڵەتی و ئیقلیمییەکان دەکەین لەبەر ئەوە ئەنفال کراوین تکایە هەست بەبوونمان بکەن ئیتر بەبێ ئەنفال و هەڵەبجە ئێمە هیچ نین و نابێت باسی هیچ بکەین ئەمەش لە دامەزراندن و بەستنی دەیان کۆڕ و کۆبوونەوە و لێدوان ئەم ئاراستەیە هەست پێ دەکەین و تا ئێستا ئەو باوەڕە گرینگی تایبەتی هەیە بەتایبەت لە ناو ناوەندی سیاسیی کوردیدا . ئەو تێڕوانینەی کورد کە هەیەتی بۆ کارەساتەکانی جێگەی ڕەخنەن، پێویستە کوردەکان ئەوە بزانن، بوونیان پێش کارەساتەکانە، کارەسات هەرگیز نەبووەتە هۆی سەلماندنی بوونی هیچ نەتەوە و کۆمەڵە خەڵکێک، بەدرێژاییی مێژوو خەڵکی بیریان لە خۆیان کردووەتەوە ئەوجا بیریان لە کارەساتەکانیان. چیرۆکی ژیانی پێغەمبەران هەمان خەیاڵمان پێ دەڵێت،

ئەوان دەیانەوێ بوونی خۆیان بسەلمێنن ئەوجا بوونی خۆیان و دینەکەیان گرێدانەوەیەکی وجوودیی هەیە[١٤]. ئەگەر سەیری زەبوون، تەورات و ئینجیل و قورئان بکەین ئەوە بەڕوونی دیارە ئازاری و نەهامەتیی پێغەمبەران لەسەر بوونیانە ئەوجا لەسەر دینەکەیان. لەسەر دەرکەوتنی بوونی خوایە لەسەر زەوی نەک دەرکەوتنی دین بۆ دروستکردنی کیانێک بۆ بەڕێوە بردن. ئازارەکانی ئەیووب وانەی گرینگی لێوە فێر دەبین، ئەیووب پێغەمبەر لە ژیانیدا ڕووبەڕووی نەهامەتی و ئازار و کێشەی جۆربەجۆر بووە، بەڵام ئەو دوای ئەو هەموو نەهامەتییانە ئارام دەگرێت و شوکرانەبژێری دەکات خوای گەورە لە قورئاندا وەسفی ئەم ئارامییەی ئەیووب دەکات و دەفەرمووێت"انا وجدنه صابرا نعم العبد انه اواب"[*]. ئازارەکان و ئارامییەکەی ئەیووب زۆر نزیکە لە ئازارەکان و ئارامیی کورد. دەتوانین بەهاکانی ئەو ئارامییە کە لە ژیانی ئەودا بەرجەستە بووە بگێڕینەوە بۆ ئەوەی ئەو هەست بەبوونی دەکات وەک پێغەمبەرێک کە پەیامێکی پێیە بۆ دنیایەکی تازە هەر لەبەر ئەوە پێویستە ئارامگر بێت، ئەم ئارامییەشی بۆ ئەوەیە کە بوونی خۆی وەک پێغەمبەر بسەلمێنێ ئێمەی کوردیش زۆر ئازارمان چەشت و زۆرمان لەناوبران ئەو ئارامگرتنەی ئێمە هەروەک سەبری ئەیووب بووە ئارامگریی ئێمە بەرامبەر چەوساندنەوە و لەناوبردنمان بۆ ئەوە بووە وەک نەتەوەیێک دەربکەوین و بوونی خۆمان وەک نەتەوەیەک بسەلمێنین، ئەم بوونەش بەهای مەعنەوی و ئەخلاقی و ڕۆحیی هەیە. نەک بەهایەک کە خۆگرێدانەوە بێت بۆ بەدەستهێنانی دەستکەوت. کەواتە دۆخی ئازارەکان و ئارامییەکەی ئەیووب لە ناو هەمووماندا هەیە ئەو ئازار و ناڕەحەتی و دەردەسەرییەی ئەیووب هەیبووە لە ناو هەمووماندایە و بەسەر هەمووماندا هاتووە. ئارامییەکە بۆ ئەوە نییە

(١٤) التفسیر لتطبیقي للکتاب المقدس، قاهیرة، مصر.

(*) بۆ خوێندنەوەی چیرۆکی ئەیووب پێغەمبەر بڕوانە قورئانی پیرۆز، (سورەتی نیساء، ئایەتی١٦٣)، هەروەها (سورەتی الانبیاء، ئایەتی٨٣، ٨٤) (سورەتی الانعام ئایەتی٣٢).

ببینە خاوەنی دەستکەوتێکی مادی، ببینە خاوەنی فرۆکەخانە و هێڵی شەمەندەفەر و بینای بازرگانی، ئەو ئارامییە بۆ پاک ڕاگرتنمانە وەک نەتەوەیەک؛ بەپێچەوانەی ئەو دۆخە کورد لە بەرامبەر ئەو هەموو ئەشکەنجە و ئازارەی کە ڕووبەڕووی بووەتەوە، ئازارەکان و کارەساتەکانیان هەروەک بیرکردنەوە لە خۆیان فەرامۆش نەکردووە، جیاوازیی بیرکردنەوەی جوولەکەکان بۆ هۆلۆکۆست، کوردەکان بۆ ئەنفال و هەڵەبجە ئەوەیە کە جوولەکەکان بیریان لە مێژووی خۆیان و بوونی خۆیان کردووە ئەوجار بیریان لە هۆلۆکۆست کردەوە چونکە ئەوان بۆ ماوەی چەند سەدەیەک خەتەر لەسەر ژیان و ماڵیان بوو. هەر لەبەر ئەوە دنیایان لەوە ئاگەدار کردەوە کە پێویستە چیی تر نەکوژرێن و لەناو نەبرێن، تەنانەت بەبەردەوامی کاریان کرد بۆ سڕینەوەی ئەو وێنەیەی کە لە ئەوروپای مەسیحی لە ماوەی دوو سەدە بەبەردەوامی دەهات و دەچوو، مەسیحییەکانی ئەورووپا بەردەوام لە گوتاری دینیی مەسیحی جوولەکەکانیان بەوە تاوانبار دەکرد کە ئەوانە هۆکاری کوشتنی مەسیح بوون، ئەوان بەوە تاوانبار دەکران کە سەرچاوەی فیتنەن بۆ جیهان و ئینسان بۆیە پێویستە لەناو ببرێن، پاڵەپەستۆی درێژخایەن لەسەر جوولەکەکان کە لە کۆتاییەکەیدا بە جینۆسایدکردنیان تەواو بوو، ئەو جۆرە پاڵەپەستۆیە کە لەسەر کوردەکان هەبووە و لە ئەنفال و هەڵەبجەدا کۆتاییی هات، بەڵام جوولەکەکان توانییان خۆیان بسەپێنن، بەڵام سەرکەوتوو نەبوو لە تۆڵەنەکردنەوەی خۆیان چونکە ئەوان تا ئێستاش هەوڵی تۆڵەکردنەوەی خۆیان لە بەرامبەر مرۆڤدا دەدەن، بەڵام کوردەکان نەیانتوانی سەرکەوتوو بن لە سەلماندنی خۆیان، گیانی تۆڵەکردنەوەش دەرکەوت و دامرکایەوە ئەخلاقی کوردی وەک بەهایەکی گشتی، تا ئێستا بەرجەستە نەبووە، نە لە سەردەمی ژێردەسەڵاتی دیکتاتۆری، نەک لە سەردەمی حوکمی خۆماڵی، بەهایەکی گشتیی نییە، لێی کۆ بێتەوە. هەر لەبەر ئەوە ئەنفال دوای قۆناغی لەسێدارەدانی بەرپرسانی دەگاتە ئاستێکی تر، چونکە تاهەتایە بەرپرسیارانی ڕووداوەکە و شاهیدحاڵەکان و ڕزگاربووەکان و ئەم خەڵکە ئەو

دیاردەیە ئەو ڕووداوە ناگێڕنەوە، دوا قۆناغی بیرکردنەوە ئەو کاتە دەست پێ دەکات کە کورد نەتوانێت کارەساتەکانی وەک ئەوەی کە ڕوویان دا بگوازێتەوە، بەهاکان و گەورەیان بپارێزێت ئەم قۆناغە مەترسیی ڕەگ و ڕیشەی بۆ ئەو دۆخە جێ دەهێڵێت کە وەک وتمان سالانێک بوو لەگەڵی ژیا، سالانێ لە هەلێک دەگەڕا بیهێنێتە ڕوو بۆ دنیای باس بکات کورد چۆن دەژی و چۆنیش لەناو دەبرێت. دوا قۆناغ سەرەتای قۆناغێکی تازەیە بۆ بیرکردنەوە لە بوونی کوردی.

## سەرچاوە و پەڕاوێزەکان

سەرچاوەکان بەزمانی کوردی:

١- پەلکەزێڕینەش نامۆ مەکەن، دڵشاد مەریوانی، چاپی یەکەم، سلێمانی ١٩٩٨.

٢- مەولەوی و سروشت، عەلی عومەر قەرەداغی، چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد، بەغداد، ١٩٧٨.

٣- کاکەی فەلاح، کۆکردنەوەی: بنەماڵەی کاکەی فەلاح، بەڕێوەبەرایەتیی چاپ و بڵاوکردنەوە، سلێمانی ٢٠٠٢.

٤- دیوانی مەحوی، لێکدانەوە و کۆکردنەوەی مەلا عەبدولکەریمی مودەریس و محەمەدی مەلا کەریم، چاپی یەکەم، ئینتشاراتی کوردستان، ١٣٨١.

٥- گۆڕستانی چراکان، ڕۆمانە شیعر، شێرکۆ بێکەس، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم: سلێمانی ٢٠٠٤.

٦- ڕەنگدان، شێرکۆ بێکەس، ناوەندی چاپ و ڕاگەیاندنی خاک، چاپی یەکەم، سلێمانی ٢٠٠١.

٧- مەولەوی، مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، چاپی یەکەم، سلێمانی ٢٠٠٦.

سەرچاوەکان بەزمانی عەرەبی:

١- القرآن الكريم.

٢- التفسير لتطبيقي للكتاب المقدس.

٣- في سبيل البعث، ميشيل عفلق، دار الحرية للطباعة - بغداد ١٩٨٥.

٤- لماذا نحب البقاء في الريف، مارتن هايدغر.

٥- منطق ارسطو، ارسطوطاليس، ترجمة، عبدالرحمن البدوي، وكالة مطبوعات كويت، و دارقلم لبنان، طبعة الاولى ١٩٨٠.

6- www.hrw.org

سەرچاوەکان بەزمانی فارسی:

١- زرتشت نيچه كيست؟ هايدگر، ترجمه محمد سعيد حنايي كاشاني، انتشارات هرمس، چاپ معراج، تهران، ١٣٧٨.

بەشی دووەم

# ئەنفال و بەرپرسیاریەتیی نێودەوڵەتی

بە درێژاییی مێژوو مرۆڤ ڕووبەڕووی لەناوبردن و کوشتنی بەکۆمەڵ بووەتەوە، لەگەڵ ئەو مەترسی و هەڕەشە و کوشتارانەی قۆناغە جیاوازەکانی مێژوو کە بەهۆی ململانێی ئیمپراتۆریەت و دەوڵەتان، دەسەڵاتدارەکانیانەوە رووی داوە. کەسایەتییە یاساییەکان، بیریارەکان بەجۆرەها شێوە هەوڵیان داوە و بیریان کردووەتەوە کە ڕێگەیەک بدۆزنەوە بۆ کۆتاییهێنان بە جەنگ و خوێنرێژی و کوشتن. هەروەها رێوشوێنیش بگیرێتە بەر بۆ سزادانی ئەو کەس و لایەن و دەوڵەتانەی بەو کارانە هەڵدەستن. ئەو هەولانە بەردەوام بوون تا لە سەرەتاکانی سەدەی بیستەم و دوای هەڵگیرسانی جەنگی یەکەمی جیهانی، کە بەهۆیەوە کوشتار و نەهامەتیی بێ وێنە روویان دا، ئەو جەنگە وای کرد هەموو ئەو کوشتن و بڕینانە کە لە ڕابردوودا روویان دابوو، بەتەواوی بەرجەستە بوون. ئەو کارەسات و نەهامەتییانە، کەسایەتییە سیاسییەکان و دەوڵەتەکانیان ناچاری دروستکردنی رێکخراوێکی نێودەوڵەتی کرد، ئەوە بوو کۆمەڵەی نەتەوەکان دروست کرا. ئەو کۆمەڵەیە لە بەرەنجامی ئەو جەنگەوە دروست بوو، لەگەڵ گرتنەبەری رێوشوێن و دەرکردنی زنجیرەیەک رێککەوتننامە بۆ پاراستنی مافەکانی مرۆڤ و کۆتاییهێنان و رێگرتن لە هەڵگیرساندنی جەنگ. کەچی رێکخراوەکە نەیتوانی سەرکەوتن بەدەست بهێنێ. پاش چەند ساڵێک دواتر جەنگی دووەمی جیهانی هەڵگیرسا و ماڵوێرانیی زۆری لێ کەوتەوە، گەلێک پێشێلکاری و کوشتنی بەکۆمەڵ ئەنجام دران، لەبەر ئەوە بۆ جارێکی تر دەوڵەتان دامەزراندنی رێکخراوێکی نێودەوڵەتییان بەپێویست زانی، ئەو جەنگەش هەروەک جەنگی یەکەمی جیهانی ئاسەواری ترسناکی لەسەر ژیانی سیاسی، کۆمەلایەتی، ئابووری و فەرهەنگی بەدوای خۆیدا هێنا، ئەوە بوو دەوڵەتان، نەتەوە یەکگرتووەکانیان دامەزراند. هاوکات لەگەڵ دروستکردنی ئەو دوو رێکخراوە نێودەوڵەتییە و دەیان رێکخراوی تایبەت بە پاراستنی مافەکانی مرۆڤ و ئاسایش و ئارامیی نێودەوڵەتی، کەچی گەلێک تاوانی بە کۆمەڵ روویان دا، هەر لەو پێناوەدا گەلێک پەیماننامە و رێککەوتنی تایبەت بەرێگرتن لە جەنگ و پاراستنی

مافەکانی مرۆڤ و گەلێک ڕێککەوتننامە و بڕیارنامەی تری گرینگ دەرکران، کە گرینگترینیان ڕێککەوتننامەی نەهێشتنی تاوانی جینۆساید بوو کە لەلایەن کۆمەڵەی گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکانەوە لە مێژووی ١٠ی کانوونی یەکەمی ١٩٤٦ بڕیاری لەسەر درا. دواتر هەر لەم بوارەدا چەندین ڕێککەوتنی تر هاتنە ئاراوە. هەروەها باسمان لە ئەنفال و قۆناغەکانی و مەبەستەکانی ئەنجامدانی لەلایەن ڕژێمی بەعسەوە کردووە. ئەوەشمان خستووەتە روو کە کورد دوای تێپەڕبوونی نزیکەی چل ساڵ بەسەر ئەو ڕێککەوتنەدا لەلایەن دەسەڵاتدارانی پێشووی عێراقەوە ڕووبەڕووی کوشتن و لەناوبردن و جینۆساید بووەتەوە، کەچی بەپێچەوانەوە تا ئێستا ئەو ڕێکخراوە ئەو تاوانەی وەک جینۆساید نەناساندووە. هەروەها باسمان لەوە کردووە کە پێویستە زۆرێک لە دەوڵەتان و گەلانی دنیا کە باوەڕیان بەڕێکخراوەکە هەیە و بەشی زۆریان تێیدا ئەندامن بخرێتە ژێر پاڵەپەستۆی بەرپرسیاریەتیی یاسایی و ئەخلاقییەوە، بۆ ئەوەی ئەنفال وەک جینۆساید بناسرێ، ئەم کارەش لەبەرئەوەیە کە کوشتنی بەکۆمەڵی کورد لە دنیادا بە ڕەسمی بکرێت و گەرەنتی بەدەست بێت بۆ دووبارە نەبوونەوەی تاوانی هاوشێوە کە ڕووبەڕووی ئەو گەلە بکرێتەوە.

باسی یەکەم

# تیۆری گشتیی تاوانی جینۆساید

ئەم بەشە لە دوو باس پێکهاتووە، باسێکیان پێوەستە بەخستنە ڕووی کورتەی کۆمەڵکوژی لە مێژوودا، لە باسی دووەمیشدا چەمک و ماناکان و کۆڵەکەکانی تاوانەکەمان روون کردووەتەوە.

**یەکەم: پێشینەی مێژووی تاوانی کۆمەڵکوژی (جینۆساید)**

لە نێو مێژوودا، لە سەردەم و کاتە جیاوازەکان و بەشێوەی جۆربەجۆر تاوانی بە کۆمەڵ و قڕکردنی دەستەجەمعی لەلایەن گرووپ و کەسانی دەسەڵاتدارەوە ئەنجام دراوە، نموونەی ئەو کوشتن و لەناوبردنانەی مێژوو ڕەشەکوژی مەندائییەکان بوو لە سەدەی یەکەمی زاینیدا لە ئۆرشەلیم، لەو هێرشەدا سەدان مەندائی لە نێویاندا سێ سەد هەزار و شەست پیاوی ئاینی بەیەک جار کوژراون،[١] هەروەها لە ساڵی ٢٧٣ زاینی لەسەر دەستی مەلیکی ساسانی (بەهرامی یەکەم) سەدان کەس لەناوبران.[٢] جون فرانک و کۆرت (لە لێکۆڵینەوەیەکدا بۆ مێژوو و زانستی (جینۆساید) زیاتر لە (بیست و چوار) نموونەی دەستنیشان کردووە، لە کوشتنی بە کۆمەڵی خەڵک لە شەڕی ڕۆما و قرتاجە و شەڕی مەغۆلەوە تا مەحرەقەی بەنگلادش و کەمبۆدیا.[٣] لە

(١) بڕوانە: الابادة الجماعية التي تعرض لها الشعب المندائي عبر التاريخ اعدار االدكتور رفعت لازم مشعل.

(٢) بۆ زانیاریی زیاتر بڕوانە ویکی پیدیا (wikipedia).

(٣) هەروەها بڕوانە:

http://yalepressgale.edu/yupbooks/ve/iew.book

کوردستانیش لە هەردوو سەدەی سێزدە و چواردەمدا، مەغۆلەکان کە لە قووڵاییی ئاسیای ناوەڕاستەوە هاتن لە ساڵی ١٢١٩ز سوپای مەغۆلەکان هێرشی کردە سەر دەوڵەتی «شاهای خوارزم»ەوە کۆتاییی بەو بەرگرییەش هات کە لەلایەن دووەمین بنەماڵەی «جەلالەدین» فەرمانڕەوادا لە کوردستانی باشوور. جەلالەدین کە دواین پاشای خوارزمی بوو لە ساڵی ١٢٢٩ز.دا هێرشی کردە سەر شاری ئەحلات و داگیری کرد و هەموو خەڵکی شارەکەی کوشت، هێرشەکانی مەغۆل بەردەوام و یەک لە دوای یەک دەکرایە سەر خاکی کوردستان، جەنگیز خان و سەرکردە سەربازییەکان سیاسەتی کۆمەڵکوژی و وێرانکارییان پیادە دەکرد دژی دانیشتوان.[٤] هێرش و ڕاو و رووتی مەغۆلەکان خراپتر بوو لە هی خوارەزمییەکان. ناوچەکە لە خوێندا غەرق بوو و وڵات ئاگری گرت. ئەوان ناوچەکانی وان، دیاربەکر و ماردینیان تاڵان کرد و خەڵکێکی زۆریان کوشت. کاتێ مەغۆلەکان هێرشیان کردە سەر هەکاری تووشی هەر کەسێک هاتن بێ بەزەییانە کوشتیان. لە سەرەتای سەدەی شازدەوە شا سمایلی سەفەوی پاش ئەوەی ئاقوینلۆ و باقی نەیارانی لەناو برد لە ساڵی ١٥٠٧دا ناوچەی ئەرجین و ئەسلاتی لە باکوری کوردستان داگیر کرد، شا سمایل محەمەد بەگی ئوستاجلودی وەک والیی دیاربەکر دیاری کرد، ناوبراویش بۆ ئەوەی بتوانێ چاودێریی مەڵبەندەکانی ماردین، جیزدێ، مووسڵ بکات لە هیچ چەشنە کوشتن و بڕینێک خۆی نەپاراست، دانیشتوانی جزیرە خۆڕاگرییان کرد ئەویش بۆ تۆڵەکردنەوە لێیان تەواوی شارەکەی بە موسڵمان و مەسیحی و بە ژن و منداڵەوە کوشت و شارەکەشی وێران کرد[٥].

---

(٤) مێژووی کوردستان، ن لازاریف، وەرگێڕانی، وشیار عەبدوڵا سەنگاوی، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر، ٢٠٠٨ لاپەڕە ٧٨.

(٥) کەمال بۆرکای، کورد و کوردستان، وەرگێڕانی عەلی فەتحی، لە بڵاوکراوەکانی دەزگای وەرگێڕان، چاپی یەکەم، هەولێر، ٢٠٠٨ لاپەڕە ٢٣٤ و ٢٣٥ لاپەڕە ١٧٦، ١٧٧.

لێکۆڵەرەوانی بواری مێژووی یاسا و یاسای نێودەوڵەتی، بەردەوام بیریان لەوە کردووەتەوە کە سەرەتای کوشتن و لەناوبردنەکان دەستنیشان بکەن، لەگەڵ بوونی چەند لێکۆڵینەوەیەک لە بواری مێژووی کۆمەڵکوژی، بەڵام نەتوانراوە پێشینەیەکی مێژووی یەکلاکەرەوە دیاری بکرێت، بۆ ئەوەی لێکۆڵەرەوان بگەڕێینەوە سەری و بتوانین یەکەمین تاوانی کۆکوژی لە رووی مێژوویییەوە بە وردی و دیقەتەوە دەستنیشان بکەن، لە ڕێگەی دەستنیشانکردنی ئەو سەرەتایەوە پۆلێنبەندی تاوانە کۆکوژییەکان بکرێن و لێیان بکۆڵرێتەوە و بەراورد بکرێن بە تاوانەکانی سەدەی بیست. وەک وتمان ئێمە ناتوانین، هەموو ئەو حاڵەتانە دەستنیشان بکەین و بگەڕێینەوە سەریان، ئەمەش لەبەر جۆراوجۆریی تاوانەکان و نەبوونی سەرچاوەی ورد دەربارەیان، ئەمە جگە لەوەی تا ئێستاش ئەو تاوانە بەشێوە و کەرەستەی جیاواز جیاواز و شوێنی جیاجیا ئەنجام دەدرێ، لەبەر ئەوە (زانیاری لەسەر کوشتنی بەکۆمەڵ شتێک نییە بتوانرێت بەشێوەی پڕوپاگەندە یان وەک نەریتی پیشەیەک بەدەست بێت و چارەسەری کێشەکانی بکرێت، مێژووەکەی بەشێوەیەکی یەکلاکەرەوە دیاری بکرێت)[٦].

لە سەدەی بیستیش خراپتر لە سەدەکانی پێشوو بوو، ئەم سەدەیە بووە سەدەی خوێنڕشتن و هەڵگیرساندنی دوو جەنگی گەورەی جیهانی، لەو ماوەیەدا بەهۆی بیانووی جیاجیای ئاینی، نەتەوەیی و نەژادییەوە گەلێک نەتەوە و کەمە نەتەوە کەوتنە بەردەم هەڕەشەی لەناوبردن و کۆمەڵکوژییەوە. تەنانەت هەندێ لێکۆڵەرەوە سەدەی بیست ناو دەنێن بە (سەدەی جینۆساید)[٧] هەرچەندە لەو ماوەیەدا گەلێک بەڵگەنامە و ڕێککەوتننامەی

---

(٦) هۆلۆکۆست، ستیفان بروشفید و پۆل ئا. لیڤین، وەرگێڕانی شێرزاد هەینی، لە بڵاوکراوەکانی سەنتەری نما، چاپخانەی تیشک، کوردستان، هەولێر، ٢٠٠٧ لاپەڕە ٣٥.

(٧) سامانسا پاوەر لە کتێبێکدا باس لە کۆمەڵکوژییەکانی سەدەی بیست و بێدەنگیی ئەمەریکا دەکات. ناوبراو لە ڕێگەی خستنە ڕووی ئەو کارەساتانەوە =

نێودەوڵەتی و ئیقلیمی ئیمزا کران، بۆ بەرگرتن لە ڕوودانی ئەو تاوانە کەچی زۆرترین پێشێلکاری و کوشتنی بە کۆمەڵ لەو ماوەیەدا روو دەدات، لەبەر ئەوە تاوانی لەناوبردنی بەکۆمەڵ (جینۆسایەد) پێویستە ئامانج و مەبەستەکانی دیاری بکرێن، چونکە ئاسەوارە خراپەکانی بەردەوام لە ژیانی سیاسی، کۆمەڵایەتی و رۆشنبیریی ئەو کۆمەڵە کە لەناو براوە و لەناو دەبرێت رەنگ دەداتەوە.

لە کۆندا شێواز و چۆنێتیی کۆمەڵکوژی وەک ئەم سەردەمە نەبووە، کەرەستەکان و شێوەی بەڕێوەچوونی پرۆسەکانی لەناوبردن جیاواز بووە، هەروەها بەشێوەیەکی ورد وەک سەدەی بیست ئەو تاوانە ئەنجام نەدراوە، ئەمە جگە لەوەی لە کۆندا بکەران، واتە ( ئەو لایەن و کەسانەی بە کاری کۆمەڵکوژی هەستاون) وەک ئەو دەوڵەت و لایەنانە نەبوون کە لە ماوەی سەدەی بیستدا پێی هەڵدەستن. چونکە هەم ڕێوشوێنەکانی گرتنەبەری ئەنجامدانی ئەو تاوانە جیاوازە، هەم ئەو کەرەستە و چەکانەی تاوانەکانی پێ ئەنجام درا جیاواز بوو. ئەمەش گرێ دراوە بە مۆدێرنەوە. جینۆساید وەک دیاردە و دەرکەوتەیەکی مۆدێرن سەیر دەکرێت، کەواتە تاوانەکەش بەکەرەستەی مۆدێرن ئەنجام دەدرێت، لێرەوە بیرکردنەوە و کەرەستەکانی ئەنجامدانی لە یەک شوێنەوە دەردەکەون. لەبەر ئەوە بیرکردنەوە و عەقڵی مۆدێرنە خاوەنی بەدەستهێنانی چەک و جبەخانە و کەرەستەکانی کۆمەڵکوژییە ئەمە جگە لەوەی دروستکردنی چەکی لەو جۆرە کە هەڕەشەی گەورە بێت بۆ سەر دنیا و مرۆڤایەتی بەرهەمی ئەو عەقڵەن، عەقڵی مۆدێرن بەتەنیا بەوە ناوەستێ بەرەنجامە بەدەستهاتووەکانی ئەو پێشکەوتنانە بۆ سوودی گشتی بێت یان ئەگەر ئەو کەرەستانە زیانیان هەیە لە ترس و

= کە لەو سەدەیەدا ڕوو دەدەن دەگاتە ئەو باوەڕەی کە سەدەی بیست دەتوانرێت ناو ببرێت بەسەدەی (جینۆساید) بۆ زانیاریی زیاتر بڕوانە: ساماننتا پاور، معضلی بر خاسته ازجهنم، امریکا و قرن نسل کشی ها، ترجمه مارینا بنیاتیان، نشر چشمه، چاپ اول، تهران، زمستان ١٤٨٥.

لەناوبردنی ئینسان بشارێنەوە، بگرە بەشێوەیەکی چاوەڕوانکراو کەرەستە و چەک و دۆزینەوە نوێکانی عەقڵی مۆدێرن بەکار دەهێنرێن، بەو هۆیەوە دەیان و سەدان هەزار کەس دەبنە قوربانی. چەکی کیمیایی نموونەکانی دەستکەوتی ئەو عەقڵەیە، ئەتۆم وەک گرینگترین دەستکەوتەکانی عەقڵی مۆدێرن بەشێوەیەکی ئاشکرا یەکەم هەنگاو بەر لەوەی بۆ خزمەتکردن بە مرۆڤایەتی بەکار بهێنرێت، مرۆڤی پێ کوژرا و لەناوبرا، لەبەر ئەوە ئەو عەقڵە تەنیا عەقڵی پێشکەوتن و شارستانیەت نییە، بگرە عەقڵی لەناوبردن و وێرانکردنیشە، چونکە کوشتن و لەناوبردن و وێرانکردنەکانی کەمتر نەبوو لە دەستکەوتەکانی.

سەدەی بیست زەرەر و زیانێکی مادی و مەعنەویی لە دژی مرۆڤ هێنایە کایەوە ئەوەی لە ماوەی سەدەی بیست دێتە دی، جگە لە درێژەدان بە عەقڵی مۆدێرن هیچی تر نییە، لەبەر ئەوە کەرەستەکان و ئامانجەکان ئەوەی لێ کەوتەوە کە بینیمان. گەورەترین ئەو تاوانانەی لەو سەردەمەدا روویان دا لەناوبردنی گەلی ئەرمەن بوو بەدەستی ئیمپراتۆری عوسمانی، هەروەها کوشتنی بە کۆمەڵی جوولەکە بە دەست دەسەڵاتی هیتلەر، بەکارهێنانی چەکی ئەتۆم بوو دژی گەلی یابان، لەناوبردن لە کەمبۆدیا و سرایڤۆ لەم ساڵانەی دواییشدا لە دارفۆری باشووری سوودان، نموونەی تری ئەو کارەساتانەن. هەرچی کوردیشە کە نەتەوەیەکی گەورەی ئەم جیهانەن نەیانتوانیوە دەوڵەتی سەربەخۆی خۆیان بەدەست بهێنن ژمارەیان دەگاتە ٣٠-٣٥ ملیۆن کەس کە دابەش کراون بەسەر دەوڵەتە نوێیەکانی تورکیا، عێراق، ئێران، سووریا، هەروەها ژمارەیەکی کەمی کوردیش لە یەکەتیی سۆڤیەت دەژین. کوردیش هەروەک ئەو گەلانە ڕووبەڕووی کارەسات و کۆمەڵکوژی بووەتەوە، لەو کارەساتانەدا خەڵکی بەکۆمەڵ کوژران و لەناوبران. هەرچەندە لە کۆنەوە کورد وەک نەتەوەیەک ڕووبەڕووی کوشتن و لەناوبردن بووەتەوە، بەڵام سەرەتاکانی پلان و ستراتیجیی لەناوبردنی ئەو نەتەوە لە سەدەی بیست بەتەواوی بەرجەستە بوو. هۆکارگەلێکی فیکری، سیاسی، زۆرجاریش کۆمەڵایەتی

بوونەتە هۆی ئەو لەناوبردن و قڕکردنانە، ئەمەش ئەرکی ئەم لێکۆڵینەوەیە نییە کە پاڵنەرە سیاسی، ئایدیۆلۆجی و فیکرییەکانی ئەو کوشتن و قڕکردنە بخاتە ڕوو، بەڵام زۆربەی نووسەران، لێکۆڵەرەوان و تەنانەت خەڵکی ئاساییش ئەو پاڵنەرانە دەگێڕنەوە بۆ ئەوەی ئەوان (کورد)ن، بۆیە لەناو براون.

**دووەم: چەمکی جینۆساید و کۆڵەکەکانی**

**- چەمکی جینۆساید**

جینۆساید وەک چەمک وەرگیراوە لە وشەی ئینگلیزی genocide وشەکە لە ڕووی زمانییەوە بنەچەیەکی ئیغریقیی لاتینیی هەیە و لە دوو بەش پێکهاتووە، یەکێکیان لە وشەی یۆنانی group. gennus و مانای (کۆمەڵ، بنەچە) دەگەیەنێ ئەوی تریان cider، واتە (کوشتن) بە لێکدانەوەی هەردووکیان واتە کوشتنی بەکۆمەڵ یان کوشتنی بنەچە"[٨] جینۆساید زاراوەیەکی نوێیە بۆ تاوانێکی دێرین[٩] چەمکی جینۆساید بۆ یەکەم جار لە ساڵی ١٩٤٣ لەلایەن زانا و کەسایەتیی یاسایی) رافائیل لەمکن کە لە ساڵی ١٩٠٠ لە خێزانێکی پۆڵەندیی جوولەکە لەدایک بووە) خرایە ڕوو. بەکارهێنانی ئەم چەمکە لە کتێبێکدا دەستنیشانی کرد، ئەم کارەشی لە بیرکردنەوە لە تاوانی لەناوبردنی جوولەکەکان لە جەنگی دووەمی جیهانی کە بە دەستی هیتلەر بەشێوەیەکی سەرسووڕهێنەرن لەناو دەبران هێنایە ئاراوە. لە چوارچێوەی پرۆسەی لەناوبردنی جوولەکەکان هەموو ئەندامانی خێزانەکەی لەمکن لەناوبران. ئەو لە کتێبەکەیدا سەبارەت بە ریشەی تاوانی جینۆساید و کۆمەڵکوژی دەڵێ "لە تاوانی کۆمەڵکوژیدا تەنیا مەبەست لە کۆمەڵکوژیی هەموو ئەندامانی گەلێ، یان لەناوبردنی خێرای گەلێک ناگرێتەوە، بگرە کۆمەڵکوژی زنجیرە پلانێکی

(٨) المسولية المدنية الدولية عن جريمة الابادة الجماعية، فالا فريد ابراهيم، مطبعة جامعة صلاح الدين طبعة الاولى هولير ٢٠٠٤.

(٩) گۆران باباعەلی ئەنفال جینۆسایدێک لە ئایندا بۆ ڕەوایەتی دەگەڕێت، کۆواری رەهەند ژمارە ٧ سوید ١٩٩٩ ل١٤٨

داڕێژاوە بە مەبەستی وێرانکردنی بنەما پێویستەکانی ژیانی ئەو گرووپە هەروەها ئامانجەکانی ئەم پلانە خۆی لە وێرانکردنی بنکە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکان، لەباربردنی ئاسایش، سەلامەتی و شەرەفی تاک و کۆمەڵی ئەو گرووپەیە دەگرێتەوە)[١٠] ئەم چەمکە لەلایەن لەمکنەوە بەچەند هەوڵ و تەقەلایەک وەک چەمکێکی نێودەوڵەتی چەسپا، کە دواتر دەقی یاسایەکی نێودەوڵەتیی لێ هاتە ئاراوە، لە یاداشتەکانیدا ئاماژەی بەیەکەمین تاوانی کۆمەڵکوژی لە سەدەی بیست داوە، ئەویش هێرشەکانی عوسمانییەکانە بۆ سەر گەلی ئەرمەن، کە لەلای زۆر بەری شارەزایان یەکەمین نموونەی کۆمەڵکوژییە، هەروەها لەگەڵ بوونی حاڵاتی توندوتیژی دژی کۆمەڵە جیاوازەکان لە کۆنگرەی قانوونی دەولی لە مەدرید ساکرا رافائیل لەمکن چەمکی جینۆسایدی هێنایە بەرباس و وتووێژکردنەوە، ئەمەش لە پێناو گرتنەبەری ڕێوشوێنی پێویست بۆ پاراستنی کەمە نەتەوەکان، ئەم پێشنیازەی ناوبراو لەو کۆنگرەدا پێشوازیی لێ نەکرا و پشتگوێ خرا. ئەوە بوو لە ڕۆژی ٢٢ی حوزەیرانی ساڵی ١٩٤١دا ئەڵمانیا هێرشی کردە سەر یەکەتیی سۆڤیەت، لەگەڵ پێشڕەویکردنی سوپای ئەڵمانیا هێزی سەربازی و پۆلیس و هێزی تایبەت کاری وەحشییانەیان ئەنجام دا، سەرۆک وەزیرانی بەریتانیا ونیستن چەرچڵ بەرگریی کرد(*). بۆ ڕێگرتن لەو کارەساتانەی کە روویان دەدا، چەرچڵ لە مانگی ئابی ١٩٤١ رای گەیاند "ئێمە لە بەردەم جەنگێکداین کە دەست لە هیچ ناپارێزێت، هیچ پۆلێنبەدییەکیش ناکات" لە دیسەمبەری

(10) Raphael. Axis Rule in Occupied Europe published in 1944 .a/Lemkin

(*) ونیستن چەرچڵ، بەپێچەوانەی ئەو هەڵوێستەیەوە لەو کاتەدا داوای بەکارهێنانی چەکی کیمیاییی کردبوو لە دژی کورد و ئەفغانەکان ئەوەتا دەڵێت "بەکارهێنانی چەکی کیمیایی دژی نەتەوە ناشارستانییەکانی وەک کوردەکان و ئەفغانەکان شتێکی تەواو ڕاست و دروستە" بۆ زانیاریی زیاتر بڕوانە: ٥٠١ سنة الغزومستمر، نعوم تشومسكي، ترجمة مي النبهان، دار المدى للثقافة والنشر، ١٩٩٦ص ٤٣.

سـاڵی ١٩٤١ وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمـەریکا هاتە ناو لیسـتی هاوپـەیمانیی جـەنگەوە، لەمکنیش وەک پەنـابەر رووی لەو وڵاتە کـرد، جـارێکی تر چەمکی جینۆسایدی خستەوە بەرباس دوای ئەوەی لەو جەنگەدا سوپای نازی ئەڵمانی دەستـیـان کرد، بەگرتن و راوەدوونان و لەنـاوبردنی گرووپە جیـاوازەکان کە ئامـانج لەو کارە بنیـاتنانی پێکهاتەی رەگـەزی بوو بە بەکـارهێنانی هێـز، لە پێناو ئەم کارەشـدا دەست کرا بە کوشتنی بەکۆمەڵ، ئەم سیاسەتە ئـاستێکی گشـتـیی گـرتەوە، بەڵام لە ناویدا جـوولەکەکانی ئـەوروپا کرانە ئامـانجی ئەو لەناوبردنە. ئەو کارەسات و لەناوبردە ئێستا ناو نراوە هۆلۆکۆست، دەسەڵاتی ئەڵمانیا لـەگەڵ کوشتاری جـوولەکەکان هـەوڵی لەناوبردنی خەجرەکانی رۆمای دا کـە دانیـشـتـووی ئەوروپا بوون، هـەروەها هـەوڵی لـەناوبردن و سـڕینەوەی چینی باڵادەستی لە پۆڵەندا و یەکـەتیی سۆڤیەت گرتە بەر. لە سـاڵی ١٩٤٤دا دوای ئەو هـەمـوو کوشـتن و لەناوبردنە کە بـووە بەشێک لە مێـژووی لەناوبردنی رەگەزی، لمکین خـۆی تەرخـان کرد بۆ سـاغکردنەوەی ئەو چەمکە لە ئەمـەریکا لەوێ لەگەڵ وەزیری بـەرگری دەستی کرد بەکارکردن لەسـەر ئەو چەمکە، ئەوە بوو بە پشـتگیـریکردنی وەزیری بەرگریی ئەمـەریکا چەمکی جینۆسـاید خـرایە کارنامـە و وەک چەمکێکی یاسـایی بۆ نیشـاندانی شـێوەی ئـەو وێرانکردن و لەناوبردنانەی کە ئەڵمانیای نازی پێی هـەستا دانی پێدا نرا دواتر بەمەبەستی دادگەیکردنی تاوانبـاران دادگەی سەربازیی نێودەوڵەتی لە نۆرمبێرغ لە نێوان ٢٠ی نۆڤەمبەر و تشرینی دووەمی ساڵی ١٩٤٥ بۆ ١ی ئۆکتۆبەری ١٩٤٦پێک هـات. ئەم دادگەیەش بۆ دادگەییکردنی ٢٢ تۆمەتبـاری سەرکردەی ئـەڵمانی بە تۆمـــەتی ئـەنجـامــدانی تـاوانی دژی ئـاشـتـی و تاوانی جـــەنگ و تـاوانی دژە ئینسـانی دانرا. بۆ یـەکـەم جـار بوو کـە دادگـەی نێـودەوڵەتی بەکـار بێت وەک ئالیـیـەتێک دوای جـەنگ بۆ ئامـادەکـردنی سـەرکـردەی ناوەخـۆیی لە بەردەم دادگەی نێودەوڵەتیدا ئەوە بوو وشـەی جینۆسـاید بەکار هات لە ناو کۆنووسی داواکەدا (عریضة دعوی). بەکارهێنانی ئەم چەمکەش بەکـارهێنانێکی وەسفی بووە نـەک یاســـایی. دوا بـەدوای ئەوە بـەهـۆی ســـووربـوونی رافـــائیل لەمکن

چەمکی کۆمەڵکوژی (جینۆساید) برایە بەردەم نەتەوە یەکگرتووەکان ئەم کارەش بۆ ئەو کاتە تەواو نوێ بوو، دوای ئەوەی پڕۆژەکەی خرایە کارنامەی نەتەوە یەکگرتووەکانەوە نوێنەرانی زۆربەی دەوڵەتانی دنیا وتوویژیان لەبارەی چەمکە نێودەوڵەتییەکانی تایبەت بە کۆمەڵکوژی کرد پاش وتوویژ و ڕاگۆڕینەوە لە ٨ی دیسەمبەری ١٩٤٨ بەکۆی دەنگ تەبەنیی ئەو پڕۆژە کرا. لەبەر ئەوە بیرۆکەی چەمکی جینۆساید پێوەندییەکی پتەوی هەیە لەگەڵ دامەزراندنی دادگەی سەربازیی نێودەوڵەتی (دادگەی نۆرمبێرغ). ئەم دادگەیە بۆ دادگەیکردنی تاوانبارانی ئەڵمانیای نازی دروست بوو (ئەو دادگەیە گەورەترین پرۆسەی دادگەییکردنی مێژووە، دادگەییکردنەکە لە ٢٠ی تشرینی دووەمی ساڵی ١٩٤٥ دەستی پێ کرد و لە ١ی تشرینی یەکەمی ١٩٤٦ کۆتاییی هات، دادگەکە ٤٠٠ دانیشتن، لێکۆڵینەوەکان زیاتر لە ١٥ هەزار لاپەڕە بوو، لەو دادگەیەدا ٢٠٠ شاهید و بەرگریکار بەشدارییان کرد، ژمارەی بەڵگەنامەکان ٣٠٠ هەزار وەسیقە و وێنە، هەزاران خەڵکی مەدەنی و عەسکەری بەو دادگەیەوە سەرقاڵ بوون، هەروەها ٦٠٠ نووسینگە لە نووسینگەکانی کۆشکی ئەدلی کۆن لە نۆرمبێرغ کاریان تێدا دەکرد؛ لەو دادگەیەدا بیست و دوو سەرکردەی نازی لە قەفەزی دادگەکە دادگەیی دەکرا کە دواتر سزایان بەسەردا درا)[١١]، دوا بەدوای دادگەییکردنی سەرانی نازی لە دادگەی نۆرمبێرغ ئەمە بوو بەسەرەتایەک هەم بۆ دەرکردنی یاسایەک بۆ بەرگرتن لە ئەنجامدانی تاوانی جینۆساید هەم سزادانی ئەو کەسانەی کە بەو کارە هەڵدەستن. دواتر رێککەوتننامەکە لەلایەن ئەنجوومەنی ئاسایشەوە پیادە کرا لەگەڵ خستنە ڕووی ئەو چەمکە و رێکخستنی لە چوارچێوەی ئەو

(١١) اشهر المحاكمات في التاريخ، قدري قلعجي، بيروت، لبنان، ٢٠٠٤ الطبعة السادسة، ص٤٣. ئەم کتێبە باس لە گرینگترین دادگەییکردنەکانی مێژوو دەکات لە دادگەییکردنی سقراتەوە تا دادگەییکردن لە فلۆرەنسا، لەم کتێبەدا ١٨ دادگەییکردن وەک گرینگترین و سەرسووهێنەرترین دادگەیی بەدرێژاییی مێژوو تۆمار کراون و خراونەتە ڕوو.

یاسـایەی کـە لـەلایەن ڕێکخـراوی نەتـەوە یەکگرتووەکـانـەوە پیـادە کـرا، بەڵام چەمکی جینۆساید و پرۆسەکانی ناتوانین تەنیا لە چوارچێوەی ئەو یاسایەدا کورت بکەینەوە، واتە ئەو تاوانە مـەرج نییە تەنیـا ئەو تاوانانە بگرێتەوە کە لە یاساکەدا ڕێک خراوە، چونکە لەم ساڵانەی دواییدا یاسـاناسـان و کەسـانی شـارەزای بواری یـاسـا و یاسـای نێـودەوڵەتـی چەند جـۆرێکی تری تـاوانی جینۆسایدیان دەستنیشـان کردووە، لەبەر ئەوە تاوانی جینۆساید مـەرج نییـە هـەر فـەوتاندنی فیزیکی (جـەسـتـەیی–بەدەنی)ی ئـەو کۆمـەڵە مرۆڤە بێت کـە لە دژی ئەنجام دەدرێت، بگرە جینۆساید چەند جۆرێکە لەوانە:

– جـینۆسـایدی فـیـزیکی (جـەسـتـەیی– بەدەنی): کـوشـتن یـان فـەوتـاندنی ئەنـدامـانی هەر کـۆمـەڵە مـرۆڤـێک چ ڕاسـتـەوخـۆ یا ناڕاسـتـەوخـۆ، بە گوللەبارانکردن، زیندەبەچاڵکردن، سەرنگونکردن، ئیعدامکردن، بەکارهێنانی چەکی کۆمەڵکوژ، وەکو ژەهر یان کیمیایی و بایۆلۆجی.

– جـــینـۆســـایدی بایـۆلۆجـی: لەو جـــۆرەیاندا بـەهـۆی ئـەو تاوانـەوە ڕێگـە دەگیرێت لە پێشکەوتن، لەدایکبوون و زیادبوونی هـەر کۆمـەڵە مرۆڤێک، وەکو بەکـارهێنـانی ئـامـراز و داوودەرمـانی منداڵ نـەبوون و پەکخـسـتنـی ئەندامـانی زاووزێ، دابڕانی پیـاوان و ژنان لە یەکتـر بۆ مـاوەیەکی زۆر و دابڕانی منداڵان لە دایکان و باوکانیان.

– جینۆسایدی کولتووری: قەدەغەکردنی زمان و شێواندنی مێژوو و ڕابردووی هـەر کۆمەڵە مرۆڤێک.

– جینـۆسـایدی ئابووری: ئـەم جـۆرەش برێتـییـە لە برسـیکردن و وێرانکردنی گەمارۆی ئابووری، یا ڕێگەگرتن لە بەرهـەمـهێنان و خۆراک."[١٢]

---

(١٢) بۆ زانیـاریی زیاتر بڕوانە پێوەندیی مـەسـەلەی کورد بەیاسـای نێودەوڵەتییـەوە، دوکتۆر مارف عومەر گوڵ، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، چاپی یەکەم ٢٠٠٢.

**– کۆڵەکەکانی جینۆساید**

یەکەم: کۆڵەکەی مادی کە تاوانەکە پێک دەهێنن.

(لە یاسای سزادانـدا روکنی مـادیی تاوان بـەو شێـوەیـە ناسـراوە کـە ئەو هەڵسوکەوتە، تاوانکارییەیە کە بەهەستان یان هەڵنەستان بەکردارێک تاوانی لێ دەکـەوێتـەوە)[١٣] لە یاسـادا مـانا و مـەبەست لـە هێنانـی ئەم کـۆڵەکـەیە هاوواتایە لەگـەڵ کرداری پێناسـەی نێـودەوڵەتی بۆ جینۆسـاید. روکنی مـادی دێتـە دی لە تـاوانی کـۆمـەڵکوژیدا بە چالاکـیـی مـادی کـە بە ئیـرادەی ئەنجامـدەرەکە و مـەبەست ئەنجامدانـی تاوانەکە بێت مـەبەست لەم کـۆڵەکە هەسـتـانە بـەکـردن یان رێگرتن لە نـەکـردنی کـارێک کـە بەهۆیەوە تـاوانی نێودەوڵەتیـی لێ دەکەوێتەوە یان هەستـان بـەکارێکی بە ئەنقـەست کـە ببێتـە هۆی وێرانکردن و لەنێوبردنی ژینگە و گوند و شارەکان و خەڵکەکەی[١٤]. لای زۆربەی شـارەزایانی بواری یاسـا (مـادەی دوو)ی رێککەوتننامـەی رێگرتن لە جینۆسایدی نەتەوە یەکگرتووەکان کە لە ١٩٤٨/١٢/٩ دەرچووە. لەو مادەیەدا رێککەوتننامـەکـە دەستنیـشـانی روکنـی مـادیی ئەو تاوانـەی کردووە و تێـیدا هـاتووە (جینۆساید تاوانێکە کە ئەنجام بدرێت بەمەبەستی لەنێوبردنی گشتی یان بەشـەکی کۆمـەڵە خـەڵکێ بـە سیـفەتـی جیـاوازیی قـەومی یان نەژادی یان دینییەوە، بەهەر جۆرێک لەم شێوانەی خوارەوە ئەنجام دەدرێت:

١– کوشتنی ئەندامانی ئەو کۆمەڵە.

٢– زیانگەیاندن بە لەش و شێواندنی بیری ئەندامانی ئەو کۆمەڵە.

٣– بە ئەنقـەست دانانـی ئەو کۆمەڵە لە ژێر بارودۆخێکی سـەختدا کە ببێتـە هۆی فەوتاندنی هەموو یان بەشێکی.

---

(١٣) عبدالوهاب صمود: الاجرام الدولي، مطبوعات جامعة الكويت، طبعة الاولى ١٩٨٧ص ٣٤.

(١٤) یوسف دزەیی: ئەنفـال کـارەسـات و، ئەنجـام و ڕەهەندەکـانی دەزگـای چاپ و بڵاوکردنەوەی موکریان، چاپی یەکەم، هەولێر.

٤- ته‌گه‌ره‌ خستنه‌ به‌ر منداڵبوون له‌ نێو ئه‌و كۆمه‌ڵه‌دا.

٥- به‌زۆر ڕاگواستنی منداڵ له‌و كۆمه‌ڵه‌وه‌ بۆ كۆمه‌ڵێكی تر.

نه‌ك هه‌ر ڕاسته‌وخۆ ئه‌نجامدانی جینۆساید، سزا ده‌خاته‌ سه‌ر تاوانكارانی، بگره‌ وه‌كو به‌ندی (٣)ی په‌یماننامه‌ی ١٩٤٨ له‌ دژی جینۆساید دیاریی كردووه‌، هه‌ر جۆرێك له‌م جۆرانه‌ سزا ده‌یانگرێته‌وه‌.

١- جینۆساید.

٢- پیلانگێڕان به‌ مه‌به‌ستی جینۆساید.

٣- هاندانی ڕاسته‌وخۆ و ئاشكرا به‌مه‌به‌ستی جینۆساید.

٤- هه‌وڵدان بۆ ئه‌نجامدانی جینۆساید.

٥- به‌شداریكردن له‌ جینۆساید)(١٥)

له‌گه‌ڵ ئه‌وه‌ی روكنی مادیی تاوانه‌كه‌ دیاری كراوه‌، به‌ڵام به‌چه‌ند شێوه‌یه‌كی تر تاوانه‌كه‌ ئه‌نجام ده‌درێت، ره‌گه‌زی سه‌ره‌كیش له‌ ناسینه‌وه‌ی تاوانه‌كه‌ ره‌گه‌زه‌ مادییه‌كه‌یه‌تی، هه‌ر ئه‌م ڕه‌گه‌زه‌شه‌ وا ده‌كات ناساینه‌وه‌ی ئاسان بكات.

دووه‌م: كۆڵه‌كه‌ی مه‌عنه‌وی (نیه‌ت یان مه‌به‌ست له‌ ئه‌نجامدانی جینۆساید)

له‌ ڕووی مه‌به‌سته‌وه‌، تاوانی جینۆساید له‌گه‌ڵ تاوانی تر جیاوازه‌، چونكه‌ له‌ تاوانی كۆمه‌ڵكوژیدا مه‌به‌ستی سه‌ره‌كیی نه‌هێشتنی كۆمه‌ڵه‌ مرۆڤێك یان به‌شێكی ئه‌مه‌ش تایبه‌تمه‌ندییه‌كی تر ده‌دات به‌ تاوانه‌كه‌، ستیڤه‌ن كه‌تز "له‌ كتێبی هۆلۆكۆست و تێڕوانینه‌ مێژووییه‌كانی"دا ده‌ڵێ: چه‌مكی جینۆساید ته‌نیا كاتێ پراكتیزه‌ ده‌بێ كه‌ بكه‌رانی مه‌به‌ستێكی ئاشكرایان هه‌بووبێ و به‌كرده‌وه‌ش ئه‌نجام درا بێت. هه‌رچی تاوانی نێوده‌وڵه‌تیشه‌ مه‌به‌ست لێی

(١٥) بروانه (كيف تعمل الامم المتحدة، توم غولت، ترجمة حسين كمال الانصاري، مؤسسة فرانكلين للطباعة والنشر، بغداد ١٩٦٢ص١٤٩)

ئەنجامدانی تاوانێکە کە بکەرەکەی بە ئەنقەست تاوانێکی نێودەوڵەتی ئەنجامی دەدا و هەموو بنەماکانی کۆمەڵی نێودەوڵەتی بۆ هێنانە دی ئاشتی و ئارامی دەبەزێنێ خۆ ئەگەر (مەبەستی لەناوبردنی سەرلەبەری یان بەشێکی هەر گرووپێکی نەتەوەی، ئەتنیکی، رەگەزی یان ئاینی لە ئارادا نەبێت ئەوا ئەو کردەوەیە خەسڵەتی جینۆسایدی نییە، چونکە تاوانی جینۆساید وەکو تاوانی یاسایی بەهۆی مەبەستەکەیەوە جیاوازە لە تاوانی کوشتن)[١٦].

سێیەم: شوێنی تاوانەکە (محل جريمة)

ئەم خاڵەش لە جینۆسایددا، واتە تاوانێک کە لە بەرامبەر کۆمەڵە خەڵکێ یان بەشێک لەو کۆمەڵە کە پیادە دەکرێت بەمەبەستی لەناوبردنیان بەهۆی جیاوازیی ڕەگەزی یان ئاینی یان نەتەوەیەوە لەبەر ئەوە (شوێنی پەلامارەکە لە جینۆسایددا کۆمەڵێکە کە تابعێکی نەتەوەیی یان رەگەزی یان ئاینییان هەیە و بەیەکەوەیان دەبەستێتەوە پێویستە (تاوانبار بەرامبەرکراو (مجنی علیە) لە چوارچێوەی ئەو کۆمەڵەدا بێت)[١٧] بێگومان مەبەست لە (مجنی علیە) تەنیا کەسێک نییە، بگرە کۆمەڵە کەسێک دەگرێتەوە مەبەستەکەش قڕکردن و لەناوبردن و نابودکردنی ئەو گرووپەیە، واتە جینۆساید کاتێ دێتە دی تاوانبار مەبەستی لەناوبردنی گرووپێک بێت هەوڵی نەهێشتن و لەناوبردنیان بێت)[١٨].

---

(١٦) الاجرام الدولي، صومد، عبدالوهاب مطبوعات جامعة الكويت، طبعة الاولي ١٩٨٧ ص ٣٤.

(١٧) گوڵ، مارف عومەر: جینۆسایدی گەلی کورد لەبەر رۆشناییی یاسای نێودەوڵەتاندا، چاپخانەی ئاراس، چاپی چوارەم هەولێر ٢٠٠٧، لاپەڕە ٢٣.

(١٨) مجله حقوقی، نشريه مركز امور خارج بين المللى معاونت حقوقى وامور مجلس رياس تشماره سى و ششم ١٣٨٥ص ٣.

باسی دووەم

# کۆمەڵکوژی و هەوڵی ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان

دروستبوونی ڕێکخراوی نێودەوڵەتی لەگەڵ ئەوەدا لە بەرەنجامی جەنگی یەکەم و دووەمی جیهانی دروست کرا کە پێشێلکردنێکی دیاری مافەکانی مرۆڤی لێ کەوتەوە تیایاندا ئینسانەکان مافی بوون و مانەوەیان لەدەست دا، بەڵام ئەم جەنگانە بەس نین کە ببوونە هۆکاری دامەزراندنی ئەو ڕێکخراوانە، چونکە ئەو ڕێکخراوە نێودەوڵەتییانەی کە سروشتی ئێستایان وەرگرت بەرەنجامی هەوڵ و کۆبوونەوەی نێودەوڵەتی و ڕای بیریاران و سیاسییەکانەوە هاتوونەتە ئاراوە. لە کۆتاییەکانی سەدەی هەژدەم فەیلەسووفی ئەڵمانی (ئەمانوئێل کانت) پێشنیازی دروستکردنی دەوڵەتێکی فیدراڵیی بۆ جیهان کرد کە پێک هاتبێت لە کۆمەڵە و نەتەوە جیاوازەکان، کانت باوەڕی وابوو کە ئەم دەوڵەتە جیهانییە دەتوانێت هاوکاریی دەوڵەتان بکات بۆ ئەوەی یەک بگرن و هەروەها سزای ئەو نەتەوانەش بدەن کە مەترسین، هەروەها کانت رای وابوو کە ئەو دەوڵەتە دەتوانێت مافی کەمینە نەتەوەکان بپارێزێت کە بوونەتە قوربانیی نەتەوە گەورەکان،(١٩) هەروەها کۆبوونەوە نێودەوڵەتییەکانی وەک کۆنگرەی (ڤییەننا ١٨١٥) و کۆنگرەی (پاریس ١٨٥٦) و هەردوو کۆنگرەی بەرلین (١٨٧١–١٨٨٤)، هەروەها

(١٩) بۆ زانیاریی زیاتر بڕوانە: ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان، ئامادەکردن و وەرگێڕانی کارزان عومەر، پێداچوونەوەی نەورۆز حوسێن، لە بڵاوکراوەکانی مەکتەبی بیر و هوشیاریی یەکێتی نیشتمانی، سلێمانی ٢٠٠٧. هەروەها ڕێکخراوە نێودەوڵەتی و هەرێمییەکان، دوکتۆر ئەحمەد مووسەوی، وەرگێڕانی، عەلی قادر عوبێد، وەزارەتی ڕۆشنبیری، سلێمانی ٢٠٠٢.

کـۆنگرەی لاهای ۱۸۹۹-۱۹۰۷ دەوری هـەبوو بـۆ گـەیشـتن بەو قـۆناغــە بۆ دامـەزراندنی ئەو ڕێکخـراوانە، بـەڵام بیـرۆکـەکـە بـەتەواوی لە دوای جـەنگی جیـهانیی یەکـەمـەوە دەرکـەوت، دوای ئەوەی کـارەسـات و مـاڵوێرانی جیـهانی گرتـەوە، لە پێناو هێنانە دی ئاشتی و سـەلامەتیی جیهانی دەوڵەتان کۆمـەڵەی نەتەوەکانیان دروست کرد.

## یەکەم: هەوڵی نێودەوڵەتی لە سایەی کۆمەڵەی نەتەوەکان (عصبه الامم)

وەک وتمان جــەنگی یەکــەمی جــیــهــانی لە چوارچێــوەیەکی فــراواندا کارەساتێکی گەورەی بەسەر مرۆڤایەتیدا هێنا، بۆیە هەوڵێکی زۆر درا لەلایەن وڵاتانەوە بۆ گەڕانـەوەی ئاشـتی و مـافی ژیانێکی سـەلامـەت بـۆ خـەڵکی، ئەو جــەنگە بەرەنجــامــێکی وێرانکەری هەبوو، هەر لـە کــوشـتن و وێرانکردنی ژێرخــانی ئابووریی وڵاتان تا بـڵاوبوونەوەی هەژاری. لەبەر ئەوە (دوای هاتنە دەرەوەی وڵاتان لەو جــەنگەدا دەوڵـەتە ســەرکــەوتووەکــان بۆ چارەســەرێک دەگەڕان بۆ قەرەبووکردنەوەی ئەو زەرەر و زیانەی کە بەهۆی ئەو جەنگەوە لە جیهان کەوت، بۆیە ئەو وڵاتانە بیریان لە دروستکردنی کۆمەڵەیەکی جیهانی کردەوە کە مەبەست و ئامانجی هێنانەدی ئاسایش و ئارامی بێت بۆ دنیا)[۲۰] لە ڕێگەی کـار و هەوڵە بـەردەوامـەکـانی هەندێک دەوڵەتی جـیــهـان دوای ئەم قۆناغـە ترسناک و مـەترسیدارەی مـێژووی مرۆڤـایەتی، پەیماننامەی کۆمـەڵی نەتەوەکانی تایبەت بە تاوانە نێودەوڵەتییەکانی سـاڵی ۱۹۰۹ هاتە کایەوە، ئەم پەیمـانە وەک وەڵامــێک دەبینرا بـۆ ئەو حــاڵـەتە، ئـەوە بوو هـەر لەو ســاڵـەدا هەریەک لە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمـەریکا و بەریتانیـا بیروڕایان گـۆڕییـەوە، ســەبارەت بە دامــەزراندنی ڕێکخــراوێکی نێـودەوڵـەتی تا گــەیشــتنە ئەوە ڕێککەوتنێک ببەستن بۆ دانانی لێژنەیەکی هاوبەش و بانگی وڵاتانی تر بکەن، ئەوە بوو وڵاتان بانگهێشتن کران بۆ کۆنگرەیەکی گشتی لە نیسانی ساڵی

(۲۰) شکری، محمد عزیز: مدخل الى القانون الدولي العام مطبعة جامعة دیمشق طبعة السابعة ۱۹۹٥ ص ۳٥.

١٩١٩ بەمەبەستی گفتوگۆکردن سەبارەت بەڕێوشوێنەکانی دروستکردنی ڕێکخراوێک کە بتوانێت پشتگیری لە پاراستنی مافەکانی مرۆڤ بکات. بۆیە دەوڵەتە بەشدارەکان گەیشتنە ڕێککەوتن و بڕیاری دامەزراندنی ڕێکخراوێکی نێودەوڵەتییان دا بەناوی کۆمەڵەی نەتەوەکان (عصبة الامم) کە بەندەکانی هاتنە بواری جێبەجێکردنەوە لە ساڵی ١٩٢٠دا و لەو ڕێککەوتننامەیەدا چەند ئامانجێک خرابووە روو لەوانە:

- ڕێگرتن لە هەڵگیرسانی جەنگ و هێنانەدی ئاشتیی جیهانی.
- پابەندبوونی دەوڵەتان بە کۆتاییهێنان بە جیاوازییەکانیان بە ڕێگەچارەی ئاشتییانە.
- چەک داماڵین سزادانی ئەو دەوڵەتەی هێرش دەکاتە سەر دەوڵەتێکی تر(٢١) لەگەڵ ئەو مەبەستانەی کە کۆمەڵەی نەتەوەکانی لەسەر بینا کرا، چەند ئامانجێکی تری هەبوو کە ڕێکخراوەکە هەوڵی بەدیهێنانی دەدان لەو ئامانجانەش.

١- ڕەزامەندیی دەوڵەتان بەپابەندبوونیان بە نەگەڕانەوەیان بۆ نێو جەنگ.(٢٢)

٢- پێوەندییەکانی نێوان وڵاتان لەسەر بنەمای شەرەف و عەدالەت بێت.

٣- ڕێزگرتنی یاسا نێودەوڵەتییەکان و پشت پێبەستنیان لە هەڵسوکەوتەکانیاندا.

٤- هێنانە دی دادپەروەری و ڕێزگرتن لە پابەندبوونەکانیان کە بڕیاریان لەسەر داون.

لەگەڵ ئەوەی کۆمەڵەی گەلان بۆ هێنانە دی ئاشتی و ڕێگرتن لە جەنگ هاتە ئاراوە، بەڵام ئەو ڕێکخراوە نەیتوانی سەرکەوتوو بێت، چونکە نەیتوانی

---

(٢١) بۆ زانیاریی زیاتر بڕوانە: المحاضرات (مقدمة في دراسة القانون الدولي الجنائي) حميد السعيدي، مطبعة الاولى ١٩٧١.

(٢٢) القانون الدولي العام، ابوالسيف علي صادق: مطبعة الباب المعارف بلاسكندرية طبعة عشرة، جزء الاولى ص ١٥.

چارەسەری گەلێک کێشەی نێودەوڵەتی بکات، هەروەها شکستی هێنا لە هێنانە دی ئەو ئامانجانەی بۆی دروست بوو، لەو ماوەدا دەوڵەتە داگیرکەرەکان دەستیان گرتبوو بەسەر ئەو رێکخراوەدا بەردەوام بەکاریان دەهێنا بۆ هێنانە دی ئامانجەکانی خۆیان، وڵاتە یەکگرتووەکان و یەکەتیی سۆڤیەت وەک دوو دەوڵەتی زلهێز لەو دەوڵەتە داگیرکەرانە بوون کە داوودەزگا و شێوازی بەڕێوەبردنی رێکخراوەکەیان بۆ خۆیان قۆرغ کردبوو، ئەو دەوڵەتانە دەیانویست ئامانجی رێکخراوەکە و داوودەزگا و بەها مەعنەوییەکەی بەکار بهێنن بۆ دەستبەسەراگرتنی دنیا و بەدیهێنانی ئامانجە ستراتیجییەکانی خۆیان.

**بارودۆخی کورد لە سەردەمی جەنگ و کۆمەڵەی نەتەوەکاندا**

بەپێچ و پەنا و بەفێڵ و دەورە
بەجۆش و کوڵ بووی بۆ کوردی هەژار
دەتوت: ئەم قەومە دەکەم رستگار
ئەگەر راست دەکەیت هەڵسوڕێنە
بەس بۆ سیاسەت هەڵمانپەڕێنە
کۆمەڵی دز و جێگەی مەکر و فەن
کوتەکی دەستی (میستەر هەندەرسن)
خۆ تۆ (وەصی) بووی، ئەقوام بوون هەتیوو
دەمی کوردت کرد بە تەڵەی تەقیو
چۆن عاجز نابی لەم خوێن ڕشتنە؟!
لەلای تۆ هەڵبەت (حقوق) کوشتنە
تا ترسی مێژوو لەعنەتت بکەن
کوتەکی دەسی (مستەرهەندەرسن)؟! شێخ سەلام(*)

---

(*) شێخ سەلام بەم پارچە شیعرە ڕەخنە لە کۆمەڵی گەلان دەگرێت، شیعرەکە لە ژمارە ٢ی کۆواری (هاوار) لە ١٩٣٣/٧/١ بڵاو کراوەتەوە: بڕوانە محەمەد رەسووڵ هاوار، کورد و کوردستان، بەرگی دووەم، لاپەڕە ١١.

لە ئاکامی ڕەوتی شەڕی جیهانیی یەکەمدا، نەگبەتی گەورە سەرانسەری کوردستانی گرتەوە، نەهامەتییەکانی ئەو کاتە لە مێژووی کورددا وێنەی زۆر کەمی بینرابوو. زیاتر لە سەد هەزار کەس بوونە قوربانیی ئەو شەڕە. ئەوانەی دەکوژران زۆربەیان گەنج و هێزی کاری کوردستان بوون، خەڵکانێکی زۆریش لە ترسی ئاگری بێ ئەمانی شەڕ گوندەکانیان بەجێ دەهێشت و روویان لە شارەکان دەکرد. دەتوانین بڵێین لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، هیچ گەلێک بەڕادەی کورد و ئەرمەنی و ئاشووری لە شەڕدا تووشی ماڵوێرانی و سەرگەردانی نەبوو.[٢٣] شەڕەکە کوردستانی تووشی ئاژاوە و بێ سەروبەری کرد لە شەڕی چاڵدێرانەوە بێ وێنە بوو، لە ماوەی چوار ساڵی شەڕدا لەشکرە شەڕکەرەکان کوردستانیان لە گەلێ رووەوە وێران کرد و خەڵک و پارە و مەڕوماڵاتیان لەناوبرد.[٢٤]

کوردستان لە باکوری خۆرهەڵاتەوە، لە دەریاچەی –ورمێ– وە دەست پێ دەکات، تا لای –مەلاتیە– لە باشووری خۆرئاوا و، درێژاییی دەگاتە نزیکەی (٩٠٠) کیلۆمەتر و پانایيشی لە نێوان (١٠٠– ٢٠٠) کیلۆمەتردایە، وڵاتێکی شاخاوییە و دەکەوێتە نێوان هێڵی (٣٢ و ٣٩)ی پانی و نێوان هێڵی (٠٣٧ و٠ ٤٧)ی درێژییەوە[٢٥] یەکەم جار سوڵتانی سەلجووقی بەشێکی لە ئەیالەتی جیبال کە (کرماشانیشی دەگرتەوە) جیا کردەوە و ناوی نا (کوردستان)، بەڵام تا سەدەی حەوتەمی کۆچی هیچ جوگرافیناسێکی ئێرانی و عەرەبی لە کتێب و نووسراوەکانیاندا ناوی کوردستانیان نەبردبوو ئەوە بوو بۆ یەکەم جار حەمدوڵا مستەوفی (٧٤٠ی کۆچی) لە کتێبەکەیدا بەناوی (نزهة القلوب) ناوی کوردستانی هێنا و سنووری وڵاتەکەشی دیاری کردووە نووسیویەتی (کوردستان لە ١٦ ویلایەت پێک هاتووە و بە ویلایەتەکانی عێراقی عەرەب و

(٢٣) بۆ زانیاریی زیاتر بڕوانە مێژووی کورد، د. کەمال مەزهەر.

(٢٤) مێژووی هاوچەرخی کورد، دیڤید مەکداوڵ، وەرگێڕانی ئەبوبەکر خۆشناو، چاپخانەی ڕوون، سلێمانی ٢٠٠٢ لاپەڕە ٢١٩.

(٢٥) دوکتۆر بلەچ شێرکۆ، کێشەی کورد، هەمان سەرچاوەی پێشوو، لاپەڕە ١٤.

خۆزستان و عێراقی عەجەم و ئازەربایجان و دیاربەکرەوە نووساون)[٢٦].

کوردستان کە بارێکی جوگرافی و ستراتیجی لە سنوور بەدەر سوودمەندی هەیە، هەردەم باری سەرنجی داگیرکەرەکانی ڕاکێشاوە. هەر لە سەرەتای دامەزراندنی خەلافەتەوە تا ئەمڕۆ کورد لە سەردەمی جیاجیادا چوونەتە ناو خەباتێکی بەردەوامەوە بەرامبەر بە داگیرکەرانی عەرەب، تورک و مەغۆل و فارس. لەبارەی رەچەڵەکی کوردەوە زانا رۆژهەڵاتناسەکان لەسەر یەک ڕا نین هەندێک بە دانیشتووی ئەسڵیی ناوچەکەیان دەزانن، هەندێک لایان وایە کە لە کەناری دەریای قەزوێنەوە هاتوون. کورد یەکێکە لە میللەتە کۆنەکانی رۆژهەڵاتی نزیک.[٢٧] (کوردستان لە ڕووی پێکهاتەی نەتەوەییەوە، وڵاتێکی یەکجار ئاڵۆزە، کەم نەتەوەی ئاسیا و ئەوروپا هەیە کە لێرە نەژی و نیشتەجێ نەبێت)[٢٨] هەرچەندە بەکارهێنانی ناوی کوردستان کۆنە، بەڵام وشەی کوردستان لە ڕووی قانوونی نێودەوڵەتی هەروەها لە نەخشە و پەڕتووکی ئەتڵەسدا بەکار ناهێنرێت،[٢٩] مێژووی گەلی کورد لە هەمان کاتدا مێژووی پرسی کوردە، توێژەرەوەکان لەسەر ئەوە کۆکن کە چەمکی (پرسی کورد) و زاراوەکەشی لەم سەردەمە نزیکانەدا سەری هەڵداوە ئەگەر بەشێوەیەکی وردتر بڵێین لەو کاتەوە سەری هەڵدا کە دەوڵەتە هاوپەیمانە

(٢٦) حوسێن مەدەنی، کوردستان و ستراتیجی دەوڵەتان، هەمان سەرچاوەی پێشوو، لاپەڕە ١١، ١٢.

(٢٧) کورد، کورتە پێوەندیی کۆمەڵایەتی – ئابووری – ڕۆشنبیری و گوزەران، ا.م. مینتیشاشڤیلی، وەرگێڕانی، پ. د. عیزەدین مستەفا رەسووڵ، دەزگای توێژینەوە و بڵاوکراوەی موکریانی، چاپخانەی خانی، دهۆک ٢٠٠٨.

(٢٨) د. عەبدوڵا غەفوور، جوگرافیای کوردستان، لە بڵاوکراوەکانی دەزگای توێژینەوە و بڵاوکردنەوەی موکریانی چاپی پێنجەم، چاپخانەی خانی دهۆک ٢٠٠٨ لاپەڕە ١٨٢.

(٢٩) ڕاگوێزانی کورد لە مێژوودا، عەبدوڵا قەرەداغی (مەلا عەلی) چاپی یەکەم، سوێد ١٩٩١ لاپەڕە ٥.

گەورەکان هەستان بەدابەشکردنی کوردستان لە جەنگی جیهانیی یەکەمدا (لە کاتی ئامادەکردنی رێککەوتننامەی سیڤەری ئاشتی ساڵی ١٩٢٠ کە تەنیا وەک مەرەکەبی سەر کاغەز مایەوە، دواتر پەیمانی لۆزان جێبەجێ کرا، دەبینن لە کاتی سەرهەڵدانی هەر بزاڤێکی رزگاریخوازی نیشتمانیی کورد، ئینجا دەوڵەتان قسە لەسەر (پرسی کورد) دەکەن و بەبیریان دێتەوە، لەبەر ئەوە پێویستە ئەوە بخەینە روو کە گەلی کورد یەکێکە لە قوربانییەکانی کارەساتی جەنگی جیهانیی یەکەم ئەوەی جێگەی داخە ئەوەیە کە ئەم راستییە بەشێوەیەکی فراوان ناسراو نییە لەگەڵ ئەوەدا کوردستان و ناوچەکانی نزیک بوون لە شانۆی ئەو جەنگە سەربازییانەی کە مۆرکی پەلاماردان و هەڵهاتنی لەخۆ گرتبوون و ناوچەکەی نوقمی لێشاوێک لە خوێن کردبوو[٣٠] پرِیشکی ئاگری شەڕی جیهانیی یەکەم، لە هەموو شەڕەکانی پێشوو زیاتر کاریگەرییەکانی پەڕییە کوردستان. بەشی زۆر زۆری لە شەڕدا لە ئەسارەتدا، لە برسا و لە سەرمانا و بە نەخۆشی لەدەست چوو (رێژەی زەرەر و زیانەکەی) کە نازانرێ، بەڵام ئەگەر بەتەخمین ژمارەی کوژراوەکانی کورد حیساب بکەین لە سێ سەد هەزار زیاترە هەر لەگەڵ کوشتن و لەناوبردنیان دەستکرا بە ڕاگواستن و گواستنەوەیان لە شوێنەکانی خۆیان بۆ شوێنی تر، بەگوێرەی ریسالەی (مەسئەلەی کوردستان بەرامبەر بەتورک، لاپەڕە ٢٣) لە سەرەتای شەڕ و بەگوێرەی قسەی نووسینگەی بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی کۆچبەران، ٧٠٠٠٠ هەزار کورد لە وەتەنیان دەرکران و برانە ناوچەی رۆژئاوای ئەنادۆڵ لەگەڵ ئەمەدا زۆریان لە رێگە لە هیلاکی و برسییەتی و نەخۆشی و مردن[٣١] پاکسازیکردنی کورد و ڕاگواستنیان پلانێکی دەوڵەتانی تورکیا و ئێران و عێراق و سووریا بووە، هەموو کات بە بەردەوامی پەیڕەویان

---

(٣٠) مێژووی کوردستان، ن. لازاریف، وەرگێڕانی، وشیار عەبدوڵا سەنگاوی، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر، ٢٠٠٨ لاپەڕە ٢٩٣ و ٢٩٤.

(٣١) خولاسەیەکی تاریخی کورد و کوردستان، محەمەدئەمین زەکی بەگ، لە بڵاوکراوەکانی بنکەی ژین، سلێمانی ٢٠٠٦، لاپەڕە ١٨٤ و ١٨٥.

کردووە، هەر کاتێک سەرانی ئەو دەوڵەتانە ویستبێتیان، بۆ هەر شوێنێ مەبەستیان بووبێ، نەتەوەکانی تورک و عەرەب و فارسیان هێناوە و نیشتەجێیان کردوون کوردیشیان لەسەر خاکی نیشتمانەکەی خۆی دەرپەڕاندووە و ئاوارە و دەربەدەریان کردوون. ئەو دەوڵەتانە بە بەردەوامی برێ و بیانوویان هێناوەتەوە بۆ لەناوبردنی کورد ئەوەتا ئەو شەڕە بیانووی بە دەوڵەتی عوسمانی دا بەشێوەیەکی سیستماتیک کەشوهەوایەکی مەترسیدار پێک بهێنێ بۆ ئەوەی کوردەکان ناچار بە کۆچکردن بکات دوو هۆکار دەوڵەتی تورکیایان هان دا ئەو چەشنە تاکتیکە بگیرێتە بەر.

١- باوەڕی بە کوردەکان نەدەکرد و پێی وابوو کە گەلی کورد لە سیاسەتەکانی دەوڵەتی عوسمانی ناڕازییە و لە کاتی شەڕدا یارمەتیی رووسیا دەدات.

٢- ئەو دەوڵەتە دەیویست کوردەکان پەرش و بڵاو یان ناچار بە کۆچی ئیجبارییان بکات و شوێن و مەکانیان بەجێ بهێڵن، ئەمەش وا دەکات لە ناو تورکەکاندا بیانتوێنێتەوە و، لە شوێنی ئەوان تورکی هاوردە دامەزرێنێ، ئەمەش لە چوارچێوەی بیری ئیتیحاد و تەرەقی کە وەک نەخشەیەک لە چوارچێوەی یاسایەکدا بەناوی (تەهجیر) بەڕێوە دەچوو. بەگوێرەی ئەو یاسایە یۆنانی و ئەرمەنەکان تووشی ڕەشەکوژی و ڕاگواستن و کۆچی بەزۆرەملێ دەکران و کوردەکانیش هەروەک ئەوان ناچار بە کۆچکردن کران، کوردەکان بەبێ هیچ پەنایەک بەپیادە ڕوویان لە ناوچەکانی رۆژئاوای وەک سیواس، ئەدەنە، قوونیە و رۆژئاوا کرد، دەڕۆیشتن. پیادەڕەوەکەیان چەند مانگێکی خایاند، خەڵکێکی زۆر بەکۆمەڵ لە برسا و لە سەرمان و لەبەر نەخۆشی مردن، لە راستیدا ئەوە رەشەکوژییەکی حەرەکەتی بوو. ئەم شەپۆلی ڕاگواستنە ئامانج لەناوبردن بە کۆمەڵێ خەڵک بوو بەبێ بەکارهێنانی چەک، جەلادەت عەلی بەدرخان دەڵێ: دوای مۆرکردنی ئاگربەست (پەیمانی مۆدرێ) گەڕامەوە شاری ئەستەنبوڵ و چوومە لای بەرپرسی مودیریەتی موهاجیرین و لەوێ

بەڵگەنامەکانم چاو لێ کرد، بۆم دەرکەوت ٦٥٠٠٠٠ کورد لە رۆژئاوای تورکیا لەناوچوون.[٣٢] پاشکەوتنی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی، بۆ یەکەم جار رێبەرانی کورد ڕاستەوخۆ کاری دیبلۆماسی دەکەن و دەچنە نێو دنیای دیبلۆماسییەوە، رێبەرانی کورد دەرفەتیان دەدرێتێ لە کۆنفرانسی ئاشتی لە پاریس دەنگی خۆیان بگەیەننە دنیا، لە هەمان کاتدا دەیانتوانی لە قوستەنتینییە نوێنەرانی هێزە گەورەکان ببینن.[٣٣]

هەرکە یەکەمین بۆمب تەقییەوە، ئیتر تورکیش دەستی کرد بەجێبەجێکردنی ئەو بەرنامە شەیتانییەی کە لە کاتی ئاشتیدا ئامادەیان کردبوو، لەو کاتەدا تورکەکان لە پێناو ئامانجەکانیان دەستیان کرد بەدوورخستنەوە و ڕاگواستنی نەتەوە ناتورکەکان. ژمارەی ئەو کاتەی کوردەکان لە تورکیا دەگەیشتە ٥ ملیۆن لەبەر ئەوە دەبوایە پێنج ملیۆن کوردی بێ تاوان لە نیشتمانەکەی خۆیان بۆ ناوچە دوورەکانی وڵاتی تورکدا پەرش و بڵاو بکرێنەوە و بخرێنە تەڵەڕەگەزی تورک. ئەوە بوو ئەگەرچی کوردستانی تورکیا لە ساڵانی دەیەی سیدا بەتوندی سەرکوت کرابوو، ئەو حکوومەتانەی لە ئەنقەرە یەک لە دوای یەک دەهاتنە سەر کار، زۆر بەتوندی بە (مەسەلەی کورد) حەساس بوون بەو پەردە خامۆشی و بێدەنگییەی بەسەر کوردستاندا درابوو، بەزەحمەت دەکرا بزانرێ چی تێدا روو دەدا و تا چ ئەندازەیەک هەستی نەتەوایەتیی کورد ماوە.[٣٤]

لە بەهاری ساڵی ١٩١٥ دەسەڵاتی تورکیا دەستی کرد بە پرۆسەی پاکتاوکردنی بەکۆمەڵ لە دژی دانیشتوانی ئەرمەنی، لە کاتێکدا ئەو ئۆمەتکوژی و پاکتاوکردنەی کە ئیمپراتۆری عوسمانی ئەنجامی دا لە

---

(٣٢) کورد و کوردستان، کەمال بۆرکایی، هەمان سەرچاوەی پێشوو، لاپەڕە ٥٣٧، ٥٣٨.

(٣٣) کریس کوچێرا، کورد لە سەدەی نۆزدە و بیستدا، هەمان سەرچاوەی پێشوو، لاپەڕە ٢٤.

(٣٤) مێژووی هاوچەرخی کورد، هەمان سەرچاوەی پێشوو، لاپەڕە ٢٣٠ و ٢٣١.

سەرەمەرگدا بوو، هەروەها پاکتاوکردنەکان بەتەنیا لە دژی کەمە نەتەوە مەسیحییەکان نەبوو، بگرە ئەنجامدانی ئەم کردەوانە نەخشە و پلاندانان بوو بۆ وەشاندنی گورزێک لە کوردەکان، بەڵام بەرێگەیەکی زۆر ترسناک زۆرجار دەسەڵاتی عوسمانی سەرکردە کوردەکانیان کۆ دەکردەوە و هانیان دەدان لە دژی ئەرمەن و ئاشوورییەکان تا بە دەستێکی بێگانە تۆڵەیان لێ بکەنەوە کە زۆرجار لەم نەخشە و پلانەیان سەرکەوتوو دەبوون، بەم نەخشە و پلانە ئەستەنبۆڵ دەیویست کوردەکان وا پێشانی ڕای گشتی بدات کە بەتەنیا کوردەکانن تاوانبارن لە کوشتنی ئەرمەنییەکان، ئەمەش لە هەمان کاتدا بۆ ئابڕووبردنی بزاڤی نیشتمانیی کورد بوو بۆ هەتاهەتایە. لە ڕاستیدا ئەمەش درۆیەکی ئابڕووبەری ڕوون و ئاشکرا بوو، چونکە هێزە سەربازییەکانی تورکەکان و داوودەزگاکانی پۆلیسی ناوەخۆ جێبەجێکەری سەرەکیی ئەو کوشتارگانە بوون ئەرمەنەکان نزیکەی ملیۆن و نیوێکیان لێ کوژرا. ئەم پرۆسە بەپرۆسەیەکی پاکتاوی ڕەگەزیی رادیکاڵ بوو[٣٥] ڕەفتاری عوسمانییەکان دژی ئەرمەنی و یۆنانییەکان بووە هۆی ڕاکێشانی سەرنج و دەنگی نارەزاییی بیروڕای گشتیی جیهان، هێزەکانی هاوپەیمانان کە دژی تورکیا شەڕیان دەکرد، هەڕەشەیان لە تورکیا کرد سەبارەت بەو سیاسەتانەی کە بەرامبەر یۆنانی و ئەرمەنەکان گرتوویانە بەر و لە بەردەم کۆمەڵگەی جیهانیدا موحاکەمە بکرێت. خاچی سوور و هەندێک رێکخراوی جیهانی یارمەتیی ئەرمەنی و یۆنانییەکانیان دا و تۆزێک لە ئازاریان کەم کردنەوە، دوای ئەو هەموو کارەساتەی کە لەو ماوەیەدا رووی دا لە کۆتاییی ساڵی ١٩١٧دا خەڵکی گەلێ ناوچەی کوردستان بۆ نموونە لە دەوروبەری مەهاباد و سلێمانی لە برسان دەمرن. لە سەروبەندی تشرینی دووەمی ١٩١٨ دانیشتوانی شاری سلێمانی کە پێش شەڕ ٢٠٠٠٠ کەس بوو، تەنیا ٢٠٠٠ کەس مابوونەوە هەموو رۆژێ بەیانییان لاشەی مردووانیان لە بازاڕ کۆ دەکردەوە و هەندێ جار خەڵکی گۆشتی منداڵی مردوویان دەخوارد لە نەهری

(٣٥) مێژووی کوردستان، ن. لازاریف، هەمان سەرچاوەی پێشوو، لاپەڕە ٢٩٨، ٢٩٩.

شەمدینان لە ٢٥٠ خانوو تەنیا ١٠ خانوو و لە ڕەواندز لە ٢٠٠٠ خانوو تەنیا ٦٠ خانوو مابوونەوە، هەر لەم ناوچەیەدا لە نزیکەی ١٠٠ گوندی هۆزی باڵەک، تەنیا ٣ گوند وێران نەبووبوون. لە هۆزی برادۆست کە لە سەرەتای شەڕدا نزیکەی هەزار خێزان بوون تەنیا ١٥٧ خێزان لە زیاتر لە سی گوند مابوونەوە، (هیچ پیاو و ژن و منداڵێک نەمابوون لەوانەیە زیاتر لە نیو ملیۆن کورد لەناوچووبن، ئەگەر ژمارەی ئەوانەشی بخەینە سەر کە لە شەڕگەکاندا دەکوژران دەگاتە ٨٠٠٠٠٠).

لە سەروبەندی جەنگەکەدا، بەریتانیا و فرەنسا بە هاوبەشی لەگەڵ رووسیای قەیسەری دەست کرا بە وتوویژ سەبارەت بە (ترتیبات القبلة) لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا. دوای سەرکەوتنی ئەو بەرەیە و کەوتنی بەرەی ئەڵمانیا و دەوڵەتی عوسمانی لە جەنگەکەدا. لە وتوویژێکدا کە لە نێوان مارک سایکس وەزیری دەرەوەی بەریتانیا، شارنر فرانسیس جۆرج بیکۆ وەزیری دەرەوەی فرەنسا ئەنجام درا بە هاوبەشیی سیرجی سازانوف وەزیری دەرەوەی رووسیا لە ساڵی ١٩١٦، لە وتوویژەکانیاندا ئەو دەوڵەتانە رێک کەوتن لەسەر دابەشکردنی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی کە دواتر ئەو رێککەوتنە ناوبرا بە رێککەوتنی سایکس – بیکۆ[٣٦]، ساڵی ١٩١٦ سەرۆک هۆزی کوردی کوڕەشیان بەناوی عەلی ئاغا (عەلی چاوش) لەگەڵ سەرۆک هۆزەکانی تری رۆژهەڵاتی دەرسیم یەکیان گرت و شاری نازمییەیان خستە ژێر دەسەڵاتی خۆیان و بەردەوام پەلاماری دەڤەرەکانی مازگرت، چارسنجاق، پەتکیان دا کە روو لە ئیلازیغ بوو. رەوتی ئاڵوگۆڕەکان لە دەرسیم جێگەی نیگەرانی بوو، دەوڵەتی تورک لە مانگی ئەپریلدا بڕیاری دا ئەو لەشکرەی ئامادەی کردبوو بۆ شەڕی ڕووس رەوانەی ئەوێی بکات، ئەرتەشی تورکی پەلاماری ناوچەی دا، لە ناوچەی پیلوەنک گەلێک دێهات تالان و وێران کران و خەڵکەکەش ئاوارە و دەربەدەر بوو. لە زۆر شوێنی تر ڕەشەکوژی ئەنجام درا. (ویلسن) سەرۆکی

(٣٦) د. حامد محمود عيسى، المشكلة الكردية في الشرق الاوسط، مطبعة اطلس، قاهرة ١٩٩٢ ص ٥٥.

وڵاتە یەکگرتووەکـانی ئەمـەریکا وای بە دنیـا نـیشـان دەدا، داوای ئاشـتی و دادپەروەری بۆ نەتەوە بندەستـەکان دەکات. ویڵسـن بەدەرکردنی ١٤ بەند (کە بە چواردە بـەندەکـەی ویڵـسن بەناوبـانگە). لەو بەندانـەدا باس لە دابینـکردنی مـافی نـەتەوەکـانی غـەیرە تـورک دەکـات. لە مـادەی ١٢دا هاتووە، پێـویسـتـە نەتەوە غەیرە تورکەکانی ژێر دەسەڵاتی ئیمپراتۆری عوسمانی مـافی گەیشتن بە سـەربەخـۆییـان پێ بدرێ، بۆ جێبەجێکردنی ئەم بەندانـە لە مێژووی ١٠ی ئابی ١٩٢٠ لە شـاری سـیڤـەر لە نزیک پاریس کۆنفـرانسـێک بە بەشـداریی بەریتـانیـا، وڵاتە یـەکگرتـووەکـانی ئەمـەریکا، فـرەنسـا، ئیـتـاڵیـا، یابان، ئەرمـەنستـان، رۆمـا، سرِبیا، کرواتیـا، چیکۆسلۆڤاکیا، تـورکیا و هـەیئـەتێکی نوێنـەری کـورد وەکـو چاودێر لەو وتووێژانـەی پێـوەندییـان بە کـوردسـتـان و ئەرمـەنسـتـانەوە بـوو تێـیـدا بەشـدارییـان کـرد. لە کـۆنفـرانسـەکـەدا رێککەوتننامـەیەکیان لە ٤٣٢ مـادە پەسند و لە بەشی سێیـەمی ئەم پەیمانەدا دوو مادەیان لەسەر کوردستان گونجاندبوو.

مادەی ٦٢:

کـۆمـیـسـیـۆنێک کـە برێتی دەبێ لە نوێنەرانـی سێ دەوڵەتی ئینگلسـتـان، ئیتاڵیا، فرەنسا لە ئەستەنبوڵ پێک دێ، کە ماوەی ٦ مانگ دوای بەڕێوەبردنی ئەو پەیمانە، گەڵاڵەیەکی خـودموخـتـاری بۆ ناوچە کوردنشـینەکانی رۆژهـەڵاتی فـورات و خـوارووی ئـەرمـەنسـتـان و سـەرووی سـووریا و (بـين النهـرين) دادەڕێژن. گـەڵاڵەکـەی تـەسلیـمی ئەو دەوڵـەتانە دەکـرێ کـە لە بەڕێوەبردنیـدا خۆیان بە بەرپرس دەزانن، هەروەها پاراستنی گیانی کەمایەتییەکانی وەکو ئاشـوورییـەکـان بەتـەواوی لە بەرچاو بگیـرێ؛ کـۆمـیـتـەیەک لە نوێنـەرانی دەوڵەتانی ئینگلسـتـان، فـرەنسـا، ئیـتـاڵیـا، ئێـران و کـوردەکانـی پێک دێ و گەڵاڵەکەی تاقی دەکەنەوە، ئەگەر پێویست بوو رێکوپێکی دەکەن.

مادەی ٦٣:

دەوڵەتـی عـوسـمـانـی هەر لە ئێـسـتـادا مـوافـەقـەت دەکـات، ئەو دوو

کۆمیسیۆنەی کە لە مادە ٦٢دا پێشنیاز کراون، لە ماوەی سێ مانگ دوای ڕاگەیاندنیدا، بڕیارانی ناوبراو قبووڵ بکا و بەڕێوەی ببا.

مادەی ٦٤:

ئەگەر هاتوو دوای ساڵێک لە بەڕێوەچوونی ئەو گەلاڵەیە، کوردەکانی ئەو ناوچانە، لێهاتوویی خۆیان بۆ کۆمیسیۆنی نەتەوەکان سەلماند و زۆربەیان داوای سەربەخۆیی و جیابوونەوەیان لە تورکیا کرد و کۆمەڵی نێونەتەوەیی بەو قەناعەتە بگات شیاوی ئەو مافەن، ئیزنیان بدرێتێ ئەو دەوڵەتە دابمەزرێن،(٣٧) کاتێک تەماشای بەڵگەنامەکانی ئەو قۆناغە دەکەین دەبینین دۆزی کوردی بوونی هەیە لە سەرجەم قۆناغەکانی ئاشتەواییی دوای جەنگ هەروەکو ئیشەکانی تر لە ڕۆژهەلاتی ناوەڕاستدا لە مانگی شوبات و ئاداری ساڵی ١٩١٩ نوێنەری کورد و ئەرمەنەکان ڕاپۆرتێکیان پێشکێشی (ئەنجوومەنی دەیی) کرد. بەمەبەستی هاوکاریکردنی ولاتە سەرکەوتووەکان لە دانانی میکانیزمێک بۆ ئەو کێشانەی لە بەردەستدان بۆ گفتوگۆکردن لەسەریان، بەلام ئەوەی مایەی نیگەرانییە هەردوو ڕاپۆرتەکە بە زیادەڕۆ و لە سنوور دەرچوو ناوزەد کران. ئەمەش وای کرد نەتوانرێت گفتوگۆیەکی ئامانجدار ئەنجام بدرێت لەم بوارەدا، بەلام پاش ماوەیەکی کورت سەرۆکی نوێنەرەکانی کورد جەنەراڵ پاشا(*) و سەرۆکی نوێنەرەکانی ئەرمەنی نۆبار پاشا

---

(٣٧) کوردستان و ستراتیجی دەوڵەتان، حەسەن مەدەنی، بەرگی یەکەم، چاپخانەی ڕۆژهەلات، ٢٠٠٩ هەولێر، لاپەڕە ٢٣٢، ٢٣٣ , هەروەها بڕوانە بزووتنەوەی سیاسی و ڕۆشنبیریی کورد، رەمزی قەزاز، لاپەڕە ٢٨، ٢٩، ٣٠، ٣٢.

(*) شەریف پاشا، لەگەڵ شێخ مەحموودا لەلای بابە خواجەوە دەرسی خوێندبوو، پاشان لە قوستەنتینییەدا و لە داوودەزگاکانی عوسمانیدا کار دەکات وە بەرەبەرە پلە و پایە وەردەگرێت ئەم پیاوە جگە لە نەژاد و ڕەگەز هیچ نیشانەیەکی تری کوردبوونی پێوە دیار نەبوو لە کۆتاییی ساڵی ١٨٩٠ لەلایەن سوڵتانی عوسمانییەوە لە سەفارەتخانەی عوسمانی لە ستۆکهۆڵم دادەمەزرێ =

بەیاننامەیەکی هاوبەشیان دەرکرد تێیدا ئامانجە هاوبەشەکانیان دیاری کرد بۆ هەردوولا. دووپاتیان کردەوە دەیانەوێ بگەنە چارەسەری کێشەکان. کە بایەخێکی چارەنووسسازیان هەیە بۆ هەردوو گەلی کورد و ئەرمەن. پایەتەخت لە نێوان حکوومەتی دەسەڵاتداری تورکی و وڵاتە هاوپەیمانە سەرکەوتووەکانی جەنگی جیهانیی یەکەم.

پەیمانی سیڤەر لەسەر بنەمای مەرجەکانی سایکس- بیکۆ و بڕیاری کۆنگرەی سان ریمۆ دانرا. پەیماننامەی سیڤەر بەڵێننامەیەکی گەورە بوو لە ڕووی قەبارەوە کە لە ١٣ بەش و ٤٣٣ مادە پێک هاتبوو، ئەم پەیماننامەیە یەکەم بەڵێننامەی نێودەوڵەتیی یاسایی بوو کە دانی نا بەمافەکانی گەلی کورددا وەک پێکهاتەیەکی سەربەخۆ و وڵاتەکەشی وەک بابەتێک لە سیاسەتی نێودەوڵەتیدا، لە پەیماننامەکەدا بەشێکی تایبەت دانرا بۆ کوردستان کە ئەم مادانەی لەخۆ گرتبوو (٦٢، ٦٣، ٦٤) کە لە ژێر ناوی کوردستان ناسرابوو.

پەیمانەکە ئەو مەرجانەی کە لە توانایدا بوو چارەسەری کێشەی مافی چارەی خۆنووسینی نەتەوەیی بکات بۆ بەشێکی بەرفراوان لە گەلی کورد. پەیمانەکە بەیەکێک لە ڕووداوە گرینگەکانی مێژووی کورد دەژمێردرێت و بۆ یەکەم جار وەکو دیکیۆمێنتێکی نێودەوڵەتان ناوی میللەتی کورد و باسی مافی کورد و دامەزراندنی حکوومەتێکی کوردی لە باکوری کوردستان و ڕێگەدان بە

= و شەریف پاشا خوازیاری ئۆتۆنۆمیی کوردستان بوو لە چوارچێوەی دەوڵەتی عوسمانیدا کە بێ هیچ دەستکارییەک وەک خۆی بمێنێتەوە چەند جارێک پێوەندیی لەگەڵ بەریتانیا و فرەنسا دەبەستێت. مێژوونووسان زۆر بەباشی و بە ئینسافەوە ئەم شەریف پاشایە کە پیاوێکی زۆر هەڵپەرستە هەڵدەسەنگێنن: دەڵێن ئەگەر ئەو نەبوایە دەنگی کوردستان نەدەگەییە گوێی سەران و سەرۆک وەزیرانی ئەو وڵاتانەی کە کۆنفرانسی ئاشتی لە پاریسدا کۆ بووبوونەوە بەڵام ئەم قسەیە تەواو تەواو نادروستە. بۆ زانیاریی زیاتر بڕوانە کریس کوچێرا، هەمان سەرچاوەی پێشوو، لاپەڕە ٢٧ و ٢٨.

کوردی باشووری کوردستان لەگەڵ ئەو حکوومەتە کوردییەدا یەک بگرێت[٣٨]، بەڵام بۆ بەرژەوەندیی دەوڵەتان یەکێک بووبێت لە هۆکارەکان ئەوا ناکۆکی و تێکچوونی کوردەکانی باکور لە ناو خۆیاندا هۆکارێکی سەرەکی بووە «کوردستان» هێشتا ناوی لە ناو ناوان نەبوو، بەڵام نوێنەرانی کورد کەم و زۆر هەبوون لەباری سیاسییەوە حەساویان بۆ دەکرێ بەگوێرەی بەڵێنەکانی سەرۆک ویلسن و بەگوێرەی بەیاننامەیەک لە دوای یەکەکانی ئینگلیز و فرەنسا وەختی ئەوە هاتووە کە کورد «ئازادیی تەواوی خۆی هەبێ» واتە ئەو زەمانە هاتووە کە بتوانن «لە ڕێگەی ریفراندۆم و هەڵبژاردنی ئازادانەی خەڵکی کوردەوە دەوڵەتی نەتەوەییی خۆیان دابمەزرێنن، بەڵام ئەم ئومێد و چاوەڕوانییە گەورەیە زوو کاڵ بووەوە. لەگەڵ خۆپەرستیی دەوڵەتە گەورەکان. (ڕێبەرانی کوردیش لەم مەیدانەدا یەکجار سادە و ساویلکە و بێ توانا بووە: ئەم سەرانە بوونە داردەست و گەمەی هێزە گەورەکان)[٣٩] لە مانگی تەمووزی ساڵی ١٩٢٣ پەیمانی لۆزان بەسترا، ئەم پەیمانە سەرکەوتن بوو بۆ تورکیا بەتایبەت مستەفا کەمال، چونکە ئەو بەڵێنانەی تورکەکان دابوویان بەکوردەکان لە پەیمانی سیڤەردا هەمووی خرانە ژێر پێوە. لە ساڵی ١٩٢٤دا دوان و قسەکردن بە زمانی کوردی لە هەموو کوردستاندا قەدەغە کرا. لە ڕاپۆرتێکدا کە لێژنەیەک بەسەرۆکایەتیی کۆنست تکر-ی سەرۆکی پێشووی وەزیرانی - هەنگاریا لەسەر فەرمانی کۆمەڵەی نەتەوەکان لە ١٦ تەمووزی ١٩٢٥دا بڵاو کراوەتەوە بەم شێوەیە ژمارەی کوردەکانی ئەو کاتە دەخاتە ڕوو.

(٣٨) کورد و باکوری کوردستان لە دوای شەڕی یەکەمی جیهانییەوە هەتا دوای شۆڕشی شێخ سەعیدی پیران، محەمەد ڕەسووڵ هاوار لە بڵاوکراوەکانی بەڕێوەبەرایەتیی چاپ و بڵاوکردنەوەی سلێمانی - بەرگی دووەم، چاپی دووەم، سلێمانی ٢٠٠٦ لاپەڕە ٧٨.

(٣٩) کریس کۆچێرا، کورد لە سەدەی نۆزدە و بیستەمدا، هەمان سەرچاوەی پێشوو، لاپەڕە ٢٤، ٢٥.

| | |
|---|---|
| ژمارەی کورد لە تورکیا | ١,٥٠٠,٠٠٠ کەس |
| لە ئێران | ٧٠٠,٠٠٠ کەس |
| لە عێراق | ٥٠٠,٠٠٠ کەس |

ئەوانی تریشیان کە لە وڵاتانی وەک سووریا و هی تر وا بڵاو بوون ژمارەیان ٣٠٠,٠٠٠ کەس، بەمەش ژمارەی هەموویان دەکاتە ٣٠٠٠,٠٠٠ کەس.[٤٠]

کوردەکان لە ساڵی ١٩٢٥ ئەوەیان رەت کردەوە کە ببنە تورک لە بەرامبەر ئەم کارەیاندا تورکەکان دەستیان کرد بە قەڵاچۆکردنی سیستماتیکییانەیان، بۆ ئەم مەبەستە دوو ڕێوشوێنیان گرتە بەر:

یەکەم: قەتڵوعام و کوشتنی راستەوخۆ.

دووەم: ڕاگواستنیان.

ئەوە بوو ئەم دوو رەشەکوژی و کوشتنە بەم شێوەیە رووی دا، لە دەوروبەری بایەزید ٢٠٠٠ ژن، منداڵ و پیرەمێرد لەناو کادین و ژێرزەمینەکان گیریان خواردبوو، ئەوان هەر لەوێدا بەزیندوویی کران بەژێرەوە. لە باکوری گۆلی وان پیاوەکانی بیست و حەوت بنەماڵە کە رایان کردبوو ژن و منداڵەکانیان لەلایەن تورکەکانەوە سەربڕان، لە بەرامبەر ئەو کۆمەڵکوژییەدا کوردان داوایان لە کۆمیسیۆنی بەدواداچوونی لە نێو کۆمەڵە خێرخوازییە ئەوروپی و ئەمەریکییەکان کرد بێن بەهانایانەوە، بەڵام ئەوان بێدەنگ بوون، هەروەها چەند جارێکیش داوایان لە کۆمەڵەی گەلان کرد کە بێن بەدەمیانەوە

(٤٠) کێشەی کورد، مێژینە و ئێستای کورد، دوکتۆر بلەچ شێرکۆ وەرگێڕانی محەمەد حەمەباقی، چاپخانەی شەهید جەعفەر، چاپی یەکەم ١٩٨٦ لاپەڕە ١٩.
دوکتۆر بلەچ شێرکۆ ناوی خوازراوی نووسەری کورد مامۆستا – محەمەد عەلی عەونی–یە ئەم کتێبەی لە ساڵی ١٩٣٠ وەک پێنجەمین بڵاوکراوەی – کۆمەڵەی خۆیبوون–ی سیاسیی کوردی بە زمانی عەرەبی لە – قاهیرە – چاپ کردووە. بلەچ شێرکۆ کتێبەکەی بە هاوکاریی جەلادەت بەدرخان نووسیوە.

و بەر لەو کوشتن و بڕە بگرن کە دژیان ئەنجام دەدرێت؛ کۆمەڵەی گەلانیش بێدەنگیی هەڵبژارد (نوێنەرانی کورد بەم شێوەیە داواکەیان خستە ڕوو ئەگەر کۆمەڵەی گەلان دەیەوێ شەرەفمەندانە ئەم ناوە هەڵبگرێ نابێ بەهیچ شێوەیەک بەرامبەر بە قەتڵوعامی نەتەوەیەکی وەک ئێمە بێدەنگ بێت، چونکە ئەگەر کۆمەڵەی گەلان هەر سوورە لەسەر ئەوەی ئەم بێدەنگییە شەرمهێنەرە قبووڵ بکات ئەوا ئێمە حەقی خۆمانە کە هەر تەنیا وەک "کۆمەڵەی دەوڵەتان" تێی بڕوانین کە تەنیا خزمەتی بەرژەوەندیی بەهێزەکان دەکات، ئاخۆ جیهان بەردەوام دەبێت لەوەی تا کۆتاییی چاو لەو قەتڵوعامە بێ ڕەحمانە وەحشیگەرییە نەتەوەیەکی چەند ملیۆنی بنوقێنێ تاوەکو ئاژەڵی زیانبەخش قەلاچۆ دەکرێت)[٤١] بەپێچەوانەوە سەبارەت بە تراجیدیای کوردەکان لە نێو بیروڕای جیهانیدا هەر باسیشی لێوە نەکرا. حکوومەتی تورکیا لە ئایاری ١٩٣٢دا کوردستانی تورکیای کرد بە چوار بەشەوە، یاسای ژمارە یەکی دەرکرد، یەکێک لەم چوار ناوچە قەدەغەکراوەدا کرا بە ناوچەی قەدەغەیە (محرمة) بە بیانووی هۆی تەندروستییەوە لە دانیشتوانەکەی چۆڵ کرا و ئەم هۆیەش ڕێگەیەکی گرینگ بوو بۆ دوورخستنەوە و لەناوبردنی خێڵەکایەتی و خێڵە کوردەکان. کوردەکان لە تورکیا بەهۆی ئەو یاسایەوە هەموو مافێکی نەتەوەییان لێ قەدەغە کرا، دەسەڵاتی ئاغا و بەگ و شێخ نەما، هەرچی دەزگای ڕێکخراوە سیاسی و ڕۆشنبیرییەکان هەبوو هەمووی داخران، بڕیار درا ئەو کەسانەی کە بە ڕەگەز تورک نەبن مافی ئەوەیان نەبێت کە زەوی و موڵکیان ببێ، مافی دروستکردن و پێکەوەنانی هیچ جۆرە کۆمەڵێکیان نەبێت. لەم ڕۆژەوە ئەو کوردانەی لە تورکیا دەژین ناونران و تورکی چی[٤٢] چەند

---

(٤١) بۆ زانیاریی زیاتر بڕوانە: قەتڵوعامی ورد لە تورکیا، لە فرەنسییەوە، وەرگێڕان و پێشەکیی پەڕاوێزنووسینی، نەجاتی عەبدولا، بنکەی ژین، سلێمانی ٢٠٠٧ لاپەڕە ٧١ تا ٧٣.

(٤٢) بزووتنەوەی سیاسی و ڕۆشنبیری کورد، ڕەمزی قەزاز، هەمان سەرچاوەی پێشوو، لاپەڕە ٤٢، ٤٣.

مانگێک لەوەپێش موفەتیشی ناوەخۆی شارەکانی رۆژهەلات نەخشەیەکی بەمەبەستی خێراکردنی جێبەجێکردنی سیاسەتی (سڕینەوەی تەبیعەت و کەسایەتیی کوردی) لە کوردستانی تورکیادا، خستبووە بەردەستی دەوڵەت. چونکە ئەو سیاسەتە بە دڵی دەوڵەت نەچووبووە پێشێ، ئەم نەخشەیە لە هەندێ رووەوە تەواوکەری ئەو قانوونەیە کە لە ساڵی ١٩٣٢دا لەلایەن حکوومەتەوە پەسند کرا، بۆ کۆتاییهێنان یەکێک لە مەرجە هەرە گرینگەکانی نەتەوەی کورد کە (زمان)ە - موفەتیشی ناوەخۆ پێشنیاز دەکات کە قوتابخانەی (شەوانەرۆژی) دابمەزرێت کە لەوێدا منداڵانی گوندێن کورد حەقی ئەوەیان نەدرێتێ بە زمانی کوردی قسە بکەن و زمانی تورکی فێر بن لەسەر ئەوە لە ساڵی ١٩٣٢ بەدواوە پاڵەپەستۆ و سەرکوتکاری لە کوردستانی تورکیا هێندە توند دەبێ، کە حکوومەت ناچار دەبێت سانسۆرێکی زۆر توندیش بخاتە سەر کوردستان کە دەکرێت بە ناوچەی محەرەمە و نایەڵێ بچووکترین شت لەسەر بارودۆخ و حاڵی کوردستان بچێتە دەرەوە، دەوڵەتی تورکیا لە سەرەتای ساڵی ١٩٣٧دا یاسایەک دەردەکات کە ماهیەتی سەرکوتکاری لە نەخشەی پێشوودا "نەخشەی ساڵی ١٩٣٢" دووپات دەکاتەوە، داوودەزگای ئیداریی ناوەخۆ هەڵدەسپێرێ، حوکمی عەسکەری ڕادەگەیەنرێ، فەرماندەی عەسکەری دەکرێن بە حوکمڕانی شارەکان[٤٣] تورکەکان لە بەرامبەر ئەو ناڕەزاییانە دەستیان کرد بە ئەنجامدانی کاری دڕندانە و توندوتیژی.

١- بە بیانووی بەرپابوونی شۆڕشی- ئاگری داخەوە نزیکەی٣٢٠ گوندی کوردیان کاول کرد و دانیشتوانی ئەم گوندانەشیان کە ژمارەیان (١٠,٠٠٠) دە هەزار کەس بوون بە پیر و منداڵ و ئافرەتەوە لە دۆڵی «زیلان»دا کۆ کرانەوە و بە فڕۆکە و ئاگربارانکردن و بە ناشرینترین شێوە هەموویان لەناوبران.

---

(٤٣) کورد لە سەدەی نۆزدە و بیستەمدا، کریس کوچێرا، وەرگێڕانی حەمەکەریم عارف، چاپی چوارەم، هەولێر ٢٠٠٧ لاپەڕە ١٥٦.

٢- زیاتر له (١٠٠) رووناکبیری نیشتمانپەروەری کوردیان گرت و هەر بە زیندوویی خستیانە دەریاچەی (وان)ەوە.
٣- لە دەوروبەری -چۆڵەمێرگ-ی مەڵبەندی هەکاری (٣٠٠) سێ سەد گوندیان سووتاند و زیاتر لە (٥٠٠) پێنج سەد ئافرەت و منداڵی دانیشتووی ئەو ناوەیان بە دڕندەترین شێوە کوشت.
٤- لە نزیک هەردوو چیای -ئاگری داخ- و -تەندرک- (٤٠٠) چوار سەد گوندیان کاول کرد و گوندنشینەکانیشیان بە بۆمبای ئاگراویی کاولکەر لەناو برد. ئەمە جگە لەوەی پشکێنەری گشتیی پارێزگەکانی خۆرهەڵات کە ئەوکاتە لە ئەستانە بوو - هەر خەریکی ئەوە بوو کۆبوونەوە لەگەڵ سەرکۆمار و وەزیری ناوەخۆ بکات بۆ دۆزینەوەی ڕێگەی بنەبڕکردنی هەموو بزووتنەوەیەکی شۆڕشگێڕانە لە کوردستاندا کە بریتی بوو لە:
١- هەڵتەکاندنی ژیانی هۆزایەتی و دابەشکردنی هۆزەکانی کورد بەسەر پارێزگەکانی تورکیا.
٢- چەککردنی هەموو دانیشتوانی پارێزگەکانی خۆرهەڵات.
٣- ڕاگواستنی دانیشتوان لە گوندێکەوە بۆ گوندێکی تر بەجۆرێک کە بنەماڵەیەکی گەورە پێکەوە لە یەک گوندا نەهێڵنەوە.
٤- بەتورککردنی دانیشتوان بە زۆرەملێ و قەدەغەکردنی قسەکردن و نووسین و خوێندنەوە بە زمانی کوردی، هەر ئەو کاتە لە بەرامبەر ئەو کوشتار و لەناوبردنانە لێژنەی جێبەجێکردن لە نووسینگەی کرێکارانی سۆشیالیستی دەوڵەتان ناڕەزایی نامەیەکی بڵاو کردەوە کە تێیدا هاتبوو وا لێژنەی جێبەجێکردن لە نووسینگەی کرێکارانی سۆشیالیستی دەوڵەتان سەرنجی دنیا بۆ ئەو کوشتارکارییە ڕادەکێشێ کە حکوومەتی تورکیا، بەرامبەر ئەو کوردانەی دەکات کە خەبات بۆ سەربەستییان دەکەن، لێژنەکە بانگی جیهان دەکات بۆ ناڕەزایی دەربڕین بەرانبەر بەو کارەساتە خوێناوییانەی لە کوردستاندا روو دەدەن و گەلی کوردی تێدا

بووەتە قوربانی،[٤٤] سوپای عوسمانی هێرشەکانی راگرت و پاشەکشەی کرد و رای گەیاند کە قەرەبووی زیان و زەرەری گوندەکان دەکرێتەوە کاتێ سوپای عوسمانی بەرەو دەرسیم پاشەکشەی کرد و بەرەو ئازەربایجان چوو. لە ژێر پاڵەپەستۆی رووسەکاندا بڕیار بوو کوردەکان ڕێی دەربازبوونیان پێ بدەن، بەڵام ناچاریان کردن چەکەکانیان تەسلیم بکەن. بەگوێرەی زانیارییەکانی سوپای تورک و ڕاپۆرتەکان ئەو کاتە دانیشتوانی دەرسیم هەوڵی خۆ پڕچەککردنیان دەدا[٤٥] قانوونی تواندنەوەی نەتەوەی کورد لە بۆتەی تورکایەتیدا بووە هۆی هەڵچوون و بەهێزکردنی گیانی خۆبەختکردن و کوردایەتی لە دەرسیم ئەم یاسایە زۆر کاریگەر بوو، چونکە ناوچەی دەرسیم لە هەموو هەرا و زەنا و جووڵانەوەیەکدا دوور بوو و هەرگیز لە هیچ بزووتنەوەیەکدا بەشداریی نەکردبوو لە دژی حکوومەت دانیشتوانی ئەم ناوچەیە بەتوندی بەرگریی دوورخستنەوەیان کرد. لەبەر ئەوە حکوومەتی تورک هێزی ناردنە سەر و ناوچەکەی بۆمباران کرد لە ئایاری ساڵی ١٩٣٧دا جەلال بایار وەزیری ناوخۆی تورکیا، دوای جەنگ مانگێک تێپەڕبوون بەسەر کوشتاری (دەرسیم)دا لە پەرلەمانی تورکیا بە شانازییەوە باسی لێوە کرد و وتی (کوردەکان تەواو کران، ئەم دز و جەردانە بە زەبری هێز و چەک کران، بە شارستانی) هەرێمی دەرسیم ناوچەیەکی شاخاویی چڕ و سەخت، سوپای عوسمانی تاکو سەرەتاکانی سەدەی بیست نەیتوانی داگیری بکات و بچێتە ناوی، خەڵکی ئەو هەرێمە خۆیان لە دانی سەرباز بەحکوومەتی عوسمانی دەپاراست. هەروەها ئەو بەشەی کوردستان کە خرایە سەر سووریا دوای جەنگ کەوتە ژێر دەستی ئینیتدابی فرەنسییەوە، کوردەکان ڕێژەی ١٠٪ دانیشتوانی سووریا پێک دەهێنن،

(٤٤) دوکتۆر بلەچ شێرکۆ، کێشەی کورد، هەمان سەرچاوەی پێشوو، لاپەڕە ١١٣، ١١٤، ١١٥.

(٤٥) کورد و کوردستان، هەمان سەرچاوەی پێشوو، لاپەڕە ٥٥٩، ٥٦٠.

کەواتە ئەوان یەکەمین کەمە نەتەوەی ئەو وڵاتەن. بەشێوەیەکی سەرەکی کوردەکانی سووریا لە بەشی باکوری وڵاتدا لە ناوچەی جەزیرە و چیای کوردان (جبل الاکراد) و (عین العرب) دەژین، هەروەها ژمارەیەکی زۆریشیان لە شارەکانی حەلەب و حەما و دیمەشق نیشتەجێن. چارەنووسی کوردەکانی سووریا زۆر دراماتیانە بوو، ئەو دابەشکردنە نوێیەی کوردستان بەهیچ جۆرێک رەچاوی بەرژەوەندییە نەتەوایەتی و ئابوورییەکانی دانیشتوانی نەکردبوو، دیاریکردنی سنوورەکان بەو شێوازە چەندین ئاستەنگ و دژوارییی لە ژیانی کوردەکاندا دروست کرد لە ڕووی ئابووری و کولتوور و ڕەگەزیشەوە، تەنانەت ژمارەیەکی زۆر لە کوردەکانی یەک هۆز و تیرە تەنانەت یەک خێزانیش خۆی دەبینییەوە کە دابەش بوون بەسەر دوو وڵاتدا. ئەمەش لە ئەنجامی دیاریکردنی سنووری تورکیا و سووریا. ئەم جۆرە خواستە سروشتییەکانی کورد لە پاراستنی پێوەندییە ئابووری و سیاسییەکان ڕووبەڕووی شێوازی جیاجیای پرۆسە سیاسی و سەربازییەکانی ئەو وڵاتانە بووەوە کە کوردستانیان دابەش کردووە.[٤٦] کاتێک سووریا سەربەخۆیی وەدەست هێنا، زمانی کوردی لەو وڵاتە قەدەغە کرا و کوردەکان کەوتنە ژیانێکی پڕ لە هێرش و زەخت و زۆرەوە. ئەوەی لە ئێران و تورکیا بەڕێوە دەچوو.[٤٧] لە کوردستانی ئێرانیش کوردەکان لە زۆر ڕووەوە بووبوونەوە قوربانی لای کۆمەڵەی گەلان هیچ گرینگی بە کێشەکەیان نەدرا، تا درەنگانێ عێراق نەبووە ئەندامی رێکخراوەکە، چونکە حکوومەتی عێراقی دوای رێککەوتنی پەیماننامەی عێراقی- ئینگلیزی ساڵی ١٩٣٠ خۆی کاندید کرد تا وەک ئەندام لە کۆمەڵەی نەتەوەکان قبووڵ بکرێت. (لە ساڵی ١٩٣٢دا عێراق بووە ئەندامی کۆمەڵەی نەتەوەکان لەو کاتەدا تا ڕادەیەک بزووتنەوەی دیموکراتی و کوردایەتی بەرەو جوولانەوە دەرۆشت) هەرچەندە

---

(٤٦) مێژووی کوردستان، ن. لازاریف، هەمان سەرچاوەی پێشوو، لاپەڕە ٣٨٥.

(٤٧) کورد و کوردستان، هەمان سەرچاوەی پێشوو لاپەڕە ٢٣٤ و ٢٣٥.

ئەنجـوومــەنی کـۆمــەڵگە گـومـانـی لە توانای عـێـراق هەبوو کـە گـرەنتی بەردەوامـبوونی پاراسـتنی مافی کەمینەکان بە مافە نەتەوەییـیـەکانیـانەوە بکەن. بۆ ئەمەش ئەنجـوومەنی کۆمەڵەی نەتەوەکان مەرجێکیان بۆ عێراق دانا کـە مـافی کـەمـینە دینی و ڕەگـەزییـەکـانی وڵاتەکـەی بپـارێزێ.(٤٨)

بەگـوێرەی سـەرژمـێری سـاڵی ١٩٢٣–١٩٢٤، (ئینسکلۆپیدیای ئیـسـلام، جلـدی ٢، لاپەڕە ١١٣١) ژمارەی دانیشتوانی کوردی وڵاتی مووسـڵی کۆن دەبێ ٤٩٤٠٠٧ بێت. بەگـوێرەی ڕاپۆرتی لێـژنەی سـەرژمـێری کـۆمـەڵەی نەتەوەکان کە لە ساڵی ١٩٢٥دا ئەنجامی دا لەو ڕاپۆرتەدا لە دوو خشتەی (٨، ٩)دا ئـامـاژە بە ژمـارەی دانـیـشـتـوانی کـوردی کـراوە و رەبـتکراوە بە ڕاپۆرتەکـەوە، شـێـوەی دابەشـبـوونـی، دانیـشـتـوانی کـوردی ئەم چوار لیوایەتی باکوری عێراق بەگوێرەی بەدواداچوونەکان، لێژنەکەی کۆمەڵەی نەتەوەکان بەم شێوە بووە.

| | |
|---|---|
| لە ناو لیوای مووسڵ | ٨٣٠٠٠ |
| لە هەولێر | ١٧٠٦٥٠ |
| کەرکووک | ٤٧٥٠٠ |
| سلێمانی | ١٨٩٩٠٠ |
| **هەمووی** | **٤٩٦٠٥٠** |

هەرچەندە ئەم سـەرژمـێرییـە مـحـەمـەدئەمین زەکی رەخنەی لێ دەگـرێت بەراوردی دەکات بە (موجل جغرافية العراق) کە ئاماژە بەوە دەکات کە ٤٦٠٠٠ کەس جیاوازیی هەیە و ئەم جیاوازییەش هۆکارەکەی باس نەکرا و، بەڵام لە کۆتاییدا ئەوە دەخاتە ڕوو کە ژمارەی کوردی عێراق ٦٠٠٠٠٠ کەس زیاترن ئەگـەر ژمـارەی دانیـشـتـوانی عـێـراق بە سێ ملیـۆن دانرێ، رێژەی کـوردی

(٤٨) محەمەدئەمین زەکی بەگ، هەمان سەرچاوەی پێشوو، لاپەڕە ٢٣ تا ٢٧.

عێراق، بەگوێرەی نفوسی عمومیە دەبێ لە دەوری ٢٠٪ بێ. لەساڵی ١٩٣٢دا عێراق بووە ئەندامی کۆمەڵەی نەتەوەکان، لەو کاتەدا تا ڕادەیەک بزووتنەوەی دیموکراتی و کوردایەتی بەرەو جووڵانەوە دەڕۆیشت[٤٩] بەڵام دەست کرا بەدوورخستنەوە و سەرکوتکردن. شاعیرێک بەوردی و دیقەتەوە باس لە کۆمەڵکوژیی کوردەکان و بێدەنگیی کۆمەڵەی نەتەوەکان دەکات ئەحمەد موختار جاف (١٨٩٧– ١٩٣٥) بوو. ئەو لە ساڵی ١٩٢٥دا شیعرە بەناوبانگەکەی (دێتە گوێم دەنگێ) دەنووسێتەوە. لەو کاتەدا شاعیر هەستی بە پیلانی دەوڵەتە دەسەڵاتدارەکانی ئەوروپا و هاوسێکانی کورد کردووە، ئەوەشی خستووەتە ڕوو کۆمەڵەی نەتەوەکان دەوری گرینگی لە نەهاتنە دی هیوا و ئامانجەکانی کورد هەبووە[٥٠]، لەگەڵ ئەوەدا ئەحمەد موختار جاف باس لە کومەڵکوژیی کورد و بێدەنگیی کۆمەڵەی نەتەوەکان دەکات، داهاتووی ئەو نەتەوەی لەبیرە، ئەوە ڕوون دەکاتەوە کە هەرچەندە کورد قەتڵوعام دەکرێن و لەناو دەبرێن، بەڵام پاش ئەو کارەساتانە رزگاریان دەبێت و دەست دەکەن بەئاوەدانکردنەوەی خاک و نیشتمانەکەیان[*]. ئەحمەد موختار جاف لەو شیعرەدا بەم شێوەیە باس لە نەهامەتیی کورد و ڕۆڵی کۆمەڵەی نەتەوەکان دەکات:

دێتە گوێم دەنگێ بە سۆز و شیوەن و گریانەوە
ناڵەی دڵمە لە حەسرەت خاکی کوردستانەوە

---

(٤٩) بزووتنەوەی سیاسی ورۆشنبیری کورد، هەمان سەرچاوەی پێشوو، لاپەڕە ٣٧.
(٥٠) د. مارف خەزنەدار، ڕەنگدانەوەی خەباتی کورد لە پێناوی مافی نەتەوایەتی لە ئەدەبی کوردیدا، کۆواری ڕامان، ژمارە ١٤٦، ساڵی ٢٠٠٩ لاپەڕە ٦٨.
(*) ئەحمەد موختار بەگی جاف[*]

*(*) بڕوانە: دیوانی ئەحمەد موختار جاف، ئامادەکردن و بەراوردکردن و لێکدانەوەی پرۆفیسۆر دوکتۆر عیزەدین مستەفا ڕەسووڵ، بە کۆششی ئەفراسیاب ئەحمەد موختار جاف، چاپخانەی ئەدیب، بەغدا ١٩٨٦، لاپەڕە ١٣٤و ١٣٥.*

لانەواز و بێکەس و مـەزڵوومن ئێستـە قـەومی کـورد
گـا بەدەسـتی تورکـەکـان و گـا بەدەست ئێـرانەوە
ئیسمی ویجدان و عەدالـەت بێ مـوسـەممایە و درۆ
بۆ سـیـاسـەت ئـەم قسـە کـەوتووەتە سـەر لێـوانەوە

هەروەها هەر لەو شیعرەدا دەڵێ:

ئەم قـەراری عـوسـبـە وا خـەڵقـی ئەڵێن بۆ کـورد ئەبێ
هەر قـسـەی رشـووتە و قـسـە ناچێتـە گـیـرفـانەوە
ئـەمـــــــــڕۆ بـا وابـێ، بـەڵام رۆژێ ئـەبـێ ئـەولادی
دێنە مـەیدان بە عـیلم و سـەنعـەت و عـیـرفـانەوە
پاش قڕانی مودەعی دەست پێ دەکەن تەعمیری موڵک
رێگەی ئاسن دەچێـــتـــە شـــاخی هـەورامـــانەوە

باسی دووەم

## هەوڵی نێودەوڵەتی لە سایەی نەتەوە یەکگرتووەکان "الامم المتحده"

ئەوە بوو دوای ئەوەی کە کۆمەڵەی نەتەوەکان نەیتوانی ئەو ئامانجانەی کە لە پێناویدا دروست بوو بیهێنێتە دی، هەروەها هەڵگیرساندنی جەنگی دووەمی جیهانیش کە پێشێلکردنێکی دیاری مافەکانی مرۆڤی لێ کەوتەوە، پەیدابوونی رێکخراوەیەکی جیهانی لە چوارچێوەی ناوێکی نوێدا گەلێک گرینگ بوو، ئەوە بوو بەسوود وەرگرتن لە کۆمەڵی نەتەوەکان (عصبة الامم) دەستەی نەتەوە یەکگرتووەکان پێک هات. بێگومان بۆ کۆمەڵی نێودەوڵەتی پێویست بوو کە چارەسەرێکی بنەڕەتی بدۆزرێتەوە بۆ نەهێشتنی جەنگ و کۆتاییهێنان بەپێشێلکردنی مافی مرۆڤ (بۆیە پەیدابوون و هاتنە ئارای سیستمێکی نوێ بۆ پاراستنی ئاشتی و درێژەدان پێی لە داهاتوودا بووە شتێکی نکووڵی لێنەکراو، بەم هۆیەوە ژمارەیەک بانگەواز لەلایەن هەندێ وڵاتەوە دەرچوون[٥١] دەتوانین دەرکەوتی سەرەتاییەکانی رێکخراوەکە لە چوارچێوەی کۆمەڵێک ئامانج و بنەمادا بگەڕێنینەوە (بۆ کۆبوونەوەی ساڵی ١٩٤١ی واشنتۆن کە ئەو کۆبوونەوەیە لە نێوان سەرۆکی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا فرانکلین رۆزفیچڵت و سەرۆک وەزیرانی بەریتانیا ونستن چەرچڵ رێککەوتننامەی ئەتڵەنتیکیان ئیمزا کرد ئەوە بوو لە رۆژی ٢١/ ٨/ ١٩٤١ بۆ یەکەم جار ناوی نەتەوە یەکگرتووەکان باس کرا)[٥٢] ئەو دوو دەوڵەتە رێککەوتن بۆ مسۆگەرکردنی ئاشتیی ئارامیی نێودەوڵەتی ئەوە بوو لە ساڵی ١٩٤٢دا

(٥١) رشيد، فخري و داود، طلال ياسين: مصدر سابق، ص ٩٥.

(٥٢) قانون الامم المتحدة الغني، محمد طلعت: (عرض وتحليل) دارالمعارف بمصر، طبعة الاولى ١٩٥٧ ص ٣٩.

نوێنەرانی هەریەک لە وڵاتانی هاوپەیمانی جەنگ (کە برێتیبوون لە ٢٦ دەوڵەت، ئەم دەوڵەتانە دەجەنگان دژی دەوڵەتانی میحوەر وەک ژاپۆن و ئەڵمانیا بەسەرۆکایەتیی هیتلەر) لەو کۆبوونەوەدا دەوڵەتان پابەندی خۆیان بۆ بنەماکانی میساقی ئەتڵەنتی دەربڕی(٥٣) (دوای ئەوە لە ٣٠ تشرینی یەکەمی ساڵی ١٩٤٣ لە مۆسکۆ لە نێوان یەکەتیی سۆڤیەتی و بەریتانیا و چین کە جەختیان کردەوە لەسەر زەرورەتی پەیدابوونی رێکخراوەی دەوڵەتان لە پێناو چارەسەرکردنی ئاشتی و ئارامیی نێودەوڵەتی). ئەمە هەوڵێکی عەمەلی بوو بۆ هێنانە دی ئەو رێکخستنە بەرەو رێکخستن و کۆبوونەوەی ساڵی ١٩٤٤ لە نێوان بەریتانیا و وڵاتە یەکگرتووەکان و یەکەتیی سۆڤیەتدا. ئەو کۆنگرەیە لە نێوان رۆژانی ٢٩/ ٩ بۆ ٧/ ١٠ی ١٩٤٤ بەریتانیا و وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا و چین و کۆتاییی هات، لەگەڵ ئەوەدا چەند پێشنیازێ کران، بەڵام ئەو وڵاتانە لەسەر هەندێک خاڵ کۆنگرەکە رێک نەکەوت لەسەری، بەڵام لە کۆنگرەی یاڵتای شوباتی ١٩٤٥ بەئامادەبوونی هەریەک لە ستالین و رۆزفێڵت و تشرشل رێککەوتنێکیان لەسەر دامەزراندنی رێکخراوەیەکی نێودەوڵەتی ئەنجام دا(٥٤) لەو کۆنگرەیەدا (رێک کەوتن لەسەر دامەزراندنی رێکخراوەکە، بەڵام لەسەر مەسەلەی مافی ڤیتۆ کۆبوونەوەکان درێژەیان کێشا تا (لە کۆنگرەی فرەنسیسکۆی ٢٥ی نیسانی ١٩٤٥ و بەئامادەبوونی نوێنەری پەنجا وڵات گەیشتنە پیادەکردنی دەقی پەیمانێکی نێودەوڵەتی(*) ئەوە بوو میساقی نەتەوە یەکگرتووەکان خرایە ڕوو، بەڵام میساقەکە نەکەوتە بواری جێبەجێکردنەوە تا پێنج دەوڵەتە هەمیشەییەکەی ئەنجومەنی ئاسایش

---

(٥٣) رێکخراوی نەتەوە یەکگرتوەکان، هەمان سەرچاوەی پێشوو، لاپەڕە ١٥.

(٥٤) الامم المتحدة: حقائق الاساسية عن الامم المتحدة اعلام الامم المتحدة، نیویورك، ص٩٥٤

(*) بڕوانە دەقی رێکەوتننامەی نەهێشتنی تاوانی جینۆساید و سزادانەکانی نەتەوە یەکگرتوەکان کە لە کۆتای لێکۆڵینەوەکەدا وەرمان گێڕاوە و لەو دەقەکەدا وردەکارییەکانی ناساندنی جینۆساید و ڕەگەزەکانی تاوانەکە و ئەو کەس و لایەنانە کە ئەو سزایە دەیانگرێتەوە بخوێنەوە.

تەسدیقیان نەکرد و زۆربەی ئەندامانی ڕێکخراوەکە ڕەزامەندییان دەرنەبڕی لە مانگی ئۆکتۆبەر ١٩٤٥).[٥٥] هەر دوا بەدوای تەسدیقکردنی میساقەکە لەلایەن وڵاتانەوە، ئەوە بوو ڕێککەوتنێک لەلایەن دەوڵەتانەوە بەسترا کە تایبەت بوو بە نەهێشتنی تاوانی کۆمەڵکوژییەوە، ئەویش ڕێککەوتننامەی نەهێشتنی تاوانی جینۆساید و سزادانەکانی ٩ی کانوونی یەکەمی ١٩٤٨)[٥٦].

دەقی ڕێککەوتنەکە چەند ئیلتیزامێکی دەولیی لەسەر لایەنە سەرەکییەکانی جێبەجێکاری تاوانەکە دەخاتە ڕوو لە پێناو ڕێگرتن لە چاندنی سیاسەتێک کە ئامانجی مانەوە و بەردەوامیدان بێت بە لەناوبردن و جیاکاریی ڕەگەزی ئیلتیزاماتەکان لەسەر دەوڵەتە بەشدارەکان بەگوێرەی ڕێککەوتننامەکە دەتوانرێت لە ڕێگەی:

١- گرتنەبەری ڕێوشوێنی یاسادانان.

٢- گرتنەبەری ڕێوشوێنی دادوەری.

٣- گرتنەبەری ڕێوشوێنی ئیداری.[٥٧]

(ڕێککەوتنەکە هەموو لەنێوبردنێک مەحکوم دەکات کە بەهۆی جیاوازیی ڕەگەز یان ڕەنگ یان ئاین ئەنجام بدرێت و کەرامەتی ئینسانی پێ لەکەدار بکرێت و بەو بیانووەوە لەنێو ببرێت، وەک ئاشکرایە یەکێک لە گرینگترین ئامانجەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان پاراستنی ئاشتی و ئاسایشی نێودەوڵەتانە).[٥٨]

(٥٥) میثاق الامم المتحدة، اعداد ودراسة، قاضي نبیل عبدالرحمن حیاوي، بغداد، طبعة الثانیة ٢٠٠٦ص ٨.

(٥٦) المحكمة الجنائیة الدولیة هیمنة القانون ام القانون هیمنة، دكتوران محمود، ضاري خلیل یوسف طبعة الاولى ٢٠٠٢ص ٥٩.

(٥٧) الفصل والتمیز العنصري في ضوء القانون الدولي، ضاري رشید سامرائي، دار الرشید للنشر منشورات وزارة الثقافة والاعلام، بغداد ١٩٨٣ ص١٤٥و ١٤٦.

(٥٨) الوثائقة العالمیة والاقلیمیة بیوني، محمود شریف، والدقاقة ، محمد سعید ووزیر عبدالعظیم مجلد الاول، دار العلم املاین طبعة ثانیة ٢٠٠١ ص ٨٦.

لەم بوارەدا رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان تا حاڵی حازر نزیکەی ٦١ بەڵێننامە و بەندی تایبەت بە مافەکانی مرۆڤ دەرکردووە، گرینگترین بەڵێننامەی ئەو بوارە تایبەتە بە جینۆساید: رێککەوتننامەی نەهێشتنی تاوانی جینۆساید و سزادانەکانی (الاتفاقية منع الابادة الجماعية والمعاقبة عليها).

– رێککەوتنننامەی نێودەوڵەتی بۆ کۆتاییهێنان بە هەموو جۆرە لەنێوبردنێکی نەژادی.

– رێککەوتننامەی رێگرتن لە کردنی تاوانی جەنگ یان تاوانی دژی ئینسان.

– بانگەواز لەبارەی نەهێشتنی هەموو ڕێگە و شێوازەکانی.

– توندڕەوی و لەنێوبردنی لەبەر هۆی دینی و یان بیروباوەڕی.

– بنەمای هاوکاریی نێودەوڵەتی لە گرتن و سزادان و تەسلیمکردنی ئەو کەسانەی کە تاوانیان بە ئەنجامدانی تاوانی جەنگ یان تاوانی دژە ئینسانی. (ئەو رێککەوتننامەیە یەکەمین رێککەوتننامەی مافی مرۆڤ بوو، پێش جاڕی گەردوونی مافەکانی مرۆڤ بەرۆژێک پێش ئەم رێککەوتننامەیە بەسترا و ناونرا و لەسەر بڕگەکانی رێککەوتن و دوای چەند قۆناغێکی جیاواز دانی پێ دانرا لەلایەن کۆمەڵەی گشتییەوە و سەرەتای قۆناغەکە بەبڕیارێکی کۆمەڵەی گشتیی ژمارە ٩٦ (د-١) بوو جگە لەو رێککەوتننامەیە کۆمەڵەی گشتیی نەتەوە یەگگرتووەکان دوو رێککەوتننامەی تری دەکرد یەکێکیان رێککەوتننامەی ساڵی ١٩٦٥ بوو بۆ کۆتایهێنان بە جیاوازیی رەگەزی بەهەموو شێوەکانیەوە ئەوی تریان رێککەوتننامەی ساڵی ١٩٧٣ بوو بۆ بنەبڕکردنی تاوانی جیاکاری رەگەزی سزادانی بەرپرسیارانیان، هەرچەندە ئەو رێککەوتننامانە دەرکران کەچی لە گەلێک رووەوە تا ئێستاش نەتەوە یەکگرتووەکان ڕووبەڕووی ڕەخنە و گازندەی دەوڵەتان، گەلان و کەسانی شارەزا دەبێتەوە، چونکە یاساکان نەیانتوانیوە بەتەواوی بەر لە تاوانەکە بگرن و دەستەبەری عەدالەت و یەکسانی بۆ هەموو لایەک وەک یەک بکەن،

ئەمــــە جگە لەوەی ناشـــتـــوانن، ڕێگریی جـــدی دروست بکەن لە بەردەم ڕوونەدانەوەی کـارەسـاتی کـۆمـەڵکوژی، چونکە زۆرترین پێـشـێلکاریی لەناوبردنی بە کۆمەڵ دوای دەرچوونی ئەو یاسایانە ڕووبەڕووی نەتەوە و کەمە نەتەوەکـان بـووەتەوە. هەروەها لە مـاوەی دامـەزراندنی ڕێکخـراوی نەتەوە یەکگرتووەکانەوە لە سـاڵی ١٩٤٥ەوە تا سـاڵی ١٩٧٥ نزیکەی ٤٧٠ جـەنگی ناوچەیی و کێشە و گیروگرفت جەنگی دەستنیشـان بکەین، جیهان لە ماوەی دامـەزراندنی ئەو ڕێکخراوە بە چەندین کێشـە و گیروگرفتەوە دەناڵێنێ لە ڕاستیدا هەموو ئەو کێشـە و جەنگانە وڵاتانی داگیرکەر لێیان بەرپرسن کە هیچ ڕێزێکیان بۆ ئەو ڕێکخراوە جیهانییە دانەناوە کە بیرۆکـەی فیکری و سیاسیی خۆیانە، بیریار و سیاسییەکانی نەتەوە داگیرخوازەکان پێشنیازی دامـەزراندنی ڕێکخراوێکی جیهانی یان دەوڵەتی جیهانیـان کردووە و هەر خۆشـیان پێشێلی مافەکانی مرۆڤ دەکەن و جەنگی ناوچەیی و جیـهانی هەڵدەگیرسێنن. (ئەمەریکا و یەکەتیی سۆڤیەتی جاران دوو دەوڵەتی داگیرکەر بوون کە دەستیان بەسەر داوودەزگا و چالاکییەکانی ڕێکخراوەکەدا گرتبوو، ئەم حاڵەتە لە قۆناغی شەڕی ساردی نێوان ئەمەریکا و یەکەتیی سۆڤیەت بەتەواوی ڕۆڵی ڕێکخراوەکەی لە ئاستی نێودەوڵەتیدا لاواز کردبوو گرژی و ناکۆکیی ئەو دەوڵەتانە بەجۆرێک کاروباری ڕێکخراوەکەی پەک خستبوو کە نەیدەتوانی بڕیار و کـۆبوونەوە لەسـەر مـەسـەلە گـرینگەکـان و کـێـشـە نێودەوڵەتییەکان بدات.)[٥٩]

لە سـەردەمی نەتەوە یەکگرتووەکـانیـشـدا بەهـەمـان شـێـوەی سـەردەمی کـۆمـەڵەی نەتەوەکـان، کـورد ڕووبەڕووی لەناوبردن دەبێـتـەوە، تەنانەت لەو ماوەیەدا هەموو شێوەکان و جۆرەکانی جینۆساید بەرامبەریان ئەنجام دراوە هەر لە جینۆسایدی فیزیکییەوە تا جینۆسایدی ئابووری، کولتوری، بایۆلۆجی: حکوومـەتی تورکـیا لە سـاڵی ١٩٢٥ هێـرشی کـردە سـەر کـوردەکـان، ئەم هێرشانە بەردەوام بوو، کە بووە هۆی سەرهەڵدانەوەی جەنگی نوێی گەورە لە

(٥٩) ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان، هەمان سەرچاوەی پێشوو، لاپەڕە ٤٥.

سالانی١٩٣٠، ١٩٣٧، ١٩٣٨، ئەو دەوڵەتە هەستا بەلەناوبردنی کوردەکانی شاری دەرسیم لە شەڕی نێوان سالانی ١٩٣٧و ١٩٣٨ کە زۆر لێکۆڵەرەوە بەجینۆساید و لەناوبردنی بە کۆمەڵی کوردەکانی دادەنێن[٦٠] تا ئێستاش کورد لە تورکیا هەموو جۆرەکانی جینۆسایدی بەرامبەر ئەنجام دەدرێت، کە خراپترینیان جینۆسایدی کولتوورییە کە رێگەی قسەکردنیان بە زمانی دایک پێ نادرێت، هەروەها منداڵەکانیان لە کۆمەڵگە دادەبڕێن و بە بیانووی بەشداریی سیاسییەوە لە خێزانەکانیان دوور دەخرێنەوە، بەگوێرەی هەندێ ئامار کە لە رۆژنامەکان بلاو کراونەتەوە تا ئێستا سەدان منداڵ و مێردمنداڵی (خوار تەمەنی هەژدە ساڵ) لە زینداندان، ئەو مندالانە دوای دەستگیرکردنیان لە ژێر ناوی پێشێلکردنی یاسای کۆبوونەوە و خۆپێشاندان لە دادگەی ئاسایشی دەوڵەت دادگەیی دەکرێن و سزا دەدرێن. بە گوێرەی ئاماری ژووری پارێزەرانی دیاربەکر لە ماوەی سالانی ١٩٨٤وە تا ساڵی ١٩٩٧دا زیاتر لە ٢٦٠٠ منداڵ لە دادگەی ئاسایشی دەوڵەت دادگەیی کراون. ئەمەش جۆرێکە لە جینۆساید.

لە کوردستانی رۆژئاواش ئامارە نافەرمییەکان ئاماژە بەوە دەدەن کە نزیکەی سێ ملیۆن کورد لەو ولاتە دەژین، رژێمی سووریا هەروەک ئەو رژێمانەی تر لە دوای گەشەسەندن و دەرکەوتنی بزووتنەوە سیاسییەکان دەستی کردووە بەسەرکوتکردن و سڕینەوەی ئەو خەڵکە، رەوتی فەرهەنگی کورد لە سووریا لە دوای رووداوی ساڵی ١٩٣٠وە دەرکەوت و کاریگەرییەکانی بەرجەستە بوون، ئەم رووداوە عیبارەت بوو لە بالادەستی و گەشەی نەتەوەیەتی بوو، ئەمەش لە رێگەی زیندووکردنەوەی زمان و تازەکردنەوەی ئەدەبییەوە بوو کەسە دیارەکانی ئەم رەوتەش نەوەی بەدرخانییەکان بوون.

---

(٦٠) المسالة الكردية في العلاقات، التركية – الايرانية، روبرت اوسن، ترجمة وتقديم، د. محمد احسان، دار اراس للطباعة والنشر، هولير ٢٠٠١، ص ٢٦، ئیسماعیل بیشکچي، ئەو لەناوبردنەی دەرسیم وەک جینۆساید ناو دەبات.

ئەم رەوتەش بووە هۆی پەرەسەندنی بیری ناسیۆنالیستی دواتر بووە هۆی دەستگیرکردنی ژمارەیەک چالاکوان ئەوە بوو لە سەرەتای شەستەکاندا ژمارەیەک لە کوردە ناسیۆنالستەکان گیران ٣٢ لەوانە دادگەیی کران، ئەم دەستگیرکردن و دادگەییکردنەش بە بیانووی ئەوەوە بوو کە ئەوانە دەیانەوێ لە وڵاتێکی عەرەبی یەکگرتوودا دەوڵەتێکی کوردی دروست بکەن).(٦١) (بۆ ڕێگەدان و سەرکەوتنیان بۆ لەناوبردنی کورد لە هەر چوار پارچەکە ئەو دەوڵەتانە دەیانویست بەڵگەی زانستی و بڕ و بیانووی عەقڵی بدۆزنەوە، بۆ سڕینەوە و لەناوبردنی کورد ئەوەتا دوای (هاتنە سەر کاری حزبی بەعس لە سووریا لە ساڵی ١٩٦٣ محەمەد تەڵەب هیلالی کە وەزیری گوزەران بوو لە حکوومەتەکەی زەواین ناوبراو بۆ چەند ساڵێک لە ئەنجوومەنی وەزیران مایەوە ئەمەش لە پێناو دۆزینەوەی بەڵگەی زانستی بۆ هێرشکردنە سەر کوردەکانی ئەو وڵاتە و دۆزینەوەی بەڵگە بۆ دەرپەڕاندن و چەوساندنەوەیان ئیدی لەو کاتەدا ئەو بەرپرسە لەسەر بنەمای مرۆڤناسی (ئەنسرۆپۆلۆجی) دەیویست بە شێوەیەکی زانستی بیسەلمێنێ کە کورد نەتەوەیەک پێک نایەنێت، هەروەها هیچ رەگەزێکی نەتەوەبوونیشی تێدا نییە. ئەو لە لێکۆڵینەوەکەیدا بەم شێوەیە دەگاتە ئەنجام لە بەرامبەر کورد. دەنووسێت (کورد خەڵکانێکی بێ مێژوو، یان بێ شارستانی، یان بێ زمانن، تەنانەت رەگەزی بنەچەی تایبەتی خۆیان نییە، تاکە جیاکەرەوەیەک کە تایبەت بێت بەوانەوە گیانی وێرانکاری و توندوتیژیەیە، کە ئەویش بە ئاسایی لە هەموو چیانشینێکدا هەمان جیاکەرەوە هەیە، لەسەر ئەوەشەوە کوردەکان لە ناو شارستانی و مێژووی نەتەوەکانی تردا دەژین، کە هیچ شتێکیان بۆ شارستانییەت و مێژووی ئەو نەتەوانە نەکردووە) لەبەر ئەوە دەسەڵاتی سووریا پلانێکی زانستی لە پێناو سڕینەوە و لەناوبردنی کورد پیادە کرد کە دواتر دەستی کرد بەجێبەجێکردنی، پلانەکەش خۆی لە سیاسەتی بێبەشکردن و

(٦١) مسأله کرد، ژویس بلو، ترجمه، پرویز امینی، مرکز پژوهسهای کردستان شناسی، تهران، ١٣٧٩ ص١٨.

دەستبەسەراگرتن، دەبینییەوە کە ئەویش بریتییە لە سیاسەتی بڵاوە پێکردن و گواستنەوەی خەڵکی کورد و سەرکوتکردنیان، هەروەها سیاسەتی بێبەشکردن لە فێربوونی هەر جۆرە زانیارییەک، تەنانەت بێبەشکردنیان لە فێربوونی زمانی عەرەبی، گرتنەبەری سیاسەتی هاندانی (کورد لە دژی کورد). دوای ئەو هەموو نەگبەتییانە ئەگەر سەرنجی دەستووری سووریا بدەین ئەوا تا ئێستا بەهیچ شێوەیەک باسی کورد نەکراوە و هیچ سەرکردەیەکی ئەو وڵاتە ئامادە نییە دان بەوەدا بنێت کە شتێک هەیە لەو وڵاتەدا بەناوی کێشەی کوردەوە. بەگوێرەی قسەی سیاسییەکان و زۆر ناوەندی ئاگەداری ئەو وڵاتە نزیکەی پێنج سەد هەزار کورد هەن بێ ناسنامەن و تەنیا نامەیەکی ڕێپێدراویان لەلایەن ئەو رژێمەوە پێ دراوە، ئەو کەسانە ناتوانن هیچ شتێک بکەن ئەوان ناتوانن بخوێنن، مافی سەفەرکردنیان نییە، مافی موڵکدارییان نییە، تەنانەت مافی خەوتنیان لە ئۆتێلەکانیش لێ سەندراوەتەوە.[٦٢] جگە لەوە چەندین هەوڵ لە ئارادان بۆ لەناوبردنیان، یەکێک لە خراپترین جۆرەکانی جینۆساید لە بەرامبەر کوردەکان لە سووریا بریتییە لە سەندنەوەی ناسنامەی ئەو خەڵکە ناوی گوند و شار و تەنانەت منداڵەکانت گۆڕی ئەمە هەوڵێکی ترە بۆ سڕینەوە و لەناوبردنی، ئەگەر سەیری سووریا بکەین دەبینین دواکەوتووترین و خراپترین ناوچەکانی سووریا چ لە ڕووی خزمەتگوزاری یان پرۆژە و تەنانەت وەبەرهێنانیشەوە ناوچە کوردییەکانن، کاتێ دەسەڵات بەشێوەیەکی سیستماتیک هەوڵ دەدات بۆ دواخستن و دواکەوتنی خەڵکەکە و ناوچەکەیان ئەوە خۆی لە خۆیدا جینۆسایدە)[٦٣] لە کوردستانی رۆژهەڵات بەهەمان شێوەی پارچەکانی تر کوردەکان ڕووبەڕووی سەرکوتکردن و شێوەکانی جینۆساید بوونەتەوە، کە گرینگترینیان جینۆساید بوو لە گوندی

(٦٢) کورد لە سووریا، مستەفا نازدار، وەرگێڕانی مینە، کۆواری کوردۆلەجی، لە بڵاوکراوەکانی مەڵبەندی کوردۆلۆجی، ژمارە ٢، لاپەڕە، ١٥٩.

(٦٣) وتووێژ لەگەڵ دوکتۆر عەبدولباست، پسپۆڕی فەلسەفەی سیاسی و کەسێکی ئاگەداری ڕەوشی سیاسیی کورد لە سووریا، ساڵی ٢٠٠٩.

قارنێ. لەگەڵ ئەو کارەساتەدا تا ئێستاش هەڕەشە و پرۆسەی سڕینەوە و لەناوبردنیان بەردەوامە. ئەگەر بەخێرایی سەیری مێژوو بکەین لەو وڵاتانەی کە کوردیان بەسەر دابەش کراوە ساڵانێکە دەبنە قوربانیی سیاسەتەکانی ئەو دەوڵەتانە، لە ئێرانیش جگە لەوەی خوێندن لەو وڵاتە بەزمانی دایک قەدەغەیە، هەروەها رێگەی کاروبار و چالاکیی سیاسی نادرێت و چالاکوانانی بواری مەدەنیش بەردەوام ڕووبەڕووی زیندانی و هەڕەشەکردن و کوشتن دەبنەوە. ئەمە جگە لەوەی لە دەستووری ئێراندا هیچ حیسابێک بۆ ناسنامەی نەتەوەیی تەنانەت ناسنامەی دینی ئەو خەڵکە نەکراوە. ئەمەش سەرکوتکاری چەساندنەوەیەکی ئاشکرای ئەو نەتەوەیەیە لەو وڵاتەدا.

لەگەڵ ئەو هەموو کوشتن و بڕین و سەرکوتکارییە بەردەوامە کورد لە دنیادا، بەڵام کوردی عێراق زیاتر بوونە قوربانی ئەمەش لەبەر هەڵکەوتنێکی جوگرافی، چونکە لە سەدەی بیستەمدا پاشەکەوتێکی گەورەی نەوت لەسەر خاکی باو و باپیرانیان دۆزرایەوە، کوردەکان زۆرجار بەرەنگاری حکوومەتی عێراق بوونەتەوە بۆ کۆنترۆڵکردنی ئەو ناوچانە، بەتایبەت شاری کەرکووکی رەگەز تێکەڵ. هەر ئەم هەڵپەکردنەشە بۆ سەرچاوە سروشتییەکان و دەسەڵات بەقەدەر هەر رەچاوکردنێکی ئایدیۆلۆجی یان دوژمنایەتییەکی رەگ داکوتاوی ئیتنی کە بناغەی ئەو رەفتارە دڕندانەیەی حزبی بەعس حوکمڕانی پێک دێنێت سەبارەت بە کورد[٦٤] هەروەها ئەوە بوو لەحەفتاکاندا، دوای ئەوەی هێنری کسنجەر بوو بە دەلالّی رێککەوتننامەیەک کە لە نێوان بەغدا و شای ئێراندا ببەستێت، ئەمەریکا پشتی لە کورد کرد، ئیتر بەرگریی کورد هەرەسی هێنا)[٦٥] پاش چەند ساڵێک دیسانەوە بزووتنەوە رزگاریخوازەکانی دەستیان

---

(٦٤) میدڵ ئێست ووچ جینۆساید لە عێراق پەلاماری ئەنفال بۆ سەر کورد، وەرگێڕانی محەمەد حەمەساڵح وەزارەتی رۆشنبیری، چاپخانەی تیشک، سلێمانی ٢٠٠٤، لاپەڕە ٦.

(٦٥) پاکتاوکردنی رەگەزی کورد لە مێژوودا، شێخ سدیق، چاپخانەی وەزارەتی کشتوکاڵ، هەولێر ٢٠٠٥، لاپەڕە ١٨.

کردەوە بە خەبات، ئەوە بوو شەڕی عێراق – ئێران بوارێکی گرینگی سیاسیی دا بەوان، کە زیندوو ببنەوە و گەشە بکەن و جارێکی تر بێنەوە ناو خەباتی سیاسی، بەڵام لەگەڵ بەهێزبوونی بزووتنەوە کوردییەکان کارەسات رووی دا.

بیرکردنەوە بۆ لەناوبردنی کورد و بزووتنەوەکانی بەردەوام بوو کۆتاییهاتنی شەڕی ئێران–عێراق. جارێکی تر رێگەی دا بەو رژێمە بەشێوەیەکی بەرنامە بۆدارێژراو بیر لە لاوازکردن و لەناوبردنی کورد بکاتەوە و بەرنامەکانی بەچڕی دەست پێ بکات، ئەمەش ئەنجامەکانی گەورەترین کارەساتی قڕکردن و لەناوبردنی لێ کەوتەوە، کە تاوانەکانی هەڵەبجە و ئەنفال بوون.

باسی سێیەم

# ئەنفال، چەمک و قۆناغەکانی ئەنجامدانی

**- چەمک و ماناکانی**

ئەنفال زاراوەیەکی قورئانییە بنەڕەتێکی عەرەبیی هەیە، هەر بۆیە بۆ گەڕان بە دوایدا دەبێت لە نێو فەرهەنگەکانی ئەم زمانەدا بە دوایدا بگەڕێین، ئەنفال کۆی (نفیل) هەرچی وشەی نەفیلیشە، ئەوا بەشێوەیەکی گشتی نەفیل لە دوو ڕووەوە سەیر دەکرێت، لە ڕووی زمانەوانییەوە ئەم وشەیە بەمانای دەستکەوت (غنیمە) دێت کە لە پێش ئیسلامدا عەرەبەکان وشەی ئەنفالیان بەواتای تالآنی جەنگ بەکار هێناوە، لەو کاتەدا لە شەڕ و جەنگەکاندا عەرەبەکان هەرچی سەروەت و سامانێکیان بگرتایە، وەک غەنیمە سەیریان دەکرد و دابەشیان دەکرد بەسەر خۆیاندا، یان دەیاندایە عەشیرەت و هۆزەکەیان هەرچی مانای وشەکەیە لە ڕووی زاراوەوە واتای زیادە دەسکەوت دەگەیەنێ.[٦٦] وەک وتمان ئەنفال لە وشەی نەفیلەوە دێت، لەبەر ئەوە زانایانی ئیسلام بۆ واتای ئەنفال بۆچوونیان وایە کە ئەنفال: بریتییە لەوماڵەی کە دەست موسڵمانان دەکەوێت، لە خەڵکی شەڕکەر، کەواتە ئەنفال لە ڕوانگەی ئیسلامەوە بەو ماڵ و سامان و دارایی و ئاژەڵ و چەک و زەخیرانە دەگوترێت کە جەنگاوەرانی موسڵمان لە شەڕدا بەدەستی دێنن، لە بێ بڕوا و موشریکان. بۆ یەکەم جار ئەم ئایەتە پیرۆزە وەک بەڵگە بەکار هات لە شەڕی بەدر لە ساڵی ٦٢٤ دواتر ڕژێمی سەدام تەبەنیی ئەم بیرۆکەیەی کرد و ناوی

(٦٦) یوسف دزەیی: ئەنفال، کارەسات، ئەنجام و ڕەهەندەکانی دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی موکریان، چاپی یەکەم، هەولێر، لاپەڕە ٢٥.

ئەو پرۆسەیەی نا ئەنفال، هەروەها نەک ناوی پرۆسەکە ئەنفال بێت کە ناوێکی قورئانییە، بگرە ناوی سوپا و لەشکر و هێرشەکانیشی لەو پرۆسەیەدا بەناوی ئیسلامەوە نا، لێرەوە حکوومەتی عێراقی کوردی بە ناموسڵمان دایە قەڵەم و بەهۆی ئەو برِ و بیانووەوە دەستی کرد بە پرۆسەی لەناوبردنی، لێرەوە لای حکوومەتی عێراقی هەڵبژاردنی ناوی ئەنفال ئەم مانایانەی لێ دێتە ئاراوە:

١- حکوومەتی عێراق گەلی کوردی شوبهاندووە بە کافر کە لە ڕاستیدا بەشێکی زۆری موسڵمانە.

٢- کوشتنی گوندەکانی کوردستانی وەک کوشتنی کافر سەیر کردووە هەروەها ئەم کارەشیان بە غەزا داناوە.[٦٧] دوای کارەساتی ئەنفال یەکەم کەسێک کە تاوانی ئەنفالی وەک جینۆسایدی کورد خستە ڕوو، نووسەری عێراقی کەنعان مەکیە بوو. مەکیە لە وتارێکدا کە لە کۆواری harpar لە ساڵی ١٩٩١دا بڵاوی کردەوە دەربارەی ئەنفال دەڵێ "ئەنفال کردەوەیەکی سیستماتیکراو بوو کە لەلایەن رژێمی عێراقەوە بەرامبەر کوردەکان کرا ئەم هێرشە تەنیا بۆ لەناوبردنی فیزیکی کورد نەبوو، بگرە سەرجەم رەهەندە ئابووری و کۆمەڵایەتی و دەروونی و ئایکۆلۆجییەکانی ئەم میللەتەی تێک شکاند و شێواندی"[٦٨] هەرچەندە پاش بیست ساڵ لە کۆی ئەو نووسین و بەرگرییانەی لە جینۆسایدی کورد کردی، کەچی لەم ساڵانەی دواییدا لە زنجیرەیەک دیمانەدا جۆرێک لە پاشەکشە و پەشیمانی و ڕای پێچەوانە لە بیروڕاکانی پێشووتری خستە ڕوو. ئەم پرۆسەیە بە سروشتی خۆی پرۆسەی لەناوبردنی بە کۆمەڵ و پرۆسەی قڕکردنی رەگەزییە، ئامانجی سەرەکی لە ئەنجامدانی ئەم پرۆسەیە یەکەم جار ئەو پیاوانە بوو کە لە تەمەنی سەربازیدا بوون، بە گوێرەی ڕاپۆرتی

(٦٧) شورش حاجي رسول، الانفال الكورد ودولة العراق، ترجمة، مديرية الترجمة لوزارة الثقافة السليمانية، ٢٠٠٥، ص ٥٣.

(68) pa 4, cKanamakyiaUncovering an Iraqi campaign to exterminate Kurds August 1992.

ڕێکخراوی چاودێریکردنی مافەکانی مرۆڤ بەشی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، کە لە ساڵی ١٩٩٣ ئەنجامی داوە و تێیدا باس لە ئەنفال و قۆناغەکانی و مەبەستەکانی ئەنجامدانی دەکات، دواتر ڕاپۆرتەکە بەشێوەی کتێب بەناوی (لەناوبردنی بە کۆمەڵ لە عێراقدا پرۆسەی ئەنفال بۆ سەر کورد) بڵاو کراوەتەوە بەم شێوە باسی پرۆسەکە دەکات، بەدرێژاییی ناوچەکانی کوردستانی عێراق ژن و منداڵ بەشێوەیەکی ئاشکرا لەناوبران، بەتایبەت لە چەند ناوچەیەکی دیاریکراودا، زۆربەیان پاش دەستگیرکردنیان سەرنگوون کران، ئامانجی سەرەکیی پرۆسەی ئەنفال لەناوبردنی ئەو کەسانە بوو لە تەمەنی سەربازیدا بوون، ئەوان کە لە ناوچە گوندنشینەکانی کوردستانی عێراق گیران تا ئێستا هیچ ئاسەوارێکیان نییە، تەنیا هەندێکیان نەبێت لەوانەی کە لەسێدارە دراون سەرەتاکانی بەرنامەی ئەنفالکردنی کورد(*) بە پەلاماری بارزانییەکان و لەناوبردنی بەکۆمەڵ دەستی پێ کرد، ئەم پرۆسە لە بەرەبەیانی ڕۆژی ٣١ی تەمووزی ١٩٨٣ ڕژێمی پێشووی عێراق دەستی کرد بە گرتنی ٨٠٠٠ پیاوی بارزانی و جیاکردنەوەیان لە ماڵ و خێزانەکانیان دواتر بێ سەروشوێنکردنیان، دوا بەدوای ئەم پەلامارە قۆناغەکانی ئەنفال لە ناوچە جیاجیاکانی کوردستان دەست پێ دەکات کە ئەوەیان تەنیا پیاو ناگرێتەوە، بگرە ژن و منداڵ و پیر و گەنج و وێرانکردنی گوندەکان گەلێک

(*) بەپێی ئامارێکی بەڕێوەبەرایەتیی توێژینەوەی ئاماری وەزارەتی شەهیدان، کە وەزارەتێکە سەر بەحکوومەتی هەرێمی کوردستانە دوای یەکگرتنەوەی لە ساڵی ٢٠٠٥ دامەزرا و بووە وەزارەتێکی سەر بەو حکوومەتە، خەڵکی نارەزایەتییەکی زۆریان لە بەرامبەری نواند، ئاماری ئەو وەزارەتە کە تایبەتە بە رووماڵکردنی قوربانییان و کەسوکاری ئەنفالکراوەکان و کیمیابارانی هەڵەبجە، ئەنفالی بارزانییەکان و کوردە فەیلییەکان دەرکەوتووە کە ڕێژەی قوربانییان لە پارێزگای سلێمانی ٤١,٣٤٪ و پارێزگای هەولێر ڕێژەی قوربانییانی ٥٢,٢٤٪ و پارێزگای دهۆک١٨٪ ئەو ئامارە ئاماژە بەوە دەدات کە زۆرترین قوربانییەکانی گەنج بوون.

ئاسەواری ترسناکی تری لێ کەوتەوە. ئافرەتێکی بارزانی پرۆسەکە بەم شێوەیە دەگێڕێتەوە "ئێمە هەموو لە خەودا بووین کاتێ سەرباز گەمارۆی کۆمەڵگەکەیان دابوو. بەر لە شەبەق، کاتێ خەڵکی خەریکی گۆڕینی جلەکانیان بوون و خۆیان ئامادە دەکرد بۆ ڕۆیشتن بۆ سەر ئیشەکانیان سەربازەکان هێرشیان کردە سەریان و دەستیان کرد بە گرتنی پیاوەکانمان کە بەشەقامەکان دەهاتن و دەچوون تەنانەت ئەو پیاوە پیرانەش دەگیران کە هەست و هۆشیان نەمابوو، ئیمامی مزگەوتەکان کە ڕوویان دەکردە مزگەوتەکان بۆ بانگدان دەستگیر دەکران و دەیانبردن، سەربازەکان دەرگەی ماڵەکانیان دەکردەوە و خۆیان دەکرد بە ژوورەکان، کولانە مریشک تەنانەت سەلاجەکانیشیان دەپشکنی بۆ دۆزینەوە و گرتنی پیاوەکانمان، ئەو پیاوانە لەو کاتەدا دەگیران تەمەنیان دەگەیشتە ١٣ ساڵ ژنەکان دەگریان قورئانیان دەگرت بەدەستیانەوە و دەچوونە بەردەم سەربازەکان لێیان دەپاڕانەوە کە پیاوەکانیان نەگرن و لێیان دوور نەخەنەوە".(٦٩) (لە ساڵی ١٩٩٣دا سەدام حوسێن بەوپەڕی لەخۆ ڕازیبوون و هێزەوە سەبارەت بەچارەنووسی پیاوە بارزانییەکان گوتی ئەوانە خیانەتیان لە نیشتمان و ڕێککەوتن و خیانەتیان لە هەموومان کرد، سزای توندمان دان و ڕەوانەی جەهەننەممان کردن)(*) ئەحمەد محەمەد

(٦٩) لە ڕاپۆرتێکی خۆیدا ڕێکخراوی بەرگریکردن لە مافەکانی مرۆڤ لە جیهاندا، کە پێش کەشی دادگەی باڵای تاوانەکانی عێراق کرد، لە کاتی پرۆسەی دادگەییکردنی بەرپرسیارانی کەیسی ئەنفال ئەو ڕێکخراوە وەک شایەتیدان شایەتی جینۆساید و لەناوبردنی کوردەکانی بۆ دادگە خستە ڕوو، ئەو نموونەیە لە شایەتییەکانی ئەو ڕێکخراوەوە وەرگیراوە.

(*) سەدام حوسێن لە وتارێکیدا لە ساڵی ١٩٩٣ ئەو لێدوانانەی بەبەرچاوی دنیاوە ڕاگەیاند سەدام حوسێن دەربارەی ونبووەکان و چارەنووسی گیراوەکان بێ منەتانە قسەی دەکرد ئەو لەو وتارەدا ڕاشکاوانە بەشێکی زۆری ئەو هاووڵاتییە مەدەنییانەی کە هیچ تاوانێکیان نەبوو بەدەستی بێگانە و دوژمن وەسفی کردن.

عـومــەر کــە لەدایکبــووی ســاڵی ١٩٣٦ی گــوندی گــۆپتــەپەیە لـەبارەی پەلامـارەکـەوە دەڵێت: سـەرەتای مـانـگی پێنج بوو جـەیش هـات بۆ ناوچەی قـەڵا سـێوکە و شـوان و کۆیە و تەقـتـەق چوار دەوری ئەو ناوچانانەی وەک تەون گـرتبـوو، ئێـمـە هیچ پـەنایەکـمـان نەمـابوو لە خـوا زیاتر هـەندێ لە مـاڵـەکان لە ناو زەویوزارەکـانیـان، لە قـەراخ گوندەکـە شـوێنیـان دروست کـردبوو ئیـتـر چاوەڕێی قــەدەر بووین، ئێـوارەی پێش ســەعـات شــەش ١٩٨٨/٥/٣ خــەڵک لەســەر زەویوزارەکــەیان بەرەو مــاڵ دەگـەڕانـەوە، لە ناکـاو بێ ئەوەی هیچ زانیارییەکمـان هـەبووبێ هەشت فڕۆکە، هـاتنە سـەر ئاسـمـانی گـوندەکـە یەک دوو جـار بەسـەرمـاندا سـووڕانەوە مـەترسـیی ئەوەمــان لا دروست بوو کــە بـۆردمـانمان دەکــەن. خـەڵکەکـە پەشـۆکـا و بەپرتـاو هـەرکـەسـە و بۆ پەنایـەک ئەگـەڕا ئەو باسـی بەکـارهێنانـی چەکی کـیـمـیایی دەکات، لـەو هێرشـەدا ئەو شـایەتحـاڵە ئەوەش دەخـاتە ڕوو کە بەهۆی بۆردمـانی فڕۆکەکانـەوە کوڕەکەی کـوژرا، ئەحـمـەد ئەوەشـی گـوت "دایک هـاواری بـۆ منداڵ و کــۆرپەکــانـی، بەڵام ئـەوان نەیاندەزانـی کــە دایکەکانیان مردوون ئەو سـەبارەت بەو شەوە دەڵێ نازانم خوا چۆن ڕۆژی لە گۆپتـەپە کردەوە، بەیانی سـوپای عێراق هـات و گەیشتـە ئاوایی هـەرچی بریندار و ئەو خەڵکەش کـە هـاتن بەهانامانەوە دەستگیر دەکران، ئێمەیان خستـە ناو زیلەوە و بە بەرچاوی خـۆشـمـانەوە گوندەکەیان وێران کـردین، هـەر لادیوار بوو دەیانڕووخـان بـەسـەر مـردووەکاندا و لە هـەندێ مـاڵیـشـدا بریندار هـەبوو خـانووەکەیان بەسـەردا دەڕووخـاند". پیـتـەر گـالبـرێس کە دیبلـۆمـاتێکی ئاگـەدار و کـەسـێکی چاودێر بووە بۆ مـاوەی بیـست سـاڵ بەسەر کێشـە و گیروگرفت و گۆڕانکارییەکانی عێراق ئەو کە لە سـەرەتای پرۆسـەکە رووی لە کـوردسـتـان کـردووە لە کتـێبەکـەیدا دەڵێ (لە ئەیلوولی سـاڵی ١٩٨٧ من و هـایۆد رنکن ڕاوێژکـاری سـیـاسی لە باڵیـۆزخـانەی ئەمـەریکا لە بەغدا چووینە ریزی ئەو خۆرئاوا یەکەمینانەی ژمـارەیان زۆر کــەم بـوو کــە رێگەیان پـێ درابوو، ســەردانـی سلێــمـانـی بکەن، ئـەو بەم

شێوەیە باسی بارودۆخی گوندەکانی ناوچەکە دەکات" لە نێوان جەلەولا و سلێمانیدا ٢٩ شارۆچکە و گوندی وێرانکراومان بینی تەنیا چەند تەپۆڵکەیەکی دار و پەردووی لێ مابووەوە، بەڵام دیاربوو ناوچەکە چەندین شوێنی تری هاوشێوەی تێدا بوو لە هەندێکیشیاندا هێشتا شۆفڵەکان کاریان دەکرد و ژمارەیەکیانمان بینی کە لەلای چەند بینایەکی نیمچە وێرانکراوەوە وەستابوون لە کاتێکدا بەرەو پێشچوونی گەورە لە کاری رووخاندندا بەدی هاتبوو)[٧٠].

## قۆناغەکانی ئەنفال

ئەنفال بە چەند قۆناغێک ئەنجام درا ئەم کردەوەش زۆربەی سەرچاوەکان ئەوە دەردەخەن کە ئەو کردەوە بەرنامە بۆدارێژراو بووە و بەشێوەیەکی سیستماتیک بوو کە بە هەشت شالاوی سەرەکی دەڤەرێکی فراوانی لە دامێنەکانی گەرمیانەوە تا دەگاتە ئەوسەری بادینانی گرتەوە.

– ئەنفال لە قۆناغی یەکەمدا:

رژێمی بەعس (رۆژی ١٩٨٨/٢/٢٢ پشت ئەستوور بەتانک و تۆپی قورس و دوورهاوێژ و فڕۆکەی جەنگی و کاتیۆشای ١٣٣ ملم، بەنەخشە و پلانی سەربازیی وردەوە هێرشی کردە سەر دۆڵی جافایەتی و شەڕێکی بەرەیی فراوانی دامەزراندن و ناوچەیەکی فراوانی (٧٠ کم)ی گرتەوە ناوی ناوچەکانیش بەم شێوەیە:

لە سنووری کۆتەڵەوە بۆ سووریداش، لە سوسێوە بۆ کلکەی پیرەمەگروون و هۆم قەوم و شەدەڵە، هەللاج و دابان، سەرگەڵو و هەڵەدن، یاخسمەر گرتەوە.

لە سنووری کانی ساردی لای دووکانەوە، قەمجوغەسەرمۆرد، شاخی سارا، قەرەسەرد، هازەڵە، قەڵەم پاسا، کلاوسپی، قەرانگوێ گرتەوە.

---

(٧٠) کۆتای عێراق، پیتەر گالبرێس، وەرگێڕانی سۆران عەلی محەمەدئەمین، بەڕێوەبەرایەتیی خانەی وەرگێڕان، چاپخانەی کارۆ، ٢٠٠٨ لاپەرە ٥٨.

له سنووری هەنارانەوە: کانی گۆڕان، پیرکە، قزلەر، لووتکەی چایەر، کونەکۆتر، له باڵخەوە: گاپیلۆن، ولاغلو، گۆجار، شاخی خەجە لەرزۆک-ی گرتەوە.

له سنووری بنگردەوە: کوێرەکان، سیدەر، دۆڵەبی، هەنجیرە، مەرگە، شارستێن، ئاوەژێکانی توو گرتەوە. ئەم هێرشەیان ناونا ئەنفالی یەک.

هێرشەکە بەسەرۆکایەتیی عەمید روکن سوڵتان هاشم ئەنجام درا، بەگوێرەی ئەو بەڵگەنامانەی کە لەلایەن دەزگای ئیستخباراتی عێراقەوە دەرچوون و هەندێکیان دەستمان کەوتوون و بەشێکیان بڵاو دەکەینەوە، تێیاندا ناوی ئەنفال و قۆناغەکان و شوێنی تاوانەکە، هەروەها ئەو بەرەنجامانەی کە بەعس ویستوویەتی بەدی بهێنێ لەو نووسراوانەدا هاتوون.(*)

– ئەنفالی دوو بۆ ناوچەی قەرەداغ:

له شەوی ٢٢ لەسەر ٢٣ی ئاداری ١٩٨٨ رژێم بەسەرکردایەتیی تاوانبار لیوا رکن (ئەیاد خەلیل زەکی) بە مەبەستی سەرخستنی پرۆسەی ئەنفالی دوو بەسوپایەکی زەبەلاحەوە له چەند قۆڵێکەوە هێرشی بردە سەر ناوچەکانی قەرەداغ(٧١).

لەو قۆناغەدا سوپای عێراق هێرشیان کردە سەر ئەم ناوچانە: گردەشیر، میریاسی لەلایەکی تریشەوە بۆ گڵەزەردە، زڕگوێز.

له دەربەندیخانەوە: چرچەقەڵا، شاخی زەرد، هۆمەرگەڵا و بەلەکجار، تەکیە

---

(*) بۆ زانیاریی زیاتر سەبارەت بە بەشێک له نووسراوە نهێنی و تایبەتییەکانی رژێمی پێشوو بڕوانە پاشکۆی لێکۆڵینەوەکە. ئەوەی جێگەی ئاماژەیە ئەم بەڵگەنامانە له کاتی دادگەییکردنی سەرانی بەعس له دادگەی باڵای تاوانەکانی عێراق پێشکێش بەدادگەکە کراون.

(٧١) بڕوانە؛ جريمة العراق في الابادة الجماعية، حملة الانفال ضد الكرد ص١٦٣ و ١٦٤.

و سێوسێنان، کانی سارد، باوەخۆشین.

هەروەها ناحیەی قەرەداغ و ئەڵڵای، هەنجیرە، باڵانجۆ، شێخ مەن و دەربەندە سووتاو، لە بازیانەوە بۆ تەیناڵ لەوێوە ڕاستەوخۆ بۆ سەرشاخ تاکو دەربەندی باسەڕە لە چەمچەماڵەوە بۆ مەلا حوسێن دەربەند باسەڕە.

- قۆناغی سێیەمی ئەنفال:

ئەنفالی سێ پاش کۆتاییهاتنی ئەنفالی قەرەداغ بە چەند ڕۆژێ لە ٧ی نیسانی ١٩٨٨ سوپای سەربازی و لیوا و هێزە تایبەتەکان لەگەڵ فەوجی جاشەکان بە هاوکاریی فڕۆکەی جەنگی و تانک و زرێپۆش و چەندین جۆر لە چەکی قورس و دوورهاوێژ هێرش و پەلامارەکانیان بەشێوەیەکی بازنەیی لە سنووری ناوچەکانی کەرکووک و دووزخورماتوو و کفری و کەلار و بێباز و چەمچەماڵ و قادر کەرەم دەست پێ کرد.

- قۆناغی چوارەمی ئەنفال:

لە ٣/٥ تا ١٥/٥/١٩٨٨پاش قۆناغی سێیەمی ئەنفال ورەی سوپای عێراقی بەرز بوو ئەمیش بەهۆی سەرکەوتنی لە قۆناغەکانی (یەک، دوو، سێ)ی ئەنفالدا و لە هەمان کاتدا سەرکەوتنی لە سەندنەوەی نیمچە دوورگەی فاودا، ئەم قۆناغەش بۆ سەر ناوچەکانی (ئاغجەلەر، ناوشوان، چەمی ڕێزان، دەشتی کۆیە، تەقتەق) لە سنووری هەرسێ پارێزگای (هەولێر، سلێمانی، کەرکووک)[٧٢] بوو، ئەم هێرشەش بە کیمیابارانکردنی گوندی گۆپتەپە دەستی پێ کرد[*].

---

(٧٢) جاسم محەمەد محەمەد عەلی: ئەنفالی گەرمیان، چاپی یەکەم، چاپخانەی زانست، سلێمانی ٢٠٠٤، لاپەڕە ٢٣.

(*) ناوچەی گۆپتەپە و عەسکەر لە ٣/٥/١٩٨٨ کیمیاباران کرا کە بە هۆیەوە ٤٨٠ کەس بوونە قوربانی، ئەمە جگە لەوەی بەهۆی ئەو بۆردمانە برینداربوون و ژەهراویبوونی سەدان هاووڵاتیشی لێ کەوتەوە بە گوێرەی هەواڵێکیش کە لە هەفتەنامەی (هاوڵاتی) کە ڕۆژنامەیەکی ئەهلیی کوردییە لە ژمارە ٥١٠ی ڕۆژی=

– قۆناغی پێنجەم و شەشەم و حەوتەمی ئەنفال:

١٥ تا ١٩٨٨/٨/٢٦ پاش کۆتایی و تەواوبوونی قۆتاغی چوارەمی ئەنفال و وێرانکردنی سەرجەم گوندەکانی ئەو ناوچەیە رژێم خۆی ئامادە کرد بۆ قۆناغەکانی (پێنجەم و شەشەم و حەوتەم) ئەم پەلامارە بۆ سەر دۆڵی نێو چیاکانی (شەقڵاوە و رەواندوز) بوو، هێرشەکە لە رۆژی ١٥ی مایس دەستی پێ کرد، ئەم پەلامارەش بە سەرپەرشتیی فەرماندەی فەیلەقی ٥ و سەرپەرشتیاریی ئەم قۆناغەی ئەنفال (یونس محەمەد زەرب) بوو، سەرەتای ئەم پەلامارەش هەروەکو سەرجەم پەلامارەکانی تر رژێم بە هێرشی کیمیایی دەستی پێ کرد.

رۆژی ١٩٨٨/٥/١٥ دوا رۆژی رەمەزان بوو، خەڵکی خۆیان بۆ جەژنی رەمەزان ئامادە کردبوو چەند فڕۆکەیەک کەوتنە کیمیاباران کردنی گوندەکانی (وەرە، عەلی یاوا، سماقولی، نازەنین) لەم پەلامارەدا لە گوندی وەرە ٣٦ کەس شەهید بوون ١٧ پیاو و ١٩ ئافرەت، قۆناغی پێنجی ئەنفال لە رۆژی ٧ی حوزەیران کۆتاییی هات و خۆ ئامادەکردن و پلاندانان دەستی پێ کرد بۆ

---

= چوارشەمەی ٢٠٠٩/٣/٢٥ ئاماژە بە دیارنەمانی فڕۆکەوانێکی تر دەدات کە بەشداریی کردووە لە کیمیابارانکردنی ناوچەی گۆپتەپە لە هەواڵەکەدا هاتووە "دوای رووخاندنی رژێم ئەو فڕۆکەوانەی کە گۆپتەپەی کیمیاباران کرد لەلایەن هێزێکی چەکداریی یەکێتیی نیشتمانییەوە دەستگیر کراوە و دواتر رەوانەی ئاسایشی سلێمانی کراوە، بە گوێرەی قسەی سەرچاوەکە تاکو ئێستا هێزە ئەکنییەکان هیچ زانیارییەکیان لەبارەی چارەنووسی ئەو فڕۆکەوانەوە دەستگیرکراوە ئاشکرا نەکردووە لە هەواڵەکەدا ئەوە هاتووە کە فڕۆکەوانەکە پلەی موقەدەمی هەیە و ناوی کەریم سەبتی ناسراو بە ئەبویەعرووب بووە کە خولی بەکارهێنانی چەکی کیمیاییی لە ئەڵمانیا و فەرەنسا بینیوە ، ئەو فڕۆکەوانە دوای ئەوە دەستگیر دەکرێت لە دان پێدانانەکەیدا ئەوەی گوتووە کە لە مەعەسکەر خالیدی شاری کەرکووک هەستاون و بۆردمانیان کردووە.

عەمەلیاتی شەشەم و حەوتەمی ئەنفال، بەڵام ڕژێم بڕیاری کاتیی ڕاگرتنی ئەم هێرشەی دا.[٧٣]

– قۆناغی هەشتەمی ئەنفال:

٨/٢٦ تا ١٩٨٨/٩/٦ قۆناغی هەشتەمی شاڵاوی ئەنفال بۆ سەر دەڤەری بادینانی سنووری تورکیا بوو، کە لە هەرە شاڵاوە دڕندەکانی ئەنفال بوو و جۆرەها چەکی قورس و هێزی ئاسمانی و تانک و چەکی کیمیایی بە شێوەیەکی خەست و بەربڵاو و بەردەوام بەکار دەهێنرا.

– بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد و کارەساتەکان

خەبات و ڕزگاریی کورد بۆ ڕزگاربوون لە دەستی دەسەڵاتە یەک لە دوای یەکەکانی کورد درێژە لە پێناو ئەو خەباتە تا کارەساتی ئەنفال خەڵکانێکی زۆر بوونە قوربانی، لەبەر ئەوە بزووتنەوەی سیاسیی کوردی، بەو کەموکوڕیی خەوشەکانییەوە، بزووتنەوەیەک بوو کە بووبووە بەشێک لە ژیانی سیاسی و کۆمەڵایەتی و تەنانەت ڕۆشنبیری خەڵک، ئەم حاڵەتە لە یاسا نێودەوڵەتییەکان ڕێک خراوە کە نابێت بزووتنەوە ڕزگاریخوازەکان ببنە هۆکارێک بۆ کوشتن و لەناوبردنی خەڵکی ئەو ناوچەیە بەدەست دەوڵەتان، یان دەسەڵاتەکان، بەگوێرەی مادەی یەکەم لە بڕیاری قەدەغەکردن و سزادانی تاوانبارەکانی کە لە پێشدا ئاماژەمان بۆ کرد تێیدا هاتووە (لایەنە ڕێککەوتووەکان بڕوا دێنن بەوەی کە جینۆساید ئەگەر لە ڕۆژانی ئاشتی یان لە کاتی شەڕدا ئەنجام درابێت، بەپێی یاسای نێودەوڵەتی تاوانە و پەیمانی قەدەغەکردن و سزادان لەسەر ئەنجامدانی دەدەن) هەر لەبەر ئەوە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی کورد نابێت وەک بەهانەی لەناوبردن بەکار بهێنرێ، بەڵام بەهۆی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی کورد خەڵکی دەبێتە قوربانی و دوای ئەو قوربانییەش هیچ پشتیوانییەکی نێودەوڵەتی و ئیقلیمی بەدەست نایەت ئەمەش لەبەرئەوەیە

(٧٣) بڕوانە؛ جريمة العراق في الابادة الجماعية، حملة الانفال ضد الكرد ص ٢١٩، ٢٢٩، ٢٢١، هەروەها بڕوانە ص٢٤٣تا ٢٤٦.

دوژمنەکانی کورد زیاترن لە دۆستەکانی، سەبارەت بەم مەسەلە ئیسماعیل بێشکچی بەم شێوەیە بەراوردی کێشەکانی کوردەکان و فەلەستینییەکان دەکات ئەو دەنووسێ (لەسەر ئاستی سیاسی و لە دەزگا نێودەوڵەتییەکان زۆر بەگەرمی پشتگیری لە کێشەی فەلەستین دەکرێت، بەپێچەوانەوە بەهیچ شێوەیەک پشتگیری لە کێشەی کورد ناکرێت، ئەمە لە کاتێکدا خەباتی کورد وەک خەباتی فەلەستینییەکان رەوایە، کەچی بەردەوام کێشەی کورد پشتگوێ دەخرێت، خەباتی رزگاریخوازیی فەلەستینییەکان لە ناوەڕاستی شەستەکاندا لە دژی ئیسرائیلییەکان دەستی پێ کرد، بەڵام زۆر بەخێرایی چووە ئاستی نێودەوڵەتییەوە و لەلایەن دەزگا نێودەوڵەتییەکانی وەک نەتەوە یەکگرتووەکان و کۆنگرەی ئیسلامی دەرفەتی ئەوەیان پێ درا نوێنەرایەتیی خۆیان بکەن)[٧٤]، بەڵام کورد لە ماوەی سەد ساڵ خەبات و قوربانی تا ئێستا هەم دان بەو تاوانانە دانانرێت لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی هەم تا ئێستاش لەلایەن دەزگا نێودەوڵەتییەکانەوە لە چوارچێوەی ئەو دەوڵەتانەدا مامەڵەیان لەگەڵدا دەکرێت کە بەسەریاندا دابەش کراون. ئەوەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی فەلەستینییەکان لەسەر ئاستی دەزگا نێودەوڵەتییەکان دۆستی کاریگەریان زۆرە، بەڵام کورد دوژمنی کاریگەری زۆرە.

### کوردە بەشدارەکانی ئەنفال

ناکرێت کە باس لە ئەنفالی خەڵکی مەدەنیی کورد دەکرێت، باسی دوو لایەنی تر نەکرێت ئەوانیش ئەو کوردانە بوو کە لەگەڵ سوپای عێراقدا بوون و بەشداریی راستەوخۆ و ناڕاستەوخۆیان لە پرۆسەی ئەنفالدا کردووە، هەروەها مەسەلەی بەشداریکردنی پێشمەرگە و چالاکییەکانیان لەو ناوچانە کە بووەتە هۆی رووداني کارەساتی ئەنفال، هەروەها مەسەلەی شەڕی ئێران و عێراق و رۆڵی لەو پرۆسەیەدا، ئەمانە بەکورتی گیروگرفت و کێشە

---

(٧٤) کوردستان کۆلۆنییەکی نێودەوڵەتی، ئیسماعیل بێشکچی، وەرگێڕانی حەمەڕەشید، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم سلێمانی ٢٠٠٢، لاپەڕە ٣٦.

یاسـایەکانیـان پێـوەست بەمـەسـەلەی جینۆسـایدکـردنی کـورد روون بکرێت بەپێـویسـتـم زانی کـە هـەندێ مـەسـەلەی هـەڵواسـراوی وەک دادگـەییکردنی سـەرۆک جاشـەکان و رۆڵ و کـاریگەرییـەکانی لەسـەر پرۆسـەی بە جینۆسـاید ناسـاندنی ئەنفال روون بکەمەوە، چونکە ناتوانین کە باس لە ئەنفالی خـەڵکی مەدەنی دەکرێت باس لە ئەنفالی ژنان، منداڵان و گەنجان دەکرێت، ناکرێت کە باس لە ئـەنفـالی ئەو پیـاوە بە تەمـەنانە دەکـرێت کـە هیـچیـان لێ چاوەڕوان نەدەکرا کە بتـوانن، جگە لە پاڕانەوە بۆ خـوا، باسی رۆڵ و کـاریگەرییـەکانی کـوردەکان خـۆیان لەو پرۆسـەیە نەکەین، هـەروەها ئاسـەوارە یاسـایەکـانیش روون نەکـەینەوە کـە هەیەتی لەسـەر بەرەسـمی نـاسـاندنی ئەنفـال وەک جینۆسـاید. بکرێ لەگـەڵ ئەم حـاڵەتەشـدا لـە کـاتی پرۆسـەکـانی پەلامـاری ئەنفـالدا تەنیـا سـوپای عـێـراق بەشـداریی نەکـرد، بگرە لە پاڵ سـوپادا حکوومەتی عێراقی دەستی کرد بە دروستکردنی فەوج لە کوردەکان کە پێیان دەوترا (فـوج خـەفـیفـە) کە خـەڵکی نازناوی جاشی لێ نان، ئەو فـەوجانە کە کورد بوون بەشـێکیان بەشداریـیان کردووە. (مسـتەشـارەکان درۆیان کرد، چونکە پایە و بەڵێنەکانیـان شیاوی ئەو کارە نەبوو، ئەوان بەڵێنیـان بە خـەڵکە دابوو کە جاشـیـەتی بۆ پاراستنی ئەوان دەکەن کەچی ئەو جاشـانە هـاوکـار بوون لە نـاردنی هەزاران کـورد بەرەو مـردن، یەکـەکـانی جـاش فـەرمـانێکی بەربڵاوبوویان لە ئەستۆ گرتبوو ئەوان کاروانی سوپای عێراقیان دەپاراست و پێش هێزەکان دەکەوتن بۆ گوندەکان بۆ رێخۆشکردن و سۆراخکردنی هەواڵ و زانیاریی پێویست، یان بە واتایەکی تر کەوڵ سووری بەر لەشکر بوون).(٧٥)

بە گوێرەی ئەو زانیـارییانەی کە لە رۆژنامـەکانی هەرێمی کوردسـتـان بڵاو بووەتەوە (٤٣٢) فـەوج بەشدارییـان لە پرۆسـەی ئەنفال کـردووە، بەرپرسی ئەو فـەوجانە کـە بە سـەرۆک جاش ناسـراون، لەلایەن دادگـەی باڵای تاوانەکـانی

---

(٧٥) مـیـدڵ ئێـست وۆچ جـینۆسـاید لە عـێـراق پەلامـاری ئەنفـال بۆ سـەر کـورد وەرگـێـڕانی مـحـەمـەد حـەمـەسـاڵح، وەزارەتی رۆشنبـیـری، چاپخـانەی تیـشک سلێمانی ٢٠٠٤، لاپەڕە ٢٢٦.

عێراق لە کاتی پرۆسەی دادگەییکردنی بەرپرسانی ئەنفال داوا کرابوون، چونکە ئەو فەوجانە بەرپرسیار بوون و تێوە گلابوون لە بەشداریکردن لە ئەنجامدانی پرۆسەی ئەنفال لەگەڵ سوپای عێراق، لە کاتی ئەو پرۆسەدا لە ناوەخۆ و دەرەوەدا رۆشنبیران و رۆژنامە و کەسایەتییەکان هەوڵیان دەدا کە ئەو سەرۆک جاشە کوردانەش دادگەیی بکرێن کە تێوە گلاون بە بەشداریکردن لە تاوانی ئەنفال بەم هۆیەوە دەبوو بەرێوەچوونی دادگەییکردنی تاوانبارانی کەیسی ئەنفال بەردەوام بێت تا کاتی داخستنی کەیسەکە، بەڵام ئەمە تەنیا وەک پێشنیازی بەشێکی دەسەڵاتدارانی سیاسی و یاسایی لە عێراقدا مایەوە نەکرایە بڕیار و نەچووە بواری جێبەجێکردنەوە. لەگەڵ ئەوەدا لە دوای ڕاپەڕینی بەهاری ١٩٩١، بەرەی کوردستانی لێبووردنێکی گشتیی بۆ ئەو کەسانە دەرکرد کە پلە و پایە و پێوەندییان بە رژێمی عێراقەوە هەبووە. بەگوێرەی لێدوانە رۆژنامەوانییەکان دادگەی باڵای تاوانەکانی عێراق داوای لێکۆڵینەوەی کرد لەگەڵ زیاتر لە ٢٢٣ کەس لە ناوەوە و دەرەوەی عێراق لەو کەسانەی کە تۆمەتبارن بە تێوەگلان لە شاڵاوەکانی ئەنفالدا، بەڵام دادگە ئەم بڕیارەی نەبردە سەر، سەرچاوەیەک لە پەرلەمانی کوردستانەوە کە نەیویست ناوی خۆی ئاشکرا بکات دەربارەی بڕیارەکەی دادگەی باڵای تاوانەکانی عێراق وتی "ئێمە لەگەڵ لێپێچینەوەی ئەو کەسانەداین کە دەستیان هەبووە لەو تاوانەدا دادگە بانگیان بکات".

حاکم رزگار محەمەدئەمین دادوەری یەکەمی دادگەییکردنی سەدام و هاوکارانی سەبارەت بە بڕیارەکەی بەرەی کوردستانی دەڵێ "دادگەی باڵای تاوانەکانی عێراق قانوونێکی تایبەتی هەیە، دەکەوێتەوە دەست دادگەکە رەنگە دادگەکە وابەستە نەبێت بە لێبووردنەکەی بەرەی کوردستانییەوە لەم کاتەدا ئەو دادگەیە بانگی ئەو کەسانە دەکات ئەگەر بەر لێبووردنیش کەوتبن. دیارە حیسابی بۆ ئەو لێبووردنە نەکردووە و ئەوان بە قانوونێکی تر ئیش دەکەن". حاکم رزگار هەروەها لە درێژەدا وتی "لە رووی قانوونی بەحتەوە جۆرێک لە تاوانی دەولی هەیە عەفووی بۆ نییە". هەر لەو کاتەدا ناوەندی چاک کە

ناوەندێکی کوردی تایبەتە بە کێشەی ئەنفال و هەڵەبجە داوا دەکات لە هیچ تاوانکارییەکی ئەنفال نەبووردرێت و حکوومەتی عێراقیش قەرەبووی قوربانییەکان بکاتەوە. لە بەیانێکدا کە ناوەندی چاک بڵاوی کردووەتەوە و ئاراستەی هاووڵاتییان و پارت و رێکخراوەکانی ناوەوە و دەرەوەی کوردستانی کردبوو "ئەنفال بەجینۆساید بناسرێت و تاوانبارانیش لەو شوێنەدا سزایان بەسەردا بدرێ کە تاوانەکانیان تێدا ئەنجام داوە". لە ڕووی یاسا نێودەوڵەتییەکانی تایبەت بەجینۆساید ئەوە ڕادەگەیەنن کە تاوانباران یان هاوکارانی ئەو تاوانە لێخۆشبوونیان بۆ نییە و پێویستە بدرێنە دادگەی تایبەت بۆ لێکۆڵینەوە لە تاوانەکانیان. بەپێچەوانەی ئەم خواستەوە بۆ دادگەییکردنی کوردەکان لەو کاتەدا لەسەر داوای سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان پڕۆژە یاسایەکی تایبەت بەجینۆساید ناساندنی پرۆسەکانی ئەنفال و کیمیابارانکردنی کوردستان، لەلایەن لێژنەی یاسایی و مافی مرۆڤەوە ئامادە دەکرێت و ٤ پەرلەمانتاری کوردستانیش ئامادە کرا لە ڕۆژی ٢٤ی ئەو مانگە لە دوا دانیشتنی دادگەییکردنی تاوانبارانی ئەنفال و کیمیاباران ئامادە بوون و پڕۆژەکەیان پێشکێش بەدادگەکە کرد. سەرچاوەیەکی نزیک لەو لێژنە ٤ کەسییەوە وتی "جگە لەوەی لێژنەکە داوای بەجینۆساید ناساندنی پرۆسەی ئەنفال و کیمیابارانکردنی کوردستان و قەرەبووکردنەوەی کەسوکاری قوربانییان دەکات، داواش دەکات عەلی کیمیایی لە هەڵەبجە لەسێدارە بدرێت.

ئەمە لە کاتێکدایە کە کەیسی ئەنفال دوای سزادان بەسەر ئەو شەش تاوانبارەدا کۆتا بەو دۆسیەیە هات، کوردەکانیش دژی داخستنی دۆسیەکەن و داوا دەکەن کێشەی ئەنفال و هەڵەبجە بەجینۆساید بناسرێ لە جیهاندا. بە گوێرەی یاساش ئەگەر کورد خۆی بەشداریی کردبێت ئەوا کێشەی یاسای بۆ تاوانی ئەنفال دروست دەبوو، چونکە بە بردنی ئەوان بۆ دادگە و پێشاندانیان بە بەرچاوی دنیاوە کە کورد خۆشی بەشداریی کردووە لەو پرۆسەدا ئەوا کێشەکە نابێتە جینۆساید، چونکە بەگوێرەی یاساکە ئەگەر کورد خۆی

بەشداریی لەو پرۆسەیە کردبێت ئەوا ئەنفال نابێتە جینۆساید، دوکتۆر فوئاد مەعسووم کە سەرکردەیەکی کوردە ئەوەی ئاشکرا کرد کە ئەوان لە کاتی پرۆسەی دادگەییکردنی تاوانبارانی ئەنفال زۆر هەوڵیان داوە کە سەرۆک جاشە کوردەکان بەتایبەتی ئەو بەرپرسانەی کە لە حکوومەتی عێراق دەسەڵاتیان هەبوو هەوڵیان دەدا کە ئەو سەرۆک جاشە کوردانە دادگە نەکرێن فوئاد مەعسووم ئاماژەی بە هەوڵەکانیان بەوە دا کە ئامانجیان لەو کارە ئەوە بووە کە ئەنفال وەک جینۆساید بناسێنن و بۆ ئەو مەبەستەش پێویست بووە ئەو سەرۆک جاشانە لە دادگەییکردن دوور بخەنەوە فوئاد لەو بارەوە وتی "ئێمە زۆر هەوڵمان دا کە ئەو سەرۆک جاشانە هاوکات لەگەڵ دادگەییکردنی بەرپرسە باڵاکانی عێراق دادگەیی نەکرێن، چونکە مەترسیی دروست دەکرد بۆ سەر بەرەسمی ناساندنی تاوانی ئەنفال بۆ ئەوەی دادگە وەک جینۆساید بیناسێنێ، فوئاد مەعسووم ئەوەشی خستە روو کە پێویستە ئەو کوردانەی کە بەشدارییان کردووە لە تاوانی ئەنفال دادگەیەکی تایبەتیان لە کوردستان بۆ دروست بکرێت لە ناو ئەو دادگە تایبەتییە خۆماڵییەدا دادگەیی بکرێن و بە سزای خۆیان بگەیەنرێن دوای ساڵێک بەسەر سزای تاوانبارانی ئەنفال و لە کاتی پرۆسەی دادگەییکردنی تاوانبارانی کەیسی هەڵەبجە رۆژنامە کوردییەکان ئەوەیان بڵاو کردەوە کە تا ئێستاش دادگەی باڵای تاوانەکان هەوڵ دەدات کە ئەو کۆنە مستەشارانە بانگهێشتنی دادگە بکات و بەهۆی بەشداریکردنیان لە پرۆسەی ئەنفال سزا بدرێن. رۆژنامەیەکی کوردی لە زاری سەرچاوەیەکی باڵای سیاسییەوە ئەوەی بڵاو کردەوە کە بانگهێشتنکردنی ئەو کوردانە کە تێوە گلاون لە تاوانی ئەنفال هیچ کارێک ناکاتە سەر بە رەسمی ناساندنی ئەنفال وەک جینۆساید لەلایەن دادگەی باڵای تاوانەکانی عێراقەوە، چونکە بە گوێرەی قسەی سەرچاوەکەی ئەو رۆژنامەیە لەبەر ئەوە بڕیار لەسەر تاوانبارانی پێشوو دراوە کە ئەنفال جینۆسایدە و وەک تاوانباری کۆمەڵکوژیی مرۆیی دادگەیی کراون کەواتە بڕیارەکە دەرچووە و دادگەییکردنی ئەو موستەشارە کوردانە هیچ کارێک

ناکاتە سەر بڕیاری دادگە، هەروەها بەگوێرەی بڕگەی ٤ی مادەی ١٧ی یاسای دادگەی باڵای تاوانەکانی عێراق تاوانەکانی دوو تویێی مادەکانی (١١، ١٢، ١٣، ١٤) یاساکە بە تێپەڕبوونی کات بەسەر ناچێت، ئەو مادانەش بنەمایەکی نێودەوڵەتییان هەیە کە تاوانەکانی جەنگ و تاوانەکانی دژە مرۆڤایەتی و تاوانەکانی جینۆساید بە تێپەڕبوونی کات ئەو تاوانانە کۆن نابن و تۆمەتبارانیش نابەخشرێن، لە تاوانی ئەنفالیشدا بەدادگەییکردنی تاوانباران و داخستنی دۆسیەکە کۆتاییی تاوانەکە و سزادانی ئەو بکەرانەش نایەت کە بەشدارییان کردووە لە ئەنجامدانیدا.

## کۆمەڵکوژی و دەنگی دنیا

لە سەرەتای پرۆسەی ئەنفال و بۆ چەند ساڵێک دواتریش ڕاستی تاڵ ئەوە بوو کە باس و ڕاپۆرتی زۆر کەم دەردەکەوتن لەبارەی ئەنفال و هێرشی کیمیاییەوە (دەوڵەتان بەردەوام هۆشیاری دەدەن، بەیەکتر دەشێت دەوڵەتێک چەند ساتێک بەر لە ڕوودانی جینۆساید، هەست بە بێباکی و ناکارای دەوڵەتانی تر بکات، کە ئەمەش ئاماژەیە بۆ گرینگی پێنەدانی دەوڵەتانی تر بەکرداری دەوڵەتانی دۆست یان نەیار)[٧٦] لەو کاتەدا حکومەتی عێراقی دڵنیا بوو لەوەی کە دەوڵەتانی دنیا چاوپۆشی لەو تاوانەی دەکەن، بێدەنگ دەبن لە قەتڵ و عامکردن، لەناوبردنی سەروەت و سامانی کوردەکان، هەر لەبەر ئەوە عەلی حەسەن مەجید لە کۆبوونەوەی ١٩٨٨/٥/٢٦دا بە ڕاشکاوی و بێ منەتانە سەبارەت بە لەناوبردنی کوردەکان بە چەکی کیمیایی دەڵێت "هەموویان بە چەکی کیمیایی دەکوژم، کێ هەیە هیچ شتێک بڵێت؟ کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بگەرە فریایان" عەلی حەسەن مەجید لەوە دڵنیا، کە دەوڵەتان و وڵاتانی زلهێز هیچ ناکەن، بگرە لەبەر ئەوە بەرژەوەندی و پێوەندیی ژێر بەژێریان هەیە، چاوی خۆیان لەو تاوانانە دەپۆشن، تەنانەت خۆیان وا پێشان

(٧٦) ئەمەریکا و ئەنفال، سەمان سا پاوەر، وەرگێڕانی، بەختیار کەریم، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی، ٢٠٠٨ لاپەڕە ٤٢.

دەدەن کە دۆخەکە تەواو لەبارە و ئەو کەسانەش کە دەکوژرێن، لەناو دەبرێن، بەهۆی جەنگەوەیە، دەوڵەتانی دنیا چاوپۆشی لەو تاوانانە دەکەن، لەلایەکەوە ڕاگەیاندن بەو شێوەیەی ئێستا ڕووداو و گۆڕانکارییەکانی نەدەگواستەوە تا دنیا بەو تاوانانە بزانێت، ڕێکخراو و ناوەندە جیاجیاکان بێدەنگ دەبن، هەروەها لەو کاتەدا کوردستان لە چاودێرانەوە دیار نەبوو، ئاسانیش نەبوو بگەنە ئەو شوێنانە لەوەش خراپتر ناوی ئەنفال هەرگیز بە ئاشکرا نەچووە فەرهەنگی کاربەدەستانی وڵاتانەوە بەتایبەت کاربەدەستانی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا کە چاودێریی جەنگی عێراقیان دەکرد لە پرۆسەی ڕەشەکوژی سەدامدا دژی کوردەکان، گرتن و هەڵواسین لە بەرچاوی خەڵکی و کۆمەڵکوژی بوو بە کاری ئاسایی، تەنیا تروسکەی هیوای کورد لە واشنتۆنەوە دەهات، لە کاتێکدا وڵاتە یەکگرتووەکان لەو کاتەدا یاوەری شای ئێران بوو چەکیان بە کورد دەدا بۆ ئەوەی شەڕ لە دژی سوپاکەی عێراق بکەن.(٧٧)

پرۆفیسۆر لینکۆ بۆزینکۆ "سەرۆکی پزیشکانی ئیتاڵیا"سەبارەت بەبێدەنگیی دەوڵەتان لە بەکارهێنانی چەکی کیمیایی لە هەڵەبجە دەڵێ: «دەوڵەتان لەبەر خاتری سیاسەت، هەڵوێستێکی یەکلاکەرەوەیان نیشان نەدا، لە کاتێکدا بەکارهێنانی ئەم چەکانە پێچەوانەی هەموو یاسا ئینتەرناسیونال و مرۆڤایەتییەکانن، عێراق بۆ خۆی ئەندامی پرۆتۆکۆڵی جنێف بوو بۆ قەدەغەکردنی چەکی کیمیایی و ڕێککەوتنی کۆمەڵکوژی کە لە ساڵی ١٩٨٤ بەسترا، ئەمە جگە لەوەی چەند ڕێککەوتننامەیەکی نێودەوڵەتی تری ئیمزا کردبوو»(٧٨) یۆست هێلتەرمان لە کتێبەکەیدا دەنووسێت: سێزدە ساڵ دواتر،

---

(٧٧) المسألة الكردية في العراقات، التركية – الايرانية، روبرت اوسن، ترجمة وتقديم، د. محمد احسان، دار اراس للطباعة والنشر، هولير ٢٠٠١، ص٦٢ ئیسماعیل بێشکچی ئەو لەناوبردنەی دەرسیم وەک جینۆساید ناو دەبات.

(٧٨) ئەمەریکا و ئەنفال، سەمانساپاوەر، وەرگێڕانی، بەختیار کەریم، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی ٢٠٠٨.

له ساڵی ۲۰۰۱دا "دیڤی نیوتن " باڵیۆزی ئەو کاتەی ئەمەریکای لە عێراق بینیوە، لە وتوویژێکدا سەبارەت بە ئەنفال نیوتن پێی وتووم کەوا وشەی ئەنفال لەو کاتەدا هیچ مانایەکی نەبووە لای، ئەو ئەگەریش هەیبووبێت، هیچ کاریگەرییەکی بەجێ نەهێشتووە دەرکەوت کە نیوتن ئەنفالی بیستووە و هیچ کاریگەریشی لا جێ نەهێشتووە، هەروەها ناوبراو دەڵێ "لێکۆڵەرەوەیەکی حکوومەتی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا بە مۆڵەت پێدانێکی ئەمنیی ئاست بەرز لە چاوپێکەوتنێکی ساڵی ۲۰۰۰دا دەگێڕێتەوە ئاگای لە مەسەلەی رووخاندنی گوندە بەربڵاوەکە بووە کە بەرامبەر کوردەکان ئەنجام دراوە ئەمەریکا وێنەی سەتەلایتی وێرانکردنی ئەو داهاتانەی گرتووە"، ئەو دان بەوەدا دەنێت کە ئەگەر جەنگی کەنداوی ساڵی ۱۹۹۱ەوە بەسەر کورددا ئەوەی بەدوایدا هات نەقەومایە و دەرفەتێکی نوێی ژیانی بۆ بزووتنەوەی نیشتمانیی کورد نەڕەخساندایە ئەوە کوردستان هەر بەخاکێکی چۆڵ دەمایەوە و هەڵەبجە لەبیر دەچووەوە و ئەنفالیش لە ژێر چینەکانی لمی بیاباندا دەشارایەوە[۷۹] پیتر گالبرێسیش لە کتێبەکەیدا دەربارەی ئاگەداربوونی ئەمەریکا لەو کارەساتانەی بەسەر کورددا دێت و هەڵوێستی ئەو وڵاتە دەنووسێت "ئیدارەی ریگان" سەرۆکی ئەو کاتەی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا ئاگەداری هەوڵەکانی سەدام بوو بۆ وێرانکردنی کوردستان، ریگن ڕاپۆرتێکی ۲۷ لاپەڕەی ئامادە کرد، سەبارەت بەوەی بینیمان و لە ناو وەزارەتی دەرەوە و چەند ئاژانسێکی تردا دابەش کرا منیش لە ڕاپۆرتێکدا وەسفی ئەو وێرانکارییەم کرد، کە بەر گوندە کوردییەکان کەوتبوو، لەم سەروبەندەدا بایەخ پێدانەکان گۆڕان بۆ سەر لایەنێکی وروژێنەرتر لە ئەنفال کە خۆی لە بەکارهێنانی چەکی کیمیایی لە دژی کورددا دەبینییەوە.

دوای زیاتر لە پازدە ساڵ بۆ یەکەم جار بەشێوەیەکی رەسمی لە نەتەوە یەکگرتووەکان کۆڵن پاوڵ "وەزیری دەرەوەی ئەو کاتەی ئەمەریکا" مەسەلەی

---

(۷۹) کارێکی ژەهراوی، یۆست هێلتەرمان، وەرگێڕانی، محەمەد حەمە ساڵح تۆفیق، لە بڵاوکراوەکانی چاپخانەی ئاوێنە، لاپەڕە ۱۸۰.

هەڵەبجەی لە ئەنجوومەنی ئاسایش خستە ڕوو و باسی ئەو کۆمەڵکوژییەی کوردی کرد، ناوبراو لە کۆبوونەوەی ئەنجوومەنی ئاسایش وتی "حکوومەتی عێراق چەکی کۆکوژی دژی میللەتەکەی خۆی بەکار هێناوە" هەروەها پاش رووخاندنی رژێمی بەعسیش کۆڵن پاوڵ سەردانی هەڵەبجەی کرد و وێنەی قوربانییەکانی لە مۆنۆمێنتی ئەو شارەدا لەگەڵ جەماوەرەکەدا بینی هەر لەسەر مۆنۆمێنتەکە و لەگەڵ بەرپرسانی کوردستان بەڵێنی ئەوەی دا کە ئەوەی لە ساڵی ١٩٨٨ بەسەر کورددا هات دووبارە نەبێتەوە، یەکێک لە پەیامنێران پرسیاری لێ کرد سەبارەت بە لاوازیی کاردانەوەی ئیدارەی ئەمەریکا لە بەرامبەر ئەوەی لە هەڵەبجەدا ڕووی دا، پاوڵ ناڕەزاییی دەربڕی بەرامبەر ئەم وێنەیەی سیاسەتێک کە ئەو ڕێکخەری بووە و ئەو کاتە کۆڵن پاوڵ ڕاوێژکاری ئاسایشی نەتەوەیی بوو ئەو سەبارەت بە هەڵوێستی ئەو کاتەی ئیدارەی ئەمەریکا گوتی "ئەو کاتە ئیدارە لێدوانی لەبارەی هەڵەبجە دا، هەروەک کاتی خۆی هەریەک لە کۆشکی سپی و وەزارەتی دەرەوەش لێدوانیان لەسەر دا و بەدەستەواژەی توند ئیدانە کرا، هیچ هەوڵێکیش لەلایەن ئیدارەی ریگنەوە نەبووە لەو کاتەدا بۆ ئەوەی مەسەلەی لەناوبردنی کورد پشتگوێ بخرێت یان ئاوڕی لێ بدرێتەوە"[٨٠] لەو کاتەدا ئەمەریکا بەرژەوەندیی هەیە بۆ ئەوەی پشتگیری بەدەست بێنێ بۆ هێرشکردنە سەر عێراق، چونکە پاوڵ لەو کاتەدا ئەو قسانەی کە لە بەردەم ئەنجوومەنی ئاسایش کرد، تەنانەت گوتی "لە ناوچەیەکی نزیک هەڵەبجە کۆمەڵە چەکدارێکی ئیسلامیی توندڕەو خەریکی دروستکردنی چەکی ناوەکین و پێوەندییان لەگەڵ حکوومەتی عێراقدا هەیە لە ناوچەیەک کە پێی دەوترێت خورماڵ" (وڵاتە یەکگرتووەکان پێشێلکارییەکانی قبووڵ کرد بە پێشێلکردنە مەترسیدارەکانی یاسا نێودەوڵەتییەکانیشەوە لە چاوپێکەوتنێکی یۆست هێلتەرمان کە لە ساڵی ٢٠٠١ لەگەڵ باڵیۆز نیوتن کە باڵیۆزی ئەمەریکا بووە لە بەغدا لە ساڵانی

(٨٠) کۆتای عێراق، پیتەر گالبرێس، وەرگێڕانی سۆران عەلی محەمەدئەمین، بەڕێوەبەرایەتیی خانەی وەرگێڕان، چاپخانەی کارۆ، ٢٠٠٨، لاپەڕە ٥٨.

هەشتاکاندا ئەنجامی داوە باس لەوە دەکات کە واشنتۆن زۆر باش ئاگای لە شاڵاوەکانی عێراق بووە بۆ سەر کوردەکان، باڵیۆز نیوتن لەو چاوپێکەوتنەدا دەڵێ ڕوون و ئاشکرا بوو کە عێراق دێهاتەکانی کردبووە ئامانج و بە ئاشکرا کێڵگە و مەزرایان دەفەوتاند، ئەمە شاڵاوێک بوو لە دژی کوردە نەیارەکانی حکوومەت، بەڵام مەسەلەکە دیاریش بوو کەوا هەوڵێکە بۆ کەمکردنەوەی دانیشتوانی دێهاتەکان و بنبڕکردنی بنکەی پشتگیریی گەریلاکان، هەروەها ئاشکرا بوو کە ئەمە بەرنامەیەکی نامرۆڤانەیە، نیوتن هەروەها دەڵێ من نایەتەوە یادم کە لەگەڵ عێراقییەکاندا باسمان کردبێت، چونکە هیچ بەهانەیەکمان بەدەستەوە نەبوو (پیتەر گالبرێس دەڵێت دوای ئەوەی کە پرۆژەی پێشکێش بەئەنجوومەنی پیران کرد لە ژێر ناوی "یاسای قەدەغەکردنی جینۆساید بۆ ساڵی ١٩٨٨" ڕاستەوخۆ پرۆژەکەم پەسند کرا دواتر بۆ بەدەستهێنانی بەڵگە تیمێک ڕوومان کردە تورکیا و سنوورەکانی، پاشان لە کاتی گەڕانەوەمان بۆ ئەوەی پێشکێش بە سیناتۆر بێڵی بکەین بۆ ئەوەی بڵاوی بکەینەوە، لە کۆتاییی ڕاپۆرتەکەدا ئەوەمان دووپات کردبووەوە کە چاوپۆشین لە قەسەی وەرگیراوی شایەتحاڵەکان ئەوە بەسەر مرۆڤدا دەسەپێنێ باوەڕ بەوە بهێنێ کە ٦٥٠٠٠ پەنابەری کوردی دابڕاو لە پێنج شوێنی دوور لەیەک توانیویانە سینایۆریەک بۆ شێواندنی ناوبانگی عێراق ڕێک بخەن و توانیویشیانە پارێزگاری لە نهێنیی پلانەکەیان بکەن" گالبرێس لەو کاتەدا هیچ باوەڕی بە سەرانی ئەو وڵاتە نەبوو بۆ پشتگیریکردن لە ڕاگرتنی یارمەتییەکانی سەر عێراق و پاڵەپەستۆ خستنە سەری ئەو وڵاتە بۆ ئەوەی کۆتا بە جینۆسایدی کوردەکان بهێنێ، ئەو دەنووسێت "سەرەڕای ئەوەی کەس نەبوو بۆچوونی جیاواز بێت لەگەڵمان لەوەی پێی گەیشتبووین، چ لە ئەندامانی ئیدارە و چ لە نێو ئەندامانی ئەنجوومەنی نوێنەراندا، بەڵام لە کۆتاییدا دەرکەت بەرهەڵستییەکی گەورە هەبوو بەرامبەر گرتنەبەری هەر ڕێوشوێنێک لە دژی عێراق لەو ڕۆژەدا کە ئەنجوومەنی پیران ڕەزامەندیی دەربڕی لەسەر یاسای قەدەغەکردنی جینۆساید جۆرج شۆلتز وەزیری دەرەوە

چاوی کەوت بە سەعدوون حەمادی جێگری سەرۆک وەزیرانی عێراق و بە ئاشکرا نارەزاییی دەربڕی بەرامبەر بەکارهێنانی چەکی کیمیایی لەلایەن عێراقەوە بەو پێیەی کارێکی بێ پاساوە و جێی نیگەرانییە"، دواتر لە هەمان رۆژدا چارلز ریدمن وتەبێژی وەزارەتی دەرەوە بەشێوەیەکی ئاشکرا دووپاتی کردەوە کە گازی ژەهراویی بەکار هێناوە، بەڵام بەبێ ئەوەی ئەوە ئاشکرا بکات کە وڵاتە یەککگرتووەکان تۆماری دەنگیی فڕۆکەوانە عێراقییەکانی دەست کەوتووە کە تێیدا باسی تەقاندنی چەکی کیمیایی دەکەن).[٨١] دوای ڕووخاندنیش لە کاتی دادگەییکردنی سەرانی رژێم لەسەر کەیسی هەڵەبجە فڕۆکەوانەکان دەویستـرا وەک بەڵگە شایەتی بدەن، کەچی لەلایەن دەسەڵاتدارانی کوردستانەوە بەتایبەت دەسەڵاتدارانی یەکێتیی نیشتمانییەوە لە ئاسایشی سلێمانی کە پێشتر ئەو فڕۆکەوانە کە بەشداریی کردووە، گیرابوو ون کرا، ئێستا دوای زیاتر لە بیست ساڵ بەسەر کارەساتی هەڵەبجەدا تێپەڕ بووە، بەهەمان مانا لە بەرامبەر ئەو کارەساتە و قوربانییەکانیەوە بەکار دەهێنرێ، پێویستە ئەو راستیی دان پێدانانەی پیتەر گالبرێس بە هەند وەربگیرێت، کە بۆچی ئەمەریکا کاسێتی دەنگی فڕۆکەوانە بەشدارەکانی چەکی کیمیایی لایە و بێدەنگە لە کاتی خۆیدا وەک بەڵگە بەکاری نەهێناون؟ ئێستاش بۆچی سەرانی دەسەڵاتدارانی کوردستان فڕۆکەوانەکان ون دەکەن و رێگە دەگرن کە وەک شاهید، شاهیدی بدەن لە ڕوودانی ئەو کارەساتانەدا؟، چونکە ئەگەر ئەو فڕۆکەوانانە دان بەکردەوەکانیاندا بنێن دەبنە بکەری سەرەکی و شایەتی سەرەکی بۆ ئەو کەیسە، شایەتی ئەو فڕۆکەوانە بەهای سیاسیی مێژوویی بەکارەساتەکەوە گرێ دەدات بەتایبەت کاتێ کارەساتەکە رووی داوە دەسەڵاتداران و ئیدارەی ئەمەریکی کاسێتی دەنگی ئەو فڕۆکەوانانەیان لابووە و ئێستاش لە کاتی نزیکبوونەوە، بەکارهێنانیان وەک شایەتی ئەو کەسانە ون دەکرێن.[٨٢]

(٨١) کۆتای عێراق، پیتەر گالبرێس، هەمان سەرچاوەی پێشوو، لاپەڕە ٥٦.

(٨٢) کارێکی ژەهراوی، هەمان سەرچاوەی پێشوو، لاپەڕە ١٣٦.

بێـدەنگیی دەوڵەتـان بەرامبـەر بە کـارەسـاتـی قـڕکـردن و لەناوبردنی کـورد بەتایبەت لە کارەساتی کیمیابارانکردنی هەڵەبجە و ئەنفالدا وەک هەمان ئەو بێدەنگییەیە کە دنیا بەرامبەر بە کارەساتی سیستماتیکییانەی جوولەکە بوو لە جەنگی دووەمی جیهانی بەدەستی هیتلەر (وەزارەتی دەرەوەی ئەمەریکا لە ڕاپۆرتێکی ناپۆلێنکراوی کە لە ساڵی ١٩٨٧ ئامادەی کردووە لە ڕاپۆرتەکەدا هاتووە "کوشـتـار و وێرانکارییـەکی بەربڵاوی گـوندە کـوردییـەکـان هـەیە، ڕاگـواسـتنی بەکـۆمـەڵی زۆرەملێی و ئاوارەکـردنی کـوردەکـان بۆ نـاوچە ناکـوردییـەکـانی تری عـێـراق لە گـۆڕێدایە)[٨٣] تەنانەت لەو ڕاپۆرتەدا باڵیۆزخانەی ئەمەریکا پاکانەی بۆ عەلی حەسەن مەجید و پرۆسەکەی کردووە و بەم شێوەیە باڵیۆزخانەی ئەمەریکا لە عێراق ئاگەداری وڵاتەکەی دەکاتەوە "ئەلمەجید بەم زووانە کۆتا بە شاڵاوەکانی دەهێنێ، لە جیاتی ئەوەی بۆ هەر گـوندێک بـەتالیـۆنێک سـەرباز بەفـیـڕۆ بـدرێ، گـوندەکـان دەڕووخـێـنرێن و دانیـشـتـوانەکـەی لە جـێگەی تر نیـشـتـەجێ دەکرێن پاشـتـر ئەمـە هێـواش دەکرێتەوە و لە هاویندا دەوەستێنرێ، ئەمەش بەشێکە لە سیاسەتی گێزەر و تێلا".

(٨٣) ئەمـەریکا و ئەنـفـال، سـەمـان سا پاوەر، وەرگێڕانی، بەخـتـیار کـەریم، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی ٢٠٠٨، لاپەڕە ٤٠.

باسی چوارەم

# بارودۆخی عێراق و ڕۆڵی نەتەوە یەکگرتووەکان

حکوومەتی عێراقی لە ٢١ی کانوونی یەکەمی ١٩٤٥ بووە ئەندامی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان، کە ژمارەی ئەندامی دامەزرێنەری ڕێکخراوەکە تەنیا ٥١ ئەندام بوون. لەو کاتەوە بەبەردەوامی دەوڵەتان دەبنە ئەندامی ڕێکخراوەکە ئێستا ١٩٢ دەوڵەت بوونەتە ئەندام. لە ماوەی ساڵانی سەرەتای ئەندامبوونی عێراق لە نەتەوە یەکگرتووەکان لە ئاستی نێودەوڵەتی بەهۆی کێشەی کۆتاییی جەنگی جیهانی و هەوڵی ئەو ڕێکخراوە بۆ گەڕانەوەی ئارامیی جیهانی، ڕێکخراوەکە ڕاستەوخۆ بەشداریی نەکردووە لە دۆسیە و مەسەلەکانی عێراق، کێشەکانی ناوەخۆی شاردرابوونەوە و سەرانی وڵاتان بەو کێشە و ململانێ سیاسییەیان نەدەزانی کە چۆن دەگوزەرێ. عەدنان پاچەچی باڵیۆزی عێراق لە نەتەوە یەکگرتووەکان کە لە ماوەی ساڵانی ١٩٥٩ - ١٩٦٩ چ وەک باڵیۆزی عێراق لە نەتەوە یەکگرتووەکان چ وەک وەزیری دەرەوەی ئەو کاتەی عێراق کاری کردووە لە یاداشتەکانیدا)[٨٤] دان بەوەدا دەنێت کە لە نەتەوە یەکگرتووەکان ئەو وەک نوێنەر و وەزیری عێراق بەردەوام باسی دۆسیەی فەلەستین و کێشەی ئەو وڵاتەی کردووە و کەمتر باسی لە دۆخی سیاسیی ناوەخۆی عێراق کردووە. پاچەچی ئەوەش دەخاتە ڕوو کە لە ماوەی ئەو ساڵانەدا لەلایەن کاربەدەستانی عێراقەوە ئامۆژگاری کراوە کە لە بڕیار و وتووێژی تایبەت بە فەلەستین بەردەوام قسە لەو مەسەلانەدا بکات و

---

(٨٤) بۆ زانیاریی زیاتر بڕوانە: صوت العراق في الامم المتحدة، عدنان الباجەجی، لبنان، بیروت، ٢٠٠٣.

پشـتگیـریی فـەلەسـتـینیـیـەکان بکات. دۆخی نالەباری سـیـاسـی، ئابووری و کۆمەڵایەتیی خـەڵکی عێراق درێژەی کێشـا، ئەمە لە کاتێکدا ئەو دۆخە خـراپە لە چاودێرانی رێکخراوە نێودەوڵەتییەکان و دەوڵەتانەوە دوور بوو، بەڵام شەڕی (عێراق – ئێران) لە ساڵی ١٩٨٠ رووی دا، ئیتر رێکخراوەکە بۆ بەرگرتن لە جەنگەکە هاتە ناو ئەو جەنگەوە و هەر لەو پێناوەدا دەیان دانیشـتنی ئەنجام دا، ئەو دانیشتنانە بوونە هۆی ئەوەی کە داوودەزگاکانی نەتەوە یەکگرتووەکان چاودێریی رەوشـەکـە بکەن، هەر لـە چوارچێـوەی کـارەکـانی رێکخـراوەکـە ئەنجـوومـەنی ئاسـایش دەیان بڕیار سـەبارەت بەو جـەنگە دەربکات. ئەنجـوومـەنی ئاسـایشی نەتەوە یەکگرتووەکان(*) لە دوای سـاڵی ١٩٨٣ پاش تێپەڕبوونی سێ ساڵ بەسەر شـەڕی (عێراق– ئێران) یەکەم بڕیاری دەرکرد. لە پێناو چاودێریی رەوشی مـافی مـرۆڤ و مـەترسـیـیـەکانی و هـەوڵدان بۆ راگـرتنی جـەنگەکـە، چونکە بەگـوێرەی مـیـسـاقی ئەو رێکخـراوە جـەنگەکـە مـەترسی بوو بۆ سـەر ئاسایش و ئارامیی نێودەوڵەتی، لە دانیشـتنی ژمارە ٢٤٩٣ی ٣١ی تشـرینی یەکـەمی ١٩٨٣دا ئەنجـوومـەنی ئاسـایشی نـەتەوە یەکگرتووەکـان بـڕیاری ٥٤٠ وەک یەکـەمین بڕیاری دەرکـرد، ئەنجـوومـەنی ئاسایش سـەرەتای دانیشـتنەکەی تەرخان کرد بۆ گفتـوگۆکردن، سـەبارەت بەهۆکـارەکانی هـەڵگیرسـاندنی جـەنگ، دواتر ئەنجوومـەنی ئاسـایش ئەوەی کردە بڕیار کە هـەوڵە نێودەوڵەتییەکان بخـرێنە گەڕ بۆ کۆتاییهێنان بەجەنگ و هێنانـە کـایەی ئاسـایش و ئارامی لە نێـوان ئەو دوو وڵاتەدا، هەروەهـا لەو بڕیارەدا ئاماژە بە راپۆرتی سکرتێری گشـتیی نەتەوە یەکگرتووەکان دراوە کە تێیدا داوای کردووە نێردەری رەوانەی ناوچەکانی جەنگەکە بکات، دواتر ئەو نێـردەرانە کـە گـەڕاونەتەوە ئەوەیان لـە راپۆرتەکـانیـان خـسـتـووەتە ڕوو کـە کەسـانی مـەدەنی مـەترسیی ژیانیـان لـەسەرە، ئـەمـە جگە لەوەی ئەنجـوومـەنی

(*) کە بڕیاری ئەو رێکخراوە لەو ئەنجوومەنەوە دەردەچن، ئەمەش پاش ئامادەکردنی کۆبوونەوەی ئـاسـایی و نائاسـاییی ئەو ئەنجـوومـەنە، دواتر رێکخـراوەکە دەست دەکات بۆ کارکردنی بڕیارەکانی ئەنجوومەن.

ئاســـایش لەو بڕیارەیدا داوای کـــردووە، لێکۆڵینـەوەیەکی بابـەتی بکرێت بۆ دیاریکردن و دۆزینەوەی هۆکارەکانی هەڵگیرساندنی ئەو جەنگە، لە بڕیارەکەدا ڕێکخـراوەکـە ئـیـدانەی ئەو جـەنگەی کـردووە کـە بـووەتە هۆی ئەوەی زیانـێکی زۆری مـاڵی و گیـانی لە خـەڵکی مـەدەنی بکەوێت. لە هـەمان ئەو دانیشـتنەدا بڕیارەکە بە زۆرینەی دەنگ بەبێ ڕکابەر پەسند کرا، بەڵام سێ دەوڵەت نەهاتنە ناو دەنگدانەکـەوە ئەوانیش (پاکسـتـان، مـاڵتـا، نیکاراگـوای)، ئـەوە بوو ئەم بڕیارە هیچ ئاسـەوارێکی نەهێنایە کایەوە، پاش ساڵێک تێپەڕبوون بەسـەر ئەو بڕیارەدا، ئەنجـوومـەنی ئاسایش دانیشـتنی دووەمی لەو بارەوە گـرێ دا، ئەو دانیشـتنەش دوا بـەدوای ئەوە ئەنجام درا کە هەریەک لە نوێنـەرانی ئیمـاراتی یەکگرتوو، بەحـرەین، عەمان، قـەتەر و کوەیت و مەملەکەی عەرەبی سـعوودی لە نامـەکـەدا لە ٢١ی ئـایاری ١٩٨٤ ئاراسـتـە کـرابوو سکاڵایان لە دژی ئـێـران خـسـتـە ڕوو. ئەو دەوڵەتانە لە سکاڵاکـەیاندا باسـیـان لەوە کـرد کـەشـتـیـیـە بازرگـانـیـیـەکـانیـان و بەندەرەکـانی کوەیت و سـعـوودیە لە ژێر هـەڕەشـەی ئەو وڵاتەن، لەسـەر داوای ئەو دەوڵەتانە ئەنجوومـەنی ئاسـایش کـۆ بووەوە بڕیاری ژمارە ٥٥٢ (١٩٨٤) دەرکرد. لە بڕیارەکەدا ڕێکخراوەکە لەو باوەڕەدایە کە ئەم کارە هەڕەشەیە بۆ سـەر ئاسـایش و ئارامیی نێودەوڵەتـی، هـەروەها نیگەرانیی هێرش بۆ سەر کەشتییە بازرگانییەکان دەربڕی، داواکراوە کە ئەو دەوڵەتانە پابەند بن بەوەی کە بەشـێوەیەکی ئاشـتی بژین و ڕێزی دراوسـێکانیـان بگرن، بڕیارەکـە لە کـۆبوونـەوەی ژمـارە (٢٥٤٦) بـەزۆرینەی دەنگ قـبـووڵ کـرا، بەڵام (نیکاراگوای، زیمبابۆ)ی نەهاتنە ناو دەنگدانەوە.

بەدرێژاییی سـاڵانی شـەڕی (عـێـراق – ئێـران) کـە هەشت سـاڵی خـایاند (١٩٨٠–١٩٨٨) ڕێکخـراوەکـە بەردەوام بوو لە چاودێریکردن و هەوڵەکـانی بۆ ڕاگرتنی جـەنگەکە و هێنانە دی ئاشـتی و ئارامی بۆ هاووڵاتییـان. بەدرێژاییی ئەو مـاوەیە ئەنجـوومـەنی ئاسـایشـی نەتەوە یەکگرتووەکـان لە پێناو ڕاگـرتنی جـەنگەکـە و پاراسـتـنـی ئاسـایش و ئارامـی دەیان بڕیاری دەرکـرد. ئەوە بوو دوای دوو سـاڵ لە ڕاگـرتنی ئەو جـەنگە بـۆ جـارێکی تر حکوومـەتی عـێـراقی

هێرشی کردە سەر کوەیت، لە ٢ی ئابی ١٩٩٠ سوپای عێراق کوەیتی داگیر کرد، ناوەندەکانی ڕاگەیاندنی عێراقی لە ڕۆژی هەشتی هەمان مانگ ئەوەی بڵاو کردەوە کە کوەیت پارێزگایەکە لە عێراق و وەک پارێزگای نۆزدەمی عێراق سەیر دەکرێت کە ناونرا (کازمیە) دیسانەوە نەتەوە یەکگرتووەکان هاتە ناو کێشەکەوە لە یەکەمین ڕۆژی داگیرکردنەکەدا ئەنجوومەنی ئاسایش کۆبوونەوەیەکی نائاسایی و بەپەلەی ئەنجام دا، لەو کۆبوونەوەدا یەکەمین بڕیاری لەبارەی تەنگژەی کوەیتەوە دەرکرد، بڕیارەکە داوای لە حکوومەتی عێراق کرد کە هێزەکانی بەخێرایی لە کوەیت بکێشێتەوە، بەڵام عێراق ئەو بڕیارەی جێبەجێ نەکرد. لە ماوەی ساڵی ١٩٩٠ ئەنجوومەنی ئاسایش سەبارەت بە بارودۆخی نێوان کوەیت و عێراق ١٤ بڕیاری دەرکرد کە ناویان (بارودۆخی نێوان کوەیت و عێراق) بوو، دوا بەدوای ڕەتکردنەوەی بڕیارەکەی بۆ کشانەوەی ئەنجوومەنی ئاسایش چەندین بڕیاری پێوەست بەو کێشەوە دەرکرد کە بڕیارەکان تەنیا کورت نەکرانەوە بۆ ئیدانەکردن و کشانەوە، بگرە بڕیارەکان سزای جۆراوجۆریان لە دژی عێراق لەخۆ دەگرت، ئەمەش لە پێناو پاڵەپەستۆ خستنە سەر ئەو وڵاتە بۆ کشانەوەی، هەروەها پابەندبوونی بە دووبارەنەکردنەوەی پێشێلکاری تری لەو شێوەیە کە دژی یاسا و پابەندبوونی نێودەوڵەتی بوو.(٨٥)

هاتنە ناوەوەی نەتەوە یەکگرتووەکان بە شێوەیەکی تایبەت و بە وردییەوە ئەمەش لەلایەکەوە لەبەرئەوەی کە حکوومەتی عێراق ئەو وڵاتەی داگیر کرد و بووە هۆی پەرەسەندن و تێکدانی ئاسایش و ئارامیی ناوچەکە، هەروەها بووە هۆی هەڕەشەش بۆ سەر باقی وڵاتانی عەرەبی، ئەمە جگە لەوەی کە وڵاتانی عەرەبی پاڵەپەستۆی گەورەیان دروست کرد بۆ سەر ئەمەریکا و ئەو ڕێکخراوە بۆ ئەوەی بڕیاری یەک لە دوای یەک سەبارەت بە عێراق دەربکات، ئەو بڕیارانە کە لەلایەن دەزگا جیاوازەکانی نەتەوە یەکگرتووەکانەوە ئەنجام دران لە ماوەی

(٨٥) الدكتور مصطفى الانصاري، العراق والامم المتحدة، ١٩٩٠-١٩٩٧ بنك المعلومات العراقي ١٩٩٨ص ١٥.

داگیرکردنی کوەیت بە شێوەیەکی گشتی لە رووی بابەتییەوە دابەش دەکرێنە سەر دوو بەش:

یەکەمیان: بڕیارەکان هەڵگری مانای لەناوبردن و وێرانکاری و سزادان بوون.

دووەمیان: بڕیارەکانی تایبەت بە چارەسەری بارودۆخی مرۆیی.(٨٦)

کە دوا بڕیاریان ئەوە بوو یان کشانەوە لە کوەیت یان هێرشکردنە سەر سوپای عێراق لەو وڵاتەوە و دەرکردنی بە هێزی سوپا، ئەوە بوو لە ساڵی ١٩٩١ سوپای ئەمەریکا و هاوپەیمانانی جەنگی گەردەلوولی ڕاگەیاند عێراقی کردە دەرەوە. پاش ئەم بڕیارانە سەبارەت بەو جەنگە ڕێکخراوەکە بەردەوام بوو لە چاودێریکردنی رەوشی ئارامی و پاراستنی ئاسایشی ناوچەکە، هەروەها بەهۆی پەلامارەکانی حکوومەتەوە ڕێکخراوەکە چاودێریی رەوشی ناوخۆشی دەکرد. لەو پێناوەدا ئەنجوومەنی ئاسایش لە ساڵی ١٩٩١ زۆرترین بڕیاری دەرکرد، ڕێکخراوەکە لە ماوەی ئەو ساڵەدا یازدە بڕیاری دەرکرد. بەڵام گرینگترین بڕیارێک کە دەرکرابێت و پێوەندیی بە بارودۆخی ناوەخۆی عێراق و هاووڵاتییانی ئەو وڵاتەوە بێت بڕیاری ٩٨٦ی(*) ساڵی ١٩٩٥

(٨٦) الدكتور مصطفى الانصاري، العراق والامم المتحدة، مصدر سابق، ص ١٦.

(*) بڕیاری ژمارە ١٥٠٠

ئەنجوومەنی ئاسایش لە کاتێکدا بەهەموو بڕیارە پێوەندیدارەکانی پێشوویدا دەچێتەوە، بەتایبەتی بڕیاری ژمارە ١٤٣٨ (٢٠٠٣) لە ٢٢ی ئایاری ٢٠٠٣دا دەکات و جەخت لەسەر سەروەری و یەکگرتووی خاکی عێراق دەکاتەوە و دووبارە جەخت لەسەر دەوری گرینگی نەتەوە یەکگرتووەکان لە عێراقدا وەک برگە پێوەندیدارەکانی بڕیاری ١٤٨٣ (٢٠٠٣)دا دیاری کردووە دەکاتەوە و ڕاپۆرتی سکرتێری گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکانیش لە ١٥ی تەمووزی ٢٠٠٣دا لە بەرچاو دەگرێت.

١- پێشوازی لە دامەزراندنی ئەنجوومەنی فەرمانڕەوایی (مجلس الحكم) بنکەی نوێنەرایەتیی فراوان لە ١٣ی تەمووزی ٢٠٠٣ دەکات وەک هەنگاوێکی گرینگ بەرەو پێکهێنانی حکوومەتێکی دان پێدانراوی نێودەوڵەتی لەلایەن گەلی=

ئەنجوومەنی ئاسایش بوو. ئەم بڕیارەش دوا بەدوای ئەوە هات، کە حکوومەتی عێراقی ڕووبەڕووی سەپاندنی سزای ئابووریی نێودەوڵەتی بووبووەوە بەهۆی ئەم سزایەشەوە خەڵکی ڕووبەڕووی نەهامەتی و نەداریی گەورە بوونەوە، بەو هۆیەوە گەلێک کێشەی کۆمەلایەتیی گەورە روویان دا و دەیان منداڵ بە هۆی کەمخۆراکییەوە بوونە قوربانی، هەروەها دەیان خێزانیش روویان کردە ولاتان و عێراقیان بەجێ هێشت. دوای ئەو هەموو پێشێلکارییە هێشتا حکوومەتی عێراقی سەرچاوەی مەترسی بوو، ئەوە بوو کێشەی چەکی کیمیایی و هەبوونی چەکی کۆمەڵکوژ بووە جێگەی باس و خواستی نێودەوڵەتی و نەتەوە یەکگرتووەکان. ڕێکخراوەکە بڕیاری تری لەو بارەوە دەرکرد و ڕێگەی بەگەڕانی پشکنەرە نێودەوڵەتییەکان دا بۆ هەر شوێنێک کە بیانەوێ بەبێ ئەوەی حکوومەتی عێراقی بتوانێت ڕێگرییان لێ بکات، لە ساڵی ١٩٩٨ ئەنجوومەنی ئاسایش حەوت بڕیاری تایبەت بە بارودۆخی عێراقی دەرکرد لە دانیشتنی ژمارە ٣٨٨٥ی ٢٠ی شوباتی ١٩٩٨ بڕیاری ژمارە ١١٥٣ دەرکرد کە تێیدا تەئکید کرابووەوە لەسەر جێبەجێکردنی بڕیارەکانی پێشوو، هەروەها ئەوەش روون کرابووەوە کە حکوومەتی عێراقی هاوکاریی نەتەوە یەکگرتووەکان و ڕاپۆرتەکەی سکرتێری گشتیی ئەو ڕێکخراوە ناکات، ئەمە جگە لەوەی ماوەی بڕیاری نەوت بەرامبەر خۆراکی درێژ کردەوە بۆ ماوەی ١٨٠ رۆژ، ئەنجوومەنی ئاسایش لە ٢ی ئاداری ١٩٩٨ لە دانیشتنی ژمارە ٣٨٥٨ بڕیاری ژمارە ١١٥٤ پەسند کرد کە تێیدا ڕێکخراوەکە بەتوندی عێراقی ئاگەدار کردەوە و بەپرسیارێتیی توندی خستە سەر بۆ پاراستنی

= عێراقەوە کە سەرەوەریی عێراق دەگرێتە دەست.

٢- بڕیار دەدات نێردەرێکی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ هاوکاریکردنی عێراق بۆ پشتگیریکردنی سکرتێری گشتی لە ئەنجامدانی کارەکانی لە سایەی بڕیاری ژمارە ١٤٨٣ و بەپێی ئەو پێکهاتە و بەرپرسیاریەتەی لە ڕاپۆرتەکەی ١٥ی تەمووزی ٢٠٠٣دا هاتووە بۆ ماوەی ١٢ مانگ وەک سەرەتا دابمەزرێ.

٣- بڕیار دەدات ئەم پۆستە بەکراوەیی بهێڵێتەوە.

سەروەریی وڵاتانی ناوچەکە و کۆتاییهێنان بە هەڕەشە بۆ سەر وڵاتان، هەروەها رێ نەگرتن لە جێبەجێکردنی بڕیارەکان و قبووڵکردنیان.

بەهۆی بەردەوامیی مەترسییەکان ساڵی ٢٠٠٠ ئەنجوومەنی ئاسایش سێ بڕیاری سەبارەت بە عێراق دەرکرد کە تێیاندا چەند لایەنێکی ژیانی سیاسی و بارودۆخی ئەو وڵاتە خراببوونە ڕوو، چونکە لەو ساڵەدا پاڵەپەستۆ نێودەوڵەتییەکان بۆ سەر عێراق فراوان و توندتر بوونەوە لەگەڵ ئەوەدا عێراق هیچ گرینگییەکی بە پاڵەپەستۆ نێودەوڵەتییەکان نەدا کە پێوەست بوو بەئاساییکردنەوەی بارودۆخی ناوخۆی ئەو وڵاتە و هەڕەشەکانی بۆ سەر وڵاتانی دەوروبەر. ئەوە بوو بەپشتبەستن بە بڕیارەکانی پێشوو ئەنجوومەنی ئاسایش بڕیاری سەرفکردنی ٦٠٠ ملیۆن دۆلاری وەک قەرەبووکردنەوە دا لەو بڕە پارانەی کە هەبوون جگە لەو قەرەبووانەی دەکەوتە سەر حکوومەتی عێراقی، لە بڕیارێکی تردا پێداگری لەسەر یارمەتیدانی عێراقییەکان دەکات، ئەمەش وەک یارمەتیدانێکی کاتی، چونکە بەگوێرەی بڕیارەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان خەڵکی عێراق لە ژیانێکی ناخۆش و پڕ کێشەدا دەژین، هەروەها داوای درێژکردنەوەی ماوەی ئەو یارمەتییانە کرابوو کە لە پارەی نەوت و سامانی عێراقی سەرف بکرێت بۆ خەڵکی لە ژێر چاودێریی نەتەوە یەکگرتووەکان. ئەم کارەش بە پشتبەستن بە بڕیارەکانی پێشووی ئەنجوومەنی ئاسایش دەکرا، هەروەها وەک هاوکاریی عێراق وڵاتە یەکگرتووەکان پازدە ملیۆن دۆلاری بەخشییە خەڵکی، ئەمە جگە لەوەی لە بەشی مونشەئاتی نەتەوە یەکگرتووەکان ٦٠٠ ملیۆن یۆرۆ تەرخان کرا بۆ چاککردنەوەی چاڵە نەوتییەکان و سیانەکردنەوەی ئامێرەکانی پاڵاوگەکان، هەروەها لە ساڵی ٢٠٠١ سێ بڕیاری تری دەرکرد، ئەم بڕیارانەش پێداگری بوو بۆ دووبارە جێبەجێکردنی لە درێژەی بڕیارەکانی پێشوو، لە ساڵی ٢٠٠٢ ئەنجوومەنی ئاسایش چوار بڕیاری بۆ دەرکرد، پاش ئەو ئاگەدارکردنەوانە لە ساڵی ٢٠٠٣ سەرەتای قۆناغێکی تازە بوو، ئەوە بوو هەر لەو ساڵەدا لەلایەن ئەنجوومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکانەوە رێگە درا کە ئەمەریکا و

هاوپەیمانەکانی هێرش بکەنە سەر عێراق و حوکمی ئەو وڵاتە بڕووخێنن، پاش وەرگرتنی ڕەزامەندی هێرش کرایە سەری، ئەم هێرشکردنەش بووە هۆی ئەوەی عێراق ببێتە جێی گرینگی و بایەخی نەتەوە یەکگرتووەکان، چونکە عێراق ڕووبەڕووی گەلێک کێشە و گیروگرفتی ئەمنی و سیاسی بووەوە، ئەم گرینگی پێدانەش بەشێکی پێوەست بوو بە پاڵەپەستۆی ئەمەریکا و هاوپەیمانەکانی، چونکە ئەمەریکا دەیویست لە ڕێگەی هاتنە ناوەوەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ ناو کێشەی عێراق خۆی قوتار بکات لە پاڵەپەستۆی نێودەوڵەتی و ناوخۆیی بەهۆی ئەو ڕەخنە و گازندانەوە کە ڕووبەڕووی ئیدارەی ئەمەریکی و هاوپەیمانەکانی بەگشتی دەبووەوە، لە ساڵی ٢٠٠٣دا ئەنجوومەنی ئاسایش هەشت(*) بڕیاری دەرکرد، ئەنجوومەنی ئاسایشی لە دانیشتنی ژمارە ٤٧٦١ی ئاساییی خۆیدا بڕیاری ژمارە ١٤٨٣ لە ڕۆژی ٢٢ی ئایاری ٢٠٠٣، هەروەها بڕیاری ژمارە ١٥٠٠ (٢٠٠٣) ئەنجوومەنی ئاسایش لە دانیشتنی ژمارە ٤٨٠٨ی ١٤ی ئابی ٢٠٠٣دا پەسندی کردووە(*) هەر دوا بەدوای ڕووخاندنی ڕژێمی پێشووی عێراق نەتەوە یەکگرتووەکان نێردەری تایبەتی بۆ عێراق دانا و بەشێکیشی تایبەت کرد بە یەکلاکردنەوە و چارەسەرکردنی دۆسیە کێشەدارەکانی عێراق و هاوکاریکردنی ئەو وڵاتە بۆ بنیاتنانەوە بەناوی نێردەری نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ هاوکاریی عێراق (یۆنامی). ئەم نێردەرە بە گوێرەی بڕیاری ژمارە ١٥٠٠ی ئەنجوومەنی ئاسایش لە ١٤ی ئابی ٢٠٠٣ هاتە کایە، وەک نێردەرێکی یەک ساڵە بۆ بەدواداچوونی بەرنامەی نەوت بەرامبەر بە خۆراک کە لە ١٢ی تشرینی دووەمی ٢٠٠٣دا دەستاودەستی کارەکانی دەکرا، پاش هێرشەکانی سەر نەتەوە یەکگرتووەکان لە بەغدا کارمەندە نێودەوڵەتییەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان کشانەوە، لە مانگی تشرینی دووەمی هەمان ساڵدا پێداچوونەوەی خێرا بە نیگەرانییەکانی ئاسایش و باری سیاسی خرایە ڕوو ئەوە بوو ڕێکخراوەکە پشتگیریی لە پلاندانان بۆ چەند کار و چالاکییەک خستە ڕوو. بەمەبەستی بەردەوامبوونی دەوری نەتەوە یەکگرتووەکان لە عێراق

بۆ هێنانە دی ئەو رۆڵە میکانیزمی هاوئاهەنگیی ناوەندی ئاڵوگۆڕی زانیاریی دامەزراند بۆ ئەو کامەندانەی کە دوای هێرشەکان بۆ عەمان گوازرابوونەوە و لەوێ نیشتەجێ بوون و ئەوان لەوێوە کار و چالاکییان ئەنجام دەدا بە ئاماژەدان بە ئەحکامی مادەی ٥٥ی رێککەوتننامەی جنێف بەشی چوارەمی تایبەت بە پاراستنی خەڵکی مەدەنی لە کاتی جەنگدا کە لە مێژووی ٢١ی ئابی ١٩٤٩ دەرچووە، پێویستە لەسەر دەوڵەتی داگیرکەر کە گرەنتی دابینکردنی خۆراک و پێداویستیی پزیشکی بگرێتە ئەستۆ ئەگەر هاتوو پێداویستیی وڵاتە داگیرکراوەکە کافی نەبوو. لە چوارچێوەی ئەو رێککەوتننامەیەدا رێکخراوەکە دەستی کرد بە ناردنی پێداویستیی بەپەلە و هاوکاریی مرۆیی بۆ زۆربەی شوێنەکانی ئەو وڵاتە. هەروەها ناردنی هاوکاریی مرۆیی بۆ ئەو شوێنانەی کە بەهۆی کردەوەکانی کوشتنەوە رووی لە عێراقییەکان کردبوو.

بڕیارەکانی ساڵی ٢٠٠٤ی ئەنجوومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکان، لەو ساڵەدا دوو بڕیار دەرچوون ئەنجوومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکان لە دانیشتنی ژمارە ٤٩٨٧ رۆژی ٨ ی حوزەیرانی ٢٠٠٤ بڕیاری ژمارە ١٥٤٦ دەرکرد لەو بڕیارەدا ئەوە دووپات کرایەوە کە هێشتا بارودۆخی عێراق مەترسییە بۆ سەر ئاسایش و ئارامیی نێودەوڵەتی، دانیشتنەکە لەسەر داوای وەزارەتی دەرەوەی ئەمەریکا کرا و، لەو بڕیارەدا نەتەوە یەکگرتووەکان داوای پاراستنی سەروەریی ئەو وڵاتەی کرد و تێیدا داوای ئەوەش کرا کە عێراق واز لە بەرهەمهێنانی چەکی کۆکوژ بهێنێ، هەروەها لە بڕیارەکەدا ئەنجوومەنی ئاسایش پێداگریی کرد لەسەر ئەوەی مافی گەلی عێراقە دەسەڵاتی سیاسیی وڵاتەکەیان دیاری بکەن و سوود لە وزە و سامانە سروشتییەکانی وەربگرن، پاڵپشتیی رێکخراوەکەش دووپات کرایەوە بۆ ئەوەی کە هاووڵاتییانی عێراق خۆیان بەشێوەیەکی ئازادانە حکوومەتێک پێک بهێنن، کە پشت ببەستێت بەیەکسانی و سەروەریی یاسا، مافی پێکهاتەکان بە شێوەیەکی یەکسان بدات، بەبێ لە بەرچاوگرتنی جیاوازیی نەتەوەیی، ئاینی و رەگەزی، هەروەها

له بڕیارەکەدا پشتگیریی بنیاتنانەوە و دامەزراندنەوەی عێراقی دا، هەروەها ئەنجوومەنی ئاسایش لە کۆبوونەوەی ژمارە ٥٠٢٠ی مێژووی ١٢ی ئابی ٢٠٠٤ خۆیدا بڕیاری ژمارە ١٥٥٧ی تایبەت بە عێراقی دەرکرد لە بڕیارەکەدا کە تێیدا ئاماژە بە بەجێهێنانی سەرجەم بڕیارەکانی پێشوو دراوە، هەروەها تەئیکد کراوەتەوە لەسەر سەربەخۆیی و سەروەریی یەکەتیی عێراق و سەلامەتیی ئیقلیمی دەکاتەوە، پێشوازی دەکات لە دانانی نێردەری تایبەتی سکرتێری گشتیی تازە، هەروەها ئەنجوومەن ئەو ڕاپۆرتەی سکرتێری گشتی کە ٥ی ئابی ٢٠٠٤ لە بەرچاو دەگرێت.

١- بڕیاری درێژکردنەوەی نێردەی یارمەتیدانی عێراق و تازەکردنەوە بۆ ماوەیەکی تر کە ١٢ مانگە ئەم ماوەیەش حیساب دەکرێت لە رۆژی دەرچوونی بڕیارەکەدا.

٢- نێردەرەکە لە ئەرکەکانی هەڵدەپەسێردرێت لە پێش ماوەی دوازدە مانگەکە یان دوای ئەو ماوەیە ئەگەر حکوومەتی عێراقی داوای کرد.

٣- بڕیارەکە ئەم مەسەلە دەهێڵێتەوە بۆ بیرورا. هەروەها لە بڕیارەکەی ئەنجوومەنی ئاسایشدا پێشوازی کرا لە بڕیاری سکرتێری گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکان کە نێردەرێکی تایبەتی دانابوو بۆ عێراق، هەروەها ئەنجوومەنی ئاسایش لە کۆبوونەوەی ژمارە ٥٢٤٧ خۆیدا بڕیاری ژمارە ١٦١٩ی ١١ی ئابی ٢٠٠٥ تری تایبەت بە عێراق دەری کرد لەو ساڵەدا تەنیا یەک بڕیاری بوو، ئەنجوومەنی ئاسایش جەخت دەکاتەوە لەسەر سەروەریی عێراق و سەلامەتیی ئیقلیمی. لەو بڕیارەدا، وێڕای ئەوەی پێداگریی کردووەتەوە لەسەر جێبەجێکردنی بڕیارەکانی پێشووی، پێداگریش لەسەر ئاسایش و یەکپارچەیی عێراق کراوەتەوە و ئاماژەی بەوە داوە کە ئارامیی عێراق گرینگە بۆ خەڵکی عێراق و ناوچەکە و کۆمەڵی نێودەوڵەتی، هەروەها بۆ یەکەم جار دوای پرۆسەی هێرشکردنە سەر عێراق نەتەوە یەکگرتووەکان دان بە کێشەی مرۆییی ئەو وڵاتەدا دەنێت، دانی نا بە حکوومەتی کاتی کە لەلایەن هاوپەیمانانەوە دروست

کرا، بەم شێوەیە ساڵانە ڕێکخراوەکە چاودێریی رەوشی مافی مرۆڤ و ژیانی سیاسی دەکات، بەدرێژاییی ساڵانی ٢٠٠٥ تا ٢٠٠٩ چەندین بڕیاری تر لەلایەن ئەنجوومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکانەوە دەکراون، بەڵام ئەوەی بەدرێژاییی ئەو ساڵانەدا گرینگە و تا ئێستاش عێراق نەگەڕاوەتەوە بۆ ناو پێوەندیی نێودەوڵەتی بەهۆی سەپاندنی سزایەک بوو کە ئەویش بەندی حەوتی تایبەت بە سەروەریی ئەو وڵاتەیە، ئەمەش بەهۆی ئەو بارودۆخە سیاسی، ئەمنییەوە کە لەو وڵاتەدا هاتووەتە ئاراوە.

باسی پێنجەم

# نەتەوە یەکگرتووەکان و کێشەی کورد

دۆسـیـەی کـێـشــە و نەهامــەتیـیــەکـانــی کـورد وەک نەتەوەیەک لە نێـو نەتەوە یەکگرتووەکانـدا جێگەی بایەخ نەبووە، ئەمـەش بـەهۆی ونکردن و شـاردنەوەی کـێشـەکـەیان. ئەو دەوڵەتانەی کـە کـوردیان بەسـەردا دابەش کـراوە ڕێگەیان نـەداوە لەو پێنـاوەدا هیـچ کـــارێک بکرێت. وڵاتـانـی ئەندامـــیش لـە نەتـەوە یەکگرتووەکـان هیچ بـەرژەوەندییـەکـیـان لەگـەڵ کـورددا نەبووە، تا بـاس لە دۆزەکەی بکەن.

کـوردیش نەیتوانیوە دۆزەکـەی چ ناوەخۆ و چ لە ڕێگەی کوردەکانی وڵاتانی دەرەوە و بزووتنـەوەکـانیـشـی بەرنامـەی جـیـدیی بۆ ئەو مــەسـەلەیان نەبووە بیخەنە ڕوو و کاری لەسەر بکەن. سەبارەت بەو وڵاتانەی کە کوردیان بەسەردا دابەش کرا نوێنەرەکانیـان، سـەرۆکـەکانیـان، ڕێگەیان نـەداوە و بەردەوامیش کـاریان کـردووە بۆ شـاردنەوەی ڕاسـتیی کـوشـتن و لەناوبـردنی کـورد لەسـەر ئاسـتی نێـودەوڵەتی و لە نێـو ئەو ڕێکخـراوەدا زۆرجـاریش ئەگـەر مـەسـەلەی جـینۆسـایدکـردنی کـورد خـرابێـتـە ڕوو ئەوا تووڕە بوون، هـەروەها وەزیری دەرەوەی ئەو وڵاتـانە یان باڵیـۆزەکـانیـان لە نـەتەوە یەکگرتووەکـان لە کـاتی کۆبوونەوەی ڕێکخـراوەکە بەتایبـەت کاتی کۆبوونەوەی ئەنجوومـەنی ئاسـایش یان کۆبوونەوەکـانی تر، شـتێکیـان بـاس نەکردووە و تەنانەت نەیانهـێشـتووە کێشـە و دۆزی کـورد بجـووڵێت و مـەسـەلەی کـوشـتنـی کـورد لەلایەن وڵاتانەوە بخـرێتـە ڕوو. ئەوەی پێـوەسـتـە بە کـوردی عـێـراق ئەوا وڵاتـانی ڕۆژئاوا و ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکانی تایبـەت بە مافی مرۆڤ بە شێوەیەکی فراوان تاقە

ناوچەی ئازادی عێراقیان فەرامۆش کرد کاتێک نەک هەر تەنیا بەدەست ئابڵووقەی ئابووریی نەتەوە یەکگرتووەکانەوە دەیناڵاند، بگرە ئابڵووقەیەکی جیاوازی تریشیان لەسەر بوو کە لەلایەن رژێمی سەدام حوسێن لە بەغداوە خرابووە سەریان، کە بووە هۆی ئەوەی سکرتێری گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکان پوتروس پوتروس غالی فەرمان بدات بە دابینکردنی خواردن و دەرمان بۆ کوردستانی عێراق لە ژێر پرۆگرامی نەوت بەرامبەر بە خۆراک. پێش ئەوەش لە کاتی هێرشەکانی سەدام بۆ سەر کوردەکان بەتایبەت لە کاتی روودانی کارەساتەکانی کیمیابارانکردنی ناوچە کوردییەکان ئەوان پشتگوێ خرابوون و هیچ دەوڵەت و لایەنێک نەدەهات بە هانایانەوە.

هەرچی بزووتنەوەکانی کوردیشە کە لە شاخ بوون بەردەوام دەیانویست سەرنجی وڵاتان و دۆزەکەیان رابکێشن، ئەو کاتە بزووتنەوەی رزگاریخوازیی کورد دەیانویست بەمافەکانی خۆیان بگەن کە هەر لایەنە و کۆمەڵێک ئامانجی هەبوو، مەسعوود بارزانی و سەرانی تری کورد هەوڵی ئەوەیان دەدا کە وڵاتان لەو کارەساتانە ئاگەدار بکەنەوە، هەروەها لەو کاتەدا چەند جارێک جەلال تاڵەبانی سکرتێری گشتیی یەکێتیی نیشتمانی هەوڵی ئاگەدارکردنەوەی دەوڵەتانی دا، ئەمەش پاش ئەوەی یەکەم هێرشی چەکی کیمیایی بۆ سەر ناوچە کوردییەکانی عێراق لە ١٩٨٧/٤/١٥ دەستی پێ کرد یەکەم جار ناوچەی سۆران و هەروەها ناوچەکانی دووکان و سەرچنار بە چەکی کیمیایی تۆپباران کران، لەو ناوچانەش (علادین، بەرگەڵو، کانی توو، ئاوەژێ، سیروان) ئەم هێرشانە بە گازی ژەهراوی بەردەوام بوو تا ١٩٨٧/٤/٢١ هێرشەکە ئەو گوندانەشی گرتەوە کە لە ناوچەی سۆران و خۆشناوەتی و دۆڵی بالیسان.

لە ئەیلوولی ١٩٨٧ بەدواوە رژێمی عێراق گەورەترین هێرشی چەکی کیمیاییی کردە سەر دۆڵی جافایەتی "دوای ئەم هێرشە جەلال تاڵەبانی لە ١٩٨٧/٩/٤ راپۆرتێکی ئاراستەی سکرتێری گشتیی رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکانی ئەوکاتە (دی کوێلار) کرد لە راپۆرتەکەدا تاڵەبانی باسی هێرشی سەدامی بۆ سەر کوردەکان وەسف کردبوو کە رژێمی عێراق بە

چەکی کیمیایی هێرشی کردووەتە سەر دۆڵی جافایەتی و بەو هۆیەوە دەیان کەس بوونەتە قوربانی[٨٧] چەند مانگێک دوای ئەو هێرشانە رژێمی سەدام گەورەترین هێرشی بە چەکی کیمیایی لە ١٩٨٨/٣/١٧ کردە سەر هەڵەبجە پاش کارەساتی هەڵەبجە لە ١٩٨٨/٣/٢٥ کۆمەڵەی نەتەوە یەکگرتووەکان دوو کەسیان بەهۆی سکاڵای ئێران لەبارەی بەکارهێنانی بۆمبی کیمیاییی عێراق لە جەنگدا ناردە ئێران بەمەش تاوانەکانی رژێمی عێراق دەرکەوت، چەندان بەڵگەنامە و فلیمی کیمیابارانی هەڵەبجە پێشکێش بە نوێنەری کۆمەڵەی نەتەوە یەکگرتووەکان کرا، بەڵام لەبەرئەوەی کەلوپەلی ئەو بۆمبانە هی وڵاتە زلهێزەکان بوو بۆ نەهێشتنی گومانیش لە دوارۆژدا و بۆ دوورخستنەوەی تاوانێکی مێژوویی. هەر ئەو کاتە نوێنەری هیچ وڵاتێک ورتەی نەکرد.[٨٨]

سەرەتای پێوەندیی کوردی عێراق بە نەتەوە یەکگرتووەکانەوە دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی ١٩٩١، ئەوە بوو دوای ڕاپەڕین کۆڕەو و ئاوارەبوونێکی گەورە رووی دا، ئاوارەبوونی ئەو ساڵە بە گەورەترین ئاوارەبوونی خەڵک دەژمێردرێت لە جیهاندا، کە خەڵکەکە ئاوارە بېن بەهۆی دەوڵەتی ناوەخۆوە. تەنانەت زۆرجار پێی دەوترێت ئاوارەی یەک ملیۆنی. ئەم ئاوارەبوونە قۆناغێکی نوێ بوو لە پێشێلکردنی ماف و ئازادییەکانی خەڵک بە بەرچاوی دنیاوە، ئەم قۆناغە دەرکەوتنەوەی ترس و دوودڵیی خەڵک بوو دوای ئەو پرۆسەی لەناوبردنە بوو کە لە چەند ساڵی رابردوودا بەعس ئەنجامی دابوو. ئەو کاتە لە ناو دڵ و دەروونی کورد هێشتا ترسی بەعس دەهات و دەچوو. لە کۆڕەودا هەزاران ژن و منداڵ و پیر و گەنج بوونە قوربانی و دەمردن، ئەوان ماڵ و حاڵی خۆیان بەجێ هشتبوو، ئەو ماوەیە بووە هۆی سەرهەڵدانی گەلێک کێشەی تر،

(٨٧) کوردستان، گەورەترین هێرش بە چەکی کیمیاوی، لە بڵاوکراوەکانی رێکخراوی ئەڵمانی، وەرگێڕانی لە ئەڵمانییەوە، ناسیح ئیبراهیم دزەیی، لە بڵاوکراوەکانی دەزگای موکریان، چاپخانەی دهۆک، ٢٠٠٨، لاپەڕە ٢٥.

(٨٨) لحقوق السياسية للكرد في الدول التي تضم كردستان، ليلاف حمدامين عزيز، مؤسسة حمدة للطباعة والنشر، السليمانية ٢٠٠٧ص ١٤.

خـەڵکەکـە نەخـۆش دەکـەوت و دەمـرد. بـەهۆی ئەو پاڵەپەسـتـۆ زۆرەوە لەسـەر دەوڵـەتانـی دنیــا، کــە بە بـەرچاویانـەوە خــەڵکی بێ مــاڵ و حــاڵ دەژیا، بەبەرچاویانەوە دەمـرد، ناچار بوو کـە بانگی نەتـەوە یەکگرتووەکان بکرێت بۆ هاوکـاریکردنـی گـەلی کـورد، ئەوە بوو نـەتەوە یەکگـرتووەکـان بـڕیاری ٦٨٨ی دەرکـرد ئـەو بڕیارەی لـە پێنـاو کـۆتاییـهـێنان بـە مـەترسـی بۆ سـەر ژیانی کوردەکـان ئەو بڕیارە سـەرەتای قۆناغێکی نوێ بوو لە مێژووی پێوەندیی کورد بە نەتەوە یـەکگرتووەکانـەوە، هـەروەها دەرکـەوتنـی کێشـەی کورد بوو لـەسـەر ئاســتـی نێــودەوڵەتی پاش شــەڕی جـیــهــانیی یەکــەم، چونکە لە مــاوەی دامەزراندنی نەتەوە یەکگرتووەکانەوە ئەوە تاکە بڕیار بوو ئەو ڕێکخراوە دەری کردبێت سـەبارەت بە کێشـە و لەناوبردنەکانی کورد، هەرچی لەسـەر ئاسـتی ئیـقلیمـیشە ئەوا تا ئەو مـاوە ئەو وڵاتانەی کـە کوردیان بەسەر دابەش کرابوو ڕێگەیان نەدەدا کێشـەکـان روون بکرێنـەوە و نەهامـەتیی کارەساتەکانی دنیا بخـرێنـە بەردەم چاو و ویژدانی دنیا، هـەڵبـەتە هەندێ وڵات لەبـەر بەرژەوەندیی خـۆیان کـە لە شـەڕدا بوو لەگـەڵ حکوومـەتی ئـەو کاتـەی عێـراق دەیانـویست بەهۆی ئەو کارەسـاتانە رووی ئەو رژێمە رەش بکەن و کارەساتەکانی کورد بۆ بەرژەوەندیی سـیـاسی لەسـەر ئاسـتی نـاوەخـۆ و نێـودەوڵەتی بـەکـار بهـێنن.
هـەروەها (پـاش ئابڵــووقـــەی ئابووریی وڵاتـان بۆ ســـەر عـــێـــراق، نەتـەوە یەکگرتووەکــان بڕیاری نـەوت بەرامــبــەر بە خــۆراکی وەک چارەســەرێک بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ئەو نەهامـەتییانەی کە لە ئەنجامـی ئابڵووقەی ئابـوورییەوە دروست بوو لەو بڕیارەشـدا بەشی کـوردسـتـان لە ڕێگەی ئیدارەی حزبەکانەوە بەشی خـەڵکی دەگـەیەنرایە کـوردسـتـان. نەتـەوە یەکگرتووەکـان دوای سـاڵی ١٩٩١ پاڵەپەسـتـۆکـانی بۆ سـەر عێـراق توند کـردەوە، هەروەها وڵاتانی دنیـا زانیـیـان کـە عێـراق دوای جـەنگەکـەی لـەگـەڵ ئێـران واز لە کـوشتن و بڕین و لەناوبردنی پێکهاتەکانی عێراق ناهـێنێ، جگە لە کۆچی کوردەکان حکوومەتی عێراقی دەستی کرد بە لەناوبردنی شیعەکانی باشوور بەتایبـەتی دانیشتوانی ناو هـۆڕەکــان، وەک وتمان ئەنجـوومــەنی ئـاســایشی نـەتەوە یەکگرتووەکــان

بڕیاری ٦٨٨ تایبەت بە عێراق دەرکرا، بڕیارەکە گرینگییەکی تایبەتی هەبوو بۆ یەکلاییکردنەوەی کێشە و ناکۆکییەکان.

داوا کرابوو بۆ وەستاندنێکی بەپەلەی پێشێلکردنی مافەکانی مرۆڤ کە لەلایەن حکوومەتی عێراقییەوە ئەنجام دەدرا و گرێدانەوەی ئەو بڕیارە بەهاتنە ناوەوەی دەستێوەردانی نێودەوڵەتی لە پێناوی پاراستنی مرۆڤ، خاڵێکی خراپ ئەوە بوو کە ئەم بڕیارە میکانیزمێکی نێودەوڵەتی و هەرێمیی تێدا نەبوو لە پێناوی ئەوەدا کە جێبەجێ بکرێت، بەڵام لەبەرئەوەی کە لە بڕیارەکەدا ئاماژە بە پێشێلکاریی هیچ کەس نەکرابوو کە کێ تاوانبارە.

ڕێکخراوەکە نەیتوانی چارەسەری کێشە بنەڕەتییەکانی عێراق بکات کە گەلێک ئاگەدارکردنەوەی بۆ حکوومەتی عێراقی تێدابوو(*) لەگەڵ ئەوەشدا ئەم

(*) ئەنجوومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکان کە لە ٥ی نیسانی ١٩٩١ ئەو بڕیارەی دەرکرد، لەو بڕیارەدا ئاماژە بەوە درابوو کە لە زۆربەی ناوچە جیاوازەکانی عێراقدا پێشێلکاریی دیار ئەنجام دەدرێت، بەتایبەت ناوچە کوردییەکان لەبەر ئەوە کوردییەکان ناچار بوون پەنا ببەنە بەر وڵاتانی ناوچەکە وە حکوومەتیش پەلاماریان دەدات و هێرشیان دەکاتە سەر کە ئەمەش مەترسییە بۆ سەر ئاسایش و ئارامیی وڵاتان، هەست بە بێزاری دەکەین کە بەو شێوەیە مرۆڤەکان دەچەوسێنرێنەوە لەو ناوچەیەدا، هەروەها لەو ڕۆژەدا فرەنسا و تورکیا نامەیان ئاراستەی ئەنجوومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکان کرد بۆ ئەوەی ئەو ڕێکخراوە بێتە ناوەوە و ئاگاداری ئەو پێشێلکارییە بێت کە ڕووبەڕووی کوردەکانی عێراق بووەتەوە، هەر دوا بەدوای ئەو نامانە سەرکردە کوردەکانیش بارزانی و تاڵەبانی بە نامە و لێدوان داوای هاتنە ناوەوەی ئەو ڕێکخراوەیان کرد، کە فریایان بکەون یارمەتیی مادیی ئاوارەکان بدرێت و لە مەترسیی لەناوبردنی لەلایەن بەعسەوە بیانپارێزن، هەروەها نوێنەری هەمیشەییی ئێران لە نەتەوە یەکگرتووەکان نامەیەکی ئاراستەی نەتەوە یەکگرتووەکان کرد، ئەنجوومەنی ئاسایش ئەم بڕیارەی دا.

دەقی بڕیاری ژمارە ٦٨٨

١- ئیدانەی ئەو لەناوبردنانە دەکەین کە ڕووبەڕووی هاووڵاتییانی مەدەنیی=

بڕیاره یەکەمین دۆکیۆمێنتی نێودەوڵەتی بوو، لە دوای کێشەی ولایەتی مووسڵ کە بەڕاشکاوی کێشەی کورد بخاتە روو. ئەمە جگە لەوەی یەکەمین بڕیاریش بوو کە نەتەوە یەکگرتووەکان باسی مەترسییەکانی لەناوبردنی کوردەکان بکات.

= عێراقی دەبێتەوە لە زۆربەی ناوچە جیاوازەکانی عێراق، بەتایبەت ناوچە کوردنشینەکان ئەمەش هەڕەشە بۆ سەر ئاسایش و ئارامیی وڵاتان.

٢- داوا لە حکوومەتی عێراق دەکەین کە لایەنی سەرەکیی کردەوەکانە بەپەلە ئەو هێرش و هەڕەشانە بوەستێنێ کە هەڕەشەیە بۆ سەر ئاسایش و ئارامیی وڵاتانی ناوچەکە.

٣- پێداگری دەکەین لەسەر ئەوەی کە رێکخراوە مرۆڤدۆستەکان یارمەتی رەوانەی قوربانییەکان بکەن، وە داوا لە حکوومەت دەکەین حکوومەتی عێراقی ئاسانکاری بکات بۆ کاری ئەو رێکخراوانە.

٤- داوا دەکەین کە سکرتێری گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکان کە هەوڵە مرۆیییەکانی لە عێراق بخاتە گەڕ، هەروەها داوا دەکرێ کە نوێنەری سکرتێری گشتی رەوانە بکرێت بۆ ئەوەی راپۆرتێک لەسەر ئەو پێشێلکارییانەی عێراق بەتایبەت ئەو کوشتن و لەناوبردنانە کە ڕووبەڕووی کوردەکان دەبێتەوە لەلایەن حکوومەتی عێراقییەوە بڕیارەکە دەرچوو لە دانیشتنی ژمارە ٢٩٨٢ بە زۆرینەی دەنگ، سێ دەوڵەت دەنگیان نەدا (زیمبابۆی، کوبا، یەمەن) هەروەها دوو دەوڵەتیش ئامادەی دەنگدانەکە نەبوو ئەوانیش (چین، هیند) بوو.

٥- داوا لە ئەمینداری گشتی دەکەین کە هەموو ئەو کەرەستانە دەکەین کە لە بەردەستیدان بەکاریان بێنێ، لەوانە کەرەستەکانی دەزگاکانی هاوپێوەستەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان، لە پێناو دەستکردن بە کاری پەلە و هاوکاریی خێرا بۆ پەنابەرە عێراقییەکان و هاووڵاتییانی مەدەنی.

٦- داوا لە دەوڵەتانی ئەندام و هەموو رێکخراوە مرۆڤدۆستەکان دەکەین کە بەشداری بکەن لەو هەوڵە مرۆیییە.

٧- داوا دەکەین کە عێراق هاوکاریی ئەمینداری گشتی بکات لە پێناو جێبەجێکردنی ئەو ئامانجانە.

٨- بڕیاری ئەو مەسەلە وتووێژکردن لەسەری بەردەوام دەبێت.

دوای دەرچوونی بڕیاری ٦٨٨ یارمەتییە مرۆیییەکان دەگەیشتنە ئاوارەکانی کوردستان، هەرچەندە لە هەموو لایەکەوە یارمەتی دەدران، بەڵام وەک پێویست نەبوو، خەڵکەکە بە هۆی ئاوارەبوونەکەیانەوە تووشی نائومێدی و دەردی سەری زۆر بووبوونەوە، کارەساتەکە لە دنیا بڵاو بووەوە و دەوڵەتان لە ڕێگەی ڕێکخراوەکان و ناوەندەکانی راگەیاندن و دەوڵەتانی ناوچەکەوە ئاگەدار کرانەوە، لەبەر ئەوە هەر زوو دەوڵەتە هاوپەیمانەکان دەرکیان بەوە کرد کە تەنیا بە یارمەتیی مرۆیی کێشەکە چارە ناکرێت بەتایبەتی پاش ئەوەی پەنابەرێکی زۆر لە ترسی تۆڵەسەندنەوەی حکوومەتی عێراقی رازی نەبوون بەگەڕانەوەیان بۆ ناو خاکەکەیان. بۆیە هەر زوو بیرۆکەی (ناوچەی ئارام، منطقة الامنة) لە ناو خاکی عێراق هاتە کایەوە لەسەر هێڵی ٣٦ یان ناوچەی دژە فڕین لەسەر سنوورەکان ئەو ناوچەیە دیاری کرا. ئەم بڕیارەش لە پێناو پاراستنی هاووڵاتییە ئاوارەکان و گەڕانەوەیان بوو کە لە لەناوبردن دەترسان.[٨٩]

ڕێکخراوەکە بەو ئاسانییە ناگاتە ئەوەی کە دانیشتنی تایبەت ئەنجام بدات و بڕیاری ئەوە بدات کە ئەو تاوانانەی بەسەر کورددا هاتووە جینۆسایدن، ئەمەش بەرەنجامەکانی پاڵەپەستۆکانی نەگەیشتن بۆ ئەو بڕیارە روونە و پێوەندیی هەم بە باوەڕی دەوڵەتان و گەلان و بەرژەوەندیی وڵاتانەوە هەیە، هەم پێوەندیی بەوەوە هەیە کورد ناتوانێت ئەو رۆڵە ببینێ بۆ ئەوەی کارەساتەکانی بە گرینگ و بە هەند وەربگیرێن لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی و هەروەها گرەنتییەکیش بەدەست بهێنێ کە کورد وەک نەتەوەیەک نەچەوسێتەوە نەک لە هەرێمی کوردستان بگرە لەو وڵاتانەش کە کوردیان بەسەر دابەش کراوە، چونکە کوردەکانی پارچەکانی تر لە ژێر هەڕەشەی جینۆساید و لەناوبردنی کولتووریی، فیزیکی دەژین، ئەوان بەبیانووی سیاسییەوە بەشێوەیەکی بەرنامە بۆداڕێژراو خەریکی پێشێلکردنی مافەکانیانن و هەڕەشەی لەناوبردنیان لەسەرە، کەچی لەوساوە ڕێکخراوەکە چاودێریی وردی

(٨٩) الدكتور مصطفى الانصاري، العراق والامم المتحدة، ١٩٩٠-١٩٩٧بنك المعلومات العراقي ١٩٩٨ص ٣٧.

بارودۆخی عێراق دەکات، ئەمەش هەم لەبەر گرینگی و گەورەیی کێشەکانی، هەم لەبەرئەوەی کە بەلای دەوڵەتە زلهێزەکان کە خاوەنی بڕیاری ئەو ڕێکخراوەن و دەسەڵاتی بالآیان بەسەر ئەو ڕێکخراوەدا هەیە.

## ئەنفال و نەتەوە یەکگرتووەکان

دوای بیست ساڵ لە دەرچوونی بڕیاری قەدەغەکردنی جینۆساید، پرۆسەی ئەنفال لەلایەن بەعسەوە ئەنجام درا، ئەگەرچی عێراق بەپێی یاسای ژمارە ١١ی ساڵی ١٩٥٨ چووەتە ریزی ئەم ڕێککەوتننامە نێودەوڵەتییەوە و یەکێک بووە لەو پەنجا و یەک دەوڵەتەی کە ئیمزایان لەسەر (میساقی نەتەوە یەکگرتووەکان) کردووە، بەڵام ڕووداوەکان پێچەوانەی بەڵێنەکانی ڕژێم بوون. ئەوەتا بینیمان کە ڕەشەکوژی و جینۆسایدی بەرفراوان دژی کورد پەیڕەو کرا، ئەوانەش بەڵگەن لەوانە ڕۆژی ١٩٨٨/٣/١٦ زیاتر لە (٥) هەزار کەس بەچەکی کیمیایی لە شاری هەڵەبجە لەناوبران و لە پرۆسەی ئەنفالیش هەزاران کورد لەناوبران و بێ سەروشوێن کراون. جیهانیش لە بەرامبەر ئەم هەموو تاوانە بێدەنگ بوو (ئەگەر بەوردی بڕوانینە پرۆسەی ئەنفال و لە سەرجەم ڕەهەندە سیاسی و سەربازی و ئابووری و ئایدیۆلۆجییەکانی بکۆڵینەوە، دەبینین پرۆسەی ئەنفال کۆمەڵێک عەمەلیاتی لە ناکاو و کتوپڕ نەبوو بەشێوەکی سادە و ئاسایی و لە ناکاو لەلایەن ڕژێمەوە پیادە کرابێت، بگرە بەشێک بوو لەو نەخشە و پلانەی کە ساڵانی ساڵە بەردەوام بوو بۆ جینۆساید و سڕینەوەی مۆرکی نەتەوایەتیی کورد) ڕژێمی پێشووی عێراق لە پرۆسەی ئەنفالدا دەستی کرد بەجێبەجێکردنی بەرنامەکان کە دەچنە خانەی جینۆسایدەوە ئەو پرۆسەیەش برێتی بوو لە دەستنیشانکردنی خەڵکەکە کە دەبێ لەناو ببرێن، هەروەها کۆکردنەوەیان لە سەربازگە و گرتووخانەکاندا وەک ڕێگەخۆشکردن بۆ بێ سەروشوێنکردن و لەناوبردنیان)، تەنانەت لە بەڵگەنامەکانی دەزگا عێراقییەکاندا کە دەست کەوتوون و لەلایەن ڕێکخراوی HRE/ME دیراسە کراون لەوێدا بەشێوەیەکی ڕوون چەند چەمکێک دووبارە کراونەتەوە، لەوانە (تێکدان و وێرانکردنی گوندەکان، سەرکەوتن لە پەلاماری

ئەنفـال و لـەناوبـردنی ئەو گـوندنشـینانەی کـە روویان لە وڵاتانـی دراوسێ کـردووە(٨٩)، لەبـەر ئەوە رژێم بە پلان و ئـامـادەکـاریی تەواوەوە بەرامـبـەر بەمـیللـەتی کـورد ئـەنجـامی دا؛ ئامـانجی سـڕینەوە و لەناوبردنی مـۆرکی نەتەوایەتیی گەلی کورد، هەروەها لەناوبردنی هەمـوو شوێنەوارێکی کولتووری و ناسنـامـەی ئەو گـەلە بوو). (کـوشـتن و لـەناوبردنی کـوردەکـان بـەبەرنامـە و بەپێی یاسـا و رێسـایەکی مـەحکەم بوو. ئەوان بە ژمـارەیەکی زۆر لەسـەر فـەرمـانی حکوومـەتی نـاوەندی لە بـەغـدا، پاش چەنـدین رۆژ و هـەفـتـە لە راپێچکردنیان لە گوندەکانیانەوە کە بەر تێکدان و وێرانکردن کەوتن خـرانە بەر مردن)(٩٠) (هێزەکانی عێراق بەبەرنامە بەلایەنی کەمەوە لە ماوەی ساڵی ١٩٨٨ پەلامـاری ٧٠٣ گوندی کـوردیان دا لە نێـو ئەو گوندانەدا ٢١٩ گـوندی پارێزگـای هـەولێـر و ١٢٢ گـوندی نـاوچەی گـەرمـیـان و ٣٢٠ گـونـدی ناوچە جیاوازەکانی دەوروبەری پارێـزگای سلێمانی)(٩١) ئەگەر سەرنجی ئەو بڕیار و بەڵگەنامـانەی رژێم بدەین دەبینین نۆ مانگ پێش هێرشـی ئەنفالـەکان جێگیر کراون(*)، کـەواتە پێـشـتـر خـۆئامـادەکـردن و پلانـدانانێکی تەواو هـەبووە بۆ

(٨٩) منظمة حقوق الانسان/شرق الاوسط: جريمة العراق في الابادة لجماعية حملةَ الانفال ضد الكرد، ترجمة من الانجليزية جمال ميرزا عزيز، طبعة الاولى ٢٠٠٣، مطبعة وزارة الزراعة والري ص٩٦

(٩٠) مـیـدڵ ئێـست وۆچ جـینۆسـاید لە عـێـراق پەلامـاری ئەنفـال بۆ سـەر کـورد وەرگـێڕانی مـحـەمـەد حـەمـەسـاڵح، وەزارەتی رۆشـنبـیـری، چاپخـانەی تیـشک، سلێمانی ٢٠٠٤.

(٩١) لە دووریانی مەرگ و ژیاندا ئاسۆ حەسەن: لە بڵاوکراوەکانی دەزگای موکریان، چاپخانەی ئاراس، هەولێر ٢٠٠٧، لاپەڕە ٥٧.

(*) بۆ زانیـاریی زیاتر سەبارەت بە بەرنامـەکانی پێشـوەختی حکوومـەتی عێراقی بۆ لەناوبـردنی کـورد، کـە بە چەنـد مـانگێک پێش ئەنفـال حکوومـەت دەسـتی کـرد بەوێرانکردنـی گوندەکان لەو بەڵگەنامـانەی کە لە بەردەسـتمـانـدان تێیـدا ڕووی ڕاسـتـیی بەرنامــە و پلانـەکـانی حکوومــەتی عـێـراقی ئاشکرا دەکـات بۆ جینۆسایدکردنی کورد.

زنجیره هێرشێکی فراوان بۆ سەر دێهاتەکانی کوردستان. بۆ لەناوبردنی کورد رژێمی عێراق هەموو رێگەیەکی کوشتن و لەناوبردنی دەگرتە بەر سەبارەت بە ژمارەی کوژراوەکان بیروڕای جیاجیا هەیە، چونکە تا ئێستاش هەوڵدان بۆ گەڕان و دۆزینەوەی ونبووەکان و هەڵدانەوی گۆڕە بەکۆمەڵەکان و رووپێوکردنی ناوچەکانی شالاوەکە بەردەوامە، (بە گوێرەی ڕاپۆرتی hrw/me کە لە ماوەی سالانی رابردوودا ئەنجامی بەگوێرەی ئەو رووپێوکردنە رێکخراوەکە پەنجا هەزار قوربانیی تۆمار کردووە کە لە شالاوەکانی ئەنفال بوونەتە قوربانی، هەندێک لێکۆڵەرەوەش پێیان وایە کە ژمارەکە لە نێوان ٦٠٠٠٠ بۆ ١١٠٠٠٠ قوربانیدایە، بەرپرسانی کوردیش لە کاتی دانوستاندنیاندا لەگەڵ حکوومەتی پێشووی عێراق کە لە بەهاری ١٩٩١ ئەنجامیان دابوو کاتێ باس هاتبووە سەر ژمارەی قوربانییەکانی ئەنفال وتبوویان ژمارەی قوربانییان دەگاتە ١٨٢٠٠٠ )[٩٢] بەگوێرەی راپرسیی وەزارەتی شەهیدان و ئەنفالکراوەکانیش ٦٠٠٠٠ هەزار کەس تۆمار کراوە و تا ئێستاش رووپێوکردن بەردەوامە و ئامارێکی تەواو نییە تا لە ڕاستی و دروستیی ژمارەی قوربانییەکان بزانرێ.

(وەک ئەوەی لە گوندی کوێرمێی نزیک شاری دهۆک ئەنجامی دا)[*] بەلام

---

(٩٢) بۆ زانیاریی زیاتر بڕوانە: the anfal campaign Iraqi kurdistan1998 ئەم ڕاپۆرتە لە کاتی پرۆسەی دادگەییکردنی سەرانی رژێمی پێشوو لەسەر کەیسی ئەنفال لەلایەن رێکخراوی بەرگریکردن لە مافەکانی مرۆڤ پێشکێش بە دادگاکە کرا.

(*) لە ناوەڕاستی نەوەدەکان گرووپێکی ئەنسرۆپۆلۆجی سەر بە رێکخراوی پاراستنی مافەکانی مرۆڤ roوویان کردە کوردستان لە پێناو ئامادەکردنی ڕاپۆرتێک سەبارەت بەو پێشێلکارییەی دەرحەق بە گەلی کورد کراوە لەلایەن رژێمی بەعسەوە ئەو گرووپە کوشتنیان لە کۆرمێ، جێشنیکان و بەهارکێ کە یەکێکە لە گرینگترین بەڵگە ئەنسرۆپۆلۆجییەکان و هەروەها سەرسوڕهێنەرترین کارەساتە لەو پرۆسەیەدا لیستی سەرەوەی کارەکانیان چونکە تا ئێستاش زۆربەی رێکخراو و کەسانی پسپۆڕ و بیانییەکان کە دەیانەوێ باس لە پرۆسەی=

له بەهاری ساڵی ١٩٨٨ەوە کە هێرشەکانی ئەنفالەکان دەستی پێ کرد ئیتر هێرش و کوشتن و پەلاماردانی دێهاتنشینەکان چووە قۆناغێکەوە، سەرجەم کوردستانی گرتەوە، هەندێ ناوچەی کەم نەبێت، کە بەرژەوەندیی رژێم وا پێویستی دەکرد وەکو خۆیان بیانهێڵێتەوە.

ئەگەر سەرنج بدەین ئەوا دەبینین کە مەبەستەکانی ئەنجامدانی تاوانەکە بریتی بوو لە ژمارەیەک شالاوی سەربازیی دڕندانەی رژێمی عێراقی ئامانج تێیدا کوشتن و دیلکردنی هەموو دانیشتوانی دەڤەرە ئازادکراوەکان و بەتالانبردنی موڵک و سامان و ژن و منداڵ و سوتماککردنی خاک و سروشت و وێرانکردنی گوند و لەناوبردنی هەموو هۆکارێکی ئابووری و بژێویی ژیان و سڕینەوەی کولتووری نەتەوەیی و مرۆڤایەتیی گەلێک بوو لە دەڤەرێکی دیاریکراودا،[٩٣] حکوومەتی عێراقی بەشێوەیەکی بەرنامەڕێژکراو دەستیان

= ئەنفال بکەن ناتوانن کوشتن لەو گوندە فەرامۆش بکەن ئەمەش لەبەرئەوەی کە لە کاتی پرۆسەی کوشتن و لەناوبردنەکەدا سێ کەس لەوانەی کە تەقەیان لێ کراوە دەربازیان بووە و رزگار بوون لە مردن، بەڵام بەداخەوە بەهۆی کەمتەرخەمیی بەرپرسانی هەرێمی کوردستان ئەو سێ رزگاربووە یەکێکیان لە شەڕی ناوەخۆدا کوژرا و دووانی تریشیان لە ژیانێکی کولەمەرگیدا دەژین کە بەگوێرەی قسەی یەکێک لە چالاکوانەکانی بواری ئەنفال یەکێک لەو دوو رزگاربووە ئێستا فەڕاشی ماڵی بەرپرسێکە و ئەوی تریشیان کرێکاری دەکات، ئەو کەسە گلەییی لە حکوومەتی هەرێم کرد کە ناتوانێ گرینگی بە ژیانی ئەو شایەتحاڵ و رزگاربووە بدات و ژیانیان بۆ دابین بکات تا وەک بەڵگەی تاوانکردن سوودیان لێ ببین و بۆ نەوەکانی داهاتوو بەو نەهامەتییە بزانرێ، بە پێچەوانەوە لەبەر ئەوە گرینگی بە ژیانیان نەدرا یەکێک لەو سێ رزگاربووە لە شەڕی ناوەخۆدا کوژرا.

بۆ زانیاریی زیاتر سەبارەت بە راپۆرتەکە بڕوانە:

summury of anthropological report by clyder Collins snow. forensic team scientific leader.

(٩٣) عەزیز، محەمەد رەئووف، هەمان سەرچاوەی پێشوو، لاپەڕە ٤١.

کرد بە وێرانکردنی تەواوی گوندە کوردییەکان و کوشتنی خەڵکی مەدەنیی ناوچەکە، بەگوێرەی ئامارەکانی ڕێکخراوی لێبووردنی نێودەوڵەتی زیاتر لە سەد هەزار هاووڵاتیی کورد لە ساڵی ١٩٨٧ بۆ ١٩٨٨ لە ئەنجامی هێرشی ئەنفال کوژران[٩٤]، هەروەها کەمکردنەوەی ژمارەی دانیشتوانی کورد لە ڕێگەی ئەنفالکردن و کۆمەڵکوژی یان ئاوارەکردنیان بۆ وڵاتانی تر و بەتاڵانبردنی ماڵ و موڵک و سامانی خەڵکی کوردستان؛ گۆڕینی ناسنامەی نەتەوەی کورد بەگوێرەی بڕیاری ڕێککەوتننامەی نەهێشتنی تاوانی جینۆساید و ئەنفال جینۆسایدە و هەموو ئەو خاڵانەی کە لە یاساکەدا باس کراون ئەو ڕێکخراوە قەدەغەی کردوون و سزای بۆ ئەنجامدەرانی داناون لەو کردەوانەی لە هێرشی ئەنفال بۆ سەر کورد ئەنجام دراون قەدەغەن، بریتین لە:

– بڕیاری قەدەغەکردنی کشتوکاڵ و ئاژەڵداری.

– بڕیاری کۆکردنەوە و ڕاگواستنی دێهاتنشینەکان.

– بڕیاری بۆردومانکردن بە بەکارهێنانی تۆپ و فڕۆکە و کۆپتەر.

– بڕیاری تاڵانکردنی ماڵ و سامانی خەڵکەکە، وەکو لەوەی جاشەکان یان سوپا دەتوانن هەموو شتێک بۆ خۆیان بەرن.

– بڕیاری قەدەغەکردنی ژیانی مرۆڤ و تەنانەت ئاژەڵیش، سەرجەم ئەم بڕیارانە بەشێوەیەکی پراکتیک لە پێش ئەنفالەکانەوە دەست کراوە بە جێبەجێکردنیان[٩٥]؛ تاوانی ئەنفال دەچێتە ریزی جینۆساید کە روویان داوە وەک بەکۆمەڵ کوشتنی ئەرمەنەکان لە کاتی جەنگی یەکەمی جیهان و

(٩٤) صدام حسين جرائمة وانتهاكاتة لحقوق الانسان (تقرير عن تكلفة الانسانية لسياسات صدام حسين من اعداد وزارة خارجية بريطانية والكومنوياث)، طبعة الاولى ٢٠٠٢، ص ١٤.

(٩٥) گوڵ، مارف عومەر: ئەنفال قۆناغێک لە پراکتیکردنی جینۆساید، کۆواری رەهەند، ژمارە حەوت، لاپەڕە ٨٦.

کوشتنی چەندان ملیۆن جوو بەدەستی نازییەکان،[٩٦] چونکە پرۆسەیەکی نەخشە بۆکێشراو و بەرنامە بۆدارێژراو بوو، یەکێک بوو لە خاڵە بنەڕەتی و ستراتیجییەکانی کۆلۆنیالیزمی عێراق بۆ لەناوبردنی بە کۆمەڵی نەتەوەی کورد و بڕانەوەی رەچەڵەکی مرۆڤی کورد لە کوردستانی باشوور، بۆ شێواندنی سروشتی نیشتمانەکەی لە رووی جوگرافی و دیموگرافی و کولتووری بڕانەوەی مەترسیی سەرهەڵدانی بزووتنەوەی رزگاریخوازیی کورد هەتاهەتایە؛[٩٧] رژێمی عێراق چەند قۆناغێکی دانابوو بۆ فەوتاندنی خەڵکەکە: دیاریکردنی بە پیلانی ناوچەکە و دەستپێکردنی قۆناغ بە قۆناغی هێرشەکان. کۆنترۆڵکردنی خەڵکەکە و کۆکردنەوە و ڕاگواستنیان و دواتر گواستنەوەیان بۆ زیندانەکانی بیبانەکانی خوارو، هەر لەو پرۆسەیەدا خەڵکەکە سووکایەتیی پێ دەکرا و برسی دەکران، یەکێک لە رزگاربووانی پرۆسەی ئەنفال گوتی "لە کاتی بردنمان دەورە دراین و دواتر رەوانە کراین بۆ ناوچەیەکی بیابان لەوێش نانیان پێ نەدەداین و ئەوانەیش کە نەگەیشتبوونە تەمەنی پیری دەیانکوشتن، ئەوانەشی کە پیر و پەککەوتە بوون پاش ماوەیەک ئازاردان و دوورخستنەوە ئازادیان دەکردن، لە بڕیار و بەڵگەنامەکانی کە رژێمی پێشوو ئەوە ئاشکرا دەبێت کە بە جێبەجێکردنی پلان و بەرنامەیەکی نەخشە بۆکێشراو پرۆسەی ئەنفال ئەنجام دراوە و مەبەستی ئەنجامدانی تاوانی جینۆساید بووە و ئەو خاڵانەش کە لە یاساکەدا بۆ بەرگرتن لە جینۆساید خراونەتە روو هاتوونەتە رێکخراوە نێودەوڵەتییەکان، بەم شێوەیە ئامانجەکانی ئەو کارەساتە دەخەنە روو؛ تاوانی جینۆساید لەو ساڵانەدا گەیشتە چڵەپۆپەی؛ ئەوە بوو بەشێوەیەکی فراوان چەکی کیمیایی بەکار هات و هەزاران کەس بوونە قوربانی و ناوچەکانی کوردستان ژیانیان تێدا نەما لە

(٩٦) تاڵەبانی، د. نووری: تاوانی ئەنفال لە ئەستۆی دەوڵەتی عێراقە و دەبێ داوای لێبووردن لە گەلی کورد بکات هەفتەنامەی میدیا، ژمارە ٢٩٥ی ٢٦ حوزەیرانی ٢٠٠٧.

(٩٧) کەریم، عەبدوڵا: رەشەبای ژەهر و ئەنفال، سەرچاوەی پێشوو، لاپەڕە ٩.

سـەرجـەم هێـرشـەکـاندا زیاتر مـەبەسـتی سـەرەکـیی رژێم روون بووەوە کـە فـەوتاندنـی مـرۆڤی کـورد بووە (وەک کۆمـەڵ) و فـەوتاندنی کـولـتووری کـورد و وێرانکردنی کوردستـان وەکو تاوانی جینۆساید پێکهاتەکانی دەرکەوت[٩٨]، لە ئەنفـالەکـاندا ئەو خـەڵکە لە یەکـتر جـیـا دەکرانـەوە ئینجـا دەگـوازرانەوە بۆ ناوچـەکـانی تر لەوێ دەخــرانە چاڵی گــەورەوە و لـەلایەن چەکـدارەکـانەوە گوللەباران دەکران و بەبلدۆزەر دادەپۆشران.

لەو لێکۆڵینەوە ناودارەدا رێکخـراوەکە لە مـاوەی نێـوان نیسـانی ١٩٨٧ تا ئابی ١٩٨٨ چل پەلامـاری بە چەکی کـیـمـیـایی تۆمـار کـردووە کـە لە کـاتی پرۆسـەی ئـەنفـالدا ئەنجـام دراون لە ناوچە کوردنشـینەکاندا، لە راپۆرتەکەی مــیــدڵ ئێــسـت وۆچ ســەبارەت بە بارودۆخی ئەو کــاتەی کــورد هـاتووە؛ پەلامـارەکانی سـاڵانی ١٩٨٧–١٩٨٩ پێشێلکردنێکی دیاری مافەکانی مرۆڤی لەخۆ گرتووە لەوانە:

- لەسـێـدارەدانی بەکـۆمـەڵ و بێ سـەروشـوێنکردنی دەیان هەزار خـەڵکی شـەڕنـەکەر، لەوانە ژمـارەیەکی زۆر ئافـرەت و منداڵ و هەندێ جـار تەواوی دانیشتوانی گوندەکان.
- بەکارهێنانی چەکی کیمیایی بەشێوەیەکی بەرفراوان، لەوانە گازی خەردەل و دەمـارەگـاز، یان سـارین، دژ بە هەڵەبجـە و دەیان گـوندی کـوردنشـین و کوشتنی هەزاران خەڵک، بەزۆری ئافرەت و منداڵ.
- وێرانکردنی تێکڕای دوو هـەزار گونـد کـە لە بەڵگەنـامـەکـانی حکوومـەت وا باس کراون "سـووتان"، "تێک دراون"، تەخت کراون" و "پاکتـاوکراون"، بەلای کـەمـیـشـەوە دە دوازدە شـارۆچکەی گـەورە و بەڕێوەبردن "قـەزا و ناحـیـە" هەمان شتیان بەسەر هاتووە.
- تێکڕای وێرانکردنی ئامـانجـە مـەدەنیـیەکـان لەلایەن ئەندازیاری سـوپاوە،

---

(٩٨) د. گولّ مـارف، عومـەر: پێوەندیی مەسـەلەی کورد بەیاسـای نێودەوڵەتییـەوە، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، چاپی یەکەم ٢٠٠٢، لاپەڕە ٨٦ و ٩٢.

لەوانە تەواوی قوتابخانەکان، مزگەوتەکان، بیرەکان و گەلێ بینای تر کە نیشتەجێی خەڵک نەبوون لە گوندە دەستنیشانکراوەکاندا، بە ژمارەیەک وێستگەی سانەویی کارەباشەوە.

- تالانکردنی ماڵ و سامانی هاوولاتییە مەدەنییەکان و ئاژەڵ و مالاتەکانیان بە ڕادەیەکی بەرفراوان لەلایەن هێزەکانی سوپا و میلیشای سەر بەحکوومەتەوە.
- گرتنی هەرەمەکیی گوندنشینان لە "ناوچە قەدەغەکراوەکاندا" هەرچەندە ئەم شوێنانە زێد و خاکی خۆیان بوو.
- بەندکردن و دەستبەسەرکردنی دەیان هەزار ئافرەت و منداڵ و خەڵکی بەتەمەن بۆ چەندین مانگ لە بارودۆخی ئەوپەڕی سەخت و نارەحەتدا.
- بەزۆر ڕاگواستنی سەدان هەزار لە خەڵکی دێهات پاش وێرانکردنیان.
- تێکدان و هەڵتەکاندنی ژێرخانی ئابووریی دێهاتەکانی کورد، رژێمی عێراق وەک نازییەکانی ئەڵمانیا کار و کردەوەکانی پەردەپۆش دەکرد لە ژێر گوزارشتی ناسکدا، بەلام لە ژێر پەردەی قسەی شیرین و لووسدا تاوانەکانی عێراق دژ بە کورد دەگاتە ئاستی جینۆساید)(٩٩).

بەگوێرەی پێناسەکەی لەمکین تاوانی جینۆساید بە کوشتنی ئەو خەڵکە کۆتایی بە تاوانەکە نایەت، بگرە لەگەڵ ئەنجامدانی ئەو کردەوەشدا ئەو ئاسەوارە خراپانە بەردەوام دەبن کە ئەو کۆمەڵگەیە ڕووبەڕووی دەبێتەوە لە تاوانی ئەنفالیشدا بەتەنیا کوشتن و لەناوبردنی ئەو کۆمەڵە خەڵکە کۆتایی بەتاوانەکە نەهاتووە، بگرە بەعس دوای ئەنجامدانی تاوانی ئەنفال و پێش ئەو پرۆسەیەش بنەماکانی ژیانی کۆمەلایەتی و رۆشنبیری و کولتووریی ئەو خەڵکەی تێک دابوون، ئەوە بوو پێش پرۆسەی ئەنفال بەگوێرەی

(٩٩) میدڵ ئێست وۆچ جینۆساید لە عێراق پەلاماری ئەنفال بۆ سەر کورد وەرگێڕانی محەمەد حەمەساڵح، وەزارەتی رۆشنبیری، چاپخانەی تیشک، سلێمانی، لاپەڕە ٤٢.

بەڵگەنامەکانی بەعس و قسەی ئەو خەڵکەی کە ڕووبەڕووی ئەو کارەساتە بوونەتەوە پێشتر ڕاگوێزران و شوێنەکەیان پێ چۆڵ کرا، هەروەها بەعس لەو کاتەدا دەستی کرد بە وشککردنی ئەو ناوچانە، لەناوبردنی مەڕوماڵات و سەروەت و سامانیان بەتەنیا ئامادەکارییەکانی پێش ئەنفال کۆتا بەو نەهامەتییانە نەهات، ئەوە بوو دوای ئەو پرۆسەیە و تا ئێستاش خەڵکی ئەو ناوچانە لە ژیانێکی دڵەڕاوکێ و دوودڵی دەژین و زۆر ئەستەمە ئەو خەڵکە بەو ئاسانییە ئەو کارەساتەیان بیر بچێتەوە و بگەڕێنەوە سەر ژیانی ئاسایی خۆیان، بگرە تا چەند دەیەی تر باجی ئەو کارەساتە و ئاسەوارە خراپەکانی دەدەن. پێویستە ئەوەش بزانین کە یاساکان ناتوانن بە یەکجاری ژیانمان بگۆڕن بۆ جۆرێکی باشتر (لەو باوەڕەدام یاسای بەرەنگاربوونەوە و قەدەغەکردنی جینۆساید ژیانمان ناگۆڕێت بۆ جۆرێکی تەندروست، ئەو مەسەلە دەگەڕێتەوە بۆ سەر مرۆڤەکان، مرۆڤەکان دەیانەوێ چۆن بژین؟ ئەوە دەگەڕێتەوە بۆ سەر ئەو مرۆڤانە بە جوانی یان بە ناشرینی لە دنیادا دەژین، تاوانی کۆمەڵکوژی ڕوو دەدەنەوە، چەندین جار ڕوو دەدەنەوە، هەروەک ئەوەی لە کوردستان و ڕوەندا روویان دا، لەبەر ئەوە تا ئێستا لەمپەرێکی جیدی نییە پێش بەو تاوانە مرۆڤایەتی و نێودەوڵەتییانە بگرێت، پێویستە هەوڵ بدرێت پێشێلیی یاساکانی بەرگرتن لە کۆمەڵکوژی و لەناوبردن نەکرێتەوە، چونکە چەندین دەوڵەتی زلهێز هەن لە دنیادا خەریکی پێشێلکردنی یاسا نێودەوڵەتییەکانن).[١٠٠]

---

(١٠٠) چیدار بێرگلاند، بەڕێوەبەری ڕێکخراوی لێتوێژینەوەی نەرویجی بۆ مافی کورد، ئەو ڕێکخراوە یەکێکە لە ڕێکخراوە چالاکەکانی بواری بەرگریکردن، لە مافەکانی کورد، هەروەها گرینگی بە بارودۆخ و ژیانی کوردەکان و کارەساتەکەیان دەدات، لە ناو ڕێکخراوەکەدا کەسایەتیی دیاری ئەو دەوڵەتە بەرپرسن، بۆ زانیاریی زیاتر بڕوانە چاوپێکەوتنێک کە لەگەڵ ناوبراو لە ژمارە ٤ی کۆواری ئەنفالستان کە لە مێژووی ٢٠٠٧/٤/١٤ بڵاو کراوەتەوە.

## - هەوڵەکانی کورد و ڕێگەچارەکان

هەوڵدان بۆ بەڕەسمی ناساندنی تاوانی ئەنفال وەک جینۆساید لە نەتەوە یەکگرتووەکان لە خەیاڵ و بیرکردنەوەی بەشێک لە سیاسییەکان و زۆرێک لە رۆشنبیرانی کورددا بووە، هەر لەو پێناوەدا بەردەوام ئەم باس و خواستە خراوەتە بەرباس و قسە لەسەر کردن. ئەم خواستەش بەدرێژاییی ماوەی کارەساتەکە درێژەی کێشاوە، لەگەڵ ئەو بانگەشانە، هەردوولا جاران ئەم خەیاڵەیان پشتگوێ خستبوو تا رۆژی یادکردنەوەی نەیەتە ئاراوە ئەو باسەش لە ئارادا نییە، هەروەها بزووتنەوە کوردییەکان لە سەرەتای پرۆسەی ئەنفال بێدەنگ بوون و دوای پرۆسەکەش بە جیدییەوە کاریان بۆ نەکردووە، لەگەڵ ئەوەشدا زۆر جار لە پێناو چەند ئامانجێکی کورتبین و دیاریکراودا دەیانویست ئەم کێشە نەشارێتەوە و لە رێگەی گەورەکردن و دەرخستنی کێشەی کوشتن و لەناوبردنی کوردەکان سەرنجی دەوڵەتان بۆ لای خۆیان رابکێشن. هەر لەو پێناوەدا بەرەی کوردستانی ١٩٨٩/٢/٢٤ یاداشتنامەیەکی ئاراستەی لیژنەی مافی مرۆڤی نەتەوە یەکگرتووەکان کردووە و گەلێ لایەنی تاوانی جینۆسایدی تێدا روون کرابووەوە[١٠١].

بەڵام ئەم یاداشتە هیچی نەهێنایە ئاراوە و وەڵامەکەش هیچی بۆ بەردەوامیی سەر هەڕەشەکان کەم نەکردەوە، ئەم پەڕاوێزخستنە تا ڕاپەڕینی ساڵی ١٩٩١ بەردەوام بوو، لەگەڵ ڕاپەڕیندا دۆخەکە گۆڕدرا، چەند بڕیارێک دەرچوون و لەبەر بەرژەوەندیی ناوەخۆیی و نێودەوڵەتی گۆڕانی گەورە روویان دا، لە ناوەخۆشدا بیرۆکە و هەوڵی جیاجیا دەرکەوتن کە دواتر تەنیا ناوەکەیان مایەوە. لەوانە لە دوای دامەزراندنی حکوومەت و یەکگرتنەوەی ئیدارەکانی سلێمانی و هەولێر حکوومەتی هەرێم ئۆفیسێکی بۆ رێکخستنی کاروبارەکانی خۆی لەگەڵ نەتەوە یەکگرتووەکاندا کردەوە؛ ئەو ناوەندە وەک

(١٠١) د. گوڵ، مارف عومەر: جینۆسایدی گەلی کورد لەبەر رۆشنای یاسای نێودەوڵەتاندا، چاپخانەی ئاراس، چاپی چوارەم، هەولێر ٢٠٠٧، لاپەڕە ٦١.

ئۆفیسێک کە دەسەڵاتێکی مەعنەویی نییە لای نەتەوە یەکگرتووەکان بگرە بیرۆکەی کورد خۆیەتی و ئەم کارە واتە رێکخەری حکوومەت بۆ کاروباری نەتەوە یەکگرتووەکان لە هیچ وڵاتێکی دنیادا وێنەی نییە پاش ئەو کارەساتانە بەهۆی رووداوی جیاجیای ناوخۆیی لە عێراقدا ئەو مەسەلانەی پێوەندیی بەکێشەی کوردەوە هەیە لە بیر براونەتەوە و بەهیچ شێوەیەک باسیان لێوە ناکرێت، ئەو کارەساتانەی کە ئێستا روو دەدەن خۆی لە خۆیدا هەوڵدانە بۆ شاردنەوەی ناحەقی و ناعەدالەتیی پێشوو بۆ شێواندنی رووی راستیی ئەو رووداوانەیە کە یەک سەدەیە لەم وڵاتەدا درێژەی هەبووە. زۆر جار بەرپرسانی عێراقی بەشداریی لە کۆبوونەوەی ئەنجوومەنی ئاسایشی رێکخراوەکە کردووە لەوانە سەرۆک یان وەزیری دەرەوەی عێراق و باڵیۆزخانەی عێراق لە نەتەوە یەکگرتووەکان، بەڵام باسەکەیان عێراق و کارەساتەکانی و ئاوەدانکردنەوەی ئەو وڵاتە بووە لە بواری سیاسی و کۆمەڵایەتی، بەهیچ شێوەیەک مەسەلەی قوربانیدان و نەهامەتییەکانی کورد وەک ئەنفال و هەڵەبجە نەبووەتە جێگەی باس.

**- ئەنفال و لۆبیکردن**

یەکێک لەو رێگەیانە کە دەتوانێت پشتگیری کۆ بکاتەوە بۆ وروژاندنی بەرەسمی ناساندنی ئەنفال و هەڵەبجە وەک جینۆساید لۆبیکردنە، لۆبی یان لۆبیکردن واتە گرووپی پاڵەپەستۆ یان (کۆکردنەوەی دەنگ بۆ مەسەلەیەک کە پێوەستە بەو مەبەستانەوە کە کەسی لۆبیست دەیەوێ، بەڵام گرینگیی لۆبی لە ئەندازەی کاریگەری ئەو دەنگەدایە کە کەسی لۆبیس دەستی دەکەوێ، بێگومان کاریگەری لە لۆبیکردندا مەسەلە گرینگەکەیە) لۆبیکردنیش لە رێگەی گەیشتن بە کەسایەتی و ناوەندی بڕیار بەدەست لە جیهاندا و دروستکردنی پێوەندی لەگەڵ میدیاکان و خستنە گەڕی پارە بۆ ئەو مەبەستە دێتە دی[١٠٢]،

---

(١٠٢) بۆ زانیاریی زیاتر بڕوانە پرۆفیسۆر عەلائەدین نەقشبەندی، لۆبیکردن، لەندەن ٢٠٠٧، لاپەڕە ١٥ تا ٢٨.

لۆبیکردن لە زۆربەی وڵاتان پێویستە، بەڵام دوو شوێنی گرینگ هەن بۆ لۆبیکردن ئەوانیش واشنتۆن و برۆکسل، بایەخی ئەم دوو پایەتەختە بۆ لۆبیکردن ئەوەیە کە ئەم دوو شارە شوێنی کۆبوونەوەی دەوڵەتان و ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان و ناوەندی کۆبوونەوەی کەسایەتیی سیاسی و بڕیار بەدەستە لە جیهاندا.

(کوردەکان دەتوانن لۆبی دروست بکەن لە ئەوروپا و ئەمەریکا لە ڕێگەی دروستکردنی پێوەندیی پتەو و جیدی لەگەڵ ڕۆژنامەنووسان و سیاسییەکان و ڕێکخستنی ئەو کوردانەی لەو وڵاتانەدا هەن، پێویستە کوردیش هەروەک ئەرمەنەکان هەوڵ بدەن بۆ دروستکردنی لۆبیی کورد، بۆ ئەوەش پێویستە کوردەکان یارمەتی و زانیاری سەبارەت بە کێشەکانی کورد و قوربانییەکانی بگەیەنرێتە دەست ئەندامانی ئەنجوومەنی پیران و ئەنجوومەنی ئاسایش)[١٠٣]، ئەزموونی لۆبیی ئەرمەن هاوکاریمان دەکات بۆ گەیاندنی دەنگی کورد بەدەرەوە و ڕاکێشان و دروستکردنی دەنگی خاوەن بڕیار سەبارەت بە ڕۆڵی لۆبیکردن بۆ بەرەسمی ناساندنی ئەنفال وەک جینۆساید و دروستکردنی پاڵەپەستۆ، حاڵی حازر کورد ئیمکانییاتی دروستکردنی لۆبیی نییە بەتایبەت لە بەرامبەر لۆبیی عەرەبی یان تورکی، کورد خەم ساردیی کردووە لە بەرامبەر ئەنفال و هەڵەبجە، بێگومان وڵاتانی ڕۆژئاوا ئەو چەکانەیان دایە ڕژێم، ئێستا چۆن دەبێت کورد پشت بە ڕۆژئاوا ببەستێت؟ لە کاتێکدا کە هەزاران کورد لە کردەوەکانی ئەنفالدا لەناوچوون کەچی ڕۆژئاوا تا ئێستاش دەیەوێت ئەو مەسەلەیە لە بیر بکات، بۆیە کورد پێویستە لێبڕاوانە بۆ بەفەرمیکردنی ئەو پرۆسەیە هەوڵ بدات؛ ڕۆبەرت گوین[١٠٤] دەڵێ: پێویست

---

(103) whshntonmonthly june 2007by

laurarozen :kurd lobbyin America. 4 December 2003 Amsterdam, Talk given to the Friends of the IISH, By Martin van Bruinessen

(١٠٤) ڕۆبێرت گوین ڕۆژنامەنووسێکی دیار و ناسراوە کە ماوەیەکی درێژە لە بواری ئەنفالدا کار دەکات، هەر لەو پێناوەدا دەیان کاری کردووە و ئێستاش =

بوو کورد زووتر کاری بۆ بەرەسمی ناساندنی ئەنفال وەک جینۆساید بکردایە، بەڵام کورد لە بەرامبەر ئەو کارەساتانەدا خەمساردیی کردووە، هەرچی پێوەستیشە بە رەوەندی کوردەوە ئەوا (لە دەرەوە تا ساڵی ٢٠٠١، شتێک نەبووە ناوی ئەنفال بێت لە ناو رەوەندی کوردی).

**- بەکارهێنانی بڕیاری دادگەی عێراقی**

دادگەی باڵای تاوانەکانی عێراقی تایبەت بە تاوانەکانی کۆمەڵکوژیی مرۆیی لەلایەن مەجلسی حوکم کە دەسەڵاتێکی کاتیی عێراق بوو دامەزرا، مەجلسیی حوکمیش دانی پێ دانرا لەلایەن ئەنجوومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکانەوە بەگوێرەی بڕیاری ١٥١١/٢٠٠٣ هەر لە چوارچێوەی ئەو بڕیارەی پێشوودا دەستووری کاتی (یاسای ئیداریی دەوڵەت بۆ قۆناغی گواستنەوە) لە مێژووی ٨ی ئاداری تا مانگی مارسی ٢٠٠٤ دامەزراند، دەستوورەکە ئەوەی دووپات کردەوە کە دادگەیەکی باڵای تاوانکاریی تایبەت پێک بهێنرێت بۆ دادگەییکردنی تاوانبارانی قڕکردن و لەناوبردنی بە کۆمەڵ کە لەلایەن رژێمی پێشووەوە ئەنجام دراون، ئەمەش بە پشتبەستن بەو هەموو سکاڵایانەی کە ئاراستەی مەجلسی حوکم کران، بەو هۆیە دادگەی باڵای تاوانەکانی عێراقی تایبەت بە کوشتنی بە کۆمەڵ ژمارە ١ ساڵی ٢٠٠٣ پێک هات پاش شەست دانیشتن لەسەر دۆسیەی ئەنفال رۆژی ٢٤ی حوزەیرانی ٢٠٠٧ لە بڕیاری کۆتاییدا دادگەی باڵای تاوانەکانی عێراق بەرەسمی دانی نا بەوەی کە ئەنفال جینۆسایدە و تاوانباران وەک ئەنجامدەری تاوانی جینۆساید سزا دران (ئەم بڕیارەی دادگەش بە پشتبەستن بە یاسای نوێی سزادانی عێراقی کە ئەو یاسایە هاوشێوەی یاسای رێککەوتننامەی نەهێشتنی تاوانی جینۆسایدی نەتەوە

---

=بەڕێوەبەری بەرنامەی دۆکیۆمێنتکردنی کارەساتی ئەنفالە بۆ زانیاریی زیاتر بڕوانە کۆواری ئەنفالستان کە ساڵنامەیەکی تایبەتە بە ئەنفال ژمارە ٤ی ١٤/٤/٢٠٠٧.

یەککگرتووەکـانـی ١٩٤٨)ـە(*) هەروەهـا دوای سـاڵێک بەسـەر تێـپـەڕبوونی بڕیارەکەدا؛ پەرلەمانی عێراق لە دانیشتنی ١٤ی ئەپریلی ٢٠٠٨ کیمیابارانی کورد و ئەنفال و کوشتنی کوردە فەیلییەکانی وەک جینۆساید ناساند، دەقی بڕیارەکـە بەم شـێوەیە بوو "لە ژێر ڕۆشناییی ئەوەی کە دەسـتـووری عێـراق ئامـاژەی بۆ کـردووە بـەوەی کـە دەسـتـوور دەنگی نەهامـەتی و کـارەسـاتەکانی گـەلی عـێـراقـە، لەوەش نـەهامـەتی و کـارەسـاتـەکـانی پـاکـتـاویی نەژادی و لەناوبردنی بە کۆمەڵ لە (هەڵەبجە) و بارزان و ئەنفال و کوردە فەیلییەکان، بە دووپاتکردنـەوەی بڕیاری دادگـەی تاوانـی عێـراقی تایبـەت بـە گونجـاندنی ئەو بارودۆخـەی لەگـەڵ ئەو پرۆسـانـەدا کـە جـینۆسـایدن ئەنجـوومـەنی نوێنـەرانی عـێـراق بڕیار دەدات لـەسـەر ئەوەی کـە ئەو کـارەسـاتانـەی گـەلی کـورد لە کوردسـتانی عێراق ڕووبەڕووی بووەتەوە لە کوشتن و بڕین و کۆمەڵکوژی ئەوە بە هەمـوو پێـوەرەکـانی جـینۆسـایدە، هـەر لەو چوارچێـوەیەدا بەکـارهێـنانی بڕیاری دادگـە هەوڵ بدرێ بۆ کـۆکـردنەوەی بەڵگـەنـامـە و دۆکـیـۆمـێنتـەکـان بەتایبەت ئەو بەڵگەنامانەی کە لەلایەن دەزگاکانی ڕژێمەوە دەرچوون و تێیاندا بە ڕوونی باسی ئەنفال کراوە پێویستە کاری ئەکادیمییـان لەسـەر بکرێن و دەقـەکـانیـان وەربگێـڕدرێنـە سـەر زمـانـە جیـاوازەکـانی دنیـا بە بەکـارهـێنانی قسـەی شـاهـیدحـاڵەکان وەک بەڵگەی ئەنجـامدانی تاوانەکان، لایـەنێکی تری گـرینگیی ئەم مـەسـەلەیە، بۆ ئـەمـەش ژمـارەیەک سـەرچاوە و کـتـێب هـەیـە کە پێـویسـتـە وەربگێـڕدرێنـە سـەر زمـانـە جـیـاجـیـاکـان لە ڕێگەی کـردنەوە و دامـەزراندنی سـەنتـەر و نـاوەندی تایبـەت بەو بوارە. هەروەها بە شـێـوەیەکی جـیـدی بەکـار بهێنرێن و لێکۆڵینەوەیان لەبارەوە بکرێ، چونکە بەڵگەنامـە و دۆکیۆمێنتەکان شایەتی بنەڕەتین بۆ ئەوەی تاوانەکان لە ونبوون و لەبیرکردن لە ناو مـێـژوودا ڕزگـار بکرێن، چۆن مـێـژوو دەپارێزرێ؟، چۆن چۆنـی ڕێگەی

(*) لە دەقی بڕیاری کـۆتـای دادگـای باڵای تاوانـەکـانی عـێـراق سـزاکـە بەسـەر تاوانبـارانـی کـەیسی ئەنفـال لـەسـەر ئەنجـامدانـی تاوانی جینۆسایدە لە کۆتای لێکۆڵینەوەکە دەقی بڕیارەکە بڵاو کراوەتەوە.

داهاتوو بنیـات دەنرێ؟ لـە ڕێگەی ئاگـەداربـوون و ئیـشـکردن لـە رابردوودا دەبێت، رابـردوو پێـویسـتـە دووبارە نەبێـتـەوە و لەبیـریش نەکـرێت، هەروەها پێـویسـتـە بـەوردی چاودێریی رابردوو بـکرێ، بۆ نەوەکـانی داهاتوو. جگە لە بەڵگەنامـە و کتێبەکان و یادەوەری و مێژووی نەوەکانی پێشـوو چیی تر هەیە وا بکات چـاودێریی مـێـژوو بکرێ، نـەوەکـانی داهاتوو بەچـی سـەیری رابردوو بکەن؟، باشـترین ڕێگە بۆ ئەنفال پاراستنی بەڵگەنامـە و دۆکیـۆمێنت و قسـەی شاهیدحاڵەکانە.

## – بڕیاری دادگەی وڵاتان و کارەساتی ئەنفال

لە دوای سـاڵی ٢٠٠٢ەوە چەند کـەمـپین و خـۆپێـشـاندانێک لە ئەوروپا سـەریان هەڵدا، ئـەم چالاکـییـانـەش گـرێدراو بـوون بە کـەمـپـینێک بەناوی (کـەمـپـینی هەڵەبجە و ئەنـفال) کوردەکـانی وڵاتانی ئەوروپا بەهۆی ئەو کەمپینەوە، پێکەوە بەسـترانەوە و بـەو هۆیەوە چەندین خـۆپێـشـاندان سـاز کـرا بۆ چارەنووس و دۆزی کـورد، قـورسـتـرین تاوان دیاری کـرا بۆ ئـەوەی سـەرنجـی دنیـا بۆ لای خـۆیان رابکێـشن. هەڵەبجـە و ئـەنفـال وەک دوو تـاوانی گـەورە دەسـتنیـشـان کـران، چونکە ئـەو کـوردانە رایان وابوو کـە بەهۆی تاوانی ئەنـفـال و هەڵەبجـە دەتوانن بیروڕای شـەقامی ئەوروپی و دەسـەڵاتبـەدەسـتـەکانی بەلای خـۆیاندا رابکێـشـن، بـۆ یەکـەم جـار لە ئەوروپا دەرسـیـم دیبـەگـەیی، کـەزانـی نزار خەزرەجی لە دانیـمارکە ئەو وەک هەڵوێستی تاکەکەسی دوای ئەوەی شوێن و ڕێگەی نزار خـەزرەجی دەدۆزێتـەوە داوایەکی یاسـاییی لە دادگەی دانیـمـارک تۆمـار کـرد و دادگــەی نەرویجی بەدەم داواکــەوە چووە، نزار خــەزرەجی دەسـتگیـر کـرا، هەر لە دانیـمـارک کۆمـیتـەیەک دروست بوو، دواتـر ناوەندێک دروست بـوو بەنـاوی نـاوەنـدی چـاک، بـەڵام دواتـر لـە جــــیــــاتـی ئـەوەی دەسـەڵاتدارانی کـوردسـتـان پشـتگیری لە دەرسـیم دیبـەگەیی و ئـەو کـۆمیتـەیە بکەن، نـامـەی پاکـێـتـیی نزار خـەزرەجـیـان نارد بۆ دادگـەی تاوانەکـانی دانیـمـارک و داوای ئازادکردنیـان کرد، ئەوە بوو بـەهۆی هەلومـەرجی لێدانی

عێراق لەلایەن ئەمەریکاوە ناوبراو ئازاد کرا و کۆتا بەدۆسیەکەی هات، ئەمەش بەهۆی پاڵەپستۆی سیاسییەوە بوو، عومەر محەمەد کە یەکێکە لە بەڕێوەبەرانی ناوەندی چاک سەبارەت بەرۆڵی ناوەندی چاک بۆ بەرەسمی ناساندنی ئەنفال و هەڵەبجە دەڵێ: پاڵەپەستۆی جۆربەجۆر لەسەر ئاستی دەرەوە دروست کرا و گەلێک دۆسیەی گرتە ئەستۆ، لەوانە دۆسیەی تاوانبار فرانس ڤان ئارانت، بەڵام دواتر ئەو بوو بە کۆمیتەیەک کە زۆربەیان خەڵکی بیانی بوون و ئەو کۆمیتەیە ناوی کۆمیتەی بەدادگە گەیاندنی تاوانبارانی هەڵەبجە بوو ئەو کەسە دادگەیی کرا وەک بەشدار لە ئەنجامدانی تاوانی جینۆساید، مەسەلەی بەدادگە گەیاندنی فرانس ڤان ئارانت و سزادانی بە حەوت ساڵ زیندانی کارێکی گرینگ بوو، لەبەر ئەوە ئەو تاوانبارە وەک شەرِکەر سزا درا، بەڵام کارەکانی رێکخراوەکە تا سەر جێبەجێ نەبوو، ئەو رەخنەی لەو ناوەندەش گرت و دەڵێ:

"رێکخراوی چاک رێکخراو نییە بگرە گرووپی پاڵەپەستۆیە، چونکە لە کوردستان و دەرەوە کورد نەیتوانیوە رێکخراوی پرۆفیشناڵ و باش دروست بکەن، ئەمەش لەبەر کەم شارەزایی و کەمئەزموونی، چاک نەیتوانی ئامانجی گەورە و دەستکەوتی گەورە بەدەست بهێنێ بەپێی خاڵی ٣٨ی دەستووری دادگەی لاهای و رێککەوتننامەی ڤیەننای ساڵی ١٩٦٩ رێککەوتننامە نێودەوڵەتییەکان لە سەرچاوەی بنەڕەتی یاسایی نێودەوڵەتییەکانن. بەپێی رێککەوتننامەی جنێڤ جینۆساید برێتییە لە "هەر کردەوەیەک کە بە نیازی وێرانکردن ئەنجام دەدرێ، وێرانکردنی هەموو یاخۆ بەشێک لە نیشتمانێک، نەژادێک، رەگەزێک، یان ئاینێک".

لەبەر رۆشنایی ئەم رێککەوتننامەیە و لە روانگەی دادگەی هۆڵەندییەوە کوردەکان وەک گرووپێکی نەژادی مەرجەکانی جینۆسایدکردن دەیانگرێتەوە کوشتنی کوردان وەک جینۆساید ناسرا؛ دادگەیەک لە لاهای رای گەیاند کەوا کوشتنی هەزاران کورد لە عێراق لە هەشتاکاندا کارێکی جینۆساید بووە، ئەم بڕیارەش دوای ئەوە هات کە دادگەکە سزای بەندکردنی ١٥ ساڵ زیندانیی دا

بەسەر فرانس ڤان ئەنرات کە بازرگانێکی هۆڵەندییە و یارمەتیی سەدامی دا لە بەرهەمهێنانی چەکی کیمیایی و بە حکوومەتی بەعسی فرۆشتووە و دواتر ئەو رژێمە ئەو چەکانەی بەکار هێنا بۆ بۆردمانکردن و لەناوبردنی کوردەکان، ئانرات کە گەڕایەوە هۆڵەندا خۆی نەگرت بۆ کەناڵەکانی راگەیاندن دوا، لە ئەیلوولی ٢٠٠٣، پەرلەمانتار کریستا سەر بە لیستی (S.P) لە پەرلەمانی هۆڵەندا بابەتەکەی ورووژاند، لەو کاتەدا ٣ کەس بە ناوەکانی " مارتین، عگید، کریستا " خەریکی کۆکردنەوەی دۆکۆمێنت و ئامادەکاری بوون بۆ بە دادگەیی گەیاندنی، لەگەڵ ئەوەی ئانرات سزا درا، بەڵام لەلایەن دادگەکەوە هەڵەبجە وەک جینۆساید نەناسێنرا.

ئەگەر هەڵەبجە و ئەنفال لە دادگەی ئەنفال وەک جینۆساید بناسرایا، لە دوای پێداچوونەوە، ئەوا پاش بڕیاری کۆتایی لە دادگەی باڵای هۆڵەندی کە ئەگەری هەیە لە چەند مانگی داهاتوودا ئەنجام بدرێ دادگەی ئەورووپی پابەند دەبوون پەسندی بکەن، بەڵام ئەو هەلە لەدەست چوو، تاکە هەل ئەوەیە سەرلەنوێ دادگە دەست پێ بکاتەوە، ئەگەر لە دۆسیەی فرانس ڤان ئانرات تاوانی کۆمەڵکوژیی کورد بە جینۆساید بناسێنرایە، ئەوا هەموو وڵاتانی یەکەتیی ئەورووپا پابەند بوون بە فەرمی بیناسێنن. چونکە بڕیاری دادگەی هەر وڵاتێک لەو وڵاتانە دەبێتە بڕیاری هەمووان، وەلێ بە داخەوە نەناسێنرا، پرۆسەی چوونەوە بە هەقیقەتەکانیش لەو دۆسیەیە کۆتاییی پێ هاتووە، ئێستا تەنیا بە بڕیارەکاندا دەچنەوە. بۆیە لەم بوارەدا پێویستە بەدوای هەلێکی تردا بگەڕێین، بەشدارانی جینۆسایدی کورد زۆرن و زۆریان لە وڵاتانی دەرەوەن و ناسنامەی ئەو وڵاتانەیان وەرگرتووە، ناسینی لەلایەن پەرلەمان و حکوومەتی وڵاتانی ئەورووپاوە، لەم بوارەدا وڵاتانی سکاندەنافیا بە تایبەت سوێد و نەرویج گرینگن قورسایی بخەینە سەریان، وەکو بینیمان جێکردنەوەی پەرەگرافێک لە ناو بەرنامەی پارتی چەپی سۆسیالستی نەرویجی سەبارەت بە پرسی جینۆساید بە هەوڵی چاک زۆر گرینگ بوو، هاوکات بەستنی چەندین کۆنفرانس لەسەر هەڵەبجە و ئەنفال لە ناو

پەرلەمانی سویدی و واژۆی زیاتر لە ٤١ پەرلەمانتار لەسەر ناسینی ئەنفال بە جینۆساید دیسانەوە گرینگ بوو، پێویستە درێژەی پێ بدرێ.[١٠٦]

**– گۆڕە بەکۆمەڵەکان شاهیدێکی تری ئەنفال**

گۆڕە بەکۆمەڵەکانیش شایەتی و بەڵگەی تری پرۆسەی لەناوبردن و کۆمەڵکوژیی گەلانی عێراق بەتایبەت کوردەکانە، ئەو گۆڕانە سەرچاوەکانی ناسینەوەی ئاسەوارەکانی پرۆسەی ئەنفالە، هیچ بەڵگەیەکی سەلمێنەر نەبێت بۆ ئەوەی کە بزانین کورد لەناوبراوە، گۆڕە بەکۆمەڵەکان نیشانەی یەکلاکەرەوەن.

دەربارەی گۆڕە بەکۆمەڵەکان زۆر شت نووسرا و زۆر شتیش وترا، ناوەندەکانی راگەیاندن، بەوێنە و بەڵگەوە ئەو نەهامەتییەیان بڵاو کردەوە. لە هەمووی گرینگتر رەنگە ئەوە بێت لەسەر زاری لێکۆڵینەوە بیانییەکانەوە ئەو دەنگە ببیستین کە لە ناو ئەو خاکەدا دەردێت، چونکە ئەوانەی ئێستا دان بەتاوانەکاندا دەنێن جاران هەر ئەوانە بوون چەکیان دەداتە ئەو رژێمانە، هەر ئەوان بوو رێگەیان خۆش دەکرد بۆ سڕینەوە و پاکتاویی رەگەزی دوای رووخاندنی رژێم (پەیمانگەی شوێنەواری ئەمەریکا ئەنجامی توێژینەوەکانی

(١٠٦) فرەنس ڤان ئارانت لەدایکبووی ١٩٤٣بەئامادەبوونی سێ دادوەری دادگەی لاهای و بەگوێرەی مادەی ٤٨ و ٥٧ی قانوونی سزادانی تاوانی جەنگ و کوشتن؛ دادگە گەیشتە ئەو باوەڕەی کە ناوبراو بە ئەنقەست یارمەتیی رژێمی عێراقی دا بۆ لەناوبردنی کوردەکان لە سالانی هەشتاکاندا بە فرۆشتنی چەکی کیمیایی پێش ئەوەی ئانرات بگەڕێتەوە بۆ هۆڵەندا لە دوای ڕووخانی سەدام ، سەرەتا بەتاوانی بازرگانیکردن بە چەکی کیمیاوی لە ئیتاڵیا گیرا، دوای ئەوە هەلات بۆ عێراق، لە عێراق ڕۆژنامەنووسی هۆڵەندی ئارنۆلد بینیبووی و لە قاو درا. ژمارەی دۆسیەی ناوبراو پ: ٠٤–٠٩٧٥١٠٠٣لاهای ٢٣ی دیسەمبەری ٢٠٠٥ بۆ وردەکاریی زیاتر سەبارەت بە شێوازی بەڕێوەچوونی دادگەییکردنەکە بڕوانە حقوقی بین مللی یان سەردانی ئەم سایتە بکە و وردەکاریی دادگەکە بخوێنەرەوە http://internationallaw.blogfa.com/post-77.aspx

لەسەر گۆڕە بە کۆمەڵەکانی کوردە ئەنفالکراوەکان لە پارێزگای موسەنا بڵاو کردەوە، پسپۆڕەکان ئاماژە بە ستەمی ئەو کۆمەڵکوژییە دەکەن وە لە توێژینەوەیەکیاندا لەسەر گۆڕێکی بە کۆمەڵ کە روفاتی ١١٤ کەسی ئەنفالکراوی تێدا بووە ژمارەیەک شوێنەوارناس و ئەنپرۆپۆلۆجیست لە ساڵی ٢٠٠٤ سەردانی ئەو پارێزگایەیان کرد لە لێکۆڵینەوەیاندا لەسەر ئەو گۆڕە بەکۆمەڵە ئەو پسپۆڕانە لە ساڵی ٢٠٠٥ دەستیان بەکارکردن کرد ئەو پسپۆڕانە ئاماژە بەوە دەدەن کە لەبەر ئەوە لە کاتی ئەنفالی کوردەکاندا بەرپرسان لە شاردنەوەیان پەلەیان کردووە، گۆڕەکان نزمبوون و قوڵییان لە نێوان ٦٠ تا ٧٠ سەنتیمەتردایە، سەبارەت بەو گۆڕە بەکۆمەڵانە یەکێک لە پسپۆڕەکان دەڵێت گەر ستیڤان سپێلیبێرگ کە دەرهێنەرێکی بەناوبانگی ئەمەریکییە بیەوێت فلیمێکی دۆکیۆمێنتاری لەسەر کوردەکان بەرهەم بهێنێ، ئەوا با بێتە ناوچەکە تا چاوی بڕ بکات گۆڕی بە کۆمەڵ دەبینێ، لێکۆڵینەوەکە لە یەکێک لە تاقیگەکانی سوپای ئەمەریکی لە فڕۆکەخانەی نێودەوڵەتی ئەنجام دراوە یەکێک لە پسپۆڕەکان دەڵێت "کاتێ کیسێکیان بۆ هێنام بیپشکنم لە ناویدا ئێسک و پرووسکی کچێکی منداڵی تێدا بوو، لە تەنیشتییەوە جووتێک پێڵاوی لاستیکی تێدا بوو، لەم کاتەدا کچە منداڵەکەی خۆمم بیر کەوتەوە، ئەویش پێڵاوێکی لەو جۆرەی هەیە ئەمە کارێکە مرۆڤ تووڕە دەکات، چونکە ئەم مرۆڤانە هیچیان لە ئێمە جیاواز نییە کەچی دەکوژرێن ". وتیشی لەو گۆڕە بەکۆمەڵەدا هەشت منداڵی شیرەخۆرە بە باوەشی دایکیانەوە بوون کە ئەنفال کراون و خراونەتە ئەو گۆڕانەوە، تیمەکە دوای تەواوبوونی کارەکانیان ئەنجامی لێکۆڵینەوەکانیان لە دوو توێی ڕاپۆرتێکی دوو هەزار پەڕەییدا داوەتە دەست بەرپرسانی عێراقی و تەرمی ژمارەیەکیشیان درایەوە بەکەسوکاریان و ئەوە بوو روفاتی گۆڕە بەکۆمەڵەکانی پارێزگای موسەنا لە مانگی کانوونی دووەمی ٢٠٠٨ هێنرانە هەولێر و لە ڕێوڕەسمێکدا بەخاک سپێردران)[١٠٧]

---

(١٠٧) بۆ زانیاریی زیاتر بڕوانە؛ مؤسسة الذاکرة العراقیة (دامەزراوەی یادەوەریی عێراق) شایەتی لەسەر جینۆساید.

لەو نموونەیەی ئەوان بۆیان خســتــینە ڕوو، چیی تر باس بکەین، بۆ ئەوەی بەڵگە بۆ ئەوانە بهێنینەوە حاشا لە حەقیقەتی ئەو نەهامەتییانە دەکەن. لەگەڵ ئەوەشدا گۆڕە بەکۆمەڵەکانیش دنیا ناجووڵێنن.

**– بەکارهێنانی دان پێدانانی ڕێکخراوە جیهانییەکان**

میکانزمێکی گرینگ بۆ بەڕەسمی ناساندنی کارەساتەکە بە دان پێدانانی ڕێکخراوە جیهانییەکانی تایبەت بە مافی مرۆڤە، ئەو ڕاپۆرتانە کە ئەو ڕێکخراوانە ئەنجامیان داوە یارمەتیی ئەو لایەن و ڕێکخراو و کەسانە دەدات کە هەوڵی ئەوە دەدەن کە دنیا و ڕێکخراوەکان و وڵاتان ئەنفال وەک جینۆساید بناسێنن، ڕاپۆرتی ئەو ڕێکخراوانە مانای تایبەتییان هەیە بە تایبەت ئەو ڕێکخراوانەی کە دانیان پێ دانراوە و گوێ لە هەڵوێست و ڕاپۆرتەکانیان دەگیرێت، گەلێک ڕێکخراو و ناوەندی جیاجیا لە ڕاپۆرت و بەدواداچوون و کارەکانیاندا ئاماژەیان بە کارەسات و لەناوبردنی کوردەکان داوە بەتایبەت کارەساتی ئەنفال و هەڵەبجە هەروەها ئەو پێشێلکاری و لەناوبردنەی کوردیان وەک جینۆساید ناساندووە.

١– هەر لە سەرەتای تاوانەکەوە ئەمنستی ئەنتەرناشناڵ، کارێکی کرد کە هیچ ڕێکخراوێکی ناحکومی تر نەیکردبوو، ڕێکخراوەکە ڕاستەوخۆ داوای لە ئەنجوومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکان کرد کە کوشتاری کوردی مەدەنی بوەستێنێ، ڕێکخراوەکە بەڵگەی بەرز کردەوە بۆ سەلماندنی داواکەی، ئەمنستی ئەنتەرناشناڵ ئەوەی خستبووە ڕوو کە حکوومەتی عێراقی هەرچەندە کۆکوژی لە ناوەخۆی وڵاتەکەیدا ئەنجام دەدات، بەڵام ئەو کوشتارە هەڕەشەیە بۆ سەر ئاشتی و ئاسایشی نێودەوڵەتی، لەبەر ئەوە بەگوێرەی میساقی نەتەوە یەکگرتووەکان بەرپرسیارێتیی دەکەوێتە ئەستۆی ئەنجوومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکان).[١٠٨]

---

(١٠٨) ئەمەریکا و ئەنفال، سەمانسا پاوەر، وەرگێڕانی، بەختیار کەریم، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم سلێمانی٢٠٠٨ لاپەرە ٩٠.

٢- سەبارەت بەکارەساتی ئەنفال، ڕێکخراوی میدڵ ئیست ووچ لە ڕاپۆرتێکیدا کە لە ساڵی ١٩٩١دا بڵاوی کردەوە باسی ئەو نەهامەتییانە دەکات کە بەسەر کوردەکاندا لە پرۆسەی ئەنفالدا هاتووە، لە ڕاپۆرتەکەدا دەربارەی ناوی پەلامارەکە کاتەکەی و ئامانجەکانی هاتووە "ئەنفال ئەو ناوە بوو کە بەزنجیرەیەک هێرش و پەلاماری چڕوپڕی سەربازی نرا، کە سەرجەمی هێرشەکە هەشت پەلامار بوو لە شەش ناوچەی جوگرافیای جیاوازدا بەڕێوە چوو، لە نێوان کۆتایی مانگی شوبات و سەرەتای ئەیلوولی ١٩٨٨دا، فەرماندەی گشتیی عەمەلیاتەکە لە دەستی عەلی حەسەن مەجید بەرپرسی نووسینگەی باکوری ڕێکخراوی حزبی بەعسدا بوو، کەوا بنکەکەی لە شاری کەرکووک بوو، ڕێکخراوەکان بە گرینگییەوە لەو کارەساتەیان دەڕوانی، چونکە لە ماوەی ئەو ساڵانەدا پێشێلکاریی دیاری مافەکانی مرۆڤ بەرامبەر بەدانیشتوانی ناوچە کوردنشینەکان ئەنجام درا بۆ ئەو ڕێکخراوانەش گرینگ بوو کە بەدواداچوون و لێکۆڵینەوە لەو کارەساتانە بکەن، دنیا لەو نەهامەتی و پێشێلکارییانە ئاگەدار بکەنەوە کە ڕووبەڕووی کورد دەبنەوە.

٣- ڕێکخراوی هیومان رایتس ووچ لە ساڵی ١٩٩٣دا ڕاپۆرتێکی بڵاو کردەوە، لەو ڕاپۆرتەدا ئاماژەی بەئەنفال، کارەساتەکە و ئەو پێشێلکارییە کردبوو کە بەرامبەر بە مافی کوردەکان کراوە ئەوەشی خستبووە روو کە کوردەکان لە حاڵەتی مەترسیدا دەژین و لەلایەن حکوومەتی عێراقییەوە ڕووبەڕووی لەناوبردنی بەکۆمەڵ بوونەتەوە، لە ڕاپۆرتی ئەو ڕێکخراوەدا ئاماژە بەوە کراوە کە ئەنفال جینۆسایدە و ڕێکخراوەکە ئەنفالی بەجینۆساید ناساندووە، لە ڕاپۆرتەکەدا هاتووە ئەنفال هێرشێکی سەربازیی بە ئەنقەست بوو کە بە هەشت قۆناغ ئەنجام درا و تێیدا بەلایەنی کەمەوە پەنجا هەزار تا سەد هەزار هاووڵاتیی کورد کوژراوە، سەربازانی عێراقی لە هێرشی ئەنفالدا چەندین جار چەکی کیمیاییان بەکار هێناوە، لەم پرۆسەیەدا منداڵ و پیر و گەنجی کورد بوونە قوربانی؛

دوای لێکۆڵینەوە و بەدواداچوونی ڕێکخراوی هیومان رایتس ووچ ئەنفالی خستە ریزبەندیی جینۆساید وەک تاوانی کۆمەڵکوژی کە لە بەرامبەر کوردەکان ئەنجام دراوە).[١٠٩]

ئەم خەیاڵە (بەرەسمی ناساندنی ئەنفال لەلایەن نەتەوە یەکگرتووەکانەوەیە) ئاستی بینین تێیدا ڕوون نییە، هەروەها شتێکی غەریبیشە پاش ئەزموونێکی زۆری کورد لەگەڵ ئەم ڕێکخراوە و دەوڵەتانی دنیادا ئێمە هێشتا لەوە تێ نەگەین کە ئەو ڕێکخراوە نایەوێ کێشە و کارەساتەکانی کورد بە جیهانی بکرێن، هەرچەندە گەلان و دەوڵەتانی دنیا باوەڕیان بەو ڕێکخراوە هەیە و تێیدا ئەندامن، بەڵام هێشتا نیگەرانیی راستەقینەمان نەنواندووە بەرامبەری، هەر لەبەر ئەوە لای نەتەوە یەکگرتووەکان کورد کە بەردەوام ڕووبەڕووی مەترسی و هەڕەشەی لەناوچوون بووەتەوە و جێگەی بایەخ نەبووە و نییە، ئێمە بەکورتی باسمان لە ریشەکان و بنەماکانی دروستبوونی ئەو ڕێکخراوانە کردووە تا بزانین چۆن باوەڕ بەکێشەکانمان دەکرێ و چۆن چۆنیش ئەو ڕێکخراوانە بەکار دەهێنرێن لەلایەن زلهێزەکانەوە، ئەم حاڵەتە ئەوەمان پێ دەڵێت کە ئەو کارەساتانەی کە بەسەر ئەو نەتەوەیەدا هاتووە نەبووەتە جێگەی بایەخ لای دنیا، لەم قۆناغەدا پێویستە هەوڵ بدرێت ئەو دۆخە نامرۆڤانەی دنیا بەرامبەر بە کورد خوڵقاندوویەتی، ڕوون بکرێتەوە و دانی پێدا بنێن کە ئەوەی رووی داوە تاوانی کۆمەڵکوژییە، ئەم کوشتنەش لەسەر کوردبوونیانە.

---

(١٠٩) ئێست ووچ جینۆساید لە عێراق پەلاماری ئەنفال بۆ سەر کورد وەرگێڕانی محەمەد حەمەساڵح، وەزارەتی رۆشنبیری، چاپخانەی تیشک، سلێمانی ٢٠٠٤.

## سەرچاوەکانی بەشی دووەم

### سەرچاوەکان بەزمانی کوردی:

کتێبە کوردییەکان:

١- کورد و جینۆساید و ئیبادەکردن هەڵوێستی یاسای نێودەوڵەتی، پارێزەر هەژار عەزیز سورمێ، چاپخانەی خەبات، دهۆک.

٢- ئەنفال کارەسات و ئەنجام و رەهەندەکانی، یوسف دزەیی: دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی موکریان، چاپی، یەکەم هەولێر ٢٠٠١.

٣- جینۆسایدی گەلی کورد لەبەر رۆشنایی یاسای نێودەوڵەتاندا، د. مارف عومەر گوڵ، چاپخانەی ئاراس، چاپی چوارەم، هەولێر ٢٠٠٧.

٤- ئەنفال و رەهەندە سۆسۆلۆجییەکان، رەئووف عەزیز محەمەد: چاپخانەی تیشک، چاپی یەکەم، سلێمانی ٢٠٠٥.

٥- کورد قڕان، لەتیف فاتیح و مەجید ساڵح: بەرگی یەکەم، وەزارەتی رۆشنبیری، چاپی یەکەم، سلێمانی ٢٠٠٣.

٦- ئەنفالی گەرمیان، جاسم محەمەد محەمەد عەلی، چاپی یەکەم، چاپخانەی زانست، سلێمانی ٢٠٠٤.

٧- رەشەبای ژەهر و ئەنفال، عەبدوڵا کەریم: وەزارەتی رۆشنبیری، چاپی یەکەم.

٨- پێوەندیی مەسەلەی کورد بەیاسای نێودەوڵەتییەوە، دوکتۆر مارف عومەر گوڵ: دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، چاپی یەکەم، سلێمانی ٢٠٠٢.

٩- هۆلۆکۆست، ستیفان بروشفید و پۆل ئا. لیڤین، وەرگێڕانی شێرزاد هەینی، لە بڵاوکراوەکانی سەنتەری نما، چاپخانەی تیشک، هەولێر ٢٠٠٧.

١٠- میدڵ ئێست ووچ جینۆساید لە عێراق پەلاماری ئەنفال بۆ سەر کورد، وەرگێڕانی محەمەد حەمەساڵح، وەزارەتی رۆشنبیری، چاپخانەی تیشک، سلێمانی ٢٠٠٤.

١١- کورد و کوردستان، کەمال بۆرکایی: وەرگێڕانی عەلی فەتحی، لە بڵاوکراوەکانی دەزگای وەرگێڕان، چاپی یەکەم، هەولێر ٢٠٠٨.

١٢- مێژووی کورد، د. کەمال مەزهەر.
١٣- مێژووی هاوچەرخی کورد، دیڤید مەکداوڵ، وەرگێڕانی ئەبوبەکر خۆشناو، چاپخانەی روون، سلێمانی ٢٠٠٢، لاپەڕە ٢١٩.
١٤- کێشەی کورد، مێژینە و ئێستای کورد، دوکتۆر بلەچ شێرکۆ: وەرگێڕانی محەمەد حەمەباقی، چاپخانەی شەهید جەعفەر، چاپی یەکەم ١٩٨٦.
١٥- کوردستان و ستراتیجیی دەوڵەتان، حوسێن مەدەنی، بەرگی یەکەم، چاپخانەی رۆژهەڵات، هەولێر، ٢٠٠٩.
١٦- کورد، کورتە پێوەندیی کۆمەڵایەتی - ئابووری - رۆشنبیری و گوزەران، ا.م. مینتیشاشڤیلی، وەرگێڕانی پرۆفیسۆر دوکتۆر عیزەدین مستەفا رەسووڵ، دەزگای توێژینەوە و بڵاوکراوەی موکریانی، چاپخانەی خانی، دهۆک ٢٠٠٨.
١٧- جوگرافیای کوردستان، د. عەبدڵڵا غەفوور: لە بڵاوکراوەکانی دەزگای توێژینەوە و بڵاوکردنەوەی موکریانی، چاپی پێنجەم، چاپخانەی خانی، دهۆک ٢٠٠٨.
١٨- راگوێزانی کورد لە مێژوودا، عەبدوڵ قەرەداغی (مەلا عەلی) چاپی یەکەم، سوێد ١٩٩١.
١٩- مێژووی کوردستان، ن. لازاریف، وەرگێڕانی وشیار عەبدوڵ سەنگاوی، چاپخانەی رۆژهەڵات، هەولێر، ٢٠٠٨.
٢٠- خولاسەیەکی تاریخی کورد و کوردستان، محەمەدئەمین زەکی بەگ، لە بڵاوکراوەکانی بنکەی ژین، سلێمانی ٢٠٠١.
٢١- کورد و باکوری کوردستان لە دوای شەڕی یەکەمی جیهانییەوە هەتا دوای شۆڕشی شێخ سەعیدی پیران: محەمەد رەسووڵ هاوار: لە بڵاوکراوەکانی بەڕێوەبەرایەتیی چاپ و بڵاوکردنەوەی سلێمانی، بەرگی دووەم، چاپی دووەم.
٢٢- پەلکەزێڕینەش نامۆ مەکەن: دڵشاد مەریوانی، چاپی یەکەم، سلێمانی ١٩٩٨.
٢٣- دیوانی مەحوی، لێکدانەوە و کۆکردنەوەی مەلا عەبدولکەریمی مودەریس و محەمەدی مەلا کریم، چاپی یەکەم، ئینتشاراتی کوردستان، ١٣٨١.
٢٤- رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان، ئامادەکردن و وەرگێڕانی کارزان عومەر، پێداچوونەوەی نەورۆز حوسێن، لە بڵاوکراوەکانی مەکتەبی بیر و هوشیاریی یەکێتیی نیشتمانی، سلێمانی ٢٠٠٧.

٢٥- رێکخراوە نێودەوڵەتی و هەرێمییەکان: دوکتۆر ئەحمەد مووسەوی، وەرگێڕانی: عەلی قادر عوبێد، وەزارەتی رۆشنبیری، سلێمانی ٢٠٠٢.
٢٦- قەتڵوعامی ورد لە تورکیا، لە فرەنسییەوە، وەرگێڕان و پێشەکی و پەراوێز نووسینی، نەجاتی عەبدوڵا، بنکەی ژین، سلێمانی ٢٠٠٧.
٢٧- کورد لە سەدەی نۆزدە و بیستەمدا، کریس کوچێرا، وەرگێڕانی حەمەکەریم عارف، چاپی چوارەم، هەولێر ٢٠٠٧.
٢٨- ئەحمەد موختار جاف، ئامادەکردن و بەراوردکردن و لێکدانەوەی پرۆفیسۆر عیزەدین مستەفا رەسووڵ، بە کۆششی ئەفراسیاب ئەحمەد موختار جاف، چاپخانەی ئەدیب، بەغدا ١٩٨٦.
٢٩- کۆتاییی عێراق، پیتەر گالبرێس، وەرگێڕانی سۆران عەلی محەمەدئەمین، بەڕێوەبەرایەتیی خانەی وەرگێڕان، چاپخانەی کارۆ، ٢٠٠٨.
٣٠- کوردستان کۆلۆنییەکی نێودەوڵەتی، ئیسماعیل بێشکچی، وەرگێڕانی حەمەڕەشید، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی ٢٠٠٢.
٣١- کارێکی ژەهراوی، یۆست هێڵتەرمان، وەرگێڕانی: محەمەد حەمەساڵح تۆفیق، لە بڵاوکراوەکانی چاپخانەی ئاوێنە.
٣٢- کوردستان، گەورەترین هێرش بە چەکی کیمیایی، لە بڵاوکراوەکانی رێکخراوی ئەڵمانی، وەرگێڕانی لە ئەڵمانییەوە، ناسیح ئیبراهیم دزەیی، لە بڵاوکراوەکانی دەزگای موکریان، چاپخانەی دهۆک ٢٠٠٨.
٣٣- لە دووریانی مەرگ و ژیاندا، ئاسۆ حەسەن: لە بڵاوکراوەکانی دەزگای موکریان، چاپخانەی ئاراس، هەولێر ٢٠٠٧.
٣٤- رێکخراوە نێودەوڵەتی و هەرێمییەکان: دوکتۆر ئەحمەد مووسەوی، وەرگێڕانی: عەلی قادر عوبێد، وەزارەتی رۆشنبیری، سلێمانی ٢٠٠٢.

کۆوار و رۆژنامە کوردییەکان:

١- کۆواری رەهەند لە بڵاوکراوەکانی نێوەندی رەهەند بۆ لێکۆڵینەوە، ژمارە ٧، سوێد ١٩٩٩.
٢- کورد لە سووریا، مستەفا نازدار، وەرگێڕانی مینە، کۆواری کوردۆلۆجی، لە بڵاوکراوەکانی مەڵبەندی کوردۆلۆجی، ژمارە ٢.

٣- هەفتەنامەی میدیا، ژمارە ٢٩٥ی ٢٦ی حوزەیرانی ٢٠٠٧.
٤- کۆواری ئەنفالستان ژمارە ٤، ٢٠٠٧/٤/١٤.
٥- مارف خەزنەدار، رەنگدانەوەی خەباتی کورد لە پێناوی مافی نەتەوایەتی لە ئەدەبی کوردیدا، کۆواری رامان، ژمارە ١٤٦ ساڵی ٢٠٠٩.

سەرچاوەکان بەزمانی عەرەبی:
١- مدخل الى القانون الدولي العام، محمد عزيز شكري: مطبعة جامعة ديمشق، طبعة السابعة.
٢- مقدمة في دراسة القانون الدولي الجنائي، حميد السعيدي، مطبعة الاولى ١٩٧١.
٣- القانون الدولي العام، ابوالسيف علي صادق: مطبعة الباب المعارف بلاسكندرية طبعة بلية عشرة، جزء الثاني.
٤- الميثاقات الدولية، رشيد، فخري و داود، طلال ياسين: دار الكتب للطباعة والنشر، جامعة الموصل.
٥- الغني، محمد طلعت: قانون الامم المتحدة (عرض وتحليل) دارالمعارف بمصر، طبعة الاولى ١٩٥٧.
٦- الامم المتحدة: حقائق الاساسية عن الامم المتحدة اعلام الامم المتحدة، نيويورك، ص ٩٥.
٧- الوثائقة العالمية والاقليمية بيوني، محمود شريف، والدقاقة ، محمد سعيد ووزير، عبدالعظيم مجلد الاول، دار العلم املاين طبعة ثانية ٢٠٠١.
٨- المحكمة الجنائية الدولية هيمنة القانون ام القانون هيمنة، دوكتوران محمود، ضاري خليل يوسف: طبعة الاولى ٢٠٠٢.
٩- صنع القانون في المنظمات الدولية يونس، محمد مصطفى، دار النهضة العربية، قاهرة، طبعة الاولى ١٩٩٩.
١٠- المسؤلية المدنية الدولية عن جريمة الابادة الجماعية، ابراهيم، فلا فريد: مطبعة جامعة صلاح الدين طبعة الاولى ٢٠٠٤.
١١- الاجرام الدولي، صومد، عبدوالوهاب: مطبوعات جامعة الكويت، طبعة الاولى ١٩٨٧.

١٢- الابادة الجماعية التي تعرض لها الشعب المندائي عبر التاريخ اعداد االدكتور رفعت لازم مشعل.
١٣- جرائم الانفال ابادة جنس بشري و جرائم ضد الانسانية: منذر، د. الفضل: كۆنگرەی کۆکوژی مرۆیی گەل، رۆژانی ١٣ و ١٤ و ١٥ ی ٢٠٠٤ ئەنجام درا ئەم باسە پێشکێش کرا.
١٤- منظمة حقوق الانسان/شرق الاوسط: جريمة العراق في الابادة الجماعية حملةَ الانفال ضد الكرد، ترجمة من الانجليزية جمال ميرزا عزيز، طبعة الاولى ٢٠٠٣.
١٥- المسألة الكردية في العراقات، التركية - الايرانية، روبرت اوسن، ترجمة وتقديم، د. محمد احسان، دار آراس للطباعة والنشر، هولير ٢٠٠١، ص ٢٦، ئیسماعیل بیشکچي، ئەو لەناوبردنەی دەرسیم وەک جینۆساید ناودەبات.
١٦- الحياة السياسية والحزبية في كردستان، منذر الموصلي، رياض الريس لكتب و النشر، لندن، الطبعة الاولى ١٩٩١.
١٧- الحقوق السياسية للكرد في الدول التي تضم كردستان، ليلاف حمدامين عزيز، مؤسسة حمدة للطباعة والنشر، السليمانية ٢٠٠٧.
١٨- ميثاق الامم المتحدة، اعداد ودراسة، قاضي نبيل عبدالرحمن حياوي، بغداد، طبعة الثانية ٢٠٠٦.
١٩- كيف تعمل الامم المتحدة، توم غولت، ترجمة حسين كمال الانصاري، مؤسسة فرانكلين للطباعة والنشر، بغداد ١٩٩٦.
٢٠- المسألة الكردية في العراقات، التركية - الايرانية، روبرت اوسن، ترجمة وتقديم، د. محمد احسان، دار آراس للطباعة والنشر، هولير ٢٠٠١.
٢١- اشهر المحاكمات في التاريخ، قدري قلعجي، بيروت، لبنان، ٢٠٠٤، الطبعة السادسة.
٢٢- الفصل والتميز العنصري في ضوء القانون الدولي، ضاري رشيد سامرائي، دار الرشيد للنشر منشورات وزارة الثقافة والاعلام، بغداد ١٩٩٣.
٢٣- محكمة الانفال، قراءة قانونية، زهير كاظم عبود، دار آراس للطباعة والنشر، الطبعة الاولى، اربيل، ٢٠٠٨.
٢٤- العراق والامم المتحدة،١٩٩٠- ١٩٩٧ الدكتور مصطفى الانصاري، بنك المعلومات

العراقي ١٩٩٨.
٢٥- الحقوق السياسية للكرد في الدول التي تضم كردستان، ليلاف حمدامين عزيز، مؤسسة حمدة للطباعة والنشر، السليمانية ٢٠٠٧.
٢٦- المسألة الكردية في العراقات، التركية – الايرانية، روبرت اوسن، ترجمة وتقديم د. محمد احسان، دار آراس للطباعة والنشر، هولير ٢٠٠١.
٢٧- شورش حاجي رسول، الانفال الكورد و دولة العراق، ترجمة، مديرية الترجمة لوزارة الثقافة السليمانية، ٢٠٠٥.
٢٨- صوت العراق في الامم المتحدة – عدنان الباججي، لبنان، بيروت، ٢٠٠٣.
٢٩- العراق والامم المتحدة،١٩٩٠ – ١٩٩٧ الدكتور مصطفى الانصاري، بنك المعلومات العراقي ١٩٩٨.

سەرچاوە ئەلیکترۆنییەکان:

1-http://www.washingtonmonthly.com/features/2007/0706.rozen.html

2- http://www.let.uu.nl/martin.vanbruinessen/personal/publications/kurds-IISH-talk.htm

3- Kurdish National Congress of North America Second Annual Con-ferenceAugust 26 - 27, 1989 Ann Arbor,Michigan,USA

Wikipedia.com4-www.

g/http://lecocaeasus.blogsb ort.com

4-http://yalepressgale/edu/yupbooks/ve/iew.book.asp?

5- /http://www/QEMDIHET LDN/HTM

6–HTTP://YALEPRESSGALE.EDU/YUPBOOK/VIEWBOOK.ASP

سەرچاوەکان بەزمانی فارسی

١- مجله حقوقی، نشریه مرکز امور خارج بین الملی معاونت حقوقی وامور مجلس ریاس تشماره سی و ششم ١٣٨-/http://internationallaw.blogfa.com/post 77.aspx

٢- سامانتا پاور، معضلی بر خاسته ازجهنم، امریکا و قرن نسل کشی ها، ترجمه ماربنا بنیاتیان، نشر چشمه، چاپ اول، زمستان ١٤٨٥

٣- مساله کرد، ژویس بلو، ترجمه، پرویز امینی، مرکز پژوهسهای کردستان شناسی، تهران، ١٣٧٩.

ئەو چاوپێکەوتنانەی بۆ ئەم لێکۆڵینەوە ئەنجام دران:

١- دوکتۆر فوئاد مەعسووم، ئەندامی مەکتەبی سیاسیی یەکێتیی نیشتمانی و سەرۆکی لیستی هاوپەیمانی لە پەرلەمانی عێراق، سلێمانی، ناوەڕاستی ساڵی ٢٠٠٨.

٢- دیندار زێباری، رێکخەری حکوومەتی هەرێم بۆ کاروباری نەتەوە یەکگرتووەکان، هەولێر، ساڵی ٢٠٠٨.

٣- عومەر محەمەد، چالاکوانی بواری ئەنفال و بەرپرسی کوردستانی ناوەندی چاک، سلێمانی ٢٠٠٨.

٤- عەلی مەحموود: چالاکوانی بواری ئەنفال و بەرپرسی ناوەندی چاک، ٢٠٠٨.

٥- مەجید ساڵح، رۆژنامەنووس و چالاکوانی بواری ئەنفال، سلێمانی، ساڵی ٢٠٠٨.

٦- وتووێژ لەگەڵ دوکتۆر عەبدولباست، پسپۆڕی فەلسەفەی سیاسی و کەسێکی ئاگەداری ڕەوشی سیاسیی کورد لە سووریا، ساڵی ٢٠٠٩.

# پاشکۆکان

پاشکۆی یەکەم

## دەقی میساقی دامەزراندنی نەتەوە یەکگرتووەکان(*)

ئێمە وەک گەلانی نەتەوە یەکگرتووەکان بڕیار دەدەین: کە لەسەرمان پێویستە نەوەکانی داهاتوومان رزگار بکەین لە نەهامەتییەکانی جەنگ، کە لە ژیانماندا دووجار ڕووبەڕوومان بووەوە، کە کارەساتەکانیان وەسف ناکرێن.

دووپاتی دەکەینەوە کە باوەڕمان بە کەرامەتی تاک و تواناکانی هەیە، ئەو تاکە پیاو بێ یان ژن، هەروەها نەتەوە بچووک و گەورەکان لە مافدا یەکسانن. هەوڵ دەدەین بۆ هێنانە دی یەکسانی و رێزگرتنی مافە نێودەوڵەتییەکان بە پشتبەستن بە عەدالەت و پابەندبوونی رێککەوتننامە و بەڵێننامە نێودەوڵەتییەکان و ئەوانەشی کە لە یاسا نێودەوڵەتییەکاندا هاتوون.

هەوڵ دەدەین هەنگاو بەرەو پێشەوە بنێین، ئاستی ژیانی مرۆڤایەتی بەرز بکەینەوە بۆ قۆناغێکی باشتر لە کەشوهەوایەکی ئارامدا، لە پێناو ئەم ئامانجانەماندا پێویستە پێکەوە هاوکار بین و بەخۆشی و ئاشتی پێکەوە بژین، دەنگمان دەخەینە پاڵ دەنگی یەکتر لە پێناو هێنانە ئارای ئاشتی و ئاسایشی نێودەوڵەتی، بەبێ بەکارهێنانی هێز بنەماکان و کەرەستە پێویستەکان قبووڵ دەکەین ئەگەر لە پێناو بەرژەوەندیی گشتیدا بێت، هەروەها هەل دەرەخسێنین بۆ هێنانە ئارای سیستمێکی نێودەوڵەتی لە پێناو پێشکەوتنی ئابووری و کۆمەڵایەتی بۆ هەموو گەلان، بۆ ئەمە دەوڵەتان لە رێگەی نوێنەرەکانیان لە کۆبوونەوەی شاری فرەنسیسکۆ بەڵێننامەیەکی

(*) بڕوانە: میثاق الامم المتحدة، اعداد و دراسة، قاضي نبيل عبدالرحمن حياوي، بغداد، طبعة الثانية ٢٠٠٦

لێکگەیشتنیان لە شێوەی یاسا پێشکێش کرد، رازی بوون بە میساقی نەتەوە یەکگرتووەکان و بڕیاری دامەزراندنی رێکخراوێکی نێودەوڵەتییان دا بەناوی (نەتەوە یەکگرتووەکان).

پاشکۆی دووەم

## دەقی ڕێککەوتننامەی نەهێشتنی تاوانی جینۆساید و سزادانی ئەنجامدەرانی

ئەم ڕێککەوتنە بەبڕیاری کۆمەڵەی گشتیی ٢٦٠ ئەلیف (د-٣) کە لە ساڵی ١٩٤٨دا، لەلایەن ئەندامانی کۆنگرەوە بۆ ئیمزاکردن و باوەڕ پێدان قبووڵ کرا.

لایەنە ڕێککەوتووەکان:

کۆمەڵەی گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکان، بەپێی بڕیاری ٩٦ (د-١) کە لە ١١ی کانوونی یەکەمی ١٩٤٦دا دەرچووە، ڕای گەیاند جینۆساید تاوانێکە بەپێی یاسای نێودەوڵەتی لەگەڵ گیانی نەتەوە یەکگرتووەکان و ئامانجەکانیدا ناکۆکە و دنیا مەحکومی دەکات، هەروەها دانیش بەوەدا دەنێت کە جینۆساید لە هەموو چاخەکانی مێژوودا، زەرەر و زیانی گەورەی بەمرۆڤایەتی گەیاندووە، لەو باوەڕەشدایە کەڕزگارکردنی مرۆڤایەتی پێویستی بە هاوکاریی نێودەوڵەتییە.

لایەنەکان ڕێک کەوتن لەسەر ئەم یاسایە:

مادەی یەکەم:

لایەنە ڕێککەوتووەکان دان بەوەدا دەنێن کە جینۆساید ئەگەر لە ڕۆژانی ئاشتی یان لە کاتی شەڕدا ئەنجام بدرێ، بەپێی یاسای نێودەوڵەتی تاوانە و پەیمانی قەدەغەکردن و سزادانی ئەنجامدەرانی دەدەن.

مادەی دووەم:

لەم رێککەوتننامەیەدا جینۆساید هەر یەکێک لەو کردەوانەی خوارەوە دەگرێتەوە کە ئەنجام دەدرێن بەمەبەستی لەناوبردنی گشتی یان بەشێکی گرووپێکی نەتەوەیی یان رەگەزی یاخۆ ئاینی، بەم شێوەیەی خوارەوە:

(أ) کوشتنی ئەندامانی کۆمەڵێک.

(ب) زیانگەیاندن بە لەش و شێواندنی بیری ئەندامانی ئەو کۆمەڵە.

(ج) بە ئەنقەست دانانی ئەو کۆمەڵە لە ژێر بارودۆخێکی سەختدا کە ببێتە هۆی فەوتاندنی هەموو یان بەشێکی.

(د) تەگەرە خستنە بەر منداڵبوون لە نێو ئەو کۆمەڵەدا.

(هـ) بەزۆر ڕاگواستنی منداڵ لەو کۆمەڵەوە بۆ کۆمەڵێکی تر.

مادەی سێیەم:

هەروەها سزادان ئەم کردەوانەی خوارەوەش دەگرێتەوە:

(أ) جینۆساید.

(ب) پیلانگێڕان بە مەبەستی ئەنجامدانی جینۆساید.

(ج) هاندانی ڕاستەوخۆ و ئاشکرا بەمەبەستی جینۆساید.

(د) هەوڵدان بۆ ئەنجامدانی جینۆساید.

(هـ) بەشداریکردن لە جینۆساید.

مادەی چوارەم:

ئەنجامدەرانی جینۆساید یان یەکێک لەو کردەوانەی تر کە لە مادەی سێیەمدا ناوبراون سزا دەدرێن، ئەگەر دەسەڵاتداری دەستووری یان کارمەندی گشتی یان تاکەکەس بن.

مادەی پێنجەم:

لایەنە رێککەوتووەکان بەڵێن دەدەن کە هەریەکەیان بەپێی دەستووری خۆی

چەند ڕێوشوێنێکی یاسایی دەگرنە بەر لە پێناو پەیڕەوکردنی ئەحکامەکانی ئەو ڕێککەوتننامەیە، بەتایبەتیش چەند دەقێکی سزای تاوانکاریی گونجاو کە جێبەجێ بکرێن بەسەر ئەنجامدەرانی جینۆساید یان هەر یەکێک لەو کارانەی تر کە لە مادەی سێیەمدا هاتوون.

مادەی شەشەم:

کەسانی تۆمەتبار بەئەنجامدانی جینۆساید یان هەر یەکێک لەو کردەوانەی کە لە مادەی سێیەمدا هاتوون دادگەیی دەکرێن، لە بەردەم دادگەیییەکی تایبەت لە دادگەکانی ئەو دەوڵەتەی کە تاوانەکەی تێدا ئەنجام دراوە، یان لە بەرامبەر دادگەی نێودەوڵەتیی تایبەتمەند کە لایەنەکان دانیان پێدا ناوە.

مادەی حەوتەم:

جینۆساید و کردەوەکانی تر کە لە مادەی سێیەمدا هاتوون سەبارەت بە تەسلیمکردنەوەی تاوانباران بە تاوانی سیاسی دانانرێن، لایەنە ڕێککەوتووەکانیش لە حاڵی وادا بەڵێن دەدەن کە بەپێی یاساکانیان و پەیماننامە کار پێکراوەکان داوای تەسلیمکردنەوەکە جێبەجێ بکەن.

مادەی هەشتەم:

هەریەک لەلایەنە ڕێککەوتووەکان بۆی هەیە داوا لە داوودەزگا تایبەتەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان بکات بە گوێرەی میساقی نەتەوە یەکگرتووەکان، بۆ قەدەغەکردن و لەنێوبردنی کارەکانی جینۆساید یان هەریەکێک لەو کارانەی تر کە لە مادەی سێیەمدا هاتوون.

مادەی نۆیەم:

کێشەکە دەخرێتە بەردەم دادگەی دادی نێودەوڵەتی لە کاتی دروستبوونی ناکۆکی لە نێوان لایەنە ڕێککەوتووەکاندا سەبارەت بەلێکدانەوە یان پیادەکردن یاخۆ جێبەجێکردنی ڕێککەوتننامەکە، بەو ناکۆکییانەشەوە پێوەستە بە

بەرپرسیارێتیی دەوڵەتێک لە جینۆساید یان هەریەک لەو کردەوانەی تر کە لە مادەی سێیەمدا لەسەر داوای هەر یەکێک لەلایەنە ناکۆکەکان دەخرێتە ڕوو.

مادەی دەیەم:

ئەو ڕێککەوتننامەیە لە بەڵگە و هێزدا لە دەقە ئیسپانی و ئینگلیزی و فرەنسی و رووسی و چینییەکەی وەک یەکن، کە لە مێژووی ٩ی کانوونی یەکەمی ١٩٤٨دا دەرچووە.

مادەی یازدەم:

ئەم ڕێککەوتننامەیە تاوەکو ٣١ی کانوونی یەکەمی ١٩٤٩ بۆ ئیمزاکردن کراوەیە لەلایەن هەر دەوڵەتێک لە دەوڵەتانی ئەندام لە نەتەوە یەکگرتووەکان یان هەر دەوڵەتێکیش کە ئەندام نەبێت و کۆمەڵەی گشتی بانگهێشتنی واژۆکردنی کردبێت، ئەم ڕێککەوتننامەیەش پێویستە بڕوای پێ بدرێت و دەقە بڕوا پێدراوەکانیشی بەسکرتێری گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکان دەسپێردرێت، لە دوای یەکەمین رۆژی مانگی کانوونی دووەمی ١٩٥٠یشدا، هەر دەوڵەتێک کە ئەندام نەبێت بانگهێشتنی ئەوە دەکرێ لایەنگیریی ئەم ڕێککەوتننامەیە بێت و دەوڵەتانی چوونە ریزیش بەسکرتێری گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکان دەسپێردرێت.

مادەی دوازدەم:

هەر لایەنێکی ڕێککەوتوو لە هەر کاتێکدا بۆی هەیە کە وا بکات پەیڕەوکردنی ڕێککەوتننامەکە هەموو ئەو هەرێمانە بگرێتەوە کە لە بەڕێوەبردنی پێوەندییە دەرەکییەکانیدا لێی بەرپرسیارە، یاخۆ هەر کام لەو هەرێمانە بگرێتەوە، ئەوەش بەهۆی راسپاردەیەک دەبێت کە دەدرێتە سکرتێری گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکان.

مادەی سێزدەم:

لە ڕۆژی بڕواپێدان یان چوونە ریزی دەوڵەتە یەکەمینەکانی ئەندام تەواو بوون، سکرتێری گشتی کۆنووسێک ئامادە دەکات و وێنەی بۆ هەموو دەوڵەتێکی ئەندام لە نەتەوە یەکگرتووەکان و بۆ هەر دەوڵەتێکی ئاماژە بۆکراو لە بەندی ١١دا دەنێرێ، جێبەجێکردنی ئەو ڕێککەوتننامەیەش لە نۆزدەمین ڕۆژی دوا مێژووی پێ سپاردنی دەقی بیستەمین لە دەقەکانی بڕواپێدان و ئەندامێتییەوە دەست پێ دەکات، هەر بڕواپێدان و چوونە ریزێکیش کە لە پاش ڕۆژی ناوبراودا تەسدیق ناکرێت.

مادەی چوارەم:

ئەم ڕێککەوتننامەیە بۆ ماوەی ١٠ ساڵ کاری پێ دەکرێت کە لە مێژووی سەرەتای کار پێکردنی دەست پێ دەکات، دوای ئەوەش بۆ چەند ماوەیەکی یەک لە دوای یەک کە هەر ماوەیەکیش پێنج ساڵ دەخایەنێ، بەکارپێکراوی دەمێنێتەوە بەگوێرەی ئەو لایەنە ڕێککەوتووانەی کە پێش تەواوبوونی ماوەکە بە ٦ مانگ بەلایەنی کەمەوە لێی نەکشاونەتەوە، خۆکشانەوەش دەبێت بە نووسراوێک ئاگەداری ئەمینداری گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکان بکەنەوە.

مادەی پازدەم:

وەک بەرەنجامی خۆکێشانەوە ئەگەر ئەوە ڕووی دا کە ژمارەی لایەنەکانی ئەو ڕێککەوتننامەیە بۆ کەمتر لە شازدە دابەزی، کار پێکردن بەو بڕوانامەیە لە مێژووی سەرەتای کارکردن بەدوایەمینی ئەو خۆکێشانەوانەشەوە، نامێنێت.

مادەی شازدەم:

هەر لایەنێکی ڕێککەوتوو بۆی هەیە لە هەر کاتێکدا داوای چاکسازیی ئەو ڕێککەوتننامەیە پێشکێش بکات، ئەمەش بە نووسراوێک ئاراستەی سکرتێری گشتی دەکات و کۆمەڵەی گشتی ئەو داوایە یەک لای دەکاتەوە.

مادەی حەڤدەم:

سکرتێری گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکان هەڵدەستێت بەئاگەدارکردنەوەی گشت دەوڵەتانی ئەندام و دەوڵەتانی نائەندام کە لە بەندی یازدەم ئاماژەیان بۆ کراوە بەمانەی خوارەوە:

(أ) ئیمزاکردن و بڕواپێدان و چوونە ریز کە بەپێی مادەی یازدەم وەرگیراون.

(ب) رێککەوتنی سەرەتای کارکردن بەو رێککەوتننامەیە بەپێی مادەی سێزدەم.

(ج) خۆکێشانەوە بەپێی بەندی چواردەم کراوە.

(د) پووچەڵکردنەوەی ئەو رێککەوتننامەیە بەپێی مادەی پازدەم.

(ه) ئاگەدارکردنەوەکان کە بەپێی مادەی شازدەم کراوە.

مادەی هەژدەم:

ئەسڵی ئەم رێککەوتننامەیە بەپەڕاوێزکراوەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان دەسپێردرێ و دانەیەکی باوەڕپێکراو لەو رێککەوتننامەیە بۆ هەر یەکێک لە دەوڵەتانی ئەندام لە نەتەوە یەکگرتووەکان و بۆ هەر یەکێک لە دەوڵەتانی نائەندام کە لە مادەی یازدەیەمدا ئاماژەیان بۆ کراوە دەنێردرێت.

مادەی نۆزدەم:

ئەمینداری گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکان هەڵدەستێت بە تۆمارکردنی ئەو رێککەوتننامەیە، لەو مێژووەی کە دەست دەکرێ بە جێبەجێکردنی.

پاشکۆی سێیەم

## دەقی بڕیاری دادگەی باڵای تاوانەکانی عێراق سەبارەت بە تاوانبارانی کەیسی ئەنفال

بڕیاری حوکمی تایبەت بە ئەنفال ژمارە ١/ج دووەم/٢٠٠٦

بسم الله الرحمن الرحيم

دادگای باڵای تاوانەکانی عێراق ژمارە١/دووەمی ج/٢٠٠٦

دادگای دووەمی تاوانەکان مێژووی٩/جمادی دووەمی/١٤٢٨

بەغدا- عێراق بەرامبەر٢٤/٦/٢٠٠٧

---

بڕیاری حوکم

لە مێژووی ٩/جەمادی کۆتایی/١٤٢٨ی کۆچی بەرامبەر ٢٤/٦/٢٠٠٧ی زاینی دادگەی دووەمی تاوانەکان لە دادگەی باڵای تاوانەکانی عێراق بەسەرۆکایەتیی (محەمەد عرەیبی مەجید خەلیفە) تەواوی ئەندامانی پێکهات و بەناوی گەلەوە ئەم بڕیارەی دەرکرد:

یەکەم: تۆمەتبار (طاهر توفيق يوسف العاني)

بەهۆی نەبوونی بەڵگەی تەواوەتی لە دژی تۆمەتبار (طاهر توفيق يوسف العاني) لەو تۆمەتەی کە ئاراستەی کرابوو بە گوێرەی ئەحکامی مادەکانی (١١/بڕگەی یەکەم بەشی ا-ب-ج)، هەروەها مادەی (١٢/بڕگەی یەکەم/ بەشی ا-ب-ج-د-هـ-و-ح-گ-ی) وە مادەی (١٣/بڕگەی چوارەم/بەشی ا-د-هـ-ح-ل) لە یاسای دادگەی باڵای تاوانەکانی عێراق ژمارە (١٠)ی ساڵی٢٠٠٥. دادگە بڕیاری هەڵوەشانەوەی تۆمەتە ئاراستەکراوەکانی ناوبراوی دەرکرد و ئازاد کرا

هەروەها كۆتا هات بە تەوقیفكردن و داواكردنی بۆ كێشەیەكی تری هاوشێوەی ئەو كێشەیە، ئەمەش بەپشتبەستن بە مادەی (١٨٢/بەشی ج-هـ) لە یاسای ڕێڕەوی سزای (قانون اصول المحاكمات الجزائية) ژمارە ٢٣ساڵی ١٩٧١هەمواركراو. بڕیارەكە بەرێككەوتنی ئامادەبووان دەركرا، كە شایەنی پێداچوونەوەیە، هەروەها بە ئاشكرا تێ گەیەنرا لە مێژووی ٢٠٠٧/٦/٢٤.

دووەم: تاوانبار (فرحان مطلك صالح الجبوری)

١- حوكم درا بەسەر تاوانبار (فرحان مطلك صالح الجبوري) بەزیندانیكردنی هەتاهەتایی كە بەشداریی كردووە لە ئەنجامدانی تاوانی كوشتنی بەئەنقەست وەک تاوانی كۆمەڵكوژی بەگوێرەی ئەحكامی مادەی (١١/بڕگەی یەكەم/بەشی ا-وە بڕگەی دووەمی/بەشی هـ) بەپشتبەستن بە مادەی (١٥/بڕگەی یەكەم و دووەم) وە مادەی (٢٤) لە یاسای دادگەی باڵای تاوانەكانی عێراقی ژمارە(١٠)ی ساڵی ٢٠٠٥ وە سزاكە دیاری كرا بەپشتبەستن بە ئەحكامی (مادە ١/٤٠٦بڕگەی /بەشی ا-ب-و) وە مادە هاوپێوەندەكانی (٤٧، ٤٨، ٤٩) لە یاسای سزادانی ژمارە (١١١)ی ساڵی ١٩٦٩ی هەمواركراو، بڕیارەكە بە رێككەوتنی ئامادەبووان دەركرا كە شایەنی پێداچوونەوەیە و بەئاشكرا تێ گەیەنرا لە مێژووی ٢٠٠٧/٦/٢٤.

٢- حوكم درا بەسەر تاوانبار (فرحان مطلك صالح الجبوري) بەزیندانی هەتاهەتایی كە بەشدارە لە ئەنجامدانی تاوانی كوشتنی بە ئەنقەست كە تاوانی دژی مرۆڤایەتییە بەگوێرەی ئەحكامی مادە (١٢/بڕگەی یەكەم/بەشی د) بەپشتبەستن بە مادەی (١٥/ بڕگەی یەک و دوو) وە مادەی (٢٤) لە یاسای دادگەی باڵای تاوانەكانی عێراقی ژمارە (١٠)ی ساڵی ٢٠٠٥ سزاكە دیاری كرا بەپشتبەستن بە ئەحكامی مادە (٤٠٦/بڕگەی ١/بەشی ا-ب-و) وە مادە هاوپێوەندەكانی (٤٧، ٤٨، ٤٩) لە یاسای سزادانی ژمارە (١١١)ی ساڵی ١٩٦٩ی هەمواركراو بڕیارەكە بە رێككەوتنی ئامادەبووان دەركرا كە شایەنی پێداچوونەوەیە بەئاشكرا تێ گەیەنرا لەمێژووی ٢٠٠٧/٦/٢٤.

٣- حوكم درا بەسەر تاوانبار (فرحان مطلك صالح الجبوري) بە دە ساڵ زیندانی

کە بەشداریی کردووە لە ئەنجامدانی تاوانی دوورخستنەوەی خەڵک و گواستنەوەیان وەک تاوانی دژە مرۆڤایەتی بەپێی ئەحکامی مادە (١٢ /بڕگەی یەکەم/ بەشی د) بەپشتبەستن بە مادەی (١٥/بڕگەی یەک و دوو) هەروەها مادەی (٢٤) لە یاسای دادگەی باڵای تاوانەکانی عێراقی ژمارە (١٠)ی ساڵی ٢٠٠٥ سزاکە دیاری کرا بەپشتبەستن بە ئەحکامی (مادە ٤٢١/بڕگەی ب) مادە هاوپێوەندەکانی (٤٧، ٤٨، ٤٩) لە یاسای سزادانی ژمارە (١١١)ی ساڵی ١٩٦٩ی هەموارکراو بڕیارەکە بەرێککەوتنی ئامادەبووان دەرکرا کە شایەنی پێداچوونەوەیە بەئاشکرا تێ گەیەنرا لە مێژووی ٢٠٠٧/٦/٢٤.

٤- حیسابی ماوەی راگرتنی تاوانبار (فرحان مطلك صالح الجبوري) ناکرێ کە مەرجێکە لە هاتنە دی چارەنووسی ئەم کێشەیە چونکە راگیرانەکەی لەسەر کێشەیەکی ترە.

٥- جێبەجێکردنی بەرزترین سزای یەک لە دوای یەک پێوەستە بەفەرمانی دەرکراو بەسەر تاوانبار (فرحان مطلك صالح الجبوري) بەپشتبەستن بە ئەحکامی رێسای (٦٥/بڕگەی دووەم) لە گرتنەبەری رێساکانی کۆکردنەوەی بەڵگەی تایبەت بەدادگە، هەروەها مادەی (١٤٢) لە یاسای سزادانی ژمارە (١١١)ی ساڵی ١٩٦٩ی هەموارکراو.

٦- دەستبەسەراگرتنی ماڵی گوێزراوە و نەگوێزراوەی تاوانبار (فرحان مطلك صالح الجبوري) بەپشتبەستن بە مادەی (٢٤/بڕگەی شەشەم) لە یاسای دادگەی باڵای تاوانەکانی عێراق ژمارە ١٠ی ساڵی ٢٠٠٥.

٧- تاوانبار تێ گەیەنرا کە دۆسیەی داواکەی رەوانەی ئەنجومەنی پێداچوونەوە کرا بۆ پێداچوونەوە بەپشتبەستن بە ئەحکامی مادەی (٢٥٤ /بڕگەی ا ) لە یاسای رێڕەوی سزای (قانون اصول المحاكمات الجزائية) ژمارە (٢٣)ی ساڵی ١٩٧١.

بە رێککەوتنی ئامادە کرا بڕیارەکە دەرکرا بە پشتبەستن بە مادەی ( ١٨٢ /بڕگەی ا) یاسای رێڕەوی سزای ژمارە ٢٣ی ساڵی ١٩٧١ی هەموارکراو بەئاشکرا تێ گەیەنرا لە مێژووی ٢٠٠٧/٦/٢٤.

٨- بەهۆی نەبوونی بەڵگەی تەواوەتی لە کێشـەی دژی تۆمەتبـار (فرحان مگلك صـالح الجبـوري) لە تۆمـەتی ئاراسـتـەکراو بەپێی ئەحکامی مـادەی (١١ /بڕگەی یەکـەم/ بەشی ب-ج) وە مـادەی (١٢/بڕگەی یەکەم بەشی (ب-ج-هـ-و-ح-ی-گ) وە مـادەی (١٣/بڕگـەی چوارەم/ بەشـی (أ-د-هـ-ح-ل) لە یاسـای دادگەی باڵای تاوانەکانی عێراق ژمـارە (١٠) ساڵی ٢٠٠٥ دادگـە بڕیاری هەڵوەشـاندنەی ئەو تۆمـەتە ئاراستـەکراوەی دا و لەو تاوانە بەخشـرا بڕیارەکـە بە ڕێککەوتن دەرکـرا بەپشـتـبـەسـتن بە ئەحکامی مـادەی (١٨٢/بڕگەی ج) لە یاسـاکانـی ڕێرەوی سزای ژمـارە (٢٣)ی سـاڵی ١٩٧١ی هەمـوارکراو بڕیارەکە شـایەنی پێداچوونەوەیە وە بەئاشکرا تێ گـەیەنرا لە مێژووی ٩ /جمادی دووەم/ ١٤٢٨ کۆچی بەرامبەر بە ٢٠٠٧/٦/٢٤ زاینی.

سێیەم: تاوانبار (صابر عبدالعزیز حسین الدوری)

١- حـوکم درا بەسـەر تاوانبـار (صـابر عبدالعزیز حسین الدوري) بەزیندانیکردنی هەتاهەتـای کە بەشـداریی کردووە لە ئەنجامـدانی تاوانی بەئەنقـەست وەک تاوانی کۆمـەڵکوژی بەگوێرەی مـادەی (١١/بڕگەی یەکەم/بەشی ا-وە بڕگەی دووەمی/بەشـی هـ) هەروەها بەپشـتـبـەستن بەمـادەی (١٥/بـڕگـەی یەکـەم و دووەم) وە مـادەی (٢٤) لە یاسـای دادگـەی باڵای تاوانەکانی عـێراقی ژمـارە (١٠)ی سـاڵی ٢٠٠٥ وە سزاکە دیاری کرا بەپشـتبەستن بە ئەحکامی (مادە ١/٤٠٦ بڕگەی /بەشـی ا-ب-و) وە مـادە هاوپێوەندەکـانی (٤٧، ٤٨، ٤٩) لە یاسـای سـزادانی ژمـارە (١١١)ی سـاڵی ١٩٦٩ی هەمـوارکـراو بە بڕیارەکـە بەڕێککەوتنی ئامادەبووان دەرکرا کە شایەنی پێداچوونەوەیە وە بەئاشکرا تێ گەیەنرا لە مێژووی ٢٠٠٧/٦/٢٤.

٢- حـوکم درا بەسـەر تاوانبـار (صـابر عـبـدالعـزیز حـسـین الدوري) بەزیندانی هەتاهەتایی بەشداریی کردووە لە ئەنجامدانی تاوانی کوشتنی بەئەنقەست بەتاوانـی دژە مـرۆیی بـەپێی ئەحکامی مـادە ١٢بـڕگـەی یەکـەم بەشـی (أ) وە بەپشـتـبـەستن بە مـادەی (١٥بڕگـەی یەک و دوو) وە مـادەی (٢٤) لە یاسـای دادگـەی باڵای تاوانەکـانی عـێـراقی ژمـارە (١٠)ی سـاڵی ٢٠٠٥ وە سـزاکـە دیاری کرا بەپشتبەستن بە ئەحکامی (مادە ١/٤٠٦بڕگەی/بەشی ا-ب-و) وە

ماده هاوپێوەندەکانی (٤٧، ٤٨، ٤٩) لە یاسای سزادانی ژمارە (١١١)ی ساڵی ١٩٦٩ی هەموارکراو بڕیارەکە بە رێککەوتنی ئامادەبووان دەرکرا کە شایەنی پێداچوونەوەیە و بەئاشکرا تێ گەیەنرا لە مێژووی ٢٠٠٧/٦/٢٤.

٣- حوکم درا بەسەر تاوانبار (صابر عبدالعزیز حسین الدوري) بەزیندانیی بەئەنقەست لە هێرشکردنە سەر هاووڵاتییانی مەدەنی بەو سیفەتە یان دژی تاکەکەسی مەدەنی کە بەشداریی راستەوخۆیان نەکردووە لە جەنگدا وە تاوانێک لە تاوانەکانی جەنگ بەگوێرەی ئەحکامی مادەی (١٣/بڕگەی چوار بەشی ا) بەپشتبەستن بە مادەی (١٥بڕگەی یەک و دوو) مادەی (٢٤) لە یاسای دادگەی باڵای تاوانەکانی عێراقی ژمارە (١٠)ی ساڵی ٢٠٠٥ وە سزاکە دیاری کرا بەپشتبەستن بە ئەحکامی مادەی (٤٠٦ بڕگەی ا-ب-و) ماده هاوپێوەندەکانی (٤٧، ٤٨، ٤٩) لە یاسای سزادانی ژمارە (١١١)ی ساڵی ١٩٦٩ی هەموارکراو بڕیارەکە بەرێککەوتنی ئامادەبووان دەرکرا کە شایەنی پێداچوونەوەیە و بەئاشکرا تێ گەیەنرا لە مێژووی ٢٠٠٧/٦/٢٤.

٤- حوکم درا بەسەر تاوانبار (صابر عبدالعزیز حسین الدوري) بە دە ساڵ زیندانی کە بەشداریی کردووە لە ئەنجامدانی تاوانی دوورخستنەوەی خەڵک و وە گواستنەوەیان وەک تاوانێکی دژە مرۆیی بەپێی ئەحکامی مادە (١٢بڕگەی یەکەم بەشی د) وە بەپشتبەستن بە مادەی ١٥بڕگەی یەک و دوو، مادەی (٢٤) لە یاسای دادگەی باڵای تاوانەکانی عێراقی ژمارە (١٠)ی ساڵی ٢٠٠٥ وە سزاکە دیاری کرا بەپشتبەستن بە ئەحکامی (مادە ٤٢١ بڕگەی ب) ماده هاوپێوەندەکانی (٤٧، ٤٨، ٤٩) لە یاسای سزادانی ژمارە (١١١)ی ساڵی ١٩٦٩ی هەموارکراو بڕیارەکە بەرێککەوتنی ئامادەبووان دەرکرا کە شایەنی پێداچوونەوەیە و بەئاشکرا تێ گەیەنرا لە مێژووی ٢٠٠٧/٦/٢٤.

٥- حیسابی ماوەی راگرتنی تاوانبار (صابر عبدالعزیز حسین الدوري) ناکرێ کە مەرجێکە لە هاتنە دی چارەنووسی ئەم کێشەیە، چونکە ڕاگیرانەکەی لەسەر کێشەیەکی ترە.

٦- جێبەجێکردنی بەرزترین سزای یەک لە دوای یەک کە پێوەستە بەفەرمانی

دەرکراو بەسەر تاوانبار (صابر عبدالعزیز حسین الدوري) بەپشتبەستن بەئەحکامی ڕێساکانی ٦٥ بڕگەی دووەم لە گرتنەبەری ڕێساکانی کۆکردنەوەی بەڵگەی تایبەت بەدادگە، هەروەها مادەی (١٤٢) لە یاسای سزادانی ژمارە ١١١ی ساڵی ١٩٦٩ی هەموارکراو.

٧- دەستبەسەراگرتنی ماڵی گوێزراوە و نەگوێزراوەی تاوانبار (صابر عبدالعزیز حسین الدوري) بەپشتبەستن بە مادەی ٢٤ بڕگەی شەشەم لە یاسای دادگەی باڵای تاوانەکانی عێراق، ژمارە ١٠ی ساڵی ٢٠٠٥.

٨- تاوانبار تێ گەیەنرا کە دۆسیەی داواکەی ڕەوانەی ئەنجوومەنی پێداچوونەوە کرا بۆ پێداچوونەوە بە پشتبەستن بە ئەحکامی مادەی ٢٥٤ بنەمای یاساکان دادگەی سزادان ژمارە ٢٣ی ساڵی ١٩٧١ی هەموارکراو وە بەئاشکرا تێ گەیەنرا لە مێژووی ٢٠٠٧/٦/٢٤.

٩- بەهۆی نەبوونی بەڵگەی تەواوەتی لە کێشەی دژی تۆمەتبار (صابر عبدالعزیز حسین الدوري) لە تۆمەتی ئاراستەکراو بەپێی ئەحکامی مادەی ١١ بڕگەی یەکەم بەشی ا-ب-ج) وە مادەی ١٢ بڕگەی یەکەم بەشی (ب-ج-هـ-و-ح-ی-گ) وە مادەی ١٣بڕگەی چوارەم بەشی (أ-د-هـ-ح-ت) لە یاسای دادگەی باڵای سزادانی عێراقی ژمارە ١٠ ساڵی ٢٠٠٥ وە دادگە بڕیاری هەڵوەشاندنەی ئەو تۆمەتە ئاراستەکراوەی دا، بڕیارەکە بەرێککەوتن دەرکرا بەپشتبەستن بە ئەحکامی مادەی ١٨٢ بڕگەی (ج) لە یاسای بنەماکانی دادگەی سزادان ژمارە ٢٣ی ساڵی ١٩٧١ی هەموارکراو ئامادە کرابوو شایەنی پێداچوونەوەیە و بەئاشکرا تێ گەیەنرا لە مێژووی ٩ جمادی دووەم ١٤٢٨ کۆچی بەرامبەر بە ٢٠٠٧/٦/٢٤ زاینی.

١٠- دادگە ڕەچاوی سەپاندنی سزاکە بەسەر تاوانبار (صابر عبدالعزیز حسین الدوري) دەکات بە داوای لێبووردن لە گەلی عێراق و کەسوکاری قوربانییان و ئەمەش هۆکارێکە بۆ کەمکردنەوەی سزاکە، ئەم بڕیارەش دەرچوو بە ڕێککەوتن بەپشتبەستن بە مادەی (١٣٢) لە یاسای سزادانی ژمارە (١١١)ی ساڵی ١٩٦٩ی هەموارکراو وە بڕیارەکە شایەنی تانە لێدانە و بە ئاشکرا تێ گەیەنرا لە مێژووی ٩/جەمادی کۆتایی/ ١٤٢٨ بەرامبەر ٢٠٠٧/٦/٢٤.

چوارەم: تاوانبار (سلطان هاشم الطائي)

١- حوکم درا بەسەر (سلطان هاشم الطائي) بە لەسێدارەدان، بە هەڵواسین تا مردن بەهۆی ئەنجامدانی تاوانی کوشتنی بەئەنقەست، هەروەها هەستان بە زیانگەیاندنی جەستەیی و عەقڵیی قووڵ بە تاکەکانی کۆمەڵگەیەک و ملکەچ پێکردنی کۆمەڵەکە و خستنە ناو بارودۆخێکی مەعیشی کە مەبەستی هیلاککردنی کردارەکی گشتی و بەشەکی وەک تاوانی کۆمەڵکوژی بە گوێرەی مادەی ١١ی برگەی ١ بەشی ا-ب-ج، هەروەها برگەی ٢ بەشی (أ-ه) وە بە دەلالەتی مادەی ١٥ برگەی (٤،٢،١) وە مادەی ٢٤ لە یاسای دادگەی باڵای تاوانەکانی عێراقی ژمارە ١٠ی ساڵی ٢٠٠٥ وە سزاکە دیاری کراوە بەپشتبەستن بە مادەی ٤٠٦ی برگەی ١ بەشی (أ-ب-و) وە مادە هاوپێوەندەکانی (٤٧، ٤٨، ٤٩) لە یاسای سزادانی ژمارە ١١١ی ساڵی ١٩٦٩ی هەموارکراو وە بریارەکە دەرچوو بە رێککەوتنی ئامادەبووان و شایەنی پێداچوونەوەیە بە ئاشکرا تێ گەیەنران لە مێژووی ٢٠٠٧/٦/٢٤.

٢- سزا درا بەسەر تاوانبار (سلطان هاشم الطائي) بە لەسێدارەدان و هەڵواسین تا مردن بەهۆی ئەنجامدانی تاوانی کوشتنی بە ئەنقەست وەک تاوانی دژەمرۆیی بەپێی ئەحکامی مادەی ١٢ برگەی ١ بەشی ( ا) وە بە بەڵگەی مادە ١٥ی برگەی (٤،٢،١) وە مادەی ٢٤ لە یاسای دادگەی باڵای تاوانەکانی عێراقی ژمارە ١٠ی ساڵی ٢٠٠٥ و سزاکە دیاری کراوە بەپشتبەستن بە مادەی ٤٠٦ی برگەی ١ بەشی (أ-ب-و) مادە هاوپێوەندەکانی (٤٧، ٤٨، ٤٩) لە یاسای سزادانی ژمارە ١١١ی ساڵی ١٩٦٩ی هەموارکراو و بریارەکە دەرچوو بە رێککەوتنی ئامادەبووان و شایەنی پێداچوونەوەیە و بە ئاشکرا تێ گەیەنران لە مێژووی ٢٠٠٧/٦/٢٤.

٣- سزا درا بەسەر تاوانبار (سلطان هاشم الطائي) بە لەسێدارەدان و هەڵواسین تا مردن بەهۆی ئەنجامدانی تاوانی کوشتنی بەئەنقەست وەک تاوانی دژەمرۆیی بەپێی ئەحکامی مادەی ١٢ برگەی ١ بەشی (أ) وە بەبەڵگەی مادە ١٥ی برگەی (٤،٢،١) وە مادەی ٢٤ لە یاسای دادگەی باڵای تاوانەکانی عێراقی ژمارە ١٠ی ساڵی ٢٠٠٥ و سزاکە دیاری کراوە بەپشتبەستن بە

مادەی ٤٠٦ی بڕگەی ١ بەشی (أ-ب-و) وە مادە هاوپێوەندەکانی (٤٧، ٤٨، ٤٩) لە یاسای سزادانی ژمارە ١١١ی ساڵی ١٩٦٩ی هەموارکراو وە بڕیارەکە دەرچوو بە ڕێککەوتنی ئامادەبووان و شایەنی پێداچوونەوەیە و بە ئاشکرا تێ گەیەنرا لە مێژووی ٢٠٠٧/٦/٢٤.

٤- حوکم درا بەسەر تاوانبار (سلطان هاشم الطائي) بە ١٠ ساڵ زیندانیکردن بە ئەنجامدانی تاوانی دوورخستنەوەی دانیشتوان و گواستنەوەیان وەک تاوانێکی دژە مرۆیی بە گوێرەی ئەحکامی مادەی ١٢ی بڕگەی ١ بەشی (د) وە بە بەڵگەی مادەی ١٥ بڕگەی (١، ٢، ٤) وە مادەی ٢٤ لە یاسای دادگەی باڵای تاوانەکانی عێراقی ژمارە ١٠ی ساڵی ٢٠٠٥ و سزاکە دیاری کراوە بە پشتبەستن بە مادەی ٤٠٦ی بڕگەی ١ بەشی (أ-ب-و) وە مادە هاوپێوەندەکانی (٤٧، ٤٨، ٤٩) لە یاسای سزادانی ژمارە ١١١ی ساڵی ١٩٦٩ی هەموارکراو وە بڕیارەکە دەرچوو بە ڕێککەوتنی ئامادەبووان و شایەنی پێداچوونەوەیە و بە ئاشکرا تێ گەیەنران لە مێژووی ٢٠٠٧/٦/٢٤.

٥- سزا درا بەسەر تاوانبار (سلطان هاشم الطائي) بە زیندانیی هەتاهەتایی بەهۆی ئەنجامدانی تاوانی ئەشکەنجەدان وەک تاوانێکی دژە مرۆیی بەگوێرەی ئەحکامی مادەی ١٢ی بڕگەی ١ بەشی (د) وە بە بەڵگەی مادەی ١٥ بڕگەی (٤،٢،١) وە مادەی ٢٤ لە یاسای دادگەی باڵای تاوانەکانی عێراقی ژمارە ١٠ی ساڵی ٢٠٠٥ وە سزاکە دیاری کراوە بەپشتبەستن بەمادەی ٤٠٦ی بڕگەی ١بەشی (أ-ب-و) وە مادە هاوپێوەندەکانی (٤٧، ٤٨، ٤٩) لە یاسای سزادانی ژمارە ١١١ی ساڵی ١٩٦٩ی هەموارکراو وە بڕیارەکە دەرچوو بە ڕێککەوتنی ئامادەبووان و شایەنی پێداچوونەوەیە و بە ئاشکرا تێ گەیەنران لە مێژووی ٢٠٠٧/٦/٢٤.

٦- سزا درا بەسەر تاوانبار(سلطان هاشم الطائي) بەزیندانیی هەتاهەتایی بەهۆی ئەنجامدانی تاوانی ئەشکەنجەدان وەک تاوانێکی دژە مرۆیی بەگوێرەی ئەحکامی مادەی ١٢ی بڕگەی ١ بەشی (د)وە بە بەڵگەی مادەی ١٥ بڕگەی (٤،٢،١) وە مادەی ٢٤ لە یاسای دادگای باڵای تاوانەکانی عێراقی ژمارە ١٠ی ساڵی ٢٠٠٥ وە سزاکە دیاری کراوە بەپشتبەستن بە

مادەی ٤٠٦ی بڕگەی ١ بەشی (أ-ب-و) وە مادە هاوپێوەندەکانی (٤٧، ٤٨، ٤٩) لە یاسای سزادانی ژمارە ١١١ی ساڵی ١٩٦٩ی هەموارکراو وە بڕیارەکە دەرچوو بە رێککەوتنی ئامادەبووان وە شایەنی پێداچوونەویە و بە ئاشکرا تێ گەیەنران لە مێژووی ٢٤/٦/٢٠٠٧.

٧- حوکم درا بەسەر تاوانبار (سلطان هاشم الطائي) بە لەسێدارەدان بەهۆی ئەنجامدانی تاوانی شاردنەوەی تاکەکان وەک تاوانێکی دژە مرۆیی بەپێی ئەحکامی مادەی ١٢ی بڕگەی ١ بەشی (ت) وە بە بەڵگەی مادەی ١٥ بڕگەی (١،٢، ٤) وە مادەی ٢٤ لە یاسای دادگەی باڵای تاوانەکانی عێراقی ژمارە ١٠ی ساڵی ٢٠٠٥ وە سزاکە دیاری کراوە بە پشتبەستن بەمادەی ٤٠٦ی بڕگەی ١ بەشی (أ-ب-و) وە مادە هاوپێوەندەکانی (٤٧، ٤٨، ٤٩) لە یاسای سزادانی ژمارە ١١١ی ساڵی ١٩٦٩ی هەموارکراو وە بڕیارەکە بە رێککەوتنی ئامادەبووان دەرکرا کە شایەنی پێداچوونەوەیە و بەئاشکرا تێ گەیەنرا لە مێژووی ٢٤/٦/٢٠٠٧.

٨- سزا درا بەسەر تاوانبار (سلطان هاشم الطائي) بە حەوت ساڵ زیندانی کە بەشداریی کردووە لە تاوانی هێرشکردنی بە مەبەستی بۆ سەر شوێنە ئاینییەکان و فێرگەکانیان بەپێی ئەحکامی مادەی ١٢ی بڕگەی ١ بەشی (ت) وە بە بەڵگەی مادەی ١٥ بڕگەی (١، ٢، ٤) وە مادەی ٢٤ لە یاسای دادگەی باڵای تاوانەکانی عێراقی ژمارە ١٠ی ساڵی ٢٠٠٥ وە سزاکە دیاری کراوە بە پشتبەستن بە مادەی ٤٠٦ی بڕگەی ١ بەشی (أ-ب-و) وە مادە هاوپێوەندەکانی (٤٧، ٤٨، ٤٩) لە یاسای سزادانی ژمارە ١١١ی ساڵی ١٩٦٩ی هەموارکراو وە بڕیارەکە بە رێککەوتنی ئامادەبووان دەرکرا کە شایەنی پێداچونەوەیە وە بەئاشکرا تێ گەیەنرا لە مێژووی ٢٤/٦/٢٠٠٧.

٩- سزا درا بەسەر تاوانبار (سلطان هاشم الطائي) بە پازدە ساڵ زیندانی کە بەشداریی کردووە لە تاوانی دەرکردنی ڕاگواستنی خەڵکی مەدەنی وەک تاوانی جەنگ بەپێی ئەحکامی مادەی ١٣ی بڕگەی ٤ بەشی (ح) وە بە بەڵگەی مادەی ١٥ بڕگەی (١، ٢) وە مادەی ٢٤ لە یاسای دادگەی باڵای تاوانەکانی عێراقی ژمارە ١٠ی ساڵی ٢٠٠٥ وە سزاکە دیاری کراوە

بەپشـــتـــبـــەستن بە مـــادەی ٤٠٦ی برگـــەی ١ بەشی (أ-ب-د) وە مـــادە هاوپێـوەندەکـانی (٤٧، ٤٨، ٤٩) لـە یاسـای سـزادانی ژمـارە ١١١ی سـاڵی ١٩٦٩ی هـەمـوارکـراو و بڕیارەکـە بـە رێککەوتنی ئامــادەبووان دەرکـرا کـە شایەنی پێداچوونەوەیە و بەئاشکرا تێ گەیەنرا لە مێژووی ٢٠٠٧/٦/٢٤.

١٠- سـزا درا بەسـەر تاوانبـار (سلطان هاشم الطائي) بەحـەوت ساڵ زیندانی کە بەشـداریی کـردووە لە تاوانی وێرانکردن و دەسـتبـەسـەراگرتنی کەلوپەلی لایەنـەکـەی تر وەک تاوانی جـەنگ بەپێی ئەحکامی مـادەی ١٣ی برگـەی ٤ بەشی (ل) وە بە بـەڵگەی مـادەی ١٥ برگـەی (١، ٢) وە مـادەی ٢٤ لە یاسـای دادگـەی باڵای تاوانـەکـانی عـێـراقی ژمـارە ١٠ی سـاڵی ٢٠٠٥ ەوە سـزاکـە دیاری کـراوە بە پشـتـبـەستن بـە مـادەی ٤٠٦ی برگـەی ١ بەشی (أ-ب-د) وە مادە هاوپێوەندەکانی (٤٧، ٤٨، ٤٩) لە یاسای سزادانی ژمارە ١١١ی ساڵی ١٩٦٩ی هـەمـوارکـراو وە بـڕیارەکـە بە رێککەوتنی ئامــادەبووان دەرکـرا کـە شایەنی پێداچوونەوەیە وەبەئاشکرا تێ گەیەنرا لە مێژووی ٢٠٠٧/٦/٢٤.

١١- حـیـسـابی مـاوەی راگـرتنی تاوانبـار (سلطان هاشـم الطائي) دەکـرێت لە مـــێـــژووی ٢٠٠٤/٧/١ەوە تـا رۆژی دەرکـــردنـی بڕیارەکـــە لـە مـــێـــژووی ٢٠٠٧/٦/٢٤.

١٢- جـێـبـەجـێکردنی توندترین سـزا بـەسـەر تاوانبـار (سلطان هاشـم الطائي) بەپشـتـبـەستن بە ئەحکامی رێسـاکـانی ٦٥، برگـەی دووەم لە گـرتنەبەری رێساکانی کۆکردنەوەی بەڵگەی تایبەت بەدادگە، هـەروەها مـادەی (١٤٢) لە یاسای سزادانی ژمارە ١١١ی ساڵی ١٩٦٩ی هەموارکراودا.

١٣- دەسـتبـەسەراگرتنی ماڵی گوێزراوە و نەگوێزراوەی تاوانبـار (سلطان هاشم الطائي) بەپشـتـبـەستن بـە مـادەی ٢٤ برگـەی شـەشـەم لە یاسـای دادگـەی تاوانکاری باڵای عێراقی ژمارە ١٠ی ساڵی ٢٠٠٥.

١٤- تاوانبار (سلطان هاشم الطائي) تێ گەیەنرا کە دۆسـیەی داواکـەی رەوانەی ئەنجوومـەنی پێداچـوونەوە کرا بۆ پێـداچوونەوە بە پشـتبـەستن بەئـەحکامی مـادەی ٢٥٤ برگەی (أ) لە بنەمـاکـانی دادگەی تاوانکاریی ژمارە ٢٣ی سـاڵی ١٩٧١.

وە بڕیارەکـە بە ڕێککەوتنی ئامادەبووان دەرکرا بە پشـتـبەسـتن بە مـادەی ١٨٢ بڕگەی (أ) لە بنەمای یاساکان دادگەی سزادان ژمارە ٢٣ی ساڵی ١٩٧١ی هەموارکراو وە بەئاشکرا تێ گەیەنرا لە مێژووی ٢٠٠٧/٦/٢٤.

١٥- بەهۆی نەبوونی بەڵگەی تەواوەتی لە کێشـەی دژی تـاوانبـار (سلطان هاشم الطائي) لە تۆمـەتی ئاراسـتـەکراو دژی بەپێی ئەحکامی مـادەی ١١ بڕگـەی یەکـەم بەشی (أ-ب-ج) وە مـادەی ١٢ بڕگەی یەکـەم بەشی (ب-ج-هـ-و-ح-ی-گ) وە مادەی ١٣بڕگەی چوارەم بەشی (أ-د-هـ-ح-ت) لە یاسای دادگەی بـاڵای سـزادانی عـێـراقی ژمـارە ١٠ سـاڵی ٢٠٠٥ وە دادگـە بڕیاری هەڵوەشـاندنەی ئەو تۆمـەتە ئاراستـەکراوەی دا بڕیارەکە بەرێککەوتن دەرکرا بەپشـتـبەسـتن بە ئەحکامی مـادەی ١٨٢ بڕگەی (ج) لە یاسـای بنـەمـاکـانی دادگـەی سـزادان ژمـارە ٢٣ی سـاڵی ١٩٧١ی هـەمـوارکـراو ئامـادە کـرابوو شـایەنی پێـداچوونەوەیە و بەئـاشکرا تێ گـەیەنـرا لە مـێـژووی ٩ی جـمـادی دووەمی ١٤٢٨ کۆچی بەرامبەر بە ٢٠٠٧/٦/٢٤ زاینی.

پێنجەم: تاوانبار (حوسێن ڕەشید محەمەد)

١- حوکم درا بەسەر (حوسێن ڕەشید محەمـەد) بە لەسێدارەدان، بەهەڵواسین تا مـردن بەهۆی ئەنجامدانـی تاوانی کوشـتنی بەئەنقـەست و هـەروەها هـەسـتـان بە زیانگەیاندنی جەسـتـەیی و عـەقـڵـیی قـووڵ بە تاکەکانی کۆمـەڵگەیەک کە تاوانی کـۆمـەڵکوژییـە بە گـوێرەی مـادەی ١١ی بڕگـەی ١ بەشی (أ-ب-ج) هـەروەها بڕگەی ٢ بەشی (أ-هـ) وە بە دەلالەتی مادەی ١٥ بڕگەی (١، ٢، ٤) وە مادەی ٢٤ لە یاسای دادگەی باڵای تاوانەکانی عێراقی ژمارە ١٠ی ساڵی ٢٠٠٥ وە سزاکە دیاری کراوە بە پشتبەستن بەمادەی ٤٠٦ی بڕگەی ١ بەشی (أ-ب-و) وە مادە هاوپێوەندەکانی (٤٧، ٤٨، ٤٩) لە یاسای سزادانی ژمارە ١١١ی ساڵی ١٩٦٩ی هـەموارکراو وە بڕیارەکـە بە ڕێککەوتنی ئامادەبووان دەرکرا کـە شـایەنـی پێداچوونـەوەیە و بەئاشـکرا تێ گـەیەنرا لە مـێـژووی ٢٠٠٧/٦/٢٤.

٢- سـزا درا بەسـەر تاوانبـار (حـوسـێن ڕەشـیـد مـحـەمـەد) بە لەسـێـدارەدان، هەڵواسین تـا مـردن بەهۆی ئەنجـامدانی تاوانی کـوشـتنی بە ئەنقـەست وەک

تاوانی دژە مرۆیی بەپێی ئەحکامی مادەی ١٢ بڕگەی ١ بەشی (أ) وە بە بەڵگەی مادە ١٥ی بڕگەی (١، ٢، ٤) وە مادەی ٢٤ لە یاسای دادگەی باڵای تاوانەکانی عێراقی ژمارە ١٠ی ساڵی ٢٠٠٥ وە سزاکە دیاری کراوە بە پشتبەستن بە مادەی ٤٠٦ی بڕگەی ١ بەشی (أ-ب-و) وە مادە هاوپێوەندەکانی (٤٧، ٤٨، ٤٩) لە یاسای سزادانی ژمارە ١١١ی ساڵی ١٩٦٩ی هەموارکراو وە بڕیارەکە بە ڕێککەوتنی ئامادەبووان دەرکرا کە شایەنی پێداچوونەوەیە و بەئاشکرا تێ گەیەنرا لە مێژووی ٢٠٠٧/٦/٢٤.

٣- سزا درا بەسەر تاوانبار (حوسێن رەشید محەمەد) بە لەسێدارەدان، هەڵواسین تا مردن بەهۆی ئەنجامدانی تاوانی کوشتنی بە ئەنقەست وەک تاوانی دژە مرۆیی بەپێی ئەحکامی مادەی ١٢ بڕگەی ١ بەشی (أ) وە بە بەڵگەی مادە ١٥ی بڕگەی (١-٢-٤) وە مادەی ٢٤ لە یاسای دادگەی باڵای تاوانەکانی عێراقی ژمارە ١٠ی ساڵی ٢٠٠٥ وە سزاکە دیاری کراوە بە پشتبەستن بە مادەی ٤٠٦ی بڕگەی ١ بەشی (أ-ب-و) وە مادە هاوپێوەندەکانی (٤٧، ٤٨، ٤٩) لە یاسای سزادانی ژمارە ١١١ی ساڵی ١٩٦٩ی هەموارکراو وە بڕیارەکە بە ڕێککەوتنی ئامادەبووان دەرکرا کە شایەنی پێداچوونەوەیە و بەئاشکرا تێ گەیەنرا لە مێژووی ٢٠٠٧/٦/٢٤.

٤- سزا درا بەسەر تاوانبار (حوسێن رەشید محەمەد) بە لەسێدارەدان، هەڵواسین تا مردن بەهۆی ئەنجامدانی تاوانی کوشتنی بە ئەنقەست دژی هاووڵاتییانی مەدەنی وەک تاوانی دژە مرۆیی بەپێی ئەحکامی مادەی ١٢ بڕگەی ١ بەشی (أ) وە بە بەڵگەی مادە ١٥ی بڕگەی (١، ٢، ٤) وە مادەی ٢٤ لە یاسای دادگەی باڵای تاوانەکانی عێراقی ژمارە ١٠ی ساڵی ٢٠٠٥ وە سزاکە دیاری کراوە بە پشتبەستن بە مادەی ٤٠٦ی بڕگەی ١ بەشی (أ-ب-و) وە مادە هاوپێوەندەکانی (٤٧، ٤٨، ٤٩) لە یاسای سزادانی ژمارە ١١١ی ساڵی ١٩٦٩ی هەموارکراو وە بڕیارەکە بە ڕێککەوتنی ئامادەبووان دەرکرا کە شایەنی پێداچوونەوەیە و بەئاشکرا تێ گەیەنرا لە مێژووی ٢٠٠٧/٦/٢٤.

٥- حوکم درا بەسەر تاوانبار (حوسێن رەشید محەمەد) بە حەوت ساڵ زیندانیکردن بە ئەنجامدانی تاوانی دوورخستنەوەی دانیشتوان و

گواستنەوەیان وەک تاوانێکی دژە مرۆیی بەگوێرەی ئەحکامی مادەی ١٢ی بڕگەی ١ بەشی (د) وە بە بەڵگەی مادەی ١٥ بڕگەی (١، ٢، ٤) وە مادەی ٢٤ لە یاسای دادگەی بالآی تاوانەکانی عێراقی ژمارە ١٠ی ساڵی ٢٠٠٥ وە سزاکە دیاری کراوە بە پشتبەستن بە مادەی ٤٠٦ی بڕگەی ١بەشی (أ-ب-و) وە مادە هاوپێوەندەکانی (٤٧، ٤٨، ٤٩) لە یاسای سزادانی ژمارە ١١١ی ساڵی ١٩٦٩ی هەموارکراو وە بڕیارەکە بە ڕێککەوتنی ئامادەبووان دەرکرا کە شایەنی پێداچوونەوەیە و بەئاشکرا تێ گەیەنرا لە مێژووی ٢٠٠٧/٦/٢٤.

٦- حیسابی ماوەی ڕاگرتنی تاوانبار (حوسێن رەشید محەمەد) ناکرێت چونکە ئەم ماوەیە وابەستەیە بە چارەنووسی کێشەکەیەوە کە ڕاگرتنەکە وەستاوە لەسەر هەبوونی کێشەیەکی تر.

٧- جێبەجێکردنی توندترین سزا بەسەر تاوانبار (حوسێن رەشید محەمەد) بەپشتبەستن بە ئەحکامی رێساکانی ٦٥، بڕگەی دووەم لە گرتنەبەری رێساکانی کۆکردنەوەی بەڵگەی تایبەت بەدادگە هەروەها مادەی (١٤٢) لە یاسای سزادانی ژمارە ١١١ی ساڵی ١٩٦٩ی هەموارکراودا.

٨- دەستبەسەراگرتنی ماڵی گوێزراوە و نەگوێزراوەی تاوانبار (حوسێن رەشید محەمەد) بەپشتبەستن بە مادەی ٢٤ بڕگەی شەشەم لە یاسای دادگەی تاوانکاریی بالآی عێراقی ژمارە ١٠ی ساڵی ٢٠٠٥.

٩- تاوانبار (حوسێن رەشید محەمەد) تێ گەیەنرا کە دۆسیەی داواکەی رەوانەی ئەنجوومەنی پێداچوونەوە کرا بۆ پێداچوونەوە بەپشتبەستن بەئەحکامی مادەی ٢٥٤ بڕگەی (أ) لە بنەماکانی دادگەی تاوانکاریی ژمارە ٢٣ی ساڵی ١٩٧١.

بڕیارەکە بە رێککەوتنی ئامادەبووان کرا بە پشتبەستن بە مادەی ١٨٢ بڕگەی (أ) لە بنەمای یاساکان دادگەی سزادان ژمارە ٢٣ی ساڵی ١٩٧١ هەموارکراو وە بەئاشکرا تێ گەیەنرا لە مێژووی ٢٠٠٧/٦/٢٤.

١٠- بەهۆی نەبوونی بەڵگەی تەواوەتی لە کێشەی دژی تاوانبار (حوسێن رەشید محەمەد) لە تۆمەتی ئاراستەکراو دژی بەپێی ئەحکامی مادەی ١١ بڕگەی یەکەم بەشی (أ-ب-ج) وە مادەی ١٢ بڕگەی یەکەم بەشی (ب-ج-هـ-و-ح-ی-گ) وە مادەی ١٣بڕگەی چوارەم بەشی (أ-د-هـ-ح-ت) لە یاسای دادگەی

بالآی سزادانی عێراقی ژمارە ١٠ ساڵی ٢٠٠٥ وە دادگە بڕیاری هەڵوەشاندنەی ئەو تۆمەتە ئاراستەکراوەی دا بڕیارەکە بەرێککەوتن دەرکرا بەپشتبەستن بە ئەحکامی مادەی ١٨٢ بڕگەی (ج) لە یاسای بنەماکانی دادگەی سزادان ژمارە ٢٣ی ساڵی ١٩٧١ هەموارکراو ئامادە کرابوو شایەنی پێداچوونەوەیە و بەئاشکرا تێ گەیەنرا لە مێژووی ٩ی جەمادی دووەمی ١٤٢٨ کۆچی بەرامبەر بە ٢٠٠٧/٦/٢٤ زاینی.

شەشەم: تاوانبار (عەلی حەسەن مەجید)

١- حوکم درا بەسەر (عەلی حەسەن مەجید) بە لەسێدارەدان، بە هەڵواسین تا مردن بەهۆی ئەنجامدانی تاوانی کوشتنی بەئەنقەست و هەروەها هەستان بە زیانگەیاندنی جەستەیی و عەقڵیی قووڵ بە تاکەکانی کۆمەڵگەیەک وە ملکەچکردنی کۆمەڵەکە و خستنە ناو بارودۆخێکی مەعیشی کە مەبەستی هیلاککردنی کردارەکیی گشتی و بەشەکی وەک تاوانی کۆمەڵکوژی بە گوێرەی مادەی ١١ی بڕگەی ١ بەشی (أ-ب-ج) هەروەها بڕگەی ٢ بەشی (أ-هـ) وە بە دەلالەتی مادەی ١٥ بڕگەی (١، ٢، ٤) وە مادەی ٢٤ لە یاسای دادگەی بالآی تاوانەکانی عێراقی ژمارە ١٠ی ساڵی ٢٠٠٥ وە سزاکە دیاری کراوە بە پشتبەستن بە مادەی ٤٠٦ی بڕگەی ١ بەشی (أ-ب-و) وە مادە هاوپێوەندەکانی (٤٧، ٤٨، ٤٩) لە یاسای سزادانی ژمارە ١١١ی ساڵی ١٩٦٩ی هەموارکراو وە بڕیارەکە بە رێککەوتنی ئامادەبووان دەرکرا کە شایەنی پێداچوونەوەیە و بەئاشکرا تێ گەیەنرا لە مێژووی ٢٠٠٧/٦/٢٤.

٢- سزا درا بەسەر تاوانبار (عەلی حەسەن مەجید) بە لەسێدارەدان، هەڵواسین تا مردن بەهۆی ئەنجامدانی تاوانی کوشتنی بەئەنقەست وەک تاوانی دژە مرۆیی بەپێی ئەحکامی مادەی ١٢ بڕگەی ١ بەشی (أ) وە بە بەڵگەی مادە ١٥ی بڕگەی (١، ٢، ٤) وە مادەی ٢٤ لە یاسای دادگەی بالآی تاوانەکانی عێراقی ژمارە ١٠ی ساڵی ٢٠٠٥ وە سزاکە دیاری کراوە بە پشتبەستن بە مادەی ٤٠٦ی بڕگەی ١ بەشی (أ-ب-و) وە مادە هاوپێوەندەکانی (٤٧، ٤٨، ٤٩) لە یاسای سزادانی ژمارە ١١١ی ساڵی ١٩٦٩ی هەموارکراو وە بڕیارەکە بە رێککەوتنی ئامادەبووان دەرکرا کە شایەنی پێداچوونەوەیە و بەئاشکرا تێ

گەیەنرا لە مێژووی ٢٠٠٧/٦/٢٤.

٣- سزا درا بەسەر تاوانبار (عەلی حەسەن مەجید) بە لەسێدارەدان، هەڵواسین تا مردن بەهۆی ئەنجامدانی تاوانی کوشتنی بە ئەنقەست وەک تاوانی دژە مرۆیی بەپێی ئەحکامی مادەی ١٢ بڕگەی ١ بەشی (أ) وە بە بەڵگەی مادە ١٥ی بڕگەی (١، ٢، ٤) وە مادەی ٢٤ لە یاسای دادگەی باڵای تاوانەکانی عێراقی ژمارە ١٠ی ساڵی ٢٠٠٥ وە سزاکە دیاری کراوە بە پشتبەستن بە مادەی ٤٠٦ی بڕگەی ١ بەشی (أ-ب-و) وە مادە هاوپێوەندەکانی (٤٧، ٤٨، ٤٩) لە یاسای سزادانی ژمارە ١١١ی ساڵی ١٩٦٩ی هەموارکراو وە بڕیارەکە بە ڕێککەوتنی ئامادەبووان دەرکرا کە شایەنی پێداچوونەوەیە و بەئاشکرا تێ گەیەنرا لە مێژووی ٢٠٠٧/٦/٢٤.

٤- حوکم درا بەسەر تاوانبار (عەلی حەسەن مەجید) بە ١٠ ساڵ زیندانیکردن بە ئەنجامدانی تاوانی دوورخستنەوەی دانیشتوان و گواستنەوەیان وەک تاوانێکی دژە مرۆیی بە گوێرەی ئەحکامی مادەی ١٢ی بڕگەی ١ بەشی (د) وە بە بەڵگەی مادەی ١٥ بڕگەی (١، ٢، ٤) وە مادەی ٢٤ لە یاسای دادگەی باڵای تاوانەکانی عێراقی ژمارە ١٠ی ساڵی ٢٠٠٥ وە سزاکە دیاری کراوە بە پشتبەستن بە مادەی ٤٠٦ی بڕگەی ١ بەشی (أ-ب-و) وە مادە هاوپێوەندەکانی (٤٧، ٤٨، ٤٩) لە یاسای سزادانی ژمارە ١١١ی ساڵی ١٩٦٩ی هەموارکراو وە بڕیارەکە بە ڕێککەوتنی ئامادەبووان دەرکرا کە شایەنی پێداچوونەوەیە و بەئاشکرا تێ گەیەنرا لە مێژووی ٢٠٠٧/٦/٢٤.

٥- سزا درا بەسەر تاوانبار (عەلی حەسەن مەجید) بە ١٠ساڵ زیندانی بەهۆی ئەنجامدانی تاوانی ئەشکەنجەدان وەک تاوانێکی دژە مرۆیی بەگوێرەی ئەحکامی مادەی ١٢ی بڕگەی ١ بەشی (د) وە بە بەڵگەی مادەی ١٥ بڕگەی (١، ٢، ٤) وە مادەی ٢٤ لە یاسای دادگەی باڵای تاوانەکانی عێراقی ژمارە ١٠ی ساڵی ٢٠٠٥ وە سزاکە دیاری کراوە بە پشتبەستن بە مادەی ٤٠٦ی بڕگەی ١ بەشی (أ-ب-و) وە مادە هاوپێوەندەکانی (٤٧، ٤٨، ٤٩) لە یاسای سزادانی ژمارە ١١١ی ساڵی ١٩٦٩ی هەموارکراو وە بڕیارەکە بە ڕێککەوتنی ئامادەبووان دەرکرا کە شایەنی پێداچوونەوەیە و بەئاشکرا تێ

گەیەنرا لە مێژووی ٢٠٠٧/٦/٢٤.

٦- حوکم درا بەسەر تاوانبار (عەلی حەسەن مەجید) بەلەسێدارەدان بەهۆی ئەنجامدانی تاوانی شاردنەوەی تاکەکان وەک تاوانێکی دژە مرۆیی بەپێی ئەحکامی مادەی ١٢ی بڕگەی ١ بەشی (ت) وە بە بەڵگەی مادەی ١٥ بڕگەی (١، ٢، ٤) وە مادەی ٢٤ لە یاسای دادگەی باڵای تاوانەکانی عێراقی ژمارە ١٠ی ساڵی ٢٠٠٥ وە سزاکە دیاری کراوە بە پشتبەستن بە مادەی ٤٠٦ی بڕگەی ١ بەشی (أ-ب-و) وە مادە هاوپێوەندەکانی (٤٧، ٤٨، ٤٩) لە یاسای سزادانی ژمارە ١١١ی ساڵی ١٩٦٩ی هەموارکراو وە بڕیارەکە بە ڕێککەوتنی ئامادەبووان دەرکرا کە شایەنی پێداچوونەوەیە و بەئاشکرا تێ گەیەنرا لە مێژووی ٢٠٠٧/٦/٢٤.

٧- سزا درا بەسەر تاوانبار (عەلی حەسەن مەجید) بە زیندانیی هەتاهەتایی بەهۆی ئەنجامدانی کرداری تاوانکاریی نائینسانیی تر کە بە هەمان شێوە بوونەتە هۆی زیانگەیاندنی توندیی جەستەیی و عەقڵی کە تاوانی دژە مرۆیین بەگوێرەی ئەحکامی مادەی ١٢ی بڕگەی ١ بەشی (د) وە بە بەڵگەی مادەی ١٥ بڕگەی (١، ٢، ٤) وە مادەی ٢٤ لە یاسای دادگەی باڵای تاوانەکانی عێراقی ژمارە ١٠ی ساڵی ٢٠٠٥ وە سزاکە دیاری کراوە بە پشتبەستن بە مادەی ٤٠٦ی بڕگەی ١ بەشی (أ-ب-و) وە مادە هاوپێوەندەکانی (٤٧، ٤٨، ٤٩) لە یاسای سزادانی ژمارە ١١١ی ساڵی ١٩٦٩ی هەموارکراو وە بڕیارەکە بە ڕێککەوتنی ئامادەبووان دەرکرا کە شایەنی پێداچوونەوەیە و بەئاشکرا تێ گەیەنرا لە مێژووی ٢٠٠٧/٦/٢٤.

٨- سزا درا بەسەر تاوانبار (عەلی حەسەن مەجید) بە لەسێدارەدان، هەڵواسین تا مردن بەهۆی ئەنجامدانی تاوانی بە ئەنقەست و هێرشکردنە سەر خەڵکی مەدەنی بە سیفەتی ئەوەی بەشدارییان کردووە یان ئەوانەی بەشدارییان نەکردووە کە ئەمەش تاوانە بەپێی ئەحکامی مادەی ١٣، بڕگەی (أ) وە بە بەڵگەی مادە ١٥ی بڕگەی (١، ٢، ٤) وە مادەی ٢٤ لە یاسای دادگەی باڵای تاوانەکانی عێراقی ژمارە ١٠ی ساڵی ٢٠٠٥ وە سزاکە دیاری کراوە بە پشتبەستن بە مادەی ٤٠٦ی بڕگەی ١ بەشی (أ-ب-و) وە مادە

هاوپێـوەندەکـانی (٤٧، ٤٨، ٤٩) لـه یاسـای سـزادانی ژمـاره ١١١ی سـاڵی ١٩٦٩ی هەمـوارکـراو وه بـڕیارەکـه به ڕێککەوتنی ئامـادەبووان دەرکـرا کـه شایەنی پێداچوونەوەیه و بەئاشکرا تێ گەیەنرا له مێژووی ٢٤/٦/٢٠٠٧.

٩- حوکم درا بەسەر تاوانبار (عەلی حەسەن مەجید) به حەوت ساڵ زیندانیکردن به ئەنجامدانی تاوانی هێرشکردن و رووخاندنی بینا ئاینییەکان که شوێنی فێربوون بوون وەک تاوانێکی دژه مرۆیی به گوێرەی ئەحکامی مادەی ١٢ی بڕگەی ١ بەشی (د) وه به بەڵگەی مادەی ١٥ بڕگەی (١، ٢، ٤) وه مادەی ٢٤ له یاسای دادگەی باڵای تاوانەکانی عێراقی ژماره ١٠ی ساڵی ٢٠٠٥ وه سزاکه دیاری کراوه به پشتبەستن بەمادەی ٤٠٦ی بڕگەی ١ بەشی (أ-ب-و) وه ماده هاوپێوەندەکانی (٤٧، ٤٨، ٤٩) له یاسای سزادانی ژماره ١١١ی ساڵی ١٩٦٩ی هەموارکراو وه بڕیارەکه به ڕێککەوتنی ئامادەبووان دەرکرا که شایەنی پێداچوونەوەیه و بەئاشکرا تێ گەیەنرا له مێژووی ٢٤/٦/٢٠٠٧.

١٠- سزا درا بەسەر تاوانبار (عەلی حەسەن مەجید) بەپازده ساڵ زیندانی که بەشداریی کردووه له تاوانی دەرکردنی ڕاگواستنی خەڵکی مەدەنی وەک تاوانی جەنگ بەپێی ئەحکامی مادەی ١٣ی بڕگەی ٤ بەشی (ح) وه به بەڵگەی مادەی ١٥ بڕگەی (١، ٢) وه مادەی ٢٤ له یاسای دادگەی باڵای تاوانەکانی عێراقی ژماره ١٠ی ساڵی ٢٠٠٥ وه سزاکه دیاری کراوه بەپشتبەستن به مادەی ٤٠٦ی بڕگەی ١ بەشی (أ-ب-د) وه ماده هاوپێوەندەکانی (٤٧، ٤٨، ٤٩) له یاسای سزادانی ژماره ١١١ی ساڵی ١٩٦٩ی هەموارکراو وه بڕیارەکه به ڕێککەوتنی ئامادەبووان دەرکرا که شایەنی پێداچوونەوەیه و بەئاشکرا تێ گەیەنرا له مێژووی ٢٤/٦/٢٠٠٧.

١١- حوکم درا بەسەر تاوانبار (عەلی حەسەن مەجید) به ١٠ ساڵ زیندانیکردن به ئەنجامدانی تاوانی دوورخستنەوەی دانیشتوان و گواستنەوەیان وەک تاوانێکی دژه مرۆیی به گوێرەی ئەحکامی مادەی ١٢ی بڕگەی ١ بەشی (د) وه به بەڵگەی مادەی ١٥ بڕگەی (١، ٢، ٤) وه مادەی ٢٤ له یاسای دادگەی باڵای تاوانەکانی عێراقی ژماره ١٠ی ساڵی ٢٠٠٥ وه سزاکه دیاری کراوه به پشتبەستن به مادەی ٤٠٦ی بڕگەی ١ بەشی (أ-ب-و) وه ماده

هاوپێوەندەکانی (٤٧، ٤٨، ٤٩) لە یاسای سزادانی ژمارە ١١١ی ساڵی ١٩٦٩ی هەموارکراو وە بڕیارەکە بەرێککەوتنی ئامادەبووان دەرکرا کە شایەنی پێداچوونەوەیە و بەئاشکرا تێ گەیەنرا لە مێژووی ٢٠٠٧/٦/٢٤.

١٢- حوکم درا بەسەر تاوانبار (عەلی حەسەن مەجید) بە حەوت ساڵ زیندانیکردن بە ئەنجامدانی تاوانی وێرانکردن و دەستبەسەراگرتنی سەرچاوەکانی ژیانی لایەنی بەرامبەری وەک تاوانێکی جەنگ بە گوێرەی ئەحکامی مادەی ١٢ی بڕگەی ١ بەشی (د) وە بە بەڵگەی مادەی ١٥ بڕگەی (١، ٢، ٤) وە مادەی ٢٤ لە یاسای دادگەی باڵای تاوانەکانی عێراقی ژمارە ١٠ی ساڵی ٢٠٠٥ وە سزاکە دیاری کراوە بەپشتبەستن بە مادەی ٤٠٦ی بڕگەی ١ بەشی (أ-ب-و) وە مادە هاوپێوەندەکانی (٤٧، ٤٨، ٤٩) لە یاسای سزادانی ژمارە ١١١ی ساڵی ١٩٦٩ی هەموارکراو وە بڕیارەکە بە رێککەوتنی ئامادەبووان دەرکرا کە شایەنی پێداچوونەوەیە و بەئاشکرا تێ گەیەنرا لە مێژووی ٢٠٠٧/٦/٢٤.

١٣- حیسابی ماوەی ڕاگرتنی تاوانبار (عەلی حەسەن مەجید) ناکرێت چونکە ئەم ماوەیە وابەستەیە بە چارەنووسی کێشەکەیەوە کە ڕاگرتنەکە وەستاوە لەسەر هەبوونی کێشەیەکی تر.

١٤- جێبەجێکردنی توندترین سزا بەسەر تاوانبار (عەلی حەسەن مەجید) بەپشتبەستن بە ئەحکامی رێساکانی ٦٥ بڕگەی دووەم لە گرتنەبەری رێساکانی کۆکردنەوەی بەڵگەی تایبەت بەدادگە، هەروەها مادەی (١٤٢) لە یاسای سزادانی ژمارە ١١١ی ساڵی ١٩٦٩ی هەموارکراودا.

١٥- دەستبەسەراگرتنی ماڵی گوێزراوە و نەگوێزراوەی تاوانبار (عەلی حەسەن مەجید) بەپشتبەستن بە مادەی ٢٤ بڕگەی شەشەم لە یاسای دادگەی تاوانکاریی باڵای عێراقی ژمارە ١٠ی ساڵی ٢٠٠٥دا.

١٦- تاوانبار (عەلی حەسەن مەجید) تێ گەیەنرا کە دۆسیەی داواکەی ڕەوانەی ئەنجوومەنی پێداچوونەوە کرا بۆ پێداچوونەوە بەپشتبەستن بەئەحکامی مادەی ٢٥٤ بڕگەی (أ) لە بنەماکانی دادگەی تاوانکاریی ژمارە ٢٣ی ساڵی ١٩٧١.

١٧- بەهۆی نەبوونی بەڵگەی تەواوەتی لە کێشەی دژی تاوانبار (عەلی حەسەن مەجید) لە تۆمەتی ئاراستەکراو دژی بەپێی ئەحکامی مادەی ١١برگەی یەکەم بەشی (أ-ب-ج) وە مادەی ١٢ برگەی یەکەم بەشی (ب-ج-ھ-و-ح-ی-گ) وە مادەی ١٣ برگەی چوارەم بەشی (أ-د-ھ-ح-ت) لە یاسای دادگەی بالای سزادانی عێراقی ژمارە ١٠ ساڵی ٢٠٠٥ وە دادگە بڕیاری هەڵوەشاندنەوەی ئەو تۆمەتە ئاراستەکراوەی دا بڕیارەکە بە رێککەوتن دەرکرا بەپشتبەستن بە ئەحکامی مادەی ١٨٢ برگەی (ج) لە یاسای بنەماکانی دادگەی سزادان ژمارە ٢٣ی ساڵی ١٩٧١ی هەموارکراو ئامادە کرابوو شایەنی پێداچوونەوەیە و بەئاشکرا تێ گەیەنرا لە مێژووی ٩ جەمادی دووەمی ١٤٢٨ کۆچی بەرامبەر بە ٢٠٠٧/٦/٢٤ زاینی.

حەوتەم: ئەحکامە گشتییەکان

١- بۆ سکاڵاکاران هەیە کە داوای حەقی مەدەنیی خۆیان بکەن سەردانی دادگە مەدەنییەکان بکەن و داوای قەرەبووی ئەو زەرەرانەیان بکەنەوە کە بەهۆی ئەو تاوانانەوە لێیان کەوتووە.

٢- لە مێژووی ٢٠٠٧/١/٨ رێوشوێنی یاسایی بەرامبەر تاوانبار (سەدام حوسێن ئەلمەجید) ڕاگیرا لەبەر دڵنیابوون لە مردنی بەهۆی جێبەجێکردنی سزای لەسێدارەدان کە ئیدانە کرابوو لەسەر دۆسیەی دوجەیل بەپشتبەستن بە ئەحکامی مادەکانی (٣٠٠-٤٠٠) لە یاسای رێرەوی سزای ژمارە ٢٣ی ساڵی ١٩٧١ی هەموارکراودا.

ئەندام ئەندام ئەندام ئەندام

سەرۆک

"محمد عريبي مجيد الخليفة"